# مێژووی بنەماڵەی

# شێخ عبدالقادر و نەوەکانی

# لە چۆخماخ وگاپیلۆن و باڵخ

**نوسینی:**

**زانست شێخ عەبدولموتەلیب شێخ عوسمان سەید عومەر**

**پێداچوونەوە:**

**م.عطاء شێخ لطیف فرج.   شێخ سەروەر شێخ حُسام الدین.   مامۆستا ئاوات ئەبوبەکر**

**چاپی دووەم**   2017   **سلێمانی**

﴿ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِن بَعْضٍ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ ال عمران 33– 34

**کتێبی : بنەماڵەی شێخ عبدالقادرو نەوەکانی لە چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ.**

**لە نوسینی : زانست شێخ عبدالمطلب شێخ عوسمان**

**ڕشتەی : مێژوو، ژیاننامە**

**پیتچن : سیلونا سامان غەریب، ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد , راوێژ عوسمان احمد**

**ڕێکخستن و هەڵەبڕی ناوەوە : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد.**

**تەرجومەی نامەکان لە فارسییەوە بۆ کوردی : مامۆستا محمد یوسف**

**وێنەکانی گوندی چۆخماخ : ئاوات هیدایەت**

**چاپ : دووەم 2017 سلێمانی**

**ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی( 1560 ) ساڵی 2017 پێدراوە.**

**تیراژ : 500**

**چاپخانەی : چوارچرا**

# سوپاس و پێزانین :

لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ *ابراهيم/ 7* –ئەگەر سوپاستان کرد بۆتان زیاد دەکەم.

مَنْ لمْ يشْكُر النَّاسَ لَمْ يشْكُر الله *الترمذي: حديث حسن صحيح*

کەسێك سوپاسی خەڵکی نەکات ئەوا سوپاسی خودا ناکات.

سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارییان کردم بۆ نوسینی ئەم کتێبە بە تایبەتیش جەنابی مامۆستا شێخ عبدالمطلب ی باوکم کە هاوکار و پاڵپشتێکی زۆر گەورەم بووە.

زۆر بەڕێزان (د.محمد پێنجوێنی) و (د.ئەحمەدی شافعی) سەرەڕای هەموو مەشغوڵی و کاری و پیشەی خۆیان پیاچوونەوەو ڕەوانبێژییان بۆ کردووە و کە پاڵپشت و هاوکارێکی گەورەم بوون .

بەڕێز مامۆستا(شێخ علاء الدين بانی موردی).

بەرێز و مامۆستا مەلا (ڕەئوف ڕەشید).

بەڕێز (د.مەهدی قادر).

مامۆستا( ئاوات ئەبوبەکر )

مامۆستا ( مەلا مەحمودی گەلاڵەی) .

م.عطاء شێخ لطيف فرج.

شێخ سەروەر شێخ حُسام الدين.

شێخ عبدالرحمن شێخ محمد

زۆر سوپاسی هەموو خزمان و ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم کە ناتوانم ناوی یەکە بە یەکەیان بێنم.

# پێشەکی

ئەگەر سەیرێك بکەین لە پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەبینین کە خەڵکی بە گشتی لە ناو زەلکاوی نەفامی و نەزانیدا دەژیان تا ئەو ڕادەیەی دەوڵەمەندەکان هەژارەکانیان دەچەوساندەوە، عەشیرەتە گەورەکان هۆزە بچووکەکانیان دەکردە ژێر دەستی خۆیان مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێرو لەناوچوون دەچوو, مەی و سووخۆری کۆڵەکەو بناغەی ئابوری بوون, قومار بووبوو بە کاری پیاو ماقوڵەکان، زیندە بە چاڵکردنی کچانی بچوك بووبووە شانازی بۆ پیاوە گەورەکان و سەرۆك هۆزەکان.

ئاینەکانی تر لە سەردەستی قەشە و پیاوە ئاینیەکان بە تەواوی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتبوون و بە دڵی خۆیان و کاربەدەستانی سەردەم گۆڕابوون و گیانیان تێدا نەمابوو هەموو خەڵکی لە بارو دۆخی ئەو سەردەمە بێزار بووبوون و چاوەڕێی گۆڕانی گەورەیان دەکرد کوردیش هیچ شتێکی لەو وڵاتانە کەمتر نەبوو بگرە کێشەکانی زیاتر بوو, بەوەی هەردەم دەکەوتە ژێر دەستی دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە, دەمێك لە ژێر دەستی ڕۆمەکان و ماوەیەك لە ژێر دەستی فارسەکاندا بووەو بە ئارەزووی خۆیان چەوساندویانەتەوە، لەناو خۆشیدا بەدەستی دوبەرەکیەوە دەینالاند ئالەم کاتەدا خودای گەورە سەر زەوی ڕووناك کردەوە.

بە هاتنی ئاینێکی تازەو هەڵبژاردنی محەمەدی کوڕی عبداللە (صلی اللە علیەوسلم) ئەم دەنگوباسە بڵاو بووەوەو هەموو جیهانی هەژاند گەلی کوردیش هەر زوو ئەم هەواڵەی پێگەیشت و نوێنەری خۆیان گەیاندە ئەوێ وەك( کاوانی کوردی= جابانی کوردی) لە ڕێگەی ئەوانەوە بەشداربوو لەوەرگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و وردە وردە خوڕەوشتە ناشرین و نامرۆڤایەتیەکانی گۆڕی بە چاکەو خوڕەوشتی جوان, خەڵکی لەسەر ئاینی ئیسلام دووبارە ژیانەوەو لە هەموو شوێنێکی دونیا ڕوویانکردە (مەدینە) تاوەکو پەیامبەری خوا ببینن لەسەر دەستیدا ئاینە تازەیە وەربگرن و خوڕەوشتی پێغەمبەرەکەیان (صلی اللە علیە وسلم) ببینن.

سەرەنجام ئاینی ئیسلام بەناو خەڵکیدا بڵاوبووەوە بووە دەروازەیەك زۆربەی خەڵکی پێشوازیان لێکردو هەندێکیان ڕەتیان کردەوەو دژایەتیان کرد تاوەکو وەفاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەندێك لە خزم و نەوەکانی ڕوویان کردە شوێنە جیاجیاکانی عێراق و کوردستان و هەر لەو کاتەوە هەر یەکێك لەو بنەماڵانە وەك قوتابخانەیەك بوون بۆخۆیان و بۆ خەڵکی دەوروبەریان بۆ ئەوەی ئەم دینە شیرینە بڵاو بکەنەوەو خەڵکی هانبدەن لەسەر خواناسی و یەك خواپەرستی و عیبادەتی خوای گەورە، بۆیە هەر لە کۆنەوە ئەم بنەماڵانە ڕێزی تەواویان لێگیراوە تا ئەم سەردەمە بۆیە زانایان و مێژوونوسان لە هەموو سەردەمەکان گرنگی تەواویان داوە بە تایبەتی ئەو بنەماڵانەی بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) هەر وەك ئەفەرموێت ﴿النجوم أمان لأهل السماء، وأهل بيتي أمان لأهل الأرض﴾ [1]

لەم ڕوانگەیەوە هەستام بە نووسینی ئەم پەرتوکە لە نەوەکانی شێخ ئیسماعیل عەوالانی بە تایبەتی ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ.

خودا یارمەتیدەربێت لە کاتێکی تردا بە دوورو درێژی باسی هەموو نەوەکانی تری بکەین تاوەکو ئێمەش چاو لە کار وڕەوشتە بەرز و جوانەکانی ئەوان بکەین هەم مێژوو هەم وەك یادگارێکی باب و باپیرانمان هەم ئاشنایی زیاتر کە ئەوان چۆن ئەم دینەیان گەیاندۆتە ئێمە.

لێرەدا ڕوو دەکەمە هەموو ئەو بنەماڵەو کەسایەتیانەی کە ئەچنە سەر ڕەچەلەك و نەسەبی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە ڕێگەی ئیمامی علی و فاطمە وە.

پێویستە زۆر ئاگاداری ئاکارو ڕەوشت و ئەخلاقیان بن و هەڵگری سونەتەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بن شوێن پێکانی ئەو هەڵگرن و لانەدەن و دونیا نەیانخەڵەتێنێت لە ژێر هیچ ناوێکدا, وریا بن نەبنە پەڵەیەکی ناشیرین لەسەر ئەو بنەماڵە بەرێزانە و باو باپیریانی پێش خۆیان بەڵکو هەوڵبدەن خۆیان زیاتر ماندوو بکەن بە

---

[1] پێشەوا مسلم گێراویەتیەوە ج/2 ژمارە (2411)

دینداری و خوداپەرستی چونکە هەر ئەوەندە بەس نیە لە بنەماڵەیەکی سەید بیت یان هەر وەك کەسێکی ئاسایی عیبادەت بکەی نەوەك ئەو ناوە بەکاربێنیٚ بۆ خۆ گەورەکردن و ناوبانگ یان خۆ نزیك کردنەوە لە کاربەدەستە دونیایەکان, یان گیرفان پڕ بکەن یان هەر شتێکی ناشرین و نەشیاو کە لەگەڵ ئەم بنەماڵانەدا نەگونجێت ئیتر کە سەید بووی وا بزانیت لە هەموو کەس گەورەتریت و بەهەشت بۆ تۆ ئامادە کراوە, پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) کاتێك ئایەتی ﴿وأنذر عشیرتك الأقربین﴾[2] هاتە خوارەوە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) هەمو قورەیشی کۆ کردەوە فەرمووی: ئەی قورەیش نەفسی خۆتان بکڕنەوە لە خوای گەورە بە جیهاد و کردەوەی چاك چونکە من لای خوای گەورە هیچم پیٚ ناکریٚ بۆتان ئەگەر خۆتان چاك نەبن.

ئینجا فەرمووی: ئەی نەوەی عبدالمطلب هیچم بۆ ناکریٚ بۆتان لە دوا ڕۆژدا ئەی عەباسی کوڕی عبدالمطلب هیچم بۆ ناکریٚ بۆتان لە دوا ڕۆژدا ئەی صەفیەی پوری محمد پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) هیچم بۆ ناکریٚ بۆت, ئەی (فاطمە ی کچی محمد) چیت هەیە ئێستا بپرسەو جێبەجێی بکە چونکە دواڕۆژ هیچم بۆ ناکریٚ .[1]

بۆیە پێویستە خۆمان وا لێبکەین شایەنی شەفاعەتی پێغەمبەر بین(صلی الله علیه و سلم) تەنیا لەبەر ئەوەی لەو بنەماڵەیە بێت نابێتە ڕەچەی ڕزگاری و ڕێزی سەپاو بەسەر خەڵکدا. دەبێت لەم خاڵە زۆر وریا بین, خۆدانە پاڵ پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) و ئال و بەیتی ئەرك و قورسایی لەسەر شانمان زیاد دەکات و ئەرکی دونیاو قیامەتی زۆر دەخاتە سەر شانمان, گەر فریای خۆمان نەکەوین ئەم بنەماڵەو نەسەبە فریامان ناکەوێت بۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) فەرموی: فاتیمە کار بۆخۆت بکە من لەو ڕۆژەدا ناتوانم هیچت بۆ بکەم.

کە لە هەموو بنەماڵە و عەشیرەتێکدا کەسی خراپ و ناپەسەند هەیە ناکریٚ بەهۆی

---

[2] سورة الشعراء – 214

هەڵەو پەڵەی هەندێ کەسی بە ناو سەید تۆی بەڕێز بە چاوێکی کەم یان خراپ سەیری ئەو بنەماڵانە بکەیت چونکە لە ناو ئەو بنەماڵانەدا چەندین کەسی داناو زاناو خواناسی گەورە وەك (شێخ عبدالقادری گەیلانی و شێخ حەسەنی بەصری و شێخ ئیسماعیل عەوالآن و کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ موحسینی گاپیلۆن و شێخ عومەری چۆخماخ....) و بە هەزارانی تر لە ناو ئەو بنەماڵانەدا هەن بۆیە نابێت بە چاوێکی سوك وکەم سەیری ئەو بنەماڵە بەڕێزانە بکەین چونکە پێغەمبەری ئازیزمان(صلی الله علیە و سلم) لە زۆر فەرمودە شیرینەکانیدا باسی کردون ئاماژەی پێداون کە لەمەودوا بە کورتی باسیان دەکەم

وەك ئەفەرموێ: وأهل بيتي أذكركم الله في أهل بيتي, أذكركم الله في أهل بيتي, أذكركم الله في أهل بيتي.[3] سێ جار ئەمەی وتۆتەوە بە ئەهل و بەیتم خواتان بیر ئەخەمەوە.

وەك لە فەرمودەیەکی تردا دەفەموێت: (حب أهل البيت فرض و واجب) كما أوصانا النبي(صلى الله عليه و سلم) فقال أذكركم الله في أهل بيتي ﴾[4] وەك خوای گەورەش دەفەموێت قال تعالى:﴿ قل لااسئلكم علية اجرا الا المودة في القربى﴾ سورة الشورى23

ئەوەشمان لە بیر نەچێت ڕێزی ئەم کەسانە وابەستەیە بە خۆیانەوە, چەندە پابەند بن بە پەیام و کردارو ڕەوشتی پێغەمبەرەوە, هێندەی ئەوە قەدریان هەیە و ڕێزیان دەگیرێ و گەورەییان بۆ دەستەبەر دەبێت، بە ئەندازەی دوریشیان لە پێغەمبەرەوە پەیام و کرداریان دادەبەزێنێت.

---

[3] پێشەوا مسلم گێڕاویەتیەوە لە – ج 4/ژمارە 1873

[4] پێشەوا مسلم /ژمارە 2458 و ئیمایم ئەحمد – ج4/ ژمارە 281 و الحاكم فی المستدرك

**مامۆستای گەورەو خواناس مەلا مەحمود ( بێخود ) نووسیویەتی :**

دەخیلت بم نەرەنجێنیت دڵی ئەولادی پێغەمبەر

لە دونیاو لە قیامەت خۆت نەکەی ڕیسوایی پێغەمبەر

( رسول الله ) و عاجز کردنی ئەولادی ئەو هیهات

معاذ الله لە گەردی خاتری مینایی پێغەمبەر

زمانت بگرە تا پاپۆڕی ئیمانت سەلامەت بێ

پەنا بە خوا لە گێژی حیدوەتی دەریایی پێغەمبەر

ئەبیتە مانگی گیراو, تا ئەبەد ڕوو ڕەشی ئەبی (باللّٰه)

بە وەرچەرخاندنی ڕووی ڕۆژی حەشر ئارایی پێغەمبەر

کە ئیمرۆ لا کوندە بوی ئەملاك و خانوی عیترەتی ئەوی

سبەی چۆن ئەچیتە ژێر سایەی (هوما) ئاسای پێغەمبەر

هەتاکەی هەر خەریکی مەحوی ساداتی کە ناترسی

لە قەهری حەیدەرو کوورەی دڵی (ذە هرا)یی پێغەمبەر

بەشارەت بێ جەهەنەم جێگەتە ئەی (باغیض)ی سادات

بە توبای قامەت و ڕوویی (جنة المأوی)یی پێغەمبەر

بە ظاهیر بونی, تاقی کیسرەوی نەتدی کەچی بێ هات

قەمەر نازانی چۆن شەق بوو بەیەك ئیماهی پێغەمبەر

بە شمشێری نەعووتی خۆی و ئال و (سەحب) و ئەولادی

ئەبێ شەقیان بکەم تا شەق بەرن ئەعدائیی پێغەمبەر

هەموو ڕۆژێك بە باوباپیرو خۆم و کەسمەوە صەدجار

لەسەر تاپای من قوربانی سەر تاپایی پێغەمبەر

بجوڵێنێ سەبا تا سەروو شمشاری چەمەن بێخود

صەڵاوات بێ لە قەددو قامەتی ڕەعنایی پێغەمبەر[5]

## لە کۆتایی دا :

هیوادارم ئەم نوسینە دەروازەیەك بێت بۆ زیاتر ئاشنابوونمان بە خۆمان و بنەماڵەکانمان و هەوڵێك بێت بۆ زیاتر خۆ جوانترو ڕازاندنەوە بە ئاکارو پەیامی سونەتەکانی پێغەمبەری سەروەرمان (صلی الله علیەوسلم) هەتا بە جوانی بژین و بەجوانی شوێنی بکەوین و بە جوانی لە خزمەتیدا بژین.

**زانست عبدالمطلب چۆخماخی**

[5] دیوانی بێخود – لا 35–36... بێخود: ناوی مەحمودی کوڕی موفتی حاجی مەلائەمینە کوڕی موفتی حاجی مەلا ئەحمەدی چاومارە کەناوبانگی بەپیرحەسەن دەرکردوە لەلای زانایانی ئەوسەردەمەی سلێمانی خوێندنی تەواوکردوە ساڵی1900کراوەتە حاکمی هەڵەبجە لەگەڵ مامۆستایان ڕەفیق حیلمی و زێوەر خۆبەخشانە مامۆستایەتی کردوە. پێش کۆچی دوای (موفتی کاکی) چەند ساڵێکی لە هەڵەبجە بەسەر بردوە پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی و تا کۆچی دوایی لە جێگەی کاکی مفتی بوە لە1955/8/25 کۆچی دوای کردوە. خاوەنی دیوانێکی شیعریە.

# پێشەکی چاپی سێیەم

الحمدلله العلي القدير والصلاة والسلام على رسول الله الأعظم ونبيبه الخاتم محمد الموصوف بالبشير والنذير، والمشبه بالسراج المنير، وآله الذين حفظوا من الله الحيكم يا بعاد الرجس عنهم والتطهير، وهم كلهم قرابة وصحباً وأرواجاً و ذرية اهل كلل إحترام وتقدير.

خوێنەرانی ئازیز ئەم پەرتووکەی لە بەردەستاندایە چاپی سێ یەمی کتێبی (مێژووی بنەماڵەی شێخ عبدالقادر و نەوەکانی لە چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ) لەم چاپی سێیەمەدا گۆڕانکاری تەواوم بەسەردا هێناوە هەندێك بەشمان لابردووە هەندێکمان بۆ زیادکردووە، هەندێك زیاتر ڕوونمان کردۆتەوە لەگەڵ چاککردنی هەندێك لە هەڵە کە بەسەرماندا تێپەڕیبوو، زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لەم بەرهەمەدا ماندووبوون، بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان یان پێداچوونەوە و چاککردنی هەڵەکان داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی یەکە بە یەکەیان بداتەوە زۆر سوپاس بۆ هەموان لەگەڵ ڕێزدا

نوسەر

2019/8/6

5/ذي الحجة 1441 کۆچی

## د. سەباح بەرزنجی



سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ زاتی پەروەردگار ، درود و سلاوی بێهەژمار بۆ سەرگیانی پیغەمبەری سەروەر و سەردار و تێکرای یارو یاوەران و شوێنکەوتووانی .

مێژووی هەر گەلێك پێکدێت لە سەرگوزەشت و باسی تاك و کەسایەتییەکان ، هۆز و تیرە و بنەماڵەکان ، سەرۆك و میر و فەرمانڕەواکان ، زانا و بیرمەند و داهێنەرانی ، وێڕای باسی ڕووداو و کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانی . کە ئەمیش بەرهەمی کار و تێکۆشانی ژن و پیاو و کوڕ و کچەکانیەتی .

گەلی کورد گەلێکی دێرینە و لە قووڵایی مێژووی ئەم ناوچەیەوە هاتووە و سەریهەڵداوە و بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە ، تا گەیشتووە بەمرۆ ، لەسەردەمی دوای ئیسلامدا گەلێك بووە بەشدار لە لاپەرەکانی تۆماری ڕووداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانیدا .

بەشێك لە مێژووی ئەم گەلە بریتییە لە باسی بنەماڵەو کەسایەتییە ئاینیی و عیرفانییەکان و ئەو رۆڵە باش و جوانانەی لە ڕێنمایی خەڵکدا بینیویانە بۆ خۆڕازاندنەوە بە ڕەفتاری جوان و پەسەند .

لەم ڕوانگەوە ئەم کتیبەی بەردەستمان لە نووسینی برا و خزمی ئازیزم کاکە شیخ زانست شیخ عبد الموتتەلیب دەڕواتە خانەی خزمەت بە مێژووی گەلی کورد و زیندوو ڕاگرتنی ناوی گەورە کەسایەتی و بنەماڵە خزمەتگوزارەکانی .

لەم کتیبەدا ژمارەیەکی باش لە کەسایەتییەکانی بنەماڵەی شێخان باسکراون و ڕۆلی ئەوان لە پاراستنی ڕایەلەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان بە هەند وەرگیراوە .

بە جۆرێك کە ئەم کتیبە و هاوچەشنەکانی دەبنە بەڵگە لەسەر تۆکمەیی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتی و هزری و کەلتوورییە مێژووییەکانی ناوخۆی گەلی کورد ، کە وێڕای ڕەسەنایەتی و ئیجابییەت ، ڕۆژ بەرۆژ تازەو نوێ دەبێتەوە .
ئەم کتیبە هاندەری بنەماڵەکانە بۆ شانازی کردن بە خۆیان و بنەچە و ڕەچەڵەکیانەوە ، شانازی بە ئایین و زانین و یەکتر ناسین و بەردەوامبوون لە بەخشین و تێکۆشان .
دەستخۆشی لە برای نووسەر دەکەم بۆ ئەم هەوڵە جوان و پیرۆزە و هیوادارم لەسەر کاری وا بەردەوام و نەفەس درێژ بێت .
خوای گەورە لە پێشینانی ئەم بنەماڵەیە خۆش ببێت و تەمەنی حازرانیان درێژ و پڕ بەرەکەت بفەرموێت.

د. سەباح بەرزنجی
2017/8/20

د. ئەحمەدی شافیعی



## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على أشرف المرسلين وعلى آله وأصحابه ومن الفهم باحسان الى يوم الدين .

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، بەدی هێنەری ئاسمان و زەوی، هەروەها بارانی بە زەیی و سۆزو میهری پەروەردگار بۆ سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی، حەزرەتی (محمد) صلى الله عليه وسلم. بۆ سەر گیانی یارو یاوەران و شوێن کەوتووانی هەتا هەتایە.

خۆشەویستانم :

بە درێژای مێژووی پڕ سەروەری نەتەوەکەمان (خانەقاو تەکیە)کانی کوردستان و شێخانی تەریقەت (قادری و نەقشبەندی) هەماهەنگ لەگەڵ (حوجرەو مزگەوت)ەکان و مامۆستایانی ئاینی پێکەوە خزمەتێکی گەورەو بەرچاویان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وخاك و خەڵك و نیشتمانیان کردووە. هەمیشە فاکتەری پێکەوە ژیان و ئارامی کۆمەڵگەو تەبایی و خۆشەویستی و یەکڕیزی و یەکتر قبوڵکردن بوون.حوجرەو مزگەوت و خانەقاو تەکیەکان مەڵبەندی خواپەرستی و عیرفان و زانست و ئەدەب و فێربونی خورەوشت و بەها جوانەکان بووە.

سەدان زاناو عاریف و خواناس و سەرکردەو بیرمەندو پیتۆڵ و شاعیرو ئەدیب و نوسەرو تێکۆشەرو نیشتمان پەروەریان پێگەیاندوە.

یەکێکیش لەو بنەماڵە گەورانەی کوردستان بنەماڵەی شێخ (عبدالقادرو نەوەکان)ێتی لە شارباژێری سەربڵندو خۆشەویست بەتایبەتی لە دەڤەری (چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ) .

بە درێژای مێژووی ئەم بنەماڵە بەرێزە خزمەتی بەرچاویان کردووە چ لە ڕووی ڕێنوێنی مسوڵمانان و ئیرشادو عیرفانەوە، چ لە ڕووی خزمەت بە خەڵکی هەژارو بێنەواو دەستکورت، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و بەها جوانەکان، چ لە ڕووی نەتەوایەتی و خزمەت

بە خاك و خەڵك، هەمیشە جێگەی ڕێزو خۆشەویستی بوون.

هیوادارم ئەم بنەماڵە بەڕێزە زیاتر نەوەکانیان پەروەردە بکەن لەسەر زانستە شەرعیەکان و ڕێبازی پاکی تەسەوف و عیرفان و تەزکیە، بەها مرۆییە جوانەکان.جارێکی تر بایەخ بە ژیانەوەی حوجرەو فەقێکانی کوردستان بدەنەوە، هەمیشە وەك جاران تەکیەکان ببێتەوە مەڵبەندی عیلم و عرفان و زیکرو فکرو پێگەیاندن.

کاتێك بەندە مامۆستا بووم لە (پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان/سلێمانی) ئاشنا بووم بە برای خۆشەویستم کاك (شێخ زانست کوڕی شێخ عبدالموتەلیب) کە وەك فێرخوازێك لەو پەیمانگایە خەریکی فێربوونی زانست و زانیاری بوو، زۆر خۆشحاڵبوم و دەستخۆشیم لێکرد.ئێستاش کە ئەو نوسینەی خۆی بۆ هێنام ( بنەماڵەی شێخ عبدالقادرو نەوەکانی لە چۆخماخ و گاپیلۆن وباڵخ) شادمان بووم.

(شێخ زانست) توانیوێتی بەکورتی نەخت و پوخت بە زمانی کوردی ڕەسەن و گوزەرێك بکات بە مێژووی ئەم بنەماڵە بەڕێزەو ئاماژە بە بەشێکی ژیان و خەبات و تێکۆشانیان بکات زۆر جێگای دەستخۆشییە، نزای سەرکەوتن و تەمەن درێژیی لە خوای گەورە بۆ دەخوازم.جارێکی تر دەستخۆشی لێدەکەم و دوعای سەرکەوتنی لە خوای گەورە بۆ دەخوازم.

**د. ئەحمەدی شافیعی**

**ئەندامی لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان**

**د. محەمەد عبدالله پێنجوێنی**

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان



دروستکەری زەوی و ئاسمان، بەدیهێنەری هەمو زیندەوەران ، داناو زانا بەبوون و نەبوان، درودو میهری بڕژێ بەسەر هەڵبژێراوی ناو مرۆڤان چاکترین نێردراو بۆ گشت ئادەمیان، سەروەری سەروەران، محمد درودی خودای بێ پایان دابارێ وەك لێزمەی باران بە ئال و یاران و هەموو شوێنکەوتووان.

لە دوای ئەم نوسراوە بیرۆکەی توێژینەوەیەکی پێشکەش کراوبوو لە (پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان) لە ساڵی کۆتاییدا لە لایەن (کاك زانستەوە)، بەباشی زانی کە دواتر بکرێتە پەرتوك و چاپ بکرێت، ئێمەش پێمان باشبوو بەڵام بە هەندێ دەستکاری و رێکارییەوە، ئەوەش لە دوای ئەوەی دەبێت لە ڕووی داڕشتنەوە جارێکی تر بە سەریدا بڕواتەوەو زیاتر بە هێزتری بکات.

ماوەیەك لەلام مایەوەو تێبینی زۆرم بۆ نوسی و ئەو جێگایەی کە بە پێویستم زانی بۆم دەستنیشان کرد کە پێویستە هەوڵی چاکردن و ڕێکردنیان بدات. دوای ئاڵوگۆڕو چەند جار چاککردن، لە دەرەنجامدا ئەم بەرهەمەی لێدەرچوو.

زۆر دەستخۆشی ئاراستەی (کاکە زانست) دەکەم و هیوام وایە ئەمە یەکەم هەنگاوی نەبێت بۆ خوێندن و هەنگاونان بۆ بەرهرەمەند بوون لە زانست وەك ناوەکەی . چونکە زانست کۆتایی نیەو ناویش نیەو بە دیاری وەرناگیرێ و بە ئاسانیش دەستناکەوێت. پێشەوا غەزالی دەفەرموێ: (زانست دەڵێ :گەر تۆ هەموو خۆتم نەدەیتێ من هیچی خۆمت نادەمێ...) زانابوون پێویستی بە هەوڵ وکۆشش و خۆ یەکلایی کردنەوەو شەونخونی زۆر هەیە.

ئومێدم وایە لەم کاروانەدا بەردەوام بێت، تادەگاتە ئەو شوێنەی کە ناوو ناوەڕۆك

یەکدەگرن، چرایەکی پڕ نور دەبێت بۆ خۆی و بنەماڵەو ناوچەکەی.

ئەوەمان لە بیر نەچێ بنەماڵـە ناودارەکـانی جیهـانی ئیسـلامی و کوردسـتانی شـیرینی خۆمان لە دوای دینداری و پابەنـدبوون بـە ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلامەوە بـە زانسـت و زانستپەروەری ناودار‌بوون، خزمەتی خۆیان لەم بوارەدا پێشکەش کردووە، هەریەکەیان لە تەك مزگەوت و خانەقاو تەکیەکاندا قوتابخانەیەك هـەبووەو دەیـان خوێنـدکار سـەر قاڵی فێربوون و فێرکردن بوون.بۆیـە تـین و هێـزی کەسـایەتیەکان و بنەماڵـە شـێخ و سەیدەکان لە دوو سەرچاوەی سەرەکیەوە سەرچاوە دەگرێت:

1. پابەندبوون بە پەیام و یاساو فەرمانەکانی شـەریعەتی ئیسـلامەوە، کـە ئـەوە دەبێتـە نیشانەیەکی بەهێزی خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەر و خانەوادەکەی ، بۆ قـەبوڵکردنی وەك سەروەرێکی خۆشەویست و سەردارێکی هەمیشە زیندوو لە ولأتدا.

2. زانابوون و فێربوون و شارەزابوون لەو شەریعەتەدا بە زانایی کـارکردن بـە زانـایی وتن و بە زانایی پێشەوایەتی کردن.

هەتا ئەم دوو خاڵە بەهێزبن کەسایەتی ئەو بنەماڵانە بە هێزەو لە برەودایەو کاریگـەری گەورەیان دەبێت و دەبنە پێگەیەکی گرنگی پەروەردەکردن. بەڵام بـە هێنـدەی لاوازی لەم خاڵانە دا ئەوانیش لاواز دەبن و کەسایەتی کاریگەریان نامێنێ.

لە دونیای مێژوودا خەڵکانی زۆر هەبوون، سەروەت و داراییان زۆر بـووە، دەسـەڵاتی فراوانیان هەبووە، بنەماڵەی گەورە بوون، کەسیان زۆر بووە، بەڵام ناویان بە ئەندازەی بنەماڵەیەکی هەژاری کەمدەسەڵات نەبووە کە لە پەنای مزگەوت و خانـەقاو تەکیـەدا خزمەتیان کردووە لەژێر ڕۆشنایی شەریعەت و ڕێبازی جوانی حەزرەتی رسول الله (صل الله علیەوسلم) ژیاوە.

ناوی بنەماڵەکانی و گەورەییان لە خودی کەسەکاندا نیە، بەڵکو چیان کردووە چۆنیان کردووە و بۆچی کردوویانە! لەبەر کـێ کـردی! قورئـانی پـیرۆز ژیـانی پێغەمبـەرانمان

(درودی خوایان لەسەر بێ) بۆ دەگێڕێتەوە باسی کوڕی کێ یەو چەند برای هەبووە قەدو بالآی چۆن بووە ناکات.باسی چیان کردووە، هەڵوێستی چی بوو، چۆن بەرەو ڕووی کێشەکان بوونەوە. چیان گۆڕی و چیان هێنا بۆ خەڵك!

ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێ : ئەرکی سەرشانی ناوداری گەلێك گرانەو بە ئەندازەی دەرکەوتن و ناوداری دەبێت کاری گرنگ و زیاترو گەورەتر بکات، دەبێت زۆرترو چالاکتر هەوڵ بدات، وریاترو زرنگتر هەنگاو بنێ.

جێگەو پێگەی داواکاری هەیەو ماندووبوونی زۆر دەخوازێت ئا لێرەوە هیوا خوازم کە (شێخ زانست) بەم کارەی لە دەرگای ئەرکی خۆی دابێت و بێ ماندووبوون هەنگاوەکانی بنێ بەرەو بڵندی و زیاتر پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

بە کردار بوژاندنەوەی گەرەوەی ناوی ناوداری ئەم وڵاتەمان بێت، نمونەیەکی جوانی ئەو خانەوادە بەرێزانە بێت جارێکی تر لە سۆنگەی دڵمەوە دەستخۆشی ئاراستە دەکەم هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم هەردەم قەڵەمی لە ڕێ بێت بۆ برەوی زیاترو بەرهەمی ناوازەتر.

**د. محەمەد عبداللە پێنجوێنی**

**ئەندامی لیژنەی فتوا/ لقی سلێمانی**

## یەکەم: مامۆستا محمد یوسف



**بە ناوی خودای بە هێزو دانا**

**کە پایەی بوونی گە ردوونی دانا**

**خوایە کە دڵی پڕ ئارامیە**

**هەرکەس کەدانی بەبوونی دانا**

بەیارمەتی خودا،( باسی چاکەکانی ئالوبەیتی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر) بەو ئایەتانەی کە لە بارەیانەوە هاتوە ڕەزای خودایان لێ بێت، ڕوونکردنەوەی زنجیرەی ئەوان پشتاو پشت تا دەگاتە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر، لەوێوە تا دەگاتە عەدنان، وسەلماندنی رەچەڵەکی شەریفی تا دەگاتە ئیسماعیل کوڕی حەزرەتی ئیبراهیم درودی خوا لەسەر پێغەمبەرەکەمان ولەسەر ئەوانیش.

مەبەستیش لە ڕوونکردنەوەی ڕەچەلەکی ئەوان ئەوەیە کە خەڵک بیانناسێت و ڕێزیان لێ بگرێت ، چونکە ڕێز گرتنیان واجیبە، خودا دەفەرموێت( قل لا أسألكم عليه اجرا الا المودة في القربى ومن يقترف حسنة نزد له فيها حسنا)( سورة الشورى:٢٣)لێرەدا هیچ شانازی کردنێک نیە بە باوو باپیران و ڕەچەڵەکەوە، وەک پێغەمبەر درودی خوای لەسەر فەرمووی(يا أيها الناس ان ربكم واحد و ان اباكم واحد ، الا لافضل لعربي على اعجمي ولا لعجمي على عربي ولا لأحمر على أسود و لا اسود على أحمر الا بالتقوى، أبلغت، قالوا بلغ رسول الله صلى الله عليه وسلم) صحيح رواه الامام احمد. قال تعالى( ياأيها الناس انا خلقناكم منذكر وانثى و جعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ، ان اكرمكم عند الله اتقاكم ان الله عليم خبير)الحجرات: ١٣.

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر فەرمووی( تعلموا أنسابكم،ثم صلوا ارحامكم) صحيح رواه البخاري في الادب المفرد. ئەم دوو فەرموو دەیە باوەڕداران بەگشتی دەگرێتەوە وئالوبەیتیش بەتایبەتی.

نابێت مرۆڤ خۆی بداتە پاڵ خیزانێک کە لە ڕاستیدا خۆی سەر بەو خێزانە نیە، لەڕێی شەرعیشەوە ئەوە سەلمێنراوە کە نابێت مرۆڤ بانگەشەی ڕەچەڵەکێک بکات کە رەچەڵەکی ڕەسەنی خۆی نیە، بوخاری وموسلیم گێراویانەتەوە لە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەرەوە درودی خودای لەسەر( من ادعى الى غير ابيه، وهو يعلم أنه غير ابيه فالجنة عليه حرام) هەروەها بوخاری وموسلیم گێراویانەتەوە لە فەرموودەی ئەبو زەری غیفاری کە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر فەرمویەتی:(ليس لرجل ادعى لغير ابيه و هو يعلمه، الا كفر، و من ادعى قوما ليس له فيهم نسب فليتبوء مقعده من النار) لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر فەرموویەتی:( و من ادعى غير ابيه أو انتمى الى غير مواليه فعليه لعنة الله والملئكة الناس

اجمعين، لا يقبل الله منه صرفا ولا عدلا).
احمد لە مەسنەدا گێراوێتیەوە لە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خدری ڕەزای خوای لێ بێت وتوێتی: بیستم لە پێغەمبەری خودا درودی خودای لەسەر لەسەر مینبەر دەیوت(ما بال أقوام تقول ان رحم رسول الله صل الله عليه وسلم لا تنفع يوم القيامة ، والله ان رحمي لموصولة في الدنيا والاخرة، واني ايها الناس فرط لكم عند الحوض) حاکم وزەهەبی و ابن سەکەن وزیای مەقدیسی وئەلبانی پشتراستیان کردۆتەوە .
هەروەها پێغەمبەر درودی خوای لەسەر فەرموێتی( وان الانساب تنقطع يوم القيامة غير نسبي و سببي وصهري) سەنەدەکەی ڕاستە، ئیمام ئەحمەد و حاکم گێراویانەتەوە و زەهەبی وئەلبانی پشتراستیان کردۆتەوە.
ئیمامی مەنناوی لە کتێبەکەیدا ( فيض القدير) لەبارەی ئەو فەرموودانە و غەیری ئەوانەشەوە دەڵێت: ئەمانە پێچەوانە نین لەگەڵ ئەو فەرمانانەدا کە هانی کەس و کارەکەی خۆی دەدات لە خوا بترسن و خۆیان بپارێزن لە دونیاو تەفرەدانەکانی دونیا،، هەروەها کە پێی وتوون:ئەو لای خودا ناتوانێت هیچیان بۆ بکات، چونکە ئەو واتە ناتوانێت سودیان پێ بگەیەنێت بەڵام خودا دەتوانێت سودیان پێ بگەیەنێت بە شەفاعەتی گشتی و تایبەت، پێغەمبەر هیچ شتێکی نیە تەنیا ئەوە نەبێت کە خودا پیی بەخشیوە، کاتێک دەڵێت( لاأغني عنكم) واتە خۆم بەتەنیا هیچم بۆ ناکرێت ئەگەر خودا کەرەمی خۆیم پێ نەبەخشێت.. یان ئەو قسەیە پێش ئەوە بوە کە بزانێت خۆی (شەفاعەت کارە)..بەڵام کاتێک هەندێک نەیانتوانیوە نێوان فەرموودەکاندا بسازێنن هاتوون تەئویلیان کردوە ووتوویانە: ئوممەتی پێغەمبەر لە قیامەتدا دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر بە پێچەوانەی پێغەمبەرانیترەوە.
زانایان کۆ دەنگن لەسەر ئەوەی منداڵەکانی فاتیمە وئیمام عەلی نزیک وئالو بەیتی پێغەمبەرن درودی خودای لەسەر.
پێغەمەبەردرودی خوای لەسەر فەرمویەتی( احبوا الله لما يغدوكم به من نعمه وأحبوني لحب الله، وأحبوا أهل بيتي لحبي)ئەم فەرمودەیە لەکۆمەڵێك ڕێگەوە پشتراستکراوەتەوە، تیرمیزی و حاکم وتەبەرانی و بەیهەقی و زیای مەقدیسی وئیبن عەساکر ئیبن زەرعە گێراویانەتەوە.
لەوەی باسمان کرد بەسە بۆ ئەوەی موسڵمانان بزانن کە خۆشەیستیی ئەوان ودورخستنەوەی ئازار لێیان لە بەر خۆشەویستیی پێغەمبەرە درودی خوای لەسەر بیت

**مەبەستم ناسینی بنەماڵەکەیە نەك ئەوەی شانازی بە کەسو کارو ڕابردووی خۆمەوە بکەم خوای گەورە لە ئایەتی 101_102 سورەتی مۆمیندا دەفەرموێت:** ( فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿١٠٢﴾

**واتا کاتێك قیامەت هاتوو فووکرا بە شەپووردا نە سەبوو باوو باپیران لە ئارادا نییەو**

لەو بارەوە پرسیار ناکەن . دەی هەر کەس کێشی کێشەکانی کرداری باشی قورس بوو کردەوەی باشیان هەبوو ئەوانە ڕزگاریان دەبێت . سەروەریش دەفەرموێت (من الطأبه عمله لم سیدع به نسبه) واتە هەرکەس کردارەکانی لە کاروانی چاکان دوا بخات بە سەبوو باوو باپیرانیان پەلەی پێناکەنوو لە کاروان دوا ئەکەوێ . لە پەندی پێشینانیشا هاتووە ( کەس بە مەلەی باوکی خۆی ناپەڕێتەوە ) واتە ئەگەر چەموو ئاوێکی زۆروو بەتەوژم هاتە ڕێت و پێویست بوو بپەڕیتەوە ئەبێ خۆت مەلەزان بیت ئەگینا ناتوانی بپەڕیتەوە هەتا ئێوارە بڵێی بەخوا باوکم مەلەوانی چاك بوو کەڵکی نیەو ناتوانی پێی بپەڕیتەوە . هونەرمەندێك دەفەرموێت

فرزند هنر باش نه فرزند پدر                فرزند هنر زەنده کند نام پدر را

واتە: کوڕی هونەرو زانیاری بە نەك کوڕی باوك و باپیران

کوڕی هونەر ناوی باوکیشی زیندوو ئەکاتەوە .

بۆ نمونە زانای زۆر گەورەو شانازی کوردان مامۆستا مەلا عبدلکریمی مدریس ئەگەر هونەرو زانیاریەکەم وێنەی نەبوایە کێ ناوی باوکی واتە سۆفی ( موحەمەدی) هەرنە ئەزانی مامۆستا ( مەحوی یش ئەفەرموێ:

فەزیلەی ئەسڵو فەسڵ ئینسانی پێنابێتە خاوەن فەزڵ

کەتۆ کۆسەی بەتۆ چی مامە ڕیشی باوو باپیرت

واتە شانوو شکۆی گەورەی باوو باپیران مرۆڤی پێ نابێتە گەورەو بۆ ئەوە ناشێ شانازی پێوە بکات

وەك و کابرایەکی بی ڕیشو کۆسە کە زۆر حەزی لە ڕیشە بڵێ ماشەڵا باوکم چ ڕیشو پەشمێکی هەبو بەوە نابێتە ڕیش دار بەتۆ چی مامە ڕیشەکەی باوو باپیرت پێم خۆشە ئەوەش بنوسم . دەڵێن کەسێك لە بنەماڵەی سەیدەکان بووە. بۆ مامۆستایەك کە

دەسەلاٌتی هەبووە ئەحکامی شەرع جێبە جیٚ بکات دەرکەوتووە کە سەرخۆش کاری خواردوەتەوە مامۆستایش داوای کردووە داری حەدی لێبدا ئەویش بۆ ڕزگاری خۆی دەڵێت:

ساقی کوثرازما بادە نمیدارد دریغ. بادع باید خورم اینجا شراب .

**واتە** پیاڵە گێڕی کەوسەر کە پێغەمبەری خوایە درودی لە سەر , لە ئێمەی وەچەو کەسی خۆی بادەی کەوسەرمان پیٚ دەداو درێخی نیە لێمان _ دەبیٚ هەر مەی بخۆمەوە لێرەش مەی و لەوێش مەی , مەبەستی ئەوە دەبیٚ من کە لە نەوەی ئەوم مەی خواردنەوەم گرتنی نیە لەوێش بادەی کەوسەر دەخۆمەوەو تکاشم بۆدەکاو دەشچمە بەهەشت. مامۆستاکەشی دەفەرمویت:

رخنە دردین کردە ای ای سید عالیجناب چو بکا باید خوری

اینجا عزاب وانجا عزاب.


واتە : لە دینی باپیرەت خراپەو شتی قەدەغە کراوت کردووە دەبیٚ لێرەش وە بەرداری (حد) بکەوی و سزابدرێی لەوێش کە پاشە ڕۆژە دەبیٚ وەبەر دار بکەوی . بەندە مەبەستم ئەوە نیە کە پەیوەندی بە بنەماڵەی پێغەمبەرەوە درودی خوای لێیٚ جێگای شانازی نیە ئەگەر بە گوێی باپیرەی خۆت کە پێغەمبەرە (د) بکەی شەرم بکەی کە لەو بنەماڵە پیرۆزە بیت و بە گوێی ئاین و بەرنامەکەی باپیری خۆتت نەکردبێت کە دەفەرموێت: (مَنَ بطأ بە عمَلە لم یرع بە نسبە) واتە: هەرکەس کردەوە خراپەکانی لە کاروانی چاکان پاشی خستبیٚ باوو باپیرانی ناتوانن پەلەی پیٚ بکەنوو بیگەیەننە ئەو کاروانە. دەبیٚ هەرکەس لەو بنە ماڵەیەبیٚ زیاتر هەولٚ بدا بەو ڕێچکەیەدا بڕوات کە باوو باپیرانی مەزنی پێدا ڕۆشتون. دەڵێن گوایا (سەیدیٚ) هەبووە زۆر سزاو خراپەی هەبووە بۆ خەڵکو لەبەر ئەوەی شاڵی سەوزکە نیشانەی سەیدییەتی لەسەر یان لە پشتیا بووە خەڵك نەیان وێراوە حەقی خۆیانی لیٔ بکەنەوە تا جاریٔ خوا ڕەخسانی لە شوێنێکدا شاڵەکەی لە خۆی ئەکاتەوە خەڵك پێی ئەزانن یەکدی ئاگادار دەکەنەوە و دەڵێن تاشاڵەکەی نەبەستووە با بۆ باوك و باوە گەورەی تەمیٔ بکەین , بە هەمموویان لە

خزمەتیا بیٚ ئەدەب ئەبن و باش لێی ئەدەن ...

هیوادارم لە کاتی پاك نووس کردن و بە چاپ گەیاندنی دا سەرنجەکانم لەبەرچاو بگریت کتێبەکەشی جێگای ڕەزامەندی خوێنەرانی بێت .

دروودو سلاوات بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر ئازیز بە خۆشییەوە لەپاش عەسری 23_ ڕەمەزانی 1483 بەرانبەر بە 18_6_2017 برای بەڕێزم جەنابی کاك سەید زانست شێخ عبدالمتلب سید عومەر تەشریفیان هێنایە ئەم ماڵۆچکەی ئێمەو نوسراوێکی ئامادە کردبوو بەناونیشانی ( مێژووی بنەماڵە ی شێخ عەبدولقادرو نەوەکانی ) لە چۆخماخ و گاپێلۆن و باڵخ فەرموویان و حەزیان کرد کە منیش بە چەند وتەیەك تێیدا بەشدار بم بەلاّم بە هۆی ئەوەوە کە ئەو پەلەی بوو بۆچاپ کردنی کتێبەکەی , خۆش بەختانە بەندەش تازەکی سەرقاڵی شەجەرەی بنەماڵەی دایکم بووم وە لەو بارەیەوە هەندێ شتی پێویستم نووسی بوو دەقی نووسراوەکەی خۆم پێشکەش بە کاك زانست کردوو بەو هیوایە ئەویش وەکوو نوسینی من تۆماری کاو خزمانو دۆستان کەڵکی لێ وەرگرن و بەندەش لە ڕکێفی ئەوانا

مامۆستا محمد یوسف سعید عبداللە



## دووەم:چەند وشەیەك بە قەڵەمی مەلا مەحمودی گەلاڵە :

ئێمە مێژووی کەونارای خۆمان نازانین چونکە باوك و باپیرانمان رانەگەیشتوون بەوەی ڕوداوەکانی سەردەمی خۆیان تۆمار بکەن .

مەلا و فەقێکان کە قەڵەم بەدەست و رۆشنبیری رابردومانن ئەوەندەی گرنگییان بە قونەقەید و پەراوێز نوسین لەسەر کتێبەکانیان داوە و کێبرکێیان تێدا کردووە , ئەوەندەیان گرنگی بە روداوەکانی رۆژگارەکانی خۆیان نەداوە , وەکوو بڵی بە پێویستیان نەزانیوە !!! ئەو هەموو کتێبەیان نوسیوەتەوە و شەرح و حاشییەیان لەسەر نوسیون کەچی بەدەگمەن نەبێ , نوسەرەوە ناوی خۆی و شوێنی نوسینەوەو مێژوی نوسینەوەی دیاری نەکردووە بەمەش ئێمەیان لە مێژوی خۆیان بێ بەش کردووە هیچ لە بەسەرهات و رابردووی خۆمان نازانین .

ئەگەر تاك و تەرایەك لێرەو لەوێ شەرەفخانێك ئیبنولئەسیریك شتێکی نوسیبێ , وێرای ئەوەی بە زمانی زگماکی کوردی خۆیان نەیان نوسیوە , ئەو دەلا قەپان و فراوانەش ناگرێ و بە تەواوەتی تیشك ناخەنە سەر روداوەکان و مێژووی هەزاران ساڵەمان بۆ رون ناکەنەوە , ئەوەی بێگانەش بۆیان نوسیوین زۆربەی شێواندنی راستییەکانی رابردومانە , لە تانە و تەشەر و شکاندنی گەلی کورد تێناپەڕێ , بۆیە ئەرکی سەرشانی رۆشنبیر و قەڵەم بە دەستی کوردی ئەمرۆمانە , هەرکەسە و لە ئاستی خۆیەوە چی دەبینێ بیخاتە سەر کاغەز و خەڵکی پێ ئاشنا بکات و کەرەستەی مێژووی زۆر و هەمە جۆر بکەین و بیخەینە بەردەستی نەوەی داهاتومان کەڵکی لێ وەربگرن بە هەموو لایەکمان مێژوی خۆمان زیندو بکەینەوە ...

هەر بۆیە دەست خۆشی لە کاك شێخ زانست دەکەم ......کە یەکەم جار دەستی بۆ قەڵەم بردووە لە بنەماڵەی بەڕێز و ناوداری خۆیانەوە دەستیان پێ کردووە , مێژوی بنەماڵەی خۆیانی خستۆتە ناو دوو توێی ئەم کتێبەی بەردەستمان بە رۆڵ و رابردووی بنەماڵەی عەودالان وچۆخماخ و گاپێلۆن ئاشنای کردووین کەلێنێکی لە مێژوی تازەمانی بۆ پرکردینەوە .

هەڵبەتە من مسۆدەی کتێبەکەی کاك زانستم بە وردی خوێندەوە , هەندێ سەرنج وبیر و رای خۆمم بۆ دەربریوە , هیوادارم لە پاکنووس کردن و بە چاپ گەیاندنی دا سەرنجەکانم بەرچاو بگرێ و کتێبەکەشی جێگای رەزامەندی خوێنەرانی بێت .



## سێیەم: مامۆستا مەلا رئوف رشید

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ﴾** البروج 11

شێخانی عەوالآن و چۆخماخ و گاپیلۆن كەساداتی پیرخدرین نەوەی پیرخدری شاهۆین بە هۆكاری خۆناسین وكردەوەی چاكەوە ئەولیاو قوتب و پیاوی هەڵكەوتویان لێپەیدا بوە چەند زاناو مورشیدی عالی مەقامیان بوە.

مامۆستا شێخ زانست كوڕی مامۆستا شێخ عبدالمطلب كە ئیمام و خطیبە لە گوندی (چۆخماخ) لە كتێبەكەیدا ئاماژەی بە مێژو ڕەوشت و كردەوەی باشیانی داوە هەمیشە هەوڵیان داوە لەگەڵ زانست و زانیاری و خواناسین و دینداری كاریانكردوە, ڕێگربون لە تێكەڵبونی عەقیدەو باوەڕی بێگانەكان كافرەكان بە عەقیدەی موسڵمانان, دین بە پاكی مایەوە خوا پاداشتی بە خێریان بداتەوە لەگەڵ هاو وێنەكانیاندا هەمیشە هەوڵیان داوە زانست و زانیاری ئاشتی خوازیان بڵاو كردۆتەوە زۆر خزمەتی كوردو كوردستانیان كردوە. هەمویان وەلی و پیاو چاكبون وەك (شێخ موحسین, شێخ محی الدین, شێخ عبدالطیف, شێخ ئەحمەد) خوا لێیان رازی بێت، ئەم چوار كوڕە هەمویان كوڕی باشیان لێپەیدا بوە.


زۆر دەستخۆشی لە مامۆستا شێخ زانست مامۆستا شێخ عبدالمطلب دەكەم كە ئەم هەوڵە گەورەیەی داوە و سەركەوتو بوە سوپاسی ئەو كەسانەش دەكەم كە یارمەتیان داوە خوا پاداشتی بەخێریان بداتەوە و نمونەیان زۆر بێت. وسلام علیكم ورحمة الله وبركاته

براتان رەئوف رەشید قادر

ئیمامی مزگەوتی شەفیق بەگ/ كارێزەوشك/ ئەندامی لیژنەی فتوا – لقی سلێمانی

## چوارەم : مامۆستا مەلا سید محمود نوڵچکەی

## بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان




دوای بینینی کتێبی ( بنەماڵــەی شــێخ عبــدالقادرو نەوەکانی لــە چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ ) لـەنووســینی شێخ زانست زۆر خۆشحاڵ بوم کە سوپاس بۆ خودا بە لێهاتوی و زانــای و چــالاکییەوە هەســتاوە بــە کــاری نوسین و زیندوکردنەوەی زانیاریە لــە بیرچــوەکان بــە تایبەتی لە بواری ڕۆشنبیری و بیرەوەریەکان و مێژوی سنوری ناوچەی ژینگــەی خــۆی و بــابو بــاپیرانی، بــە تایبەتیش بنەماڵەی شێخان کە هەمویان پێکەوە گرێ دراون, بەڕاستی دوعای خێری بــۆ دەکەم، لە خودا داوا دەکەم کە یارمەتی بدات و کارەکانی بۆ ئاسان بکات، بەرەکەت بکەوێتە کارەکانی و بە کارێکی پیرۆز هەژماربکرێت، لــە داهــاتودا زانایــەکی بــەرزی ئیسلام و دینی لێدروست بێ ئامین و الحمدالله رب العالمین...

براتان مامۆستا سەید مەحمود نۆڵچکەیی

201/11/27

## پێنجەم : مامۆستا شێخ علاالدین بانی مۆردی

## بسم الله الرحمن الرحيم



الحمد لله الـذي خلـق الأنسـان و جعلـه شـعوبا وقبائـل لتعارفوا ان اكرمكم عنـد الله اتقـاكم. والصـلاة والسـلام على النبي الذي قـال : (كـل سـبب ونسـب يـنقعط يـوم القيامة الا نسبي وسببي)

وعلى آله الذين قال الله في حقهم : (إنما يريد الله ليـذهب عنكم الرجس أهل البيت ويطهركم تطهيرا).

وعلى من سلك نهجه وتبع طريقة وأحب ذريته .

بەرێزان کاتێك ئەم نوسـراوەی مامۆسـتا ( سـید زانسـتی سـید عبـدل موتـەلیب چۆخماخی عەوالانی پیر خدری)م خوێندەوە لەسەر داوای کاکە زانسـت زۆر بـە وردی و تێڕوانینێکـی تێرو تەسەل پێیدا چومەوە.

سەرەتا داوای نزای خێرو سەرکەوتن و تەمەن درێژی لـە خوای گەورەو میهرەبان بۆ دەکەم کە لـە بەهاری تەمەنیدا توانیوێتی بیر لـەو خزمەتە گەورەیە بکاتەوە کە بە بنەماڵکـەی خۆیـان و ساداتی پیر خدری کردوەو مێژو تەمەن و بەسەر هاتی کۆمەڵێکی زۆر لـە خزمانی جوانی و باشی ڕونکردۆتەوە ئەمە جگە لـەوەی کە خزمەتە بە ساداتی گوندی چۆخماخ و گـاپیلۆن و باڵخ و عەولاڵن و خزمەتێکیشە بەو لاوانەی کە بەرچـاو رۆشـن نـین لــە ڕەچـەڵەك و مێـژو بەسەرهاتی باوو باپیرانیان.

خزمـەتێکی زۆرباشیشــە بـۆ ڕۆشـنبیران و نوسـەرانی شـێخان و سـەیدەکان بـە گشـتی، شەهادەتێکە بۆ ئەولیاو پیاو چاکانی کوردستان بە گشـتی و سـاداتی پـیر خـدری شـاهۆ بـە تایبەتی، چونکە پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست دەفەرموێ : هەمو هۆکارو نەسـەب و پشـت و ڕەگەزێك کۆتای دێت لـە ڕۆژی دوایی دا جگە لـە نەسـەب و ڕەچـەڵەکی مـن هـەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أن شـانئك هـو الابـتر﴾ واتـە دوژمنـانی تـۆ وەجـاخ کـوێرو دوابڕاون نەك تۆ.

بۆیە من ئەم کارەی مامۆستا زانست بە کارێکی زۆر پیرۆزو باش و چاك دەنرخێنیم، دەستخۆشی لە خۆی و لەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیان داو و کتێبەکەیان هەڵسەنگاندوەو کۆنوسیان لەسەر نوسیوەو دەستخۆشیان لێکردوەو بە کارێکی پیرۆز ناویان بردوە.

داوا لە قەڵەم بە دەست و شارەزایانی ساداتی پیر خدری شاهۆ دەکەم هەرکەسێك لە ئاستی خۆیی و بە گوێرەی توانای خۆی دەست بکات بنوسێتەوە تازەکردنەوەی شەجەرەو نەسەبی باو باپیرانیان هەتا پەرتوك خانەکانی کوردی خاڵی نەبێت لەو جۆرە مێژویانەو هەم پشت و شەجەرەیان ڕون و ئاشکرا بکەن بۆ ئەو نەوانەی لە دوای ئێمەوە دێن.

دەگێڕنەوەو نەوشیروانی عادل پیاویکی پیر و بەتەمەنی بینی نەمام دەنێژێت ئەویش پێیوت : خاڵۆ بە تەمای لە بەری ئەو نەمامانە بخۆی؟

وتی : قوربان پێشینانی ئێمە بۆ ئێمەیان ناشتوە ئێمەش بۆ پاشینانی خۆمانی ئەنێژین.

نەوشیروان قسەکەی زۆر پێجوان بو کیسەیەك پارەی پیێ بو پێیدا. ئەویش زۆر پێکەنی؟

وتی : توخوا بە چی پێدەکەنی!

وتی : قوربان خەڵکی باخ دەنێژن پاش سێ ساڵ لەبەرەکەی دەخۆن من لەگەڵ ناشتنەکەیدا لەبەرەکەیم خوارد.

نەوشیروان هەندێکی تر پارەی ئەداتیێ پیاوەکە زۆرتر پێدەکەنیێ.

نەوشیروان دەڵیێ : ئەم جارە بە چی پێدەکەنی؟

وتی : قوربان باغی خەڵك ساڵی جاریێ لەبەرەکەی دەخوات من هێشتا نەم ناشتوە دوجار لەبەرەکەیم خوارد.

منیش دوجارو سێ جار دەستخۆشی لە کاك زانست دەکەم و نزای خێری بۆ دەکەم.

م علاءالدين سەيد ڕەزا سەيد محمد بانی موردی سه نگاوی

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی نەسەب

لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری شاهۆ

١٤٣٨/٦/١ ك ٢٠١٧/٢/٢٨ ز



## شەشەم : د.مهدی قادر / مامۆستای زانکۆ

یەکێك لە پایە گەورەکانی بیروباوەڕی مرۆڤی موسڵمان، باوەڕهێنان و پەرستن و زانینی ژیانی پێغەمبەری ئیسلام و خۆشویستنی خانەوادەو خزم و کەسوکاریەتی، ئەوەی لە زاراوەی قۆرئانی پیرۆزدا ناونراوە (أهل البیت) یان بە کوردی پێی دەوترێت (ئال و بەیت).

بە ناسینی ئال و بەیت و زانینی پلەو پایەیان لە قورئانی پیرۆزو فەمودەی پێغەمبەردا ئەم خۆشەویستیە تۆخ دەکاتەوە, پایەیەك لە پایەکانی باوەڕ تۆکمەتر دەبێت.

بۆیە لە مێژوی ئیسلام دورو نزیك چەندین نوسین و کتێب بۆ ئەم بوارە تەرخانکراوە.

بڵاوبونەوەی ئال و بەیت بە وڵاتانی ئیسلامی دا هۆکاری جۆراو جۆرە، تێکەڵ بونیان بە زەمان و کەلتوری ئەو وڵاتە. پێویستە ئال و بەیت پارێزگاری لە خوێن و ڕەچەلەکی خۆیان بکەن و نەسب و شەجەرەی پاك و بەرزیان بە پاکی بهێڵنەوەو بە کردایش زۆر نزیك ببنەوە لە ڕەویەو ڕەوشتی پێغەمبەر.

یەکێك لەو نەتەوانەی کە چەندین بنەماڵەی ئال و بەیتیان تێدایە نەتەوەی کوردە, لە خاکی کوردستان چەندین بنەماڵەی سادات و شێخ گیرساونەتەوەو گەشەیان کردوە, یەکێك لەو بنەماڵە گەورانەی کوردستان بنەماڵەی شێخ ئیسماعیلی عەوالآنە.

کە نەوەی پیرخدری شاهۆیەو چەندین بەرەباب و ڕەچەڵەکی لێبۆتەوە.

شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن لە نەوەو نەوزای ئەو زاتە موبارەکەن.

بەر لە 300 ساڵ هاتونەتە گوندی چۆخماخ و پێش 150 ساڵ شێخ موحسینی کۆسە

ڕودەکاتە تەکیەو ماڵ و مەڵبەندی زانستی خۆی دروستدەکات.

شێخانی گاپیلۆن و چۆخماخ سەربەتەریقەتی شێخ عبدالقادری گەیلانین و پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ کاك ئەحمدی شێخ و دواتریش شێخ محمودی حەفیدا هەبوە هەروەها پەیوەندی زۆرباشیان لەگەڵ شێخانی نەقشبەندی هەبوە لەبیارەو بارزان بەکورتی دەمەوێت بڵێم : ئەم بنەماڵە بەڕێزە لەڕوی زانست و ئیرشادو نانبدەیی و سوڵح لەنێوان بنەماڵەو خێزان و هۆزەکاندا دەستی باڵایان هەبوەو بەدەم خەڵکەوەبون و خەڵکیش هاوکاری زۆر باشیان بون و سەنگێکی تایبەتیان لە دەڤەرەکەدا هەبوە لەهەمان کاتدا پشتیوانیەکی گەورەی شۆڕشەکانی کوردبون.

ئەم کاریگەریەی ئەو دو بنەماڵە بەڕێزە تائێستاش بەسەر گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و بتوێن و ڕانیە ماوە دۆست و موریدی زۆریان لەئێران و دەورووبەرو تا دەگاتە تورکیا و سوریا هەیە.

هەرچەندە وەك خۆم بەخزمەتی مەرحوم حاجی شێخ جەلال گەیشتوم کاتێك بوە مەرحومی باوکم یەکێك بوە لە دەروێشە دڵسۆزەکانی تا ئێستاش پەیوەندی باشیم هەیە لە خزمەت ئەو بنەماڵە بەڕێزە هەروها بەخزمەتی مامۆستا مەلا زانای کوڕی حاجی سید گوڵ و مامۆستا شێخ عبدالمطلب و چەندانی تریان گەیشتوم جگە لە دینداری و پیاوەتی و ئاشتی خوازی هیچی ترم لێنەبینیون، بەڵام زۆرم بیستوە لەبارەیانەوە لەزاری باوك و باپیرانم پیاوە بەتەمەنەکانی ناوچەکەوە کەشێخانی گاپیلۆن و چۆخماخ خاوەنی کەرامەت بون خۆشەویست و مەڕحوم حاجی شێخ محمدی گاپیلۆن تائێستاش وەك پشکۆیەك لە ژێر خۆڵەمێشی مریدەکانی دا بڵێسە دەدات .

تەکییەی گاپیلۆن بەسەرپەرشتی حاجی شێخ موحسین دواتریش حاجی شێخ محەمەد زاهیر حاجی شێخ محەمەد حاجی شێخ جەلال بەردەوام شوێنی کۆبونەوەی خەڵك و حەڵقەی زیکرو ئاشتەوای نێوان خانەوادەکان بوە، سفرەیەکی ڕاخراو بوە بۆ خەڵکی هەژارو نەداری ناوچەکەو پیاوانی ئەو سەردەمە برای بەڕێزم کاك شێخ زانست شێخ عبدالمتلب کەنەوەی شێخانی چۆخماخە هەستاوە بەکارێکی شیاو لەدوتوێی ئەم کتێبەدا

کە کۆکردنەوەی مەناقیب و شەجەرەو ڕۆڵی بنەماڵکەیان ئەم کارە جێگەی دەستخۆشیە، ئومێدم وایە ئەم کتێبە خزمەتێك بکات بە خوێنەری کوردو گەورەی شکۆی ئەو بنەماڵەش بەنەمری بهێڵێتەوە. هاندانێکیش بێت بۆ کەسانی تر خزمەتی خاك و خەڵکیان بنوسنەوە.

سلاو و درودی خوای گەورە بۆ گیانی پاکی پێغەبەر (صل الله علیە وسلم) و ئال و بەیت و هاوەڵانی و شوێن کەوتوانی تارۆژی دوایی.

وصلی اللە وسلم وبارك علی سیدنا محمد وعلی أصحابه

د. مهدی قادر شاربازێری

زانکۆی سلێمانی

2016/11/22

# حەوتەم : مامۆستا مەلا نجم الدين شمساوای



بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درودو سەلامی خوا لەسەر پێغەمبەری خودا محمد المصطفی وە لەسەر یاران و خێزانە بەڕێزەکانی و نەوەکانی و شوێن کەوتوانیان بە چاکە تا ڕۆژی دوایی.
لەناسنامەی گەلان وە فادەریان کۆن و نوێو ئەوەبوو کەشانازیان کردوە بەو کەسانەوە کەچاکە کار بوون وهانی خەڵکیان داوە بۆ چاکە کاری، وەهەموو دەم هەوڵیان داوە کە ئەوکەسانەی لە بیر نەکرێن لەیادنامەی وێردان و مێژووی نەتەوە و ژیاننامەی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی دا جێگە و پێگەیان ون نەبێت .
موسڵمانانی کوردیش لەوبوارەدا پێشەنگ و سەر مەشق بوون زیاتر شانازیان بەچاکەکاران و خێرخوازان شتانی چاکەکانیەوە کردوە وەفاداربون بەرامبەریان.
ئەم شانازی پێوەکردنە لەپێغەمبەری خواوە دەست پێ دەکات بەیاران و تابعین و دوای ئەوانی تر تێپەڕدەبێت تا دەگاتە ئێستا هەر ئا لەو بوارەدا ، مە ولود نامەو هاوشێوەکانی لەناو کوردا هاتونەتە ئاراوە، سەرهەڵدانی پیاهەڵدانی نوسراوە زارەکی دەماو دەمیش لەم بوارە دا هەبوون ، بەیت بێژ و شاعیر و نوسەر لەم بوارەدا بەشیان هەبووە.
ئەم جۆرە مانەوەیە و کەلتورە لەڕێبازی میان ڕەوی صۆفی گەران لەتەکیەو خانەقاکاندا برەوی زۆری هەبووە .
مەبەست لێی دەست گرتن بە پەیامی خواوە .
لەڕۆژگارەکانی مێژووی کورد و ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و نەتەوە و ئایین دا زۆربنەماڵەی خزمەت گوزار بە ئایین و نەتەوە و کۆمەڵگا هەڵکەوتون لەبواری ئایین پەروەری و نیشتمان پەروەری و ئاشتەوای کۆمەڵایەتی دا
ڕێکغستنی کۆمەڵگا کاری گەورەیان ئەنجام داوە ، وە جێگە و پێگەی گەورەیان بۆخۆیان گرتوە ئەو بنە ماڵانەش بنەماڵەی شێخەکان چۆخماخ وگاپیلۆن لەپێشەنگدا بوون بەشێکی گەورەیان لەوبوارەدا داگیرکردووە ، بەشتێکی گەورەیان لەڕێخستنی خەڵك بە دەست هێناوە ئەم بنەماڵە بەڕێزانە

هەمووکات سەرمەشقی ڕێنیشان دانی خەڵك بۆ میانڕەوی ئایینی و خواپەرستی و لە ئاشتەوای کۆمەڵایەتی ولایەنگیری هەژاران و لێ قەوماوان و حەوانەوەیان لە تەکیەکان و ماڵەکانیان ئارامگەو قۆناغی حەوانە بوون ، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە (تە رکیزی بەندەکان ئیشی بەندەکان نیە) دەبوو زیاتر بنوسم بەڵام بەوەندا کۆ تادەکەم ، داواکارم لەخوای گەورە چاکەکاران زیاد پایەدار بکات، ئەم بنەماڵەیە بەڕێزە ئێمەش بەو دەستە هەژمار بکات ، نمونەی ئەم پیاو چاکانە زۆربێت .

نجم الدین قادر رحیم
لێپرسراوی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان

## هەشتەم : مامۆستا مەلا عباس گاپیلۆنی




بسم الله الرحمان الرحيم :

بنەماڵەی شێخانی گاپیلۆن

بەوپێیەی کەمن لەگاپیلۆن لەدایک بوم و سەرەتای (علوم) ی شرعی بەخوێندن و فێربوونی قورئانی پیرۆز دەست پێکرد لەخزمەت شێخانی گاپیلۆن .

بنەماڵەی شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ کە هەمویان لە بنەڕەتدا یەك بنەماڵەن ، یەکێکن لە چاکترین و پاکترین شێخانی کوردستان ، بەدرێژای مێژوو جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان هەمیشە لەسەنگەری میللەت و بە رگری لەنیشتیمان و دوژمنی داگیرکەران و خۆ فرۆشانی کوردستان بوون هەمیشە تەکیە و خانەقاکانیان جێگەی حەسانەوە و حەوانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە ، باش لە بیرمە لە کۆتای شۆڕشی ئەیلول و بەدرێژای شوڕشی نوێی گەلەکەمان لە هەڵگیرسانەوەی شورشەوە تاکاتی ئەنفالەکەی کە بەسەر گەلەکەماندا هات ئەم بنەماڵە بەڕێزە ڕۆلەیە کی زۆریان چەکی پێشمەرگایەتی و بەرگریان کردبووە شان و ماڵ و تەکیە و خانەقاکانیان ببوە جێگەی حەسانەوە و حەوانەوەی هێزی پێش مەرگەی کوردستان، شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن مەڵبەندێکی ڕۆشن بیری بوون بۆ خەڵکی دور و نزیك ((وزعو نصیحەت وپێش نوێژی و ووتار بێژی بۆ گوندەکانی دەوروبەر یان،سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی ئەوانەوە هەر کێشەی کۆمەڵایەتی هەبوایە لەناوچەکە دا تەنانەت تاکوردستانی ڕۆژ هەڵات و ناوچەکانی قەڵادزێ و پشت دەروو بیتوێن و زۆرێك لە ناوچەکان لە سە ر دەستی صولح و ئاشتەوای ئەوان کێشە و گرفتەکانی حەل دەکرد.

شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن دەورێکی زۆر موشەرەفیان بینی قەت ڕۆژێك لەڕۆژان چەکی خیانەتیان نەکردە شان لەکاتێکدا کە هەوڵی زۆریان لەگەڵ داون تەماع ی زۆریان خستە پێش چاویان بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕژێمی عێراقی دا هاوکاری بکەن بەڵام بە درێژای مێژوو پشتیوانی میللەتەکەی خۆیان بوون وە هەمیشە چرایەك بون بۆ ڕۆشن کردنەوەی ناوچەکە و دەور و بەریان.

**مەلا عباسی گاپیلۆنی**

**بەرپرسی پەیوەندیەکانی یەکێتی**

**زانایان/لقی شاربازێر/ پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی عوال**

# بەشی یەکەم

## بسم الله الرحمن الرحيم

أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (62) الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (63) لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(64)

**یەکەم: شێخ محمد زاهید ( پیر خدری شاهۆ )**

**دووەم: شێخ ئیسماعیلی عەوالآن**

**سێیەم: شێخ مەحمودی چۆخماخ**

# بەشی یەکەم:

## یەکەم : پیر خدری شاهۆیی

ناوی(سەید محەمەد)ە نازناوی زاهید یان(ظهیر الدین)ی پێدراوە بۆیە بە سەید (محەمەد زاهید) یان شێخ محمد ظهیرالدین بەناوبانگ بووە, مەشهورە بە پیرخدری شاهۆ، کوڕی سەید مەحمودە کە بەسەید مەحمودی مەدەنی ناسراوەو کوڕی سەید جەعفەری کوڕی سەید حوسێنی کوڕی سەید مەحمودی ئەل یەنبوعیە کوڕی سەید ڕەحمەتولاّی کوڕی سەید موسای کوڕی سەید حوسێنی کوڕی سەید هیلالی کوری سەید (محەمەدخەلفی)کوڕی سەید مینهال کوڕی سەید ماجدی کوڕی سەید عبدالرەحمان کوڕی سەید قاسم کوڕی سەید ئیدریسی کوڕی سەید سولتان جەعفەری کوڕی سەید ئیمامی عەلی نەقی کوڕی سەید ئیمام محەمەد جەوادی کوڕی سەید ئیمام عەلی رەزای کوڕی ئیمام موسای کازم کوڕی ئیمام جەعفەری صادق کوڕی ئیمام محەمەد باقری کوڕی ئیمام عەلی زەین عابدینی کوڕی ئیمام حوسێن کوڕی ئیمام عەلی کوڕی ئەبوتالیب.[6]

ئیمامی عەلی ڕەزای خودای لێبێت لەفاتیمەی کچی پێغەمبەر (صلى الله عليەوسلم) سێ کوڕی هەبووە( حەسەن, حوسێن، موحسین) ڕەزای خوایان لێبێت،(موحسین) بەمناڵی وەفاتی کردووە نەوەی لەشوێن بەجێنەماوە, وەك لە سەرچاوە مێژوویەکاندا هاتووە(سەید محەمەد زاهید) لەدەوروبەری ساڵی 620 کۆچی لەشاری مەدینەوە ڕوودەکاتە خاکی عێراق لەشاری بەغدادی ڕێی دەکەوێتە لای (شێخ عومەری

[6] کتێبی زانایانی پیر خدری لاپەڕە (14)

سوهرەوەردی )[7].

لەبەغداد بۆ ماوەیەك لەلای دەمێنێتەوە بەڵام ماوەکەی دیار نیە دوای بەرەو کوردستان بەرێدەکەوێت ئەو سەردەمە کوردستان وەك ئێستا لەت لەت و پارچە پارچە نەکرابوو, بە گێرانەوەی باوەر پێکراو لەسەر نوسراوەکانی ولاّتی خۆمان وەك (نورالانوار)[8] لەنوسینی (عبدالصمد توداری)[9]ئەم زاتە هاتۆتە کوردوستان لەناوچەی پاوە دانیشتەجێبووە کەئەوکات پێیان وتوە (گەنجەوییە) [10]سەربەناوچەی سنەو کرماشان بو فەرمانداری ناوچەکە ناوی (ئەمیر مقرب الدین)[11] بووە لەدێی (پایگەلاّن)[12] نیشتەجێ بووە قازی دادگا ناوی (محەمەد نەجیب) بووە.[13]

---

[7] شێخ عومەری سوهرەوەدەری : یەکێك بوە لەکەسایەتیە دیارەکانی کوردوستان لەمێژوی ساڵی 633 ك لەژیان دەرچووە بەلاّم ساڵی لەدایکبونی نەزانراوە، خاوەنی تەریقەتی سوهرەو دەری بوە بۆ ماوەیەك پیرخدری شاهۆ لەبەغداد لەلای ماوەتەوە.

[8] نور الانوار : ئەم کتێبە لەدانانی عبدالصمد توداریە لەساڵی 1099ك نوسیویەتی و رشتەی نەسەبی پیر خدری تیا بەیان کردوە

[9] عبدالصمد توداری: کوڕی سەید صالّح کوڕی سەید مراد لەسەداتی حسێنە دانەری کتێبی (النور الانوار فی کرامات زاری سید مختار ) کەبەیان ساداتی کردوە ساڵی 1099 وەفاتی کردووە (تأریخ مشاهیر کورد)

[10] گەنحەوییە : زنجیرە چیایەکە لەنزیك دێی پیر خدران کە زستانێك پیر خدری شاهۆیان تیا بەند کردووە بە ئەمری ئەمیر مقرب الدین کەئەوسا فەرمانداری ناوچەکەبووە بەلاّم کاتێك لەبەهاردا چوونەتەوە سەلامەت بووە بۆیە ئێستا ناویان ناوە کێوی شاهۆ .

[11] ئەمیر مقربی دین : حاکمێکی کورد بووە لەمیرنشینی ئەردەلاّن حاکمی ناوچەی بەینی سنەو کرماشان بووە بەناوی (ژاوەرۆ و پای گەلاّن ) لادێیەکی زۆر گەورەیە لەتەنیشت زنجیر چیایەك کەپێی دەڵێن شاهۆ .

[12] پای گەلاّن : یەکێکە لەهەرە لادێ کۆنەکانی سەربەناحیەی سەرواوە یان سەروابار قەزای مەریوان پارێزگای سنە بەپێی سەرچاوە مێژویەکان دروستبونی دەگەرێتەوە بۆ بەر لە 1500 ساڵ پێش ئیسلام دانیشتوانی مەسیحی بون دوای هاتنی ئیسلام موسڵمان بون لەسەر دەمی سلجوقیەکاند بۆتە پایتەختی ئەمیر مقرب الدین ئێستا نزیکەی 457 خێزانی تیایە

[13] محمد نجیب : قازی پایگەلاّن بووە لەسەردەمی ئەمیر مقرب الدین کاتێك پیر خدری شاهۆ دێتە ئەوێ لەگەڵ ناگونجێت و هەوڵی ئازاردانی دەدات.

کاتێك دەبیستن سـەیدێك لـەشـێوەی دەروێشـێکدا هاتۆتـە پـاوە خـەڵکێکی زۆر لێـی کۆبۆتەوە شتی جۆراوجۆری لێدەگێڕینەوە، قـازی دادگـا محەمـەد نـەجیب بـەو کـارە دڵگران دەبێت ئەم باس وخواسە دەگەیەنێتـە ئـەمیر مقریـب الـدین ئـەویش فـەرمان دەکات زستانێك لـەکێوی گەنجەوییە بەندی بکەن کاتێك لـەبەهاردا دەچن دەبینن سـاغ وسەلامەتەو خەریکی خواپەرستیە بۆیە فەرمان دەکات ئاگرێکی گەورە بکەنەوەو داوا لـەپیرخدری شاهۆ دەکەن ئەگەر بەڕاستی خواپەرستی و ڕاسـت دەکـەیت بچـۆرە ئـەو ئاگرەوە ئەویش پیشت بەخوای گەورە دەبەسـتێت, ئیـبراهیم ئاسـا (نعـم المـولى و نعـم الـنصير) دەکات و دەچێتە ناو ئاگرەکەوە, پاش ماوەیـەك بەسـاغ وسـەلامەتی دێتـەوە دەرەوە.[14]

کاتیك ئەمیر مقربدین ئەوە ئەبینیێ وتی ( شاه من نیست شاه اوست) واتە (من شـا نـیم ئەو شایە), ئیتر باوەڕی پێدەکات و بەدڵپاکی و چاکی دەبێت موریدی خۆی گونـدێکی خۆی بەناوی (قوتلو ئاوا)[15] دەداتیێ وەقفی دەکات لـەسەر سـەید محەمـەدو نـەوەکانی ئەمەش وەسێت نامەکەیەتی:[16]

بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

من کە بەندەی دەرگای ئەحمەدم ناوم ئەحمەد مقرب الدین حوسێنی یە مـوڵکی ئـاوەدان کراوی خۆم کە ئاوای (قتلوئاوا)یە وەقفم کرد لـەسەر ئامۆزای خۆم سەید محمد (ظهـیر الـدین) ئـەبو عبـداللە ی پیرخـدری ڕەزەوی حوسـینی, وە دوای خـۆی لـەسـەر کـوڕو کوڕەزاکانی وەکو یەك و مافی سەرپەرشتی کردنی ئەو (مەوقوفەم) دا بەدەستی خۆی تـا

[14] زانایانی پیرخدری لاپەڕە 16

[15] قوتلو ئاوا: دێیەکی لـەبەشی کۆماسی سەر بەشاری مەریوانە ئەمیر مقربالـدین وەقفی کرد لـەسەر پیرخدری شـاهۆ لـەدوای نەوەکانی پیر خدری شاهۆوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ پیرخدران.

[16] کتێبی عائیلـەی عەوالآن لاپەرە93

لە ژیاندایەو پاش خۆی بەدەستی دیندارترین نەوەکانی بێت لەوانەی کە لەو جێگاو شۆێنەدان و خزمەتیان بۆ میوانان و زانایان و قورئانخۆێنان و هەژاران زیاتر بێت.

من وەقفکەری گوناهکار

ئەحمد مقرب الدین الحسینی

ئیتر سەید محەمەد لەوێ نیشتەجێ بووە ,دەستی کردووە بەئیرشادو بانگەواز بۆ دینەکەی خودای گەورە لەگەڵ ئەوەشدا دەستدەکات بە وتنەوەی وانەی فەقێ و قوتابیەکان و دانانی پەرتوك و رێخستنەوەی خەڵکی و ئاشتەوای و کارەخزمەت گوزارییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە, لەهەموو شوێن و ناوچەیەکەوە دەهاتن بۆخزمەتی و سوودیان لەعیلم و مەعریفەتی وەردەگرت و شوێن رەوشتە جوانەکانی ئەو بکەون, بەهەوڵ و تێکۆشانی زۆری خۆی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بەرەو گەشەکردن بردووە بەوشێوەیە ماوەتەوە هەتا کۆچی دوایی کردووە, هەر لەو جێگەو مەرقەدەی خۆیدا بەخاك سپێردراوە ئێستاش شوێن و مەرقەدەکەی بۆتە جێگەی زیارەتکارانی موسڵمانان.[17]

[17] کتێبی کورتەیەك لەسەر مێژوی ساداتی پیر خدری کوردوستان لا22


## بۆچونێکی تر: ﴿ چیای شاهۆ ﴾ [18]


(پیرخدر) یەکێك بووە لە باپیرانی شاعیری مەزن (مەولەوی)، پیاوێکی خواپەرست و لە دنیا بوردو ئەبێ تواناى ئەوەی نابێ چاوی بەخراپەو زورداری مرۆڤ بکەوێ. بۆ خواپەرستی ئەچێتە ئەشکەوتێك لە شاخێکی هەورامان دا. پیرخدر ناوبانگ دەرئەکا بەخواپەرستی و چاکە. پێشبینی هەموو شتێکی بۆ دەردەکەوێ. یەکێك لە شایەکانی ئێران بەمە ئەزانێ بۆ نیازێك وەتاقیکردنەوەی پیرخدر خۆی و نۆکەرێکی هەڵدەستن دێن بۆلای پیرخدر کاتێ نزیك شوێنەکەی ئەبنەوە(شاه)جلی نۆکەر، نۆکەر جلی(شاه) لەبەر ئەکا، کە ئەگەنە لای پیرخدر سەیرەکەن کەوڵ پۆستێکی راخستوەو نوێژەکا. نۆکەر ئەچێ دائەنیشێ (شاه)یش بەدەستوری (شاه)ی بەپێوە راوەستاو درێژ ئەکاو ئەڵێ: (شاه أو) واتا(شاه ئەوە) ئەمجا شاه لەبەر پێی پیرخدر دا ئەکەوێ و بە نیازئەکا. لەوەوە پیرخدر نازناوی ﴿شاه أو﴾ کە کورت کراوەی: (شاهو) یە وەردەگرێ پێی ئەڵێن (پیرخدری شاهۆ) شاخەکەیش ناوی (شاهۆ)ی پێئەدرێ ئەڵێن: (شاخی شاهۆ). باڵندەیەکیش هەیە بە ناوی ﴿شاهۆ﴾ ئەبێ لەم شاخە دۆزرابێتەوە.

بەڵام بەداخەوە بەهۆی پشێوی ئەم وڵاتەوە هێرشی تاتارو مەغۆلەکان کۆچی دوایی و ژیان و بەسەرهاتی تەواویمان دەستنەکەوتووە, ئەوەی کە بووە و نوسراوە لەناوچووەو نەماوە, هەروەها لە ژمارەی نەوەکانیدا قسەوباسی زۆر هەیە ئەوەی کە زانراوە دەڵێن: لەڕۆژی کۆچی دوایی سەید محەمەدی گەوەرە خودای گەورە کوڕێکی پێداوە ناویان ناوە پیرخدر لەسەر ناوی باوکی، واتە سەید محەمەد کوڕی سەید محەمەد ناسراوە بەپیر خدری شاهۆ, ناوی گوندی (قوتولو ئاوا) یان گۆڕی بۆ پیرخدران (یان پیرخدریان)واتە ئەم دێیە تایبەتە بەم کۆمەڵە سەیدەوە کە پیرخدرین پاش کۆچی دوایی سەید محەمەد

[18] مامۆستا نەجمەدین مەلا لەرەچەڵکدا پیرخدیریە ئاوای نوسیوە. ئەم وانەیەی لە(شێخ عەلی تەوێڵە) کە نازناوی (حسام الدین)ە وەرگیراوە/ رۆژنامەی ژین ژ. 1492(کتێبی سەرجەم بەرهەمەکانی نەجمەدین مەلا) ن .ئاوات ئەبوبەکر

**زاهیر نەوەکانی لەهەمان ئاوایی دا دەمێننەوەو خزمەتی ئاین و موسوڵمانانیان کـردووە, پیرخدری بچـوکیش لــەناو خانەوەدەکەیـدا دەســتی کـردووە بــە خوێنــدنی قورئـان و کتێبەکانی تر.**


رشتەی نەسەبی سەید محمد الزاهد کە نازناوی «ظهیر الدین»ە و بە
(پیر خدر شاهۆ) رەضوی حسێنی ناسراوە.
لە دەوروبەری ساڵی ٦٢٠ ی کۆچی لە حیجازەوە گەیشتۆتە شاری بەغدا بۆ
بڵاوکردنەوەی خزمەتی ئاینی ئیسلامی پیرۆز
تەریقەی لە شێخ عومەری سەهرەوەردی وەرگرتووە، ئیجازەی تەریقەی قادری لە بووە.
لە پاشاندا چۆتە ناوچەی پایگەلان لە مەریوان، ژنی هێناوە و لە نۆ کوڕی بەرەی
لێکەوتۆتەوە کە ئەم پیاوە پیرۆزانەن :- پیر محمود، پیر موسا، پیر ئیلیاس، پیر حسین
ناسراو بە پیر رۆستەم، پیر حەیدەر، پیر بایەزید، پیر عبداللە، پیر حەمزە، پیر محمدی دووەم
ناسراو بە پیرخدران، بنەمالەکەشی هەر لە گوندی پیرخدرانە ...



مەرقەدی پیرخدری شاهۆ

**جا لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك نازانێت ئەم کوڕە پاش مەرگی باوکیەتی و ناوی پیرخدری لێنراوە خەڵکی وادەزانن ئەم زاتە پیرخدری ناسراوە، بەڵام ئەم پیرخدری گەورە نیە بەڵکو کوڕیەتی لەژمارەی کوڕەکانیدا سەید محەمەدی گەورە بۆچوونی جیاواز هەیە سەید (عبدالصمد التوداری) دەڵێت: سەید محەمەد زاهید لەپێنج کوڕ نەوەی لێکەوتۆتەوە، بەڵام مامۆستا (عبدالکریم مدریس) رەحمەتی خوای لێبێت**

[19] مەلاعبد الکریمی مدریس: لەو پیاوە مەزن و بلیمەتانەی کوردە، کە نوسەرو زانایەکی گەورەی سەدەی بیستەمە، زیاتر لە ٦٠ پەڕتوکی زێدە بەنرخی ئاینی و ویژەیی و کۆمەڵایەتی بڵاو کردۆتەوە، هەر هەموشیان دەچنە خانەی لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنی و خودایی و دونیاییەوە، کە بریتین لە تەفسیری قورئانبەشێوەیەکی ئێجگار فراوان و بەزمانی کوردی و عەرەبی، هەروەها ساغکردنەوەو شیکردنەوەی چەندین شاکاری شیعری مەزنی کلاسیکی کوردی، نمونەی مەولەوی، نالی، مەحوی، فەقێ قادری هەمەوەندی و چەند شاعیرێکی دیکەش.

**فەرموویەتی ئێمە لەسەر شەجەرەی ڕاستی و نوسراو بەمۆرو ئیمزای پیاوانی گەورە و زاناکان زانیومانە گەڵێ کوڕی تریشی هەبووە, سەیدمحمدی زاهیری پیرخدری**

**بۆ نمونە وەك شەجەرەی ڕاستی (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف[21] چۆڕی. سەید عبدالرحمن مەولەوی[22] گەڵێ لقی جیاوازی لێ ئەبێتەوە، دەڕواتەوە سەر سەید بایەزیدی کوڕی سەید محەمەدی پیر خدری شاهۆ هەروەها شەجەرەی سەیدەکانی (باینجۆ) بەبڕوای هەموو نەسەب ناسەکانی نەسەبی ڕاستن و دەگەڕێنەوە سەر سەید مەحمودی سەبزەواری کوڕی سەید محەمەد پیرخدری شاهۆ، شەجەرەی نەسەبی شێخەکانی (عەوالاَن)[23] و (بانی مۆرد)[24] و (مۆرتکە) [25] (گەورەدێی بازیان)[26] و (شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن...) و چەند شوێنکێکی تریش دەچنەوە سەر سەید موسای کوڕی**

---

[20] بنەماڵەی زانیاران لاپەڕە/478

[21] ئەبوبەکری موسەنیف : سەید حەسەن کوڕی سەید هیدایەتولاَی کوڕی سەید یوسفە جانی ناسراوە بە ئەبوبەکری موسەنیف لەسادانی پیرخدری شاهۆیە ساڵی 940ك لەدایکبوە ساڵی 1014ك لەدێی چۆڕی وەفاتی کردوە.

[22] عبدالرحیم مەولەوی:- ناوی عبدالرحیم ناسراوە بەمەولەوی تاوگۆزی یەکێکەلەکەسایەتیەکانی ناو ساداتی پیر خدری لەساڵی1806 لەگوندی سەرشاتەی سەر بەهەڵبجە هاتۆتە دنیاوە ساڵی 1886وەفاتی کردوە .

[23] عەوالاَن :گوندێکە سەربەناحیەی سورداشی پارێزگای سلێمانی کە بەرامبەر زنجیرە چیای پیرەمەگروونەو نزیك دارستانە چڕەکانی چەمی ڕێزانە دەکەوێتە باشوری روباری زێی بچوك هەروەها ڕوباری تابین لەسنوری دێیەکەوە تێپەڕدەبێت دەکەوێتە نێوان دێکانی زەرزی و قوچ وسابلاَخ و عیسا بەگی چەند گوندێکی ترەوە سەرەتای دروست بونی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی شێخ ئیسماعیلی عەوالاَن .

[24] بانی مورد :ئەو گوندە جوان و بەرزەیە کە لە قەڵای زرییانە شاخی سەرگرمە باڵیان بەسەردا کێشاوە، بانی مۆرد30کیلۆمەتر لە مەرکەزی ناحیەی سەنگاو دورە گوندەکانی قەلاَگەو کێلەبەرزە دەورە دراوە سروشتێکی دلڕفین و جوانی هەیە بە دەیان گژوگیاو گوڵ ڕازاوەتەوە.

[25] مۆرتکە: خەڵکەکەی یەکێکن لە بنەماڵەی ساداتی پیرخدرین و کەسی بەناوبانگ و دینداریان تێدا هەڵکەوتوە ئیرشاداتی خەڵکیان کردوە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام و خۆشگوزەرانی لەسایەی ئەو پەیامە پیرۆزەدا.

[26] گەورەدێی قەڵا سیوکە : سەربەناحیەی ئاغیجەلەر کە یەکێکن لە بنەماڵە دیار و مەسنهورەکانی ناوساداتی پیرخدری و خەریکی کاروکاسپی ماڵی خۆیانن.

**پیرخدر شاهۆ.[27]**

**(مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدریس) فەرموویەتی : لەزانایانی باوەڕپێکراوم بیستووە کەلەکتێبی نەسەبدا وتوویانە کەسەید محەمەد ناسراوە بە سەید محەمەدی بالأتەران ژووری کانی پانکەی شارەزور لەنەوەی پیر خدری شاهۆیە، بەلأم نابێتە کوڕی چونکە تەنها سەید محەمەدی پاش مەرگە کە بەپیرخدری دووەم ناوبانگی دەرکردووە هاوناوی باوکی بووە ئەویش مەرقەدی لەدێی (صەفاخانەیە)[28] دیارو مەشهورە بەلأم دەگونجێت لەکوڕەزاو نەوەی ئەوبێت.**

**مامۆستا دەفەرموێت : لەم بابەتەدا باوەڕ بەهەندێك شت دەکرێت، یەکەم ئەو شۆرەت و ئیستیفادەیە کە لەناو خەڵکی دایە ئەبێتە بەڵگە لەسەر نەسەبی و دروست شایەتی پێدەدرێت لەسەر نەسەب. دووەم دوای نەوەکان و خانەوادەکەی چونکە بەگوێرەی شەرع مرۆڤ ئەمێنێتەوە لەسەر نەسەبی خۆی داوای چی بکات بەرگری ناکرێت مەگەر رێگرییەکی شەرعی یان عەقڵی ڕوون و ئاشکرا هەبێت بەرهەڵستی ئەو مۆرکراوە بکات. سێیەم ئەو بحر الانسابانەی کەپیاوانی زاناو دانا دایان ناون.[29]**

**مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدریس رەحمەتی خودای لبێت دەفەرموێت: من تائێستا لەخوێندنەوەی پەرتوکی شەجەرەکانداو لەبیستین لەپیاوی باوەڕپێکراو بۆم دەرکەوتووە جگە لە پیر عبداللە و پیر ئەلیاسی شێخ حوسێن ناسراوە بەپیر ڕۆستەم سەید محەمەدی پاشەمەرگە ناسراوە بەپیر خدری دووەم چەند کوڕێکی تری هەبووە (وەك سەید بایەزیدو سەید مەحمودی سەوزەواری و سەید حەیدەرو سەید حەمزەو**

---

[27] کتێبی کورتەیەك لەسەر مێژوی ساداتی پیرخدری کوردستان.

[28] صەفاخانە :لادێیەکە لەناوچەی هەوشارە سەر بەسنەیە سەید محەمەد پاشەمەرگە چۆتە دێی صەفاخانەو لەوێ نیشتەجێ بووە لەسەر نەەوەکانی خۆی وەقفی کردووە و هەر لەوێ بە خاك سپێرداوە

[29] بنەماڵی زانایان لاپەڕەی 488

**سەید موسا) کەپێشتریش باسی هەندێکیانمان کردووە کەواتە ڕوون بوویەوە کـە سـەید محەمەد زاهیری گەورە ناسراوە (بەپیرخدری شاهۆ) (9بۆ10)کوڕی بووە بەم ناوانە:**

**1. پیر عبداللە دەبێتە باپیرەی هەندێك لـەسەیدەکانی گوندی پیرخدران و هەندێ شوێنی دەوروبەری.**

**2. پیر ئەلیاسی دەبێتە باپیرەی لـەهەندێك سـەیدەکانی پـیر خـدران. سـەیدەکانی سـەر شیوی مەریوان [30] و گەلاّتەرزان [31] هەندێك لـەگوندەکانی دەوروبەری و گۆڕی لـەدێی گلـە[32] یە لـەسەر شیوی مەریوان.[33]**

**3. پیر ڕۆستەم کەناسراوە بەشێخ حسێن کەباپیرەی سەیدەکانی چاویلکان و دێی(گۆڵ و دۆزەخ دەرە)[34] لـەدێی چاویلکانی عبداللە [35] بەخاك سپێردراوە.**

**4. سەید محمـد زاهیـد پاشـە مەرگـە کەناسـراوە بەپیرخـدری دووەم دەبێتـە بـاپیرەی سەیدەکانی سەفاخانەو لـەچەندین جێگاو شوێنێکی تریش نەوەی بلاّوبۆتەوە.**

**5. سەید بایەزیدی باپیرەی سەیدەکانی(مەریوان)[36] و چەند شوێنێکی تریشە وەك مـەلا**

---

30 سەر شیوی مەریوان : ناحیەیەکە سەر بەشاری سەقز لـە ولاّتی ئێران ئێستا نزیکەی 12000کەسی تیا دەژی

31 گەلاّتەرزان : لـەڕوی ئیداریەوە سەربەمەریوانە و لـەنزیك دێی چاویلکانە هەندێك لـەنـەوەکانی سـەید بایەزیـدی کوڕی پیرخدری شاهۆی تێدا دەژین

32 گلـە لـە سەر شیوی مەریوانە سەر بە مەریوانە گۆڕی سەید ئیلیاس لـەدێی گلـەیە.

33 کورتەیەك لـەسەر مێژوی ساداتی پیرخدری کوردستان ل20

34 گۆڵ و دۆزەخ دەرە سەربەپارێزگای زەقز ودیوان دەرەیە

35 چاویلکان :لـەڕوی ئیداریەوە سەربەمەریوانە نزیك دێی گلـەیە هەندێك لـەنەوەکانی شێخ حسێن ناسراوە بە بەپیر خدری شاهۆ هەندێکیان لـەوی ماونەتەوە

36 مەریوان:- یەکێك لـەشارەکانی کوردستانی رۆژهەلاّت-ئێران- سەربەپارێزگای سـنەیە ڕوبەرەکـەی 2326کـم ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی 110464کەسە ساڵی 1950بۆتە شار یان قەزا.

ئەبوبەکری موسەنیف و مەولەوی و سەیدەکانی باخوباخچە[37] و عەربەت[38] و چەند گوندێکی(شارەزور.[39]

6. پیر مەحمود کەناسراوە بەسەید مەحمودی سەبزەواری باپیرە سەیدەکانی گوندەکانی دەوروبەری ئێران هەروەها سەیدەکانی(مەسۆی بەرگەج)[40]

لەنەوەی سەید مەحمودی سەبزەوارین هەروەها سەیدەکانی(خڕنوك)[41] بنەماڵەی(موفتی چاومار)[42] لەسلێمانی کە بە بنەماڵەی مەلا عەزیزی گەورە ناسراون و شاعیری

---

[37] سەیدەکانی باخو باخچە لقێکن لەساداتی پیرخدری شاهۆی کەسایەتی باشیان تیاهەڵکەوتوە دەگەڕێنەوەسەر مەلاخدری چوارتای کە دەکاتە کورەزای سەید حسێنی چۆڕی پیرخدری کە بە ئەبوبەکر موسەنیف ناوبانگی دەرکردوە

[38] عەربەت ناحیەیەکە سەر بەپارێزگای سلێمانی نزیکەی 25کم لەسلێمانیەوە دورە.

[39] شارەزور: یاقوت الحموی معجم البلدان دا مادەی (ش) دەڵێ (شهرزور كورة واسعة بين أربيل و همدان). — شاری پاشا زور= شارەزور، لەکۆندا ویلایەت بوە لەنێوانی موسڵ و هەمدان دا بەڵام ئێستا قەزایەو لە باشوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانیە. کورتەیەك لەسەر مێژوی سادانی پیرخدری کوردستان

[40] مەسۆی بەرگەچ : سەربەناحیەی سەنگاوە کەهەندێك لەسەیدەکانی پیرخدر لێرە ژیاون هەرلەوێش وەفاتیان کردوە لەوێ بەخاك سپێردراون وەك شێخ مەحمود شێخ ئیبراهیم بەرگەچ و چەندانی تر.

[41] گوندی خڕنوك : لەڕوی جوگرافیەوە کەوتۆتە دامێنی شاخی سورێن لەروی کارگێڕیەوە سەربەناحیەی ناڵپارێزە– قەزای پێنجوێن– پارێزگای سلێمانی. لەگەڵ گوندەکانی دراوسێی(سیامێوەو زەنگی سەرو چەوتان....) بەهۆی ژنوژنخوازیەوە تێکەڵ و هامۆشۆیان هەیە خەڵکەکەی خەریکی کەشاوەرزی و ئاژەڵدارین، لە چەند بنەماڵەیەك پێکهاتون ( بنەماڵەی ساداتی پیرخدری میراودەلی و پەرخی و نەورۆڵی...)، لەبەر سەختی ناوچەکە جێگەی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد بووەو بەو هۆیەشەوە چەندین جار سوتێنراوەو راگوێزراوەو خۆشبەختانە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئاوەدان کراوەتەوەو ژیان تێدا ئاساییە.

[42] چاومار : مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحمودی کوڕی پیر حەسەن ناوسراو بە چاومار خوێندنی لای باوکی و شێخ معروفی نۆدێی و مەلا عبداللە ڕەش تەواو کردوە لەسەر دەستی شێخ معروفی نۆدێی ئیجازەی وەرگرتوە لە سلێمانی مزگەوتێکی دروستکردوەو خۆی دەرسی تێدا وتۆتەوەو چەند زانایەکی گەورە لای ئەو دەرسیان خوێندوە وەك ( مەلا عبدالرەحمانی پێنجۆێن و موفتی زەهاوی و شێخ ئەحمەدی فائیزی بەرزنجی، ساڵی1279ك بۆتە موفتی سلێمانی و لە ڕەجەبی1288 لە سەفەری حیجاز وەفاتی کردوە.

**گەورەی مسوڵمان (بێخود کە بە مەلامەحمودی بێخـود) ناسـراوەو دەگەڕێتـەوە سـەر پیرمەحمود کە بە سەید مەحمودی سەبزەواری ناسراوە.**

**7. پیرحەیدەر دەبێتە باپیرەی سـەیدەکانی (نـەوتی) و (بەڵخـە)، سـەیدەکانی(سـاتیار) دەچنەسەر پیر حەیدەرکوڕی سەید محەمەد زاهیدی گەورە.**

**8. پیرحەمزە دەبێتە باپیرەی مەلا(موسـای تەوەکـەڵی)[43] دەگەڕێتـەوە سـەر پیرحـەمزە کوڕی سەید محەمەد زاهید گەورە کەبەپیرخدری شاهۆ ناوبانگی دەرکردووە.[44]**

**9. پیرموسـا دەبێتـە بـاپیری سـیدەکانی(عـەوالان) و (زەرزی)[45]و(بـانی مـۆرد)[46]و(مۆرتکـە)و (چـۆخماخ)و(گـاپیلۆن)و(بـاڵخ)[47] و(گـەورەدێی سـێوکان)و بنەماڵـەی(مەلا مارفی ماوەتی)[48]و سەیدەکانی(شـینکایەتی)[49]و هـەروها بنەماڵـەی(مـەلا**

[43] مەلا موسای تەوەکەڵی : یەکێك بو لـەزانا پایە بەرزەکانی چەرخی خۆی کە زۆر زانایانەو زیرەکانە هەمو قورئانی پیرۆزی بەدەستی خۆی 453لـەمەبەر نوسیوەتەوە دیارە نوسـراوی تریشـی هـەبوە بـەلأم بەداخـەوە بەدەسـتی ئێمـە نەگەیشـتوە مامۆسـتا لـەدەروبـەری سـاڵی950ك لـەدایکبوە سـاڵی981 لـەگـەڵ فاتیمـەی کچـی عیصـام الـدین هاوسەرگیری کردوە خاوەنی سێ کوڕو سێ کچ بوە لـە گوندی شابەدین نیشـتەجێ بـوە، سـاڵی 1027ك وەفـاتی کردوە، لە گوندی تەوەکەڵی بانەو شابەدینی شارباژێڕی سەخت مەزاری هەیە.

[44] کتێبی کورتەیەك لـەسەر مێژوی ساداتی پیر خدری کوردستان لا280

[45] زەرزی :گوندێکە سەر بەناحیەی سورداشی پارێزگای سـلێمانی کەبەرامبـەر زنجیرە چیای پیرەمەگرونـە نزیـك پیشەلان و دارستانە چڕەکانی چەمیرەزانە دەکەوێتە باشوری ڕوباری زێی بچوك هەروەها ڕوبـاری تـابین لـەسـنوری دێیەکەوە تێدەپەڕێت.

[46] بانی مۆرد : ئەو گوندە جوان و بەرزەیە کە لـە قەلای ڕازییانەو شاخی سەگرمە باڵیان بەسەردا کێشاوە، 30کـم لـە ناحیەی سەنگاو دورە بەگوندەکانی قەلاگەو کێلەبەرزە دەورە دراوە سروشتێکی دلڕفین و جوانی هەیە بە دەیان گژوگیاو گوڵ ڕازاوەتەوە

[47] باڵخ : سەربەناحیەی گاپیلۆنە– قەزای چوارتا– پارێزگای سـلێمانی، ناوچـەیەکی گەشـتوگوزارییە، دەکەوێتـە نزیك کونەماسی و چەمی پیرئەلیاس(دێی مەحوی شاعیرە) مێـژوی دروسـتبونی دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش هـاتنی ئـاینی ئیسلام.

[48] مەلا مارفی ماوەتی : بە رشتە دەچنەوە سەر پیرخدری موسای کوڕی پیر خدری شاهۆی کۆمەڵێك کەسی عـالم و بەدینیان تیا هەڵکەوتوە.

**سەید کاکەی ڕانیە)[50] دەچنەوە سەر سەید(موسای کوڕی سەید محەمەد زاهیدی گەورە.**

[49] شینکایەتی : لەپارێزگای سلێمانی دەڤەری شارباژێر سەر بەقەزای ماوەتە، کەوتۆتـە ڕۆژهـەڵاتی چـیای ئاسـۆس لەباشورەوە چیای گۆجارو دۆڵی جافایەتی لەباکورەوە ماوەت و زێی بچوکە، ناوچـەیەکی شـاخو دۆڵ و هـەورازو نشێوە بە درێژای دۆڵی سەفرەو زەرون تا دەگاتە دۆڵبێشکەکان گوندو دێهاتی لێدروستکراوەو بەم دەڤەرە دەبێـژن (شینکایەتی).

[50] مەلا سەید کاکەی ڕانیە: یەکێکە لە زاناکانی دەڤەری ڕانیە و چێگەی متمانـەو بـاوەڕە لا خـەڵکی ناوچـەکە , پیاوێکی یەتوانا و مامۆستایەکی خێرخواز و بەتەقوا بووە ,ئەم بنەماڵەیە دەچنە سەر پیرخدری شاهۆ.

## دووەم: شێخ ئیسماعیلی عەوالان

شێخ ئیسماعیل کوڕی سەید محەمەدی سەید موسای سەید ئیبراهیمی سـەید خضـری سەید منصوری سەید هەمزەی سەید حوسێنی سەید یوسفی سەید حەیـدەری پیرموسـای سەید محەمەد زاهیدی ناسراو بە پیرخضری شاهۆیی. پیاوێکی لێهاتوو زانایەکی بـەتواناو پایەبەرز بووە لـە خواترس و زاهیدو دنیانەویست بووە.

کاتێك باوکی بۆ ئیرشادو ڕێنوێنی موسوڵمانان لـە ئێرانەوە ڕوو لـە کوردسـتانی عێـراق دەکات و لـە گوندی(ژاژڵێ)ی[51] سـەر بـە قـەزای مـاوەت دەگیرسـێتەوەو نیشـتەجێ دەبێت شێخ ئیسماعیل پاش تەواوکردنی خوێندن لــە خزمـەت بـاوکی و زانایـانی ئـەو سەردەمەدا گوندی ژاژڵێ بەجێدێڵێت و ڕوو لـە گوندی عەوالان دەکات.

مامۆسـتا عبـدالکریم مـدرس نوسـیویەتی: شـێخ ئیسـماعیل لــە گونـدی ژاژڵــێ وە ڕوودەکاتە گوندی عەوالان کە وێرانە بوو ئاوەدانی کردۆتەوە بە ئیشـارەتی دوو زاتـی گەورە لـە پیاو چاکان کە پلـەی ئەبداڵیان هەبووە. ئـەم زاتـە لــە نـەوەی پـیر خـدری شاهۆیە لـە سەردەمی شێخ محەمەدی نۆدێی کوڕی شێخ عەلی وەندەرێنی بووە، هاتوچۆی گەرمی یەکیان کردووە. یەکێك بووە لـە پیاوە گەورەکانی سـەردەمی خـۆی و خـاوەن کەرامەت بووە لـە نەتەوەکەیدا پیاوی زاناو خاوەن تەقوای زۆرە.[52]

شێخ ئیسماعیل کاتێك گوندی عەوالانی ئاوەدان کردۆتەوە کردوویـەتی بەسەرچـاوەی زانست و خواپەرستی و مزگەوتێك و خۆێندنگەیـەکی گـەورەو تەکیێـەك بـەهاوکاری خەڵکی ئـەو ناوچـەیە دروسـتدەکات بـۆ خزمـەتی قوتابیـان و هـەژاران و نـەداران و ڕێبواران.

---

[51] ژاژڵێ : نزیکەی 57کم لـە خۆرهەلاتی سلێمانی و نزیکەی10کم لـە خۆرهەلاتی قـەزای ماوەتـەوە دورە وەکـو هەموو گوندەکانی تری کوردستان چواردەوری بە کۆمەلێك گوند دەورە دراوە وەك لـە باشورو خۆرهەلاتەوە قەزای ماوەت لـە خۆرهەلاتەوە گوندەکانی (گوڵێ، کۆلکە) لـە باکورەوە گوندی (ئاوکورتێ).

[52] بنەماڵەی زانیاران لا445

هەرچەندە مێژووی لە دایکبوونی شـێخ ئیسـماعیلی عـەوالآن و ئـاوەدان کردنـەوەی گوندەکە دەستنیشان نەکراوە بـەلاّم پێدەچـێت کـە لــە دەورووبـەری سـاڵی 1100ك ئاوەدان کرابێتـەوە.مامۆسـتا عبـدالرقیب دەڵێـت: تەکیـەی بـەناوبانگی عـەوالآن لــە پێش300 ساڵێك دامەزراوە لەلایەن شێخ ئیسماعیلی عەوالآنەوە.[53]

مامۆستا عومەری ڕەنجـۆریی[54] کـە مێـژووی ژیـان و مـردن و ڕووداوی زۆری تۆمـار کردووە ئامـاژەی بـەم دوو مێـژووە نـەکردووە تـەنها مێـژووی کۆچـی دوایـی شـێخ ئیسماعلی نوسیوە دەڵێ : ساڵی1126ك کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی عـەوالآن نێژراوە.[55]

مامۆستا سۆران محویش دەڵێ : بنەماڵەی عەوالان لە ڕیشەدا لە سادات و سـەیدن زۆر پیاوی چاکیان هەبووە وەك شێخ ئیسماعیل و کاك ئەحمەدی بۆنخـۆش، دیـارە هەریـەك لەم بەڕێزانە هەڵکەوتوون و بلیمەتی سەردەمی خۆیان بوون و نموونـەی وەفـاداری و ڕەوشت و دەستپاکی و زمانشیرینی و پەرستش و خودا ناسێکی بێوێنەو لێهاتو بوون.[56]

تەکیە و حوجرەی عەوالآن خزمەتێکی زۆریان بە ئاینی ئیسلام و موسڵمانان کردووە سەدان هەژارو نەداری ئەم ولاّتە لەو تەکیەیەدا خزمەتکراون، چەندان کـەس سـودیان لـە خوێندنگەی عەوالآن وەرگرتووەو لەوێدا لەسەر دەستی شێخێکدا فێری زانسـت و ڕەوشتی جوانی ئیسلام کراون زۆر لە شاعیران و زانایانی سەردەم باسیان لە عەوالآن و خۆێندگاکەی کردووە. بەناوبانگترینیان:

- زانای خوانـاس و بـەناوبانگ مـەولانا خالیـدی نەقشـبەندی سـاڵی 1193ك لــە

---

[53] گۆڤاری ڕۆشنبیری نۆیٚ ژ110 لا165 ساڵی1986

[54] دیوانی ڕەنجۆری. لا11 لێکۆڵینەوە محمد علی قەرەداغی ساڵی 1983

[55] گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ ژ 107 لا 163

[56] گۆڤاری بەیان ژ 136ساڵی1999

دەڤەری قەرەداغ لەدایکبووە، ساڵی1243ك کۆچی دوایی کردوە، کاتێـك سـەفەری عەوالآنی کردووە ماوەیـەکی زۆر ماوەتـەوە لــە شـیعرێکیدا بـە دوورو درێـژی باسـی کردووە.[57]

- ماٶستا محەمەدی[58] عەوالآنیش کە زاناو شاعیرو پیاوێکی دیارو بە هەڵوێست بـوو لە ڕۆژی 1988/7/10کۆچی دوایی کردووە لەوەسفی عەوالآن دا دەڵێ :

عەبدالآن خاکی شەریفت مەنبەعی فەیزو کەرەم

کافیە تۆزی شیفایە بۆ هەزاران دەرد و ئەلـەم

هەرکەسێ تالـب بە تۆ بێ تازەحەمەتی نایەتە رێ

چی تەلـەب بکات جێبەجێ مەقسودی نابێ قەت ئەدەم

باخ و گوڵزارت دەبەخشێ بۆنی جەنەت بۆ مرید

گەر بە ئینصاف بێت و سەیرکردن خۆشترە ئەم لـە ئێرەم

کەوسەری ئاوی حەیات و دڵ شیفایە بۆ بەدەن

هەرکەسێ بیخواتەوە ڕزگاری ئەبێ لـە نیقەم

مەسکەنی قطیبی مەدارو تاجی جەمعی ئەولـیا

پاش عبدالـقادر هەر تۆی گەورەو موحتەرەم

بۆ کەرامەت بەسە ئیتر جەلیی پاشا هو وەزیر

کە بەجێیهێشت تەخت و تاج و مەرتەبەی خۆی و عەلـەم

---

[57] ڕۆحی مەولانە خالید پیرەمێردی شاعیر کردویەتی بە کوردی ل85– 87

[58] لێکوڵینەوەی مەحمود ئەحمەد محەمەد لا 98

**عبدالاَن گەر بێت و بڵێم مەدحی ئەو جێگاو مەقامە**

**ناکرێ بۆم مەدحی سەدساڵ دا ئێمە دەستت بە قەلەم**[59]

................

**شێخ عوسمانی عەوالاَنیش لە زۆر شیعردا وەسفی کردووە وەك پەپولە بەدەوری شەمعی شێخ ئیسماعیل دا سوڕاوەتەوەو بەم جۆرە باسی عەوالاَنی کردووە:**

**ئەی عەوالاَن مایەی حەیات و ژینم — جێگەی ئیسماعیل قوتبی شیرینم**

**جەرگم لەتلەتە رۆژێك نەتبینم — مەڵبەندی کاوە تۆی کوردنشینم**

**ڕۆح و دڵ و گیان و تەواوی جەستەم — خادیمە بۆشای عەوالاَن هەردەم**

**شیخ حسینی عەوالاَنیش زۆر بە جوانی لە وەسفیدا دەڵێت:** [60]

[59] کتێبی بنەماڵەی شێخ ئیسماعیلی عەوالاَن ل 19– 20

[60] گۆڤاری چیای پیرەمەگرون – لا20

## شاخی عەوالان

مودەتێکە ئارەزوی شاخی عەوالان دەکەم

ئیشتیهای لالەو نزاری سەرسیری مالان ئەکەم

بەڵکو تۆزی بای شەماڵی ئەو چیا ڕازاوەیە

بێتە مایەی مەڵحەمێکی دەردی بێ دەرمانەکەم

شاخی بەرزی ئاوڕێژی ئەو هەوا سافەی کە دێ

هەر وەکو قەندیل و پیرمام باخی سورقاوشانەکەم

تا بەکەی بۆ تۆ بناڵم دڵ بە خەم ئاوارە بم

چاوەڕێی تۆزی لە تۆزی دەشتەکەی ناوشوانەکەم

دەستە ئەژنۆ دابنیشم ماتەمین و دڵ بە خەم

دور لە شەلال و ڕوباری ئاوی دوئاوانەکەم

مەزرەعەی عومرم کە ئەمڕۆ تینوە بۆ قەترەیەك

ئاوی قەتاڵ و نەسرەمی هەوارگەی کۆێستانەکەم

قەت نیە ساتێك بە خۆشی هاتن و چونی تەمەن

ئەگەر بەم جۆرە بەسەرچێ مردنە هەر ژیانەکەم

........

شێخ ئیسماعیل ڕەحمەتی خوای لێبێت خاوەن تەریقەت بووەو دەرکەوتووە ئەو تەریقەتەکەی لە (شێخ محەمەد رەفاعی) لە بەغداد وەرگرتووە. مامۆستا عبدالکریمی مودەڕیس دەڵێ : وەکو بیستوومە شێخ ئیسماعیل لەگەڵ شێخ ئیسماعیلی ولیانی بەرزنجیدا تەریقەتیان لە شێخ ئەحمەدی ئیحسان وەرگرتووە، ئەو شێخ ئەحمەدە ماوەیەك لە بەغداد بووە لە تەکیەکەیدا کە لە گەڕەکی رەئس و قەرییەدا بووە ئیرشادی کردوو

تەکیەکەی ناوی (شێخ ئەحمەد ئەحسائی) بووە، دوای وەفاتی مەولانەخالید نەقشبەندی لەو تەکیەیەدا ئیرشادی کردووە ئێستا بە تەکیەی خالیدیە ناوسراوە.[61]

شێخ ئیسماعیلی عەوالان یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە هەر لە سەردەمی خۆیدا حوجرەی ئاینی داناوەو خۆیی و چەندین زانای تری هێناوە تاوەکو لەو خۆێندنگەیە خزمەت بکەن بۆیە لەو سەردەمەی خۆێندنگەی عەوالان رۆڵێکی گرنگی هەبووەو بەسەدان زاناو دانایان پێگەیاندووەو ناردوویانەتە ناوچەکانی کوردستان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی و شارەزاکردنیان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

شێخ ئیسماعیل دوای خۆی نەوەیەکی زۆری هەبووە هەرچەندە بە تەواوی ناوی هەموو نەوەکانی بەردەستمان نەکەوتوون بەڵام ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە دووکوڕی بووە (شێخ عبداللە و شێخ رەشید)کە ئێمە لێرەدا باسی شێخ ڕەشیدو نەوەکانیان دەکەین.

شێخ رەشید کوڕی شێخ ئیسماعیلیە ساڵی1143ك دا ژیاوە هەر لە عەوالان بووەو درێژەی بە کاری باوکی داوە لەسەر تەکیەی باوکی بووە کوڕێکی بووە بە ناوی (شێخ موحسین) بەهۆی ئەوەی کە خانەوادەی عەوالان لەو سەردەمەدا زۆربەیان دەرچووی حوجرەو خانەقای شێخ ئیسماعیل بوون هەریەکەیان چوونەتە ناوچەیەکی تری کوردستان، تا ڕێنوێنی خەڵك بکەن بۆ سەر ڕاستە شەقامی ئیسلام هەندێکیان لەبەر خۆشەویستیان و پیرۆزیان لە ناو خەڵکدا رۆیشتونەتە ناوچەکانی تری کوردستان.[62]

بۆیە شێخ موحسین چۆتە زێوێ، بە شێخ موحسینی زێوێ بەناوبانگەو لەوێش ژیاوەو لەوێش کۆچی دوایی کردووەو بە خاك سپێردراوە، بەڵام ساڵی لەدایکبوون و مردنی

---

[61] زانایانی پیر خدری لا62--65

[62] هەمان سەرچاوە.

نەزانراوە.

لەدوای خۆی سێ کوڕی بووە، یەکەم ( شێخ محەمەد) وەك زانراوە زوو وەفاتی کردووە. کوڕی دووەمی (شێخ عەزیزو کوڕی سێیەمی کاك ئەحمەدی بۆنخۆش). لەوێ نیشتەجێ بووەو درێژەی بە ژیانی داوەو لەوێش وەفاتی کردووەو لە دوای خۆی کوڕێکی بووە بە ناوی( شێخ مەحمود).

بنەماڵەی شێخ عبدالقادر و نەوەکانی لە چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ

## شێخ ئیسماعیلی عەواڵان

شێخ عبداللە

شێخ ڕەشید

شێخ محسینی زیوی

زیاتر لە 25 نەوەی هەبووە دیارترینیان شێخ عبدالقادر کە چۆتە سوریاو حیجاز ئێستا نەوەکانی هەندێکیان لە سوریان و سلێمانی , هەولێر , عەوالآن , سەنگاو , گەرمیان

شێخ ئەحمەد بونخۆش

شێخ محمد

نەوەی نەبووە

شێخ عەزیز

نەوەی نەبووە

شێخ محمود

شێخ قادر

شێخ محسین

شێخ محی الدین

شێخ عبدالقادر

شێخ أحمد

## سێیەم : شــیــێخ مــەحــمــودی چۆخماخ

شێخ مەحمود کوڕی شێخ ئەحمەدی بۆنخۆش کوڕی شێخ موحسین زێـوێ کـوڕی شـێخ ڕەشیدی شێخ ئیسماعیلی عەوالآنـە سـاڵی لــە دایکبـوون و مردنـی دەکەوێتـە نێـوان ساڵانی (1700 تا 1800).

شێخ مەحمود لـە زێوێ وە دێتە گونـدی (چـوخماخ) لـە ناحیـەی گـاپیلۆن و ئـاوەدانی دەکاتەوە کە ئەو سەردەمە کەسـی لێنـەبووەو وێرانـە بـووە بـە پێـی قسـەی زۆربـەی کەسایەتی دیارەکانی ناوچەکە کاتێك شێخ مـەحمود دێتـە ئێـرە و مزگـەوت و تەکیـەو حوجرە دادەنێت لـەوێ درێژە بە ڕێبازی باوباپیرانی دەدات هەر لـەوێ دەمێنیتەوە تـاکو وەفات دەکات و لـەوێش بەخاك دەسپێرێت و لـە دوای خۆی کوڕێکی بووە بـە نـاوی شێخ عبدالقادر کە لـە دوای خۆی ڕۆلی زۆر کاریگەری لەناوچەکەدا هەبووە.

# بەشی دووەم

## بسم الله الرحمن الرحيم

**أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ** (62) الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (63) لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(64)

**یەکەم: قوطبی چۆخماخ و گاپیلۆن حاجی شێخ محسین**

**1- نەسەبی حاجی شێخ محسن 2-ژیان و بەسەرهاتی**

**3- وێنەی ئەشکەوت و خەڵوەتخانە لەگەڵ مەرقەدی**

**دووەم: قوطبی گاپیلۆن و چۆخماخ حاجی سەید عمر**

**1-نەسەبی حاجی سەید عومەر 2-ژیان و بەسەرهاتی**

**3- سەردەمی مەلایەتی و کۆمەڵێك دەست خەتی**

**4-کۆمەڵێك نامە لە کەسایەتیەکانەوە یان بۆ کەسایەتیەکان**

**5-ئیجازەو ئیرشاد و تەریقەتی 6- کۆمەڵێك لە کەرامات و خەواریقەکان**

**سێیەم: ناسراوی و دۆستایەتی حاجی شێخ محسین حاجی سەید عومەری ئەم بنەماڵە**

**چوارەم: ڕۆڵ و گرنگی گوندەکانی کانی چوار دەوری**

# یەکەم: شێخ محسین قوطبي چۆخماخ و گا پیلۆن

## 1- نەسەبی شێخ محسین

## بسم الله الرحمن الرحيم

مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾

**نەسەبی پیرۆزی شێخی باپیرمان شێخ محسین تا دەگاتەوە بە پێشەوامان ئیمامی علی و فاتیمە زەهرا کچی سەروەری مرۆڤایەتی حەزرەتی محمد (سەلامی خوای لەسەر بێ)**

**خادیم الفقراء سەید محسین سەید عبدالقادری سەید محەمەدی سەید ئەحمەدی(بۆنخۆش)ە،کوڕی سەید موحسینی زێوێ، کوڕی سەید رەشیدی شێخ ئیسماعیلی عەوالان، کوڕی محەمەدی سەید موسای سەید ئیبراهیمی سەید خزری سەید مەنصوری سەید هەمزەی سەید حسێنی سەید یوسفی سەید حەیدەری پیرموسای سەید محەمەد زاهید(پرخدری شاهۆیی). کوڕی سەید مەحمودی مەدەنی، کوڕی سەید جەعفەری سەید حوسێنی سەید مەحمودی ئەلیەنبوعی سەید رەحمەتولای سەید موسای سەید حوسێنی سەید هیلالی سەید محەمەد(خەلفی) کوڕی سەید منهالی سەید ماجیدی سەید عبدالرەحمانی سەید قاسمی سەید ئیدریسی سەید سوڵتان جەعفەری سەید ئیمام عەلی نەقی سەید ئیمام محەمەدجەوادی سەید ئیمام عەلی رەزای ئیمام موسای کازمی ئیمام جەعفەری صادقی ئیمام محەمەدباقری ئیمام عەلی زەین العابدینی ئیمام حوسێنی ئیمام عەلی هاوسەری فاتیمەی زەهرا کچی پێغەمبەر محەمەد(صلی الله علیه وسلم).**[63]

[63] کتێبی زانایانی پیرخدری لا14.

## ژیان و بەسەرهاتی حاجی شێخ محسین

1918 -1859

شێخ موحسین شێخ عبدالقادر ساڵی (1859) لە گوندی چۆخماخ لەدایکبووە هەر لە تەمەنێکی کەمی منداڵییەوە لەلای باوکی دەست بە خوێندن دەکات و دوای تەواوکردنی خوێندنی ئاینی خەڵکی گاپیلۆن داوای لێدەکەن کە یەکێك لەوان بێتە گاپیلۆن چونکە لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا زۆر خۆشەویست بوون, شێخ موحسین لەسەر داوای خەڵکی ناوچەکە و بە تایبەتیش مامۆستا مەلا محمودی گەورە و باوکی ڕوودەکاتە گاپیلۆن.

ساڵی 1885 بەسەرپەرشتی کاك ئەحمەدی شێخ تەکیە لە گاپیلۆن دروستدەکات، لەسەر دەستی کاك ئەحمەدی شێخ ئیجازەی تەریقەت وەردەگرێتەوەو دەبێتە یەکێك لە جێگرەکانی کاك ئەحمەدی شێخ.

داوی ئەوەی باوکی وەفات دەکات دەبێتە شوێن گرەوەی باوکی شێخ موحسین بە (شێخ موحسین کۆسە، شێخ موحسینی گاپیلۆن) ناوبانگی دەرکردووە، لەگەڵ چوونی بۆ گوندی گاپیلۆن یەکێك لەکارەکانی کردنەوەی مەدرەسە بووە کە خزمەتێکی زۆری کردووە چەندان کەسی لە حوجرەو تەکیەکەی دا پێگەیشتوون ڕەوانەی شوێنی تر کراون تا خزمەت بە خەڵك و ئاین بکەن. حاجی شێخ موحسین جیهادی دژی سوپای ڕوسەکان ڕاگەیاندووە خۆی بەشداری تێدا کردووە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە بەهۆی ناسراوی و پێگەکەیەوە زۆرجار تووشی ئازارو ئەشکەنجە بووە بە ڕەحمەتی خوای گەورە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.[64]

ئەم زاتە هۆکاری خۆشنودی و سەرفرازی و ئاسودەیی رۆح و دەروونی دانیشتوانی دەوروبەری بووە سەیری ژیانی بکە! دەبینین رۆڵێکی گرنگی لە ڕووی تەندروستیەوە

---

[64] عایلەی عەوالآن ل.83

بینیوە، هەرکەس ئازارێکی هەبوایە یان نەخۆش بوایە یـان لـە ڕووی دەروونییـەوە بـاش نەبوایە یان مار پێوەیبدایە هەرهۆیەك لەوانە دەهاتنە تەکیـەو شـێخ دوعـای بـۆدەکردو خزمەت دەکران و بەئەمری خودای گەورە شیفایان بۆ دەهـات و بـە لـەشـی سـاغەوە دەگەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە سەیری بکەین دەبینین کە ڕۆڵێکی گرنگی بووە هەر کێشـەو ناکۆکیەکی دەڤەرەکە ببوایە دەهاتنـە لای لـە بچـوکترین تـا گـەورەترین کێشـە وەك یەکخستنەوەی نێوان ژن و مێردو کوڕو بـاوك، پشـێوی لادێکـان چـەندین ئاشـتەوایی لەسەر دەستیدا کراون لەگەڵ ئەو هەموو مەشغەڵەتەدا. لەدوای دروسـتکردنی تەکیـە شوێنی بەندایەتی دیاری کردووە کە یەکەم جار ئەشکەوتێکی دیاری کردووە لـە خـوار گوندی گاپیلۆن کە ئێستا بە ئەشکەوتی (حاجی شێخ موحسین) بە ناوبانگەو ماوەتەوە, بۆیەکەم جار کە خەڵوەی کێشا، دوای چل شەوو ڕۆژ عیبادەت کردن هەستیکرد کە هێشتا دڵی خۆشەویستی و مەیلی دنیای تیا ماوە بۆیـە دووبـارە چـل شـەوو ڕۆژی تـر دەمێنێتەوە تا هەشتا شەو و ڕۆژ.

لەو کاتەوە دڵی وا بەستە ئەکات بەخوای گەورەوەو دەبێت بە یەکێك لە وەلیەکانی خودای گەورە دایم دەم بەزیکرو فیکری لای خودای گەورە دەبێت ئەوەنـدە گرنگـی بە بەندایەتی و شوێنی پەرسـتش داوە گرنگـی بـە دونیاویسـتی نـەداوە بۆیـە لـەدوای ئەشکەوتەکەی لە پشت تەکیەکـەی خـۆی لـە شـاخەکە ئەشـکەوتێك هەڵـدەکۆڵێ لەوێدا پەرستنیش ئەنجام دەدات.

تا ئێستاش ماوەتەوە بە(خەڵوەخانـە)ی(شـێخ موحسـین) ناسـراوە, جـەنابی شـێخ زۆر خاکی وخـاوەن تـەقوا بـووەو زۆربـەی کارەکـانی مـاڵی خـۆی و تەکیەکـەی خـۆی کردوویەتی بە دەستی خۆی کاری باخداری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵی کردووەو لـەو ڕێگەیەوە تەکیەو حوجرەکەی بەڕێوە بردووە.

جەنابی شێخ سێجار پرۆسەی هاوسەرگیری کردووە، دوکوڕی هەبووە، (شێخ عـارف)

لە سەردەمی خۆیدا وەفاتی كردووە. دوەمیان (حاجی شێخ محەمەد) لە دوای خۆی وەفاتی كردووە.

پێنج كچیشی هەبووە (فاتمەخان, رەحمەخان, شەمسەخان, عائیشەخان).

- فاتمەخان – خێزانی حاجی سەید عومەری چۆخماخ (دایكی شێخ عوسمان, مەلا شێخ محەمەد, شێخ ئیسماعیل, مەلا شێخ رەزا, زوهری خان).
- رەحمەخان – خێزانی حاجی شێخ مستەفای (دایكی شێخ محی الدین, شێخ قادر, شێخ محەمەد زاهید).
- شەمسەخان – خێزانی مەلا شێخ صاڵحی باڵخیَ (دایكی شێخ حسام الدین, شێخ تاهیر, شێخ سەلام, سەبیحەخان, نەسرین خان, فخریەخان).
- عایشەخان – خێزانی سەید نوری (دایكی مەلا جەلال, مەلا شێخ عبداللە, مەلا شێخ نجم الدین, شێخ عبدالرحمن).
- پیرۆز خان – دایكی (شێخ جەلالی دۆڵ بێشكی)[65]

تێكەڵی باشی لەگەڵ شێخانی (تەریقەتی نەقشبەندی و قادری)و كەسایەتیە دیارو سیاسیەكاندا هەبووە.

لەو رۆژگارەدا هەردووكیان وەك برا لەگەڵ شێخ نجم الدین دەست لەناو دەست رۆڵی گرنگیان بینیوە لە سەردەمی ئەواندا ئاینی ئیسلام لەو ناوچانەدا گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

تێكەڵی لەگەڵ شێخ عبدالسلامی بارزان و شێخ مەحمودی حەفید بووەو پاڵپشت بووە بۆ شۆڕشەكانیان و هاتوچۆی گەرم لە نێوانیاندا بووەو یەكێك بووە لە جێنشینەكانی(حاجی كاك ئەحمەدی شێخ) لە شارباژێڕو خاوەنی سەدان دەروێش و

[65] ئامینە خانی حاجی سەید عومەر شێخ محی الدین، ساڵی 1930 لە دایكبوە، ساڵی 1955 لەگەڵ شێخ محەمەد ظاهیری حاجی شێخ مستەفای هاوسەرگیری كردوەو ئێستا لە ژیاندایە.

موریدە لە کوردستانی عێراق و ئێران و سوریادا زۆرکەس لەسەر دەستی موسوڵمان بون تەوبەیان کردووە.

خاوەن کەرامەت بووە زۆر ڕووداوی نایابی لێ بینراوە هەندێك لەوانە :


حەیوانە کێویێ هاتۆتە لای و لەسەر دەستی خوێی داوە, بە هەشتا دەنك خورما هەشتا شەو خەڵوەی کێشاوە. کاتێك ئاوی لێبڕاوە لە خودای گەورە پاڕاوەتەوە لەبەردەم ئەشکەوتەکەیدا ئاوی بۆ هەڵقولاوە.کەسێك مار یا دوپشك پێوەی بدایە ئەهاتە خزمەتی و دوعای بۆ دەکردن و خودای گەورە شیفای بۆ دەناردن.

لە دوای وەفاتی لە سەردەمی بەعسدا هەمو شەوێك مەزارەکەی چراو ڕوناکیەکانی هەڵدەکران تا بەرپرسی عەسکەری ئەو ناوە گومانی لێکردوە کە پێشمەرگە یان کەسی تر لەم مەزارەدا هەبێت، بۆیە ویستویەتی بوردوومانی ئەم مەزارە بکات و بیڕوخێنێت دوای چوونی هێزێکی زۆرو چاودێریکردنی بۆیان دەرکەوتووە کە کەسی تیا نییەو مەزارەکە یەکێکە لە مەزاری پیاوچاکان.[66]


ساڵی ١٩١٨ وەفاتی کردووەو گەڕاوەتەوە بۆلای خودای گەورە و لە زێدی مناڵی لە گاپیلۆن ئەسپەردەی خاککراوە. چەندان کەسی پێگەیاندوە تا درێژە بە ڕێگاو ڕێبازەکەی خودای پەروەردگار بدەن لەو ڕێگا راستە لا نەدەن خزمەت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەن و خەڵکی لەسەر ناسینی یەکتاپەرستی پێبگەیەنن.
وەسیەتی کردووە لە دوای وەفاتی خۆی (حاجی شێخ عومەری برازای) ببێتە شوێن گرەوەی.

[66] کتێبی ناودارانی پیر خدری ل.245

**نامەیەك کە بۆ شێخ محسین هاتووە لە 1329ك**


سیادت مآب شیخ محسن دام اقباله
بعد از عرض و ست... احوال بنده استفسار فرمایی الحمدلله سلامتی
حسب المرام است اینست برادرم محمد امین روانه خدمت کردم آن
زن منیجه نام که ... زاده بنده است هم خواهر خواهرم می باشد
این چهار پنج سال مزبوره منیجه را دربدر کرده تا الحال یک قران
حقوق شرعیه اش نداده این گونه در حق مزبوره غدر خدا قبول نمی کند
چنان در خدمت جناب حضرت عالی وادارم ادم بعضی صالح محمود
و خواهرزاد روانه کرده بخدمت جناب خودت بیایند ... چیزی جزای
مزبوره منیجه را طلاق بدهند بکار ایشان نمی آید ان شاء الله ... باید
نوعی چنان کرده خلاص شود باقی دعاگوی و ... بنده ...
باقی ... خدا باقی ٢٦ شوال ١٣٢٩

گه وره ی ئیمه باوکه شیخ محسین دوای ئه وه ی که هه والی ئیمه ئه پرسیت الحمدولله وه براکه م محمد ئه مین ناردومه بو خزمه ت. وه ئه م ژنه ناوی منیجه یه له بنه جه ی به نده یه ها وسه ره که ی خوا که ره م ئه مه چوار بو پینج ساله ده ربه ده ری کردووه و یه ک قران حه قی شه رعیشی پی نه داوه به م شیوه یه خودا ئه م غه دره قبول ناکات تکام هه یه له خزمه ت جه نابی مه قامی به رزت ئاده مم به دوای مامی خواکه ره ما ناردووه ناوی سالحه بیته خزمه تت هه رچونیک بیت منیجه طلاق بدات به که لکی ئه و نایه ت به جوریک ئه م کاره ته واو بکه. ٢٦/ شوال/ك١٣٢٩. ئه م نامه یه بۆ شیخ موحسین هاتووه .


الشاهد فيه
جناب عباس آقا و حاجی ملا عبدالله و شیخ
مصطفی و ملا عثمان و درویش محمد امین
یا خسری و شیخ سعید شیخ احمد

وەسێت نامەی شێخ موحسین که حاجی سەید عومەر دەکاتە شوێنگرەوەی خۆی لە ساڵی 1339 کۆچی



**مەرقەدی شێخ محسینی گاپیلۆن**



**خەڵوەخانەی شێخ موحسین**



**ئەشکەوتی شێخ موحسین 80شەو خەڵوەی تا کێشاوە.**

## دووەم :حاجی سەید عومەر

## بسم الله الرحمن الرحيم

مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُواتَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾

**1- نەسەبی پیرۆزی شێخی باپیرمان حاجی سید عومەر:**

**نەسەبی پیرۆزی شێخی باپیرمان حاجی سید عومەر تا دەگاتەوە بە پێشەوامان ئیمامی علی و فاتیمەی زەهرا کچی سەروەری مرۆڤایەتی حەزرەتی محمد (سەلامی خوای لەسەر بێ).**


**خادیم الفقراء سەید عمر کوڕی شێخ محی الدین سەید عبدالقادری سەید محەمەدی سەید مەحمودی (بۆنخۆش)ە،کوڕی سەید موحسینی زێوێ، کوڕی سەید رەشیدی شێخ ئیسماعیلی عەوالآن، کوڕی محەمەدی سەید موسای سەید ئیبراهیمی سەید خزڕی سەید مەنصوری سەید هەمزەی سەید حسێنی سەید یوسفی سەید حەیدەری پیرموسای سەید محەمەد زاهید(پیرخدری شاهۆیی). کوڕی سەید مەحمودی مەدەنی، کوڕی سەید جەعفەری سەید حوسێنی سەید مەحمودی ئەلیەنبوعی سەید رەحمەتولآی سەید موسای سەید حوسێنی سەید هیلالی سەید محەمەد(خەلفی) کوڕی سەید منهالی سەید ماجیدی سەید عبدالرەحمانی سەید قاسمی سەید ئیدریسی سەید سوڵتان جەعفەری سەید ئیمام عەلی نەقی سەید ئیمام محەمەدجەوادی سەید ئیمام عەلی ڕەزای ئیمام موسای کازمی ئیمام جەعفەری صادقی ئیمام محەمەدباقرِی ئیمام عەلی زەین العابدینی ئیمام حوسێنی ئیمام عەلی هاوسەری فاتیمەی زەهرا کچی پێغەمبەر محەمەد(صلی الله علیه وسلم).**[67]

[67] کتێبی زانایانی پیرخدری لا14.

## بسم الله الرحمن الرحيم

**﴿ ان الذين يبايعونك انما يبايعون الله يد الله فوق ايديهم فمن نكث فانما ينكث على نفسه ومن أوفى بما عهد عليه الله فسيؤتيه أجرا عظيما﴾الفتح10**

**2- ئیجازەی وەرگرتنی زنجیرەی تەریقەت و ارشاداتی حاجی سید عمر لە لایەن شێخ موحسینی مامی .**


بسم الله الرحمن الرحيم
هو الله تعالى
زنجیرەت نسبت طریقت علیه در زمان
الآن تا آخر چینی منا لو رشد خوای حق جل جلاله
تسلیم بە جبرائیل کرداو تسلیم بە محمد کرداو
تسلیم بە امام علی کرم الله وجهه و امام علی تسلیم
بە شیخ حسن بصری تابعی کرداو تسلیم بە
شیخ حبیب کرداو تسلیم بە شیخ داود طائی کرداو
او تسلیم بە شیخ معروف کرخی کرداو تسلیم بە
شیخ سری سقطی کرداو تسلیم بە شیخ جنید
بغدادی کرداو تسلیم بە شیخ ابوبکر شبلی کرداو
تسلیم بە ابی فضل عبد الواحد یمنی کرداو تسلیم
بە ابی فرج طرطوسی کرداو تسلیم بە شیخ ابی الحسن
علی الهکاری کرداو تسلیم شیخ ابی سعید المبارک
المخزومی کرداو تسلیم بە شیخ عبد القادر الجیلانی
کرد قدس سره العزیز او تسلیم بە شیخ عبد الرزاق
کرداو تسلیم بە شیخ داود کرداو تسلیم بە شیخ محمد غریب
الله کرداو تسلیم بە شیخ عبد الفتاح کرداو
تسلیم بە شیخ قاسم کرداو تسلیم بە شیخ محمد نودی
کرداو تسلیم بە حسین بصرای کرداو تسلیم بە شیخ
احمد الحصاری کرداو تسلیم بە غوث ثانی شیخ
اسماعیل ولیانی کرداو تسلیم بە شیخ عبد اللهی
قولەی کرداو تسلیم بە شیخ معروف کوسەی
کرداو تسلیم بە شیخ محمد کرداو تسلیم بە شیخ
معروف بیسری کرداو تسلیم بە شیخ قادر سندولانی
کرداو تسلیم بە شیخ محسن کرداو تسلیم بە
حاجی سید عمر کرد و السلام کتبه الاحقر
حاجی سید عمر زادە

## 3-ژییان و بەسەرهاتی حاجی سەید عمر :

ساڵی1890 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبووە لە سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی و شێخ موحسینی مامی بووە، بۆ درێژەدان بەخوێندن و خۆ دەوڵەمەندکردن بە زانست و زانیاری چۆتە (بێتوش و کۆیە و سلێمانی ) زۆری خۆێندنی لەلای مەلای گەورەی کۆیە بووە دوای گەڕاوەتەوە گوندی گاپیلۆن.

دوای ماوەیەکی کەم باوکی وەفات دەکات و دەچێتە ژێر سەرپەرشتی شێخ موحسینی مامی و کەسایەتیەکی زۆر بە دین و خاوەن ڕەوشت بووە هەر لە منالیەوە زیرەکی پێوە دیار بووەو شێخ موحسین زۆر خۆشی ویستووە دایم لەگەڵ خۆی بووە. کاتێك تەمەنی دەگاتە هەرزەکاری, شێخ موحسینی مامی خاتو فاتمەخانی کچی خۆی پێدەدات، هەر زوو لەسەر دەستی حاجی شێخ موحسینی مامی ئیجازەی تەریقەت و ئیرشاد وەردەگریَ و ڕێنوێنی خەڵك دەکات شان بە شانی شێخ موحسینی مامی و کاتێك ڕوسەکان 1916 ز. دێنە وڵات زوو جیهاد لە دژی ئەوان ڕادەگەیەنن و خۆشیان شان بە شانی خەڵکی بەشداری تێدا دەکەن و تووشی ئازارو نارەحەتی گرتن دەبن و بە یارمەتی خوای گەورە سەرکەوتوو دەبن.

حاجی سەید عومەر لە گاپیلۆن و چۆخماخ دانیشتووەو تەکیەی بووە کاتێك باوکی چۆتە گاپیلۆن و درێژە بە ژیانی داوە تا ساڵی 1940 بە دواوە لە گاپیلۆن بوو دوای گەڕاوەتەوە گوندی چۆخماخ. حاجی سەید عومەر لە دوای وەفاتی شێخ موحسینی مامی ساڵی 1918 ئەرکی زۆر قورس دەبێت .

حاجی شێخ محەمەد لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا دەبێت چونکە تەمەنی 8 ساڵ دەبێت کاتیك حاجی شێخ موحسین وەفاتی کردووە. پێش وەفاتکرنی شێخ موحسین نەخۆش دەکەوێت و هەموو خزمان و شێخانی تەریقەت و زانایانی ئاینی سەردەم کۆ دەکاتەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەوکات وەسیەت نامەیەك دەنوسێت و حاجی سەید عومەر دەکاتە شوێن گرەوەی خۆیی و داواش دەکات کە سەرپەرشتیاری حاجی شێخ محەمەدو ماڵەکەی بکات تا گەورە دەبێت.حاجی سەید عومەر زۆر دژایەتی زوڵم و زاڵمانی

کردووەو دایم بە گژیاندا چۆتەوەو زۆر بوێر بووە.

بۆیە دایم لەگەڵ ئاغاو دەرەبەگەکان و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەدا ناکۆك بووە دایم دژیان وەستاوە بە سەدان جار کەسی بێتاوان و فەقیری لە دەستی ئاغاکان ڕزگارکردووە هەر وەك شێخ عوسمانی کوڕی دەڵێت: جارێك من منداڵ بووم چومە دەرەوە بینیم ئاغا کابرایەکی گرتووە چاڵێکی هەڵکەندووەو کابرای هەژاری تێکردووەو بەس سەری بەدەرەوەیە ئەڵێ خۆم بە باوکم وت ئەویش چووکابرای ئازادکرد.

حاجی شێخ عومەر ساڵی 1918 کاتێك تورکەکان هاتوونەتە ناوچەکەو دەستیان بە کوشتن و تالآنی کردووە بەرەنگاریان بۆتەوە هەتا ئەوەی گرتویانەو بردویانەتە (ئەستەنبوڵ) بۆ ئەوەی لەوێ لەبەر چاوی خەڵکی لە سێدارە بدرێت بەلآم بە ئەمری خوای گەورە لەوێ ڕزگاری بووەو گەڕاوەتەوە کوردستان و دەورێکی گرنگی بینیوە لە ڕاوەدونانی تورکەکان.

حاجی سەید عومەر زۆر سەخی بووە دایم دەستی کراوە بووە، زۆربەی کات دەچووە سەر سەربانی تەکیەکە کە بەرامبەر دێکە بو بۆ ئەوەی ئەگەر ڕێبوارێك لەوێوە بێت بانگی بکات تا ماندویەتی دەربچێت و ئەوسا بڕوات, ئەوەندە سادەو خاکی بووە زۆر جار خۆی بە دەستی خۆی خزمەتی میوانی دەکرد، خاوەن عیزەت بووە لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن سام و هەیبەت بووە.

حاجی سەید عومەر ساڵی1922 یەکەم سەفەری حەجی کردووە لەو سەفەرە پیرۆزەدا زۆر شت لە ژیانی ڕوویدا لەگەڵ کۆمەڵێك دەروێش و موریدی خۆیداو کاتێك دەگەنە مەدینەی مونەوەرە ئەوانەی لەگەڵیان بوون ئاگاداریان دەکاتەوە کە واز لەو بێنن و خەریکی عیبادەتی خۆیان بن یەکێ لەوانەی لە خزمەتیا بوون کە (حاجی مەولودی گەورەدێی) بووە کە زۆر لە خزمەتیا بووە دوای40 ساڵ لە وەفاتی حاجی سەید عومەر بۆی گێڕاینەوەو دەڵێت: زۆر چاودێری شێخم دەکردو هەوڵم دەدات

لەگەڵی دابم, بانگی کردم وتی: واز لە من بێنە ئەگەر پۆلیسەکان هاتن بە قسەیان بکەو برۆ.

منیش دوای تۆزێك هەر وەك فەرمووی پۆلیسەکان هاتن و دەریانکردم ئاگام لە شێخ نەما تا بەیانی خۆی هاتەوەو زۆر تکاو داوام لێکرد تا پێم بڵێ بزانم ئەمشەو کە دیار نەماوە چی لێهاتووە؟

ئەویش دڵی نەشکاندم منیش بەڵێنمدا تا ئەو لە ژیاندا بێت باسی نەکەم هەر بۆیە40 ساڵ لە دوای وەفاتی ئەو ئێستا باسی دەکەم، فەرمووی: (من ئەمشەو لە ناو ڕەوزەکەی پێغەمبەر بووم (صلی الله علیە وسلم) لە خزمەت ڕەوزەی پیرۆزیدا لە نیوەشەو قورساییەکی زۆر کەوتە سەر شانم کە وەخت بو پشتی دەشکاندم ئەوەندە قورس بو نەم ئەزانی چیە تۆزێك ئاوا مامەوە لەو کاتەوە پەردە لەسەر چاوم نەماو زۆر شتم ئەبینی), هەر وەك (مەلا رحیمی باڵخیٚ)[68]ش ئەفەرمویٚ: (دایم حاجی سەید عومەرم ئەدی گۆرەوی یان شتێکی لە قاچی دەکرد یان لە کاتی دەستنوێژیشدا زوو لە پێی دەکردەوە هۆکاری ئەوەم لێپرسی فەرموی : من چومەتە خزمەت ڕەوزەی پێغەمبەر بۆیە نامەوێت لە دوای ئەو قاچم بەر هیچ شوێنیکی تر بکەویٚ).

حاجی سەید عومەر درێژەی بە ئیرشادو ڕێنیوێنی خەڵکی داوە بە تایبەت لە دوای کۆچی دوایی شێخ موحسین. درێژەی بە تەریقەت داوەو بە ماندوبوون گەیشتۆتە بەغدادو سوریاو ئێران و تەواوی کوردستان و دەروێش و موریدێکی زۆری هەبوون.

زۆر شێخ موحسینی خۆش ویستوەو لەلای شێخ محی الدین باوکی بە خاکی سپاردووەو مەزارو مەرقەدی بۆ دروستکردووەو هەتا کێلەکانی لە شاری سنەوە بۆ هێناوە بە نوسین و نەخشاندنی ئەو سەردەمەی شاری سنە کە باو بووە . حاجی سەید عومەر لە گوندی چۆخماخ درێژەی بەژیانی داوەو تا دواجار لە ساڵی 1954 لە سەفەرێکی

[68] مەلا رەحیم مەلا عوسمان باڵخێی ساڵی1914 لە گوندی باڵخ لە دایکبوەو ساڵی 1945 هاوسەرگیری کردوەو ساڵی1970 هاتۆتە شاری سلێمانی و نیشتەجیٚ بوەو لەگەڵ حاجی سەید عومەرو نەوەکانی تێکەڵیەکی باشی هەیە، ئێستا لە گەڕەکی کارێزەوشك دەژی.

ئیرشادیدا کە ژمارەیەکی زۆر لە دەروێش و موریدی لە خزمەت بوون لە گوندی یاخسەمەر لە پێش نوێژی بەیانی توشی حاڵەتێك دێت کە بێهۆش دەبێت خەڵکی داوا دەکەن کە لەویٚ بە خاك بسپێرێت خەڵکی دەبنە دوو بەش هەندێك دەڵێن : چونکە لێرە وای لێهاتوە دەبیٚ لێرە بیٚ.

هەندیکی تر دەڵێن : دەیبەینەوە چۆخماخ. دوای ئەوەی شێخ عوسمان کوڕی دێتە ئەویٚ هەندیٚ لە دەروێش و موریدەکان داوای لێدەکەن کە شتێك بکات, ئەویش داوا دەکات و دەڵیٚ: باوە گیان چی بکەین خەڵکی لەسەر تۆ بوونەتە دوبەش.

ئەویش ئاماژە بەوە دەکات کە بەرەو چۆخماخ بەریٚ بکەوین. ئیتر خەڵکەکە گوێیان لەوە دەبێت بێدەنگ دەبن ئامادەکاری دەکەن و خەڵکێکی زۆر زۆر بەرەو چۆخماخ بەریٚ دەکەون خەڵکی لە هەموو لایەکەوە ڕوو دەکەنە گوندی چۆخماخ زۆری هەر بەپێخاوسی و پێپەتی بەریٚ دەکەون هەر وەك دەگێڕنەوە دەڵێن: وامان زانیوە ئاخر زەمان دێت حاجی سەید عومەر وەفاتی کردووە.

تا دە ڕۆژ زمانی نابیٚ دوای دە ڕۆژ زمانی دەکرێتەوە خەڵکی دڵیان خۆش بوو دوای ئەوەی سیٚ جار شایەتومان دێنێت و بەیەکجاری ماڵئاوایی لە دین و ژین دەکات. هەر وەك وەسێتی خۆی لە حوجرەکەی خۆیدا لەلای خاتوفاتمەی خێزانی نێژراوە. خودا مەقامی عالی بکات.

حاجی سەید عومەر ساڵی 1940 بە دواوە لە گوندی چۆخماخ درێژەی بە ژیانی داوە لە دوای وەفاتی شێخ فەرەج ی ئامۆزای بۆتە ئیمام و خەتیبی گوندی چۆخماخ تا وەفات دەکات.

حاجی سەید عومەر لە ژیانیدا پێنج جار پرۆسەی هاوسەرگیری پێکهێناوە یەکەم جار خاتوفاتمەی کچی شێخ موحسین، دوای ئەوەی توشی نەخۆشیەکی خراپ دەبێت و وەفات دەکات، ئینجا پرۆسەی هاوسەرگیری تری کردوە:

- فاتیمەخان کچی شێخ موحسین (دایکی شێخ عوسمان و مەلا شێخ محەمەدو شێخ ڕەزاو شێخ ئیسماعیل و خاتو زوری).

- ڕەحمەخان کچی شێخ عەزیزی قزلەری (دایکی شێخ نەجمەدین و ئامینەخان).

- فاتیمەخان کچی شێخ عبدالکریمی خاوێ (دایکی عایشەخان خێزانی شێخ ئیسماعیل بەرزنجی، ناهیخان خێزانی شێخ محەمەدی باڵخیێ، سوعادخان خێزانی شێخ نەسرەدینی قەیوان).

- خونچەخان (دایکی شێخ ئیبراهیم).

- شەمسەخان کچی مام قادری مالومە (دایکی حاجی شێخ جەلال).

خودای میهرەبان شەش کوڕو پێنچ کچی پێبەخشیوە.

## 4- حاجی سەید عمر و سەردەمی مەلایەتی و حوجرە لە گوندی چۆخماخ

حاجی سەید عومەر ساڵی 1940 بە دواوە لە گوندی چۆخماخ بۆتە ئیمام و خەتیب تا ئەو کاتەی وەفاتی کردووە زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووەو کۆمەڵێك قوتابی و فەقێی هەبووە:

(مەلا شێخ رەزای کوڕی،حاجی شێخ محەمەد، حاجی شێخ محی الدین، شێخ مستەفای برازای، مەلا شێخ عبدالرحمانی بێژوێ) و چەندانی تر..... تا وەفات دەکات لە گوندی چۆخماخ ئیمام و خەتیب دەبێت, خاوەنی زۆر نوسین و دەستخەت بووە بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو کاولکاریانەی ڕووی لەم سنورە کردووە زۆری فەوتاوە، ئەو دەستخەتانەی ماونەتەوە ئەمەش نمونەیەکێتی ناوی چەند بەرهەمێکی (مەولودنامە, دەلایل خێرات, میعراج نامە, عەقیدەی ئیسلامی، پرسیارو وەڵامی فیقهی، علم الوظوع، عەقیدە بەکوردی و بە کورتی، تەجوید، تەلقین، شەرح ئیستعارە، زانستی نەحو بەکوردی.

## 5- مەناقبی سەید عومەری چۆخماخی

## ( خەواریق و کەرامات )

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿ألآ أنَ أولیآءَ اللهِ لاخوف علیهم ولا هم یحزنون ﴾ (62) یونس

پێغەمبەری ئازیزمان محەمەد(صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: أن من عباد الله اناسا ماهم بانبیاء ولا شهداء یخبطهم الانبیاء والشهداء یوم القیامة بمکانهم من الله عز وجل.

واتا: بەراستی لەناو بەندەکانی خودادا کۆمەڵە کەسانێك هەن نە پێغەمبەرن نە شەهیدن بەلام لە ڕۆژی قیامەتا زۆرێك لە پێغەمبەران و شەهیدان ئاوات بە جێگەکانیان ئەخوازن بەهۆی پلەو پایەیانەوە کە خودا پێی بەخشیون. دوای ئەوە ئەم ئایەتەی سورەی یونسی فەرموو ﴿ ألآ أنَ أولیآءَ اللهِ لاخوف علیهم ولا هم یحزنون (62) الذین آمنوا وکانوا یتقون(63) لَهم البشری فِي الحیوةِ الدنیا وفِي الآخِرَةِ لاتبدیل لکلمات الله ذلك هوَ الفَوز العَظیم(64)......﴾.

مژدەی خۆش بۆ ئەو کەسانەی لە ژیانی دونیاو لە ژیانی هەستانەوەدا بەزیادەوە ئەو مژدانە دەیانگرێتەوە.....

1. لە سەفەرێکی ئیرشادیا بۆ سنوری ماوەت و بایاوان[69]، میوانی حاجی کەریم بایاوانی دەبێت دوای چەند ڕۆژێك مانەوەی پێی رادەگەیەنن کەوا ماینی حاجی شێخ دزراوە. ئەویش دوای ماوەیەکی کەم بە خەلیفەو دەروێشەکانی دەڵێت: خۆتان ئامادەکەن دەڕۆینە ئاوکورتێ بۆ دیوەخانی حەسەنی عەلی ئاغا. هەموو ناوچەی ئاوکورتێ لەژێر دەسەلاتی ئەودا بووە.

دوای گەیشتن و پشوودان ، حاجی سەید عومەر بە حەسەنی عەلیاغا دەفەرموێت: ماینەکانم دزراوە بە مەلەوانەکانت بلێ بزانە کەسیان نەیانبینیوە کەبردبێتیان یان بۆ کەسیان نەبردۆتە ئەوبەری چەم بۆ خاکی ئێران، ئەوان نەیانزانیبێت.

ئەویش ئەڵێت: قوربان خەمت نەبێ لەخزمەتاین بەسەرچاو. ئەو ئەڕوات هەموو

---

[69] شێخ عوسمانی حاجی سەید عومەر گێڕایەوە کەلەو سەفەرەدا یاوەری بوە.

پیاوەکانی کۆدەکاتەوە، پێیان دەڵێت: ئەوە حاجی سەید عومەر کەسێکی ئاسایی نیە بۆیە پێتان ئەڵێم چی ڕاستەو چیتان بینیوە ڕاست قسەبکەن. ئەگەر شتێك هەیە یان شتێکتان بینیوەو کردووە ئێستا قسە بکەن حەلی ئەکەم، بەس دوایی ئەگەر درۆ بکەن یا شتێك بزانن نەیلێن ئەتانکوژم. ئەوانیش ئەڵێن: بەسەرچاو.

کاتێك دێتە لای حاجی شێخ پێیان ئەڵێ : ماینەکەم دزراوە، لەوانەیە کەسێك بردبێتی لەوانەیە ئێوە نەتانزانییێ بۆتان پەڕاندبێتەوە زۆر لەو قسانە ئەکات.

ئەڵێن: قوربان نەمان بینیوە جا چۆن شتی وا ئەبێت. ئیتر قسەکردن سودی نابێت، بۆیە ئەفەموێت ئەتوانن سوێند بخۆن ئەوانیش ئەڵێن بەڵی قوربان, ئەویش قورئانێك ئەهێنێ و یەکێکیان دەست بەرزئەکاتەوە سوێندبخوات حاجی شێخ دەستی ئەگرێت و ئەفەرموێ: ئەی نەزان تۆ درۆ ئەکەی ئەی کابرا نەهات نیو دینار زیاترت لێوەرگرت و ماینەکانت بۆ پەڕانەوە بڕۆن ئێستا لە فلان بەراو بەستراونەتەوە.! ئێستا وا لەوێ بەستراونەوە ماینەکان بەو حەبلەی بەستوتنەوە لەخۆیان پێچراوەو ئەو کرشەی بۆت داناون دەمیان نایگاتێ و هیچیان نەخواردوە بڕۆن بیانهێنن.

کاتێ کە چوون حاجی شێخ چۆنی وتبوی رێك وابوو. دوایی حەسەنی عەلیاغا دەمانچەی لەپیاوەکان هەڵکێشاو تا بیانکوژێت .

حاجی شێخ فەرموی: حەسەن دانیشە حەقت نەبێ بەسەرکاری منەوە دوایی پێی فەرموو مەیانکوژە بەڵام دەریانبکە با لێرە نەبن و کەس ئەزیەتیان نەدات، ئەم پیاوانە بەکەڵکی دەوری تۆ نایەن. ئەویش یەکسەر ئازادیان دەکات لەخۆی دوریان دەخاتەوە.

2. دوای گەڕاندنەوەو تەواوکردنی خوێندن لە تەکیەی شێخ موحسین ماوەتەوەو تەکێکەی خۆی بچوك بوو، ویستویەتی تەکیەیەك دروستبکات, دەست بەکاردەکات کە بە سەدان دەروێش و مورید کاریان تێدا کردووەو ڕۆژێك لەلایەن هەباساغاوە کە ئەو سەردەمە حوکمی دەکرد داوای لێکردون ئیش ڕابگرن. کاتێك ئەمە دەگاتەوە حاجی شێخ دێت بۆلای هەباساغاو زۆر تورە دەبێت بەم زمانە دەڵێت:(هەباس بۆ ئەمەت کردووە؟)

ئەویش تۆزێ قسەدەکات. حاجی سەید عومەر تورە دەبێت و دەست بە مێزەکەی دەکێشێت و دەڵێت: (من لە شوێنێك نابم کە کەسی وەك تۆی لێبێت ئەڕۆم لە چۆخماخ نیشتەجێ دەبم بەڵام داواکارم لە خودای گەورە کە لەم پایزەدا ئەم کۆشکەی تۆ ببێتە کەلاوەو تەکیەکەی منیش بەرز ببێتەوەو حەواڵەی باپیرە گەورەمت دەکەم کە پێغەمبەرە.) تورە دەبێت و دەڕوات.

هەباس ئاغا بە پیاوەکانی دەڵێت: بیگرن!,کە نەوەد کەس دەبوون بە چەکەوە بەڵام کەسیان بە قسەیان نەکرد, یەکەم دەرگاوانی دەرویشی حاجی شێخ بوو دەستی بە پشتیا کێشاو وتی: ان شاءالله لە بەهەشت پێکەوە دەبین و ڕۆیشت.[70]

کاتێك حاجی سەید عومەر ئاوا ڕۆیشت هەباس ئاغا دەترسا چونکە زۆر شتی لە حاجی سەید عومەر بینیبوو, بۆیە دوای ڕۆیشتنی هەر لەو پایزەداو خەڵکی ناوچەکە لە هەباساغا ڕاپەڕین و خانوکۆشکەکەیان تالانکردو ڕووخاندیان و هەباساغایان دەکرد.

حاجی سەید عومەر بەڕاستی خۆی بۆ خوای گەروە یەك لایی کردبۆوەو زۆر خاوەن تەقوا بووە، دایم وابەستەی خوای گەورە بووە.

3. (شێخ عوسمانی کوڕی) دەڵی: لە یەکێك لە ئیرشادەکانیدا دەچێتە بەغداد دەچێتە ماڵی دۆستێکی خۆی و دوای نانخواردن و ئیسراحەت دەبینی کابرا زۆر بێتاقاتەو غەمبارە، حاجی شێخ بانگی دەکات دەفەرموێ : بۆ وا بێتاقەتی, چی هەیە؟ ئەویش لەبەر حاجی شێخ هەوڵدەدات بیشارێتەوە، شێخ دەفەرموێ: هەرچی هەیە پێم بڵێ!

ئەویش ئەڵێ : قوربان کابرایەك لە گەڕەکەکەماندایە خۆی بە شێخ دەزانێ و دەسەڵاتدارە ئەترسم بزانێ جەنابت لێرەیت عەزێتت بدات.

---

[70] حاجی شێخ جلال حاجی سەید عومەر ساڵی1954 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبوە, دەستی بە خوێندن کردوە لەلای زۆر مامۆستای ئاینی ئەو سەردەمە خوێندویەتی ئیجازەی لەسەر دەستی مەلا شێخ محەمەدی برای وەرگرتوە ئێستا لە تەکێکەی خۆیدا لە ناحیەی بازیان دەژی.

ئەویش ئەفەرموێ : غەمت نەبێ دەست بەوەعزکردن دەکات دوایی زیکردەکەن و کابرای شێخ دێت ڕوو دەکاتە حاجی شێخ و دەڵێت: ئەوە چییە؟

زۆر قسەدەکات حاجی شێخ زۆر بە ئارامی ئامۆژگاری دەکات، دەڵێ : من سەیدم و ئەولادی پێغەمبەرم بەقسەم بکە. کابرا تووڕە دەبێت دەڵێ : ئەگەر ڕاست دەکەی من مەنجەلیقت بۆ دائەخەم ئەگەر ڕاست بکەی ئەوا دەچێتە ناو ئاگرەکەوە.

ئەویش دەفەرموێت: من ڕازیم بەس بە مەرجێ تۆ خۆشت بێیت ئەویش ڕازی دەبێت.

کابرای شێخ بەیانی خەڵکی گەڕەك کۆدەکاتەوەو لەگەڵ هاوڕێ کاربەدەستەکانی و داوا لە حاجی شێخ دەکات کە بچێتە ئاگرەکەوە, حاجی شێخ دوو ڕکات نوێژ دەکات و بەدەوری ئاگرەکەدا دەسوڕێتەوەو دوعا دەکات دەچێتە ئاگرەکەوەو دێتە دەرەوە خەلیفەیەکی خۆی لەگەڵی دەبێت بە ناوی (دەروێش مینە ڕیش درێژی یاخسەمەری) ئەویش بە ئەو ئەڵێ : بچۆ ناو ئاگرەکەوە کابرا ئەمەی بینی ڕائەکات و ئەوێ بەجێ دەهێڵێت.

خەڵکی هەموو بەیەك دەنگ هاواردەکەن دەگرین لەو کاتەدا پێنج جولەکە موسڵمان دەبن لەسەر دەستی بەیعەت وەردەگرن و دەبنە دەروێشی ئەو.

4. حاجی سەید عومەر لەگەڵ ئەوەی ئیرشاداتی کردووەو هەمو شتەکانی لەسەر دەستی خۆی بووە بۆ بەڕێوبردنی تەکیەکەی خۆی و باخداری و ئاژەڵداری و فەلاحەتی کردووە، زۆربەی فەلاحەتەکەی لە دەشتی (هەڵەدن وگوێزیلەو چالاوا) دابووە.

لە یەکێك لە هەرەوەزی فەلاحەتیەکانیدا لە دەشتی هەڵەدن وەك (حاجی عزیز)[71] بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئیشمان دەکردو تەواو بووین هاتینە ماڵەوەو گوێمان لە دەنگی تەپڵی حاجی شێخ بوو بەپیریەوە چووم بینیم دەستیم ماچکردو خۆم بۆ

[71] حاجی عزیز سەعید ئەحمەد ساڵی 1932 لە گوندی هەڵەدن لەدایکبوەو هەر لەوێ دەژی.

نەگیرا هەر ئەگریام خۆشم نەمئەزانی بۆ!

ئێواره هاتمەوه ماڵەوه ماڵەوه حاجی شێخ لەماڵێکی تر بوو, خەڵکی زۆر لەگەڵ بوو منیش کە هاتمەوه باوکم وتی: (بۆ بێتاقەتی؟ منیش وتم : نازانم!)

دوای نانخواردنی ئێوارێ چوومەوه خزمەتی تا 12 شەو خەریکی مەوعیزەو وتارو زیکرکردن بوون. دوایی ڕۆیشتمەوه بۆ خەوتن بەیانی کە هەستام باوکم وتی: (ئەمڕۆ بۆخۆت ئیسراحەتێ بکەن!) منیش وتم: (وەڵا ئەچم بۆ هەرەوەزی حاجی سەید عومەر).

وتی: بۆ کوێ ئەچی تۆ چیت بەسەر حاجی سەید عومەرەوه هەیە هەقت نەبێ و لێیان دور بکەوەرەوه بۆخۆت ئیسراحەت بکە.

ئەڵێ : منیش وتم :( ئەچم!) ئیتر ڕۆیشتم خەڵکەکە کۆبوینەوه لە خوار دێکەوه لە ڕێگە تووشی کابرایەك بووین بە ناوی (سالە زلە) ئەڵێ : حاجی شێخ ئەفەرموێ : بەرانێکمان بدەرێ بۆ ئەم هەرەوەزە بە هەرچەند بێت,

ئەویش وەك ڕق ئەڵێ نایدەم, دوای ڕۆیشتین دەستمان کرد بە درەو. هیچیمان دەستنەکەوت حاجی شێخ نوێژی چێشتەنگاوی دەکردو دوای کە تەواو بوو بانگی دوانی کرد لەوانەی هەرووەزەیان دەکرد ئەوانیش (مستەفای قۆچ, کاکە بلە) بوون پێیانی فەرموو بڕۆن بزانن لەم دەشتە شتێك بۆ ئەم هەرەوەزە ناهێنن.

ئەوانیش وتیان: ( یاشێخ لێرە چی لێیە لەم دەشتە بەم نیوەڕۆیەو ئەم هەموو خەڵکە لێرەبن!)

ئەویش تفەنگەکانی لێوەرگرتن و یەکی یەك فیشەکی تێکردن و دوعای بەسەردا خوێندن و فەرموی: بڕۆن! ئەوانیش بە ناچاری ڕۆیشتن. توزێك لە ئێمە دوور کەوتنەوەو دەنگی تەقەمان بیست و دوای ماوەیەك هاتنەوه حەیوانێکی گەورەیان ڕاوکردبوو کە بەشی هەمو هەرەوەزەکەی کردو زیادیش بو. حاجی سەید عومەر لە ئیرشادەکانیدا دایم مەلاو زانای ئاینی و کەسانی داناو ڕیش سپی لەگەڵ خۆیدا ئەبرد.

5. مەلا عومەر مەلا مەحمود[72] وتی: جەنابی خاڵم كە زۆر خۆشمەدەوێ و زۆر موسڵمانەو خاوەن متمانەیە بۆی گێڕامەوە وتی : لە خزمەتی حاجی سەید عومەردا بوم لە تەكیەی سەرەوە لە دوای كۆچی شێخ موحسین كە ئەوسا دووتەكیە هەبوو, تەكیەی خوارەوە كە تەكیەی شێخ موحسین بوو ئەوەی سەرەوەش تەكیەی خۆی بوو كە هەر دووكی لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا بوو, تەمەنی كامڵ بووبوو، حاجی شێخ مستەفای برای تازە پێیدەگەیشت ئەڵێ : ئێمە ئاگامان لە هیچ نەبوو حاجی سەید عومەر بانگی شێخ مستەفای برای كردو زۆر توڕە دیار بوو.

وتی: شێخ مستەفا شێخیەتی گاڵتە نیە بە هەمووكەس ناكرێ تەكیە دانان گاڵتە نیە ئەوەتا ئێمە دوو تەكێمان لەبەر دەستە ئەوەی خوارەوە كە شێخ محەمەد گەورە بوو باڵەسەر ئەو تەكیەیە بێت ئێمەش ئەم تەكیەمان بەسە, ڕەنگی تێكچوو بوو هاوارێكی كرد دەستی بە ژێر فەرشەكەدا كردو میوەی دەرهێنا یەك یەك بەسەر دانیشتوانی تەكیەكەدا دابەشیكرد كە زۆر قەرەباڵغ بوو سۆێندی خوارد سەیری شوێنەكەمان كرد هیچی لێنەبوو كاتی میوەش نەبوو.

دوایی وتی شێخیەتی بۆ ناوناوبانگ نیە بۆ خۆ دەرخستن نیە ئەوەی شێخیەتی دەكات ئەبێ دونیای نەوێ و نەفسی خۆی بشكێنێ هەر كەس ئەم دنیای نەویست ئەوا دەبێتە خاوەنی ئەو دونیا. شێخ مستەفا وتی: قوربان تا جەنابت هەبی ئێمە لە خزمەتداین, تەكیەی چی! حاجی شێخ عومەر ئاوا شێخەتی كردووەو ئاوا لە ماناكەی تێگەیشتوە.

---


[72] ساڵی 1957لە گوندی گاپیلۆن لە دایكبوە خوێندنی سەرەتایی لە گوندی گاپیلۆن تەواو دەكات و دوا ناوەندی لە ڕانیە و دوایی چۆتە كۆلێژی شورتەو لەگەڵ ئەویشدا خوێندنی مەلایەتی خۆێندوە تا ساڵی 2006 دێتە شاری سلێمانی و وەزیفەكەی گۆڕیوە بۆ مەلا لە مزگەوتی نورسی و مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید. ئێستا لە زەرگەتەی كۆن دەژی.


## مەلا عومەری مەلا مەحمودی گا پیلۆن لە خۆشەویستی حاجی سەید عومەر:

لە گوندێکی وەك چۆخماخ　　هەڵکرا ئالاو بەیاخ
خۆی تەرخان کردبو بۆ ئیرشاد　　ناوی قەد ناچێت لە یاد
ئەویش (حاجی سەید عومەر)　　شێخێکی زۆر مۆعتەبەر
نەوەی شێخی عەوالآن　　بۆ دین وەك شێر ئەی نالآن
لە ساداتی پیرخدری　　پەرش و بلاو بو فیکری
بەفکری حەکیمانە　　بۆ ئیرشاد نەخشەی دانا
بو بە چراو ڕوناکی　　بۆ کۆمەڵ و بۆ تاکی
قۆلی چاکی لێهەڵدەماڵی　　جێگەی نەهێشت بە خاڵی
دوای وەفاتی شێخ موحسین　　ئەوکرا بەجێنشین
بەراهی هەمو خزمان　　کردیانە بە برا گەورەی خۆیان
ئەویش دریغی نەکرد　　بۆ خزمەت خۆیی وقفکرد
هەستا بە خزمەتکردن　　گەڕا بۆ ئیرشادکردن
گوندو شاران زۆرگەڕا　　هەموی لەبەر ڕەزای خوا
تەتبیقی کرد شەریعەت　　بەجێیهێنا تەریقەت
بەڕاستی پیاوی خودا بو　　خۆی بۆ ئەو ڕێیە دانا بو
تەکیەو مەدرەسەی دیار بو　　جێگەی چینی هەژار بو
دەروێش و موریدی زۆر　　لە پیاو و ژن جۆر بە جۆر
حەلقەی زیکری خواناسی　　هەمو عالەم دەیناسی
شێخی دونیاو قیامەت　　خاوەنی زۆرکەرامەت
خۆی ساغکردبوەوە بۆ خودا　　دوعای قبول بو بۆلای خودا
چەند شتی غەیرە عادەت　　لێی بینرا بون بە حەقەت
ئەویش خوڕایی نییە　　بێهەوڵ و کۆشش نییە
ماندو بون و ڕەنجدانی دەوێ　　نوێژی شەوانی دەوێ
حاجی سەید عومەر وابو　　بەڕاستی پیاوی خودا بو
هەمو مەبەستی خودا بو　　دونیای زۆر وەلا نابو
نەوەو ئەولادەکانی　　پەروەردە کرد بە جوانی

| | |
|---|---|
| بە پەروەردەی ئیسلامی | بە بەرنامەی قورئانی |
| تاکو شوێنی ون نەبێ | پاش خۆی بەرهەمی هەبێ |
| لە پێناو شەریعەت | ونی نەکەن تەریقەت |
| ژیان و ژینیان بۆ خوا بێ | بەهەشت بۆ ئەوان جێگا بێ |
| ئەمە ڕێبازی ئەو بو | دنیای لە لای وەك خەو بو |
| دەیوت دنیا بەتاڵە | وێنەی کایەی مناڵە |
| پشت مەبەستن بە دونیا | قیامەتتان لە دەست دەدا |
| ژیانی دونیا زۆر کەمە | ئەویش هەموی پڕ خەمە |
| خوا پەرستی و عیبادەت | ئەتانبات بۆ ناو جەنەت |
| ئیتر ئەو بەو شێوەیە ژیا | تا مردن دوای پێهێنا |
| بارگەو بنەی پێچاوە | بۆلای خودا گەڕاوە |
| لە ساڵانی پەنجادا | لە تەمەنی هەشتادا |
| کۆچی یەکجاری و دوای | لێکردنین ماڵئاوایی |
| لە گوندی چۆخماخی جوان | لەلای خزم و نەوەکان |
| لاشەی بە خاك سپێدرا | نزرگەی دیاریکرا |
| لێی خەوت بە یەکجاری | چۆوە بارەگای باری |
| بۆ مەنزلی دواجار | جێگەی بەهەشت بێ سەد جار |
| سەر مەرقەدی لە چۆخماخە | چوار دەوری ڕەزو باخە |
| ئەمەم نوسی بۆ یاداشت | خودا بماندات پاداشت |
| لەویش خۆش بێ و لە ئێمە | زەرگەتە شوێن و جێمە |


6- هەندێ لە نوسین و دەست خەتەکانی حاجی سەید عومەر:





ئەگەر بێت و کەسێك هەبێت تۆماری ئارەزومەندیم کۆبکاتەوە هێندەی گوریسێك درێژو بەدەست کەسێکەوە کە تەشی ئەڕێسێ و گوریس دروست دەکات و کۆتایی نایەت.


تبێینی: ئەم پارچەیەی لەسەر تۆمار و نامە دەستنوسەکانی حاجی سەید عمر نوسراوە.


بسم الله الرحمن الرحیم

وفاة وەل دنیادا چوفی مرحوم جنابی
شیخ رضای کوری حاجی سید عمر الحسینی
تحصیلی علوم دینیه‌ی له شاری سلیمانی له تکیه‌ طالبانی
له عمری ٢٧ سالیدا. به سبب دو پشکدوه (عقرب)
به تاریخی ٢٠ شوالی ١٣٦٩ هجری ١٩٥٠ میلادی
مصادف شه‌وی جمعه‌ی مبارک لرئی (الله)
که به سفر چوه. و الآن قبری مبارکی له نزیک
شیخ معروف قدس سره آمین.

أتهجر لیلى بالفراق حبیبها
وما کان نفساً بالفراق تطیب
١٣٧
ح م ع

**حاجی سەید عمر بۆ کۆچی دوایی مەلا شێخ رەزای کوڕی نوسیویەتی.**


منصوری تو عرشی خوا طودی ای تو [illegible] نوری تو صلی الله تعالی علیک
وسلم یا رسول الله و بعد تو ای مسلمانینه بزانن ام مانگه مانگی مولودی
مانگیلی زور شریف و مبارک تو لرهی بسبب ام مانگه وه بوین به مؤمن و به مسلمان
بواسطه ام مانگه وه ظاهر بوه نوری ایمان یعنی چوار یاری نبی حضرتی
ابوبکر و عمر و عثمان و علی خوایان لی راضی بی تدحیم مانگه یان زور کردوه
هیند به گوره و به تعظیمیان ناو بردوه اولیان و آقیری مسلمانان
حضرتی ابوبکری صدیق خوای لی راضی بی فرمویه هرکس درهمی بعطاته
به مولودی پیغمبر صلی الله علیه وسلم رفیقی منی ابی له بهشت امامی
عمر خوای لی راضی بی فرمویه کسی بگوره بگری مولودی پیغمبر صلی
علیه وسلم زانه هو احیای دینی اسلام کردوه امامی عثمان
خوای لی راضی بی فرمویه هرکس درهمی صرفی مولودی پیغمبر بکات
صلی الله علیه وسلم اوله شریکی ثوابی غزای بدر و حنین [illegible] امامی علی
خوای لی راضی بی فرمویه هرکس بیبی به سببی خویندنه وه مولودی پیغمبر
صلی الله علیه وسلم اوکسه به شهیدی اقری داخلی بهشت ابی حساب بو
بی عذاب علما و مشایخ علیهم الرحمه تدحیم مولودیان زور کردوه
من جمله شیخ حسن بصری قدس سره فرمویه خوزم اکرده به مثلی کیوی احد
[illegible] بیوایه صرفی مولودی پیغمبرم بکردایه صلی الله علیه وسلم شیخ
جنیدی بغدادی فرمویه کسی قدری مولودی پیغمبر صلی الله علیه وسلم
بگری له دنیادا به ایمان دردچی شیخ معروفی کرخی قدس سره فرمویه
کسیکه چیگیک قرتی بکات جلیکی تازه له بر بکات فرشی داخا شمع [illegible]

هەندێ لە دەست و خەتی حاجی سەید عمر – 1945

ما في المقام لذي عقل وذي أدب
من راحة فدع الأوطان واغترب
سافر تجد عوضا عما تفارقه
وانصب فان لذيذ العيش في النصب
اني رأيت وقوف الماء يفسده
ان سال طاب وان لم يجر لم يطب
الأسد لولا فراق الغاب ما افترست
والسهم لولا فراق القوس لم يصب
والشمس لو وقفت في الفلك دائمة
لملها الناس من عجم ومن عرب
والتبر كالترب ملقى في أماكنه
والعود في أرضه نوع من الحطب
روژ چوارشەممە لە مزگوت خاصیەکان
لە لای مەلا محمد امین ام شعرانەمان نوسی
لە ٢٣ ١١ سنە ١٣٦٢

- وەستان نییە بۆ کەسێ کە خاوەنی عەقڵ و ئەدەب بێ ڕاحەت و دڵنیایی دەست ناکەوێ

**لەمانەوە لە شۆێنی خوتدا نیشتیمان بەجیٚ بهێڵە و خۆت غەریب بکە**


- **هەوڵ بدە و خۆت ماندوو بکە چەنکە خۆش گورەزانی لە ماندوو بونەوە پەیدا دەبیٚ**
- **ئەمن بینیومە ئاو کە ڕاوەستاو بیٚ بۆگەن دەبیٚ ئەگەر ڕەوان بێت پاك دەبێتەوە ئەگەر ڕاوەستا و بێت پاك نابێتەوە**
- **شێر ئەگەر لە بێشە دەرنەجیٚ نێچیری بۆ ناگیریٚ**

**تیر لە کەوان دەرنەچیٚ نیشانە ناهەنگویٚ**

- **خۆر ئەگەر لە تەوەری خۆی ڕابۆستایە و نەجوڵایە خەڵك بە عەرەب و عەجەمیەوە لێی وەرس دەبوون**
- **پارچە ئاڵتوون لە کانەکەیدا وەك و گڵ و خۆڵ لە شۆێنی خۆی کەوتووە, کە دەری دێنن و پاڵفتەی دەکەن لە بۆتەی دەدن نرخ پەیدا دەکات**
- **داری عودیش جۆرێکە لە دار و هەتا نەیرێت و ئاگری پێوە نەنێن بۆنی نایەت**

**ڕۆژی چوارشەمە لەگەڵ مەلا محمد امین ئەم شعرانەمان نوسی لە مزگەوتی قامیشان -1362**

## هەندیٚ لە دەست خەتی حاجی سەید عمر


وقال علي كرم الله وجهه
وما طلب المعيشة بالتمني ولكن الق دلوك في الدلاء
تجئك بملئها يوما ويوما تجئك بحمأة وقليل ماء
لنعم اليوم يوم السبت حقا لصيد ان اردت بلا امتراء
وفي الاحد البناء لان فيه تبدا الله في خلق السماء
وفي الاثنين ان سافرت فيه ستظفر بالنجاح وبالثراء
ومن يرد الحجامة فالثلاثا ففي ساعاته سفك الدماء
ومن يرا
وان شرب امرئ يوما دواء فنعم اليوم يوم الاربعاء
وفي يوم الخميس قضاء حاج ففيه الله يأذن بالدعاء
وفي الجمعات تزويج وعرس ولذات الرجال مع النساء
وهذا العلم لم يعلمه الا نبي او وصي الانبياء
تمت الكتاب بعون الله الملك الوهاب از يد
عبد ذليل عمر ابن يحيى البرزنجي غفر الله ذنوبهم
آمين ١٣٦٤ في وقت شرعرب بابه زانيان
بستو پێنج روژ پاییز چو ولیشت سەرما ...

- هەوڵدان بۆ ژیان بە ئاوات و بریا نابێ , وە لەگەڵ خەڵدا بکەوە هەوڵ و تێکۆشان و وەکو خەڵکی تر دوڵچەی خۆت داهێلە ناو بیرەوە

ڕۆژێك دۆڵچەکە بە پڕ لە ئاو بۆت دێتە دەرەوە ڕۆژێکیش هەندی قوڕ و تۆزی ئاوی تێدەچێ.


- باشترین ڕۆژ بۆ ڕاو و شکار ڕۆژی شەمەیە بە بێ گومان.
- لە ڕۆژ یەکشەمەدا دەست بکە بە بیناکردن چونکە پەروەردگار لەو ڕۆژەدا دەستی بە دروست کردنی ئاسمان کردووە.
- لە ڕۆژی دووشەمەدا ئەگەر سەفەر بکەی دەسکەوت بە دەست دێنیت.
- کەسێ بیەوێ کەڵەشاخ بگرێ باشترین ڕۆژ ڕۆژی سێشەمەیە لە کاتەکانیدا خۆێن دەگەشێتەوە.
- ئەگەر کەسێك بیەوێ دەرمان بخوات باشترین کات بۆ ئەوە ڕۆژی چوارشەمەیە.
- ڕۆژی پێنچ شەمە باشترین ڕۆژە بۆ دوعا و پاڕانەوە.
- ڕۆژانی هەینی کات و ساتی ژن هێنان و مارە بڕینە.

ئەم زانیاریانە کەس نەیزانیوە جگە لە پێغەمبەران و میراتگرانیان

**عەبدێکی داماو عمر کوڕی محی الدین خوا لێم خۆش بێت لە کاتی شەڕی عەرەب لەگەڵ بەرزانیدا**

**هەندێ لە دەست خەتی حاجی سەید عمر**

# 7- هەندێ لە نامەکانی حاجی سەید عمر لە کەسایەتیەکانەوە :



بسم الله الرحمن الرحیم

ئەم نامەیە لـە وڵاتی شام( سوریا)وە لـەلایەن حاجی سەید عمر نێردراوە بۆ هەباساغا و حاجی شێخ مصطفی و حاجی شێخ محمد.

## بسم الله الرحمن الرحيم

سلاّو ڕێزم بۆ جەنابی عەباس ئاغای بەدەوی بە دوعای خێری یادتان ئەکەم و سلاّو ڕێزم بۆتان هەیە ئەگەر هەواڵی ئێمە دەپرسن سوپاس بۆ خودا ئێمە باشین لە ڕۆژی سێ شەمە لە بەغدادەوە بەڕێ کەوتین بۆ شام ڕۆژی یەکشەم گەیشتین بە شام ئەگەر پرسیارتان هەبێت لە بارەی شامەوە ئێرە وەك بەهەشتی دونیا وایە ئێمە کۆمەڵێ سەردان و زیارەتمان کردووە بە فەزڵی خودای گەورە 1- یەحیا پێغەمبەر 2- حەزرەتی حوسێن 3- شێخ محی الدین 4- شێخ محەمەدی کورد 5- مەولاناخالید 6- عبدالله بن الجراح 7- ئەسحاب کهف.


ئینجا سلاّو ڕێزم هەیە بۆ شێخ مستەفاو شێخ محەمەد چاویان ماچەکەم, سلاّوم هەیە بۆ هەموو ئاوایی چۆخماخ و گاپیلۆن و دۆستان و موریدو دەروێشان هەیە لە دەوروبەر وەسەلام.



## نامەیەك لە لایەن حاجی شێخ فەتاحەوە بۆ حاجی سەید عمر

بۆ گەورەوسەروەم جەنابی حاجی سەید عمر سڵاو و ڕێزکی تایبەتم هەیە مودەتێکە دەنگت نییە, بۆچی لێمان ناپرسی ئەزانی بە هەواڵ پرسینت لە ئێمەی بچوك چەند دڵخۆش و شادومانمان دەکات داواکارم لە خودای گەورە کە دایەمن تەندروست باش بیت لە خزمەت جەنابی مامۆستا عبداللە دا ئەویش سڵاو و ڕێزی هەیە بۆتان, سڵاورێزمان هەیە بۆ هەموو خزم و کەسەکان دووبارە داواکارم کەسەرمان بدەیت وەسەلام

شێخ فتاح


به حضور حضرت مستطاب منبع الطاف والقاب اجل نامه الجناب
جناب اشرف الحاج حاجی سید عمر قدس سره اسراره الحفیه و حفظه عن جمیع البلیه
وایده بالسعادة الابدیه بعرض فلک مقام بوسی مصدع)) بی وجه
قربان بنده بسیار متأثر از عجز وجواب دادن و نیامدن خدا بقائی شده ام چونکه الله
نیست و وجهش ناظر بر بنده است چون آمدن حضرتعالی برای تبریک قربان
بنده است وامیدم بدعای حسن عاقبت و تلطیف جنابتست پس نیامدنت
مشعر بدل آزردن از بنده است قربان عدم وصول بخدمت در سفر سابق
چیزی گمان نمیبرم و اینمرتبه کلمهٔ چندین اظهار نکردی تا فرق بعجزت
بکنم و اگر خود از کسی دیگر دل آزرده شده ای مرحمت با بنده کردن معنی
ندارد و خلاف غریب نوازی است و اهل علم که آن خلاف مشیخت است
و آن هم الحمد لله درست از جنابت که منبع فیوضاتی و دافع کدورات
بناءً علیه با وجود اینکه درویشان منتظر و مخلص اند باید تشریف
جنابعالی تا حاجی توفیق و پنج شش نفری لواحقات مصلحت آمیز با جناب
شیخ فرج زحمت افزا و قدم رنجه نفرمائید تا که نیامدنت علی بی مرحمتی است
و تا شروانده ملا فقیران و درویشان و خلاف مسلک مقربان است والله
[illegible]

**نامەیەم لـە مامۆستا عبداللە ی چروستانی بۆ حاجی سەید عمر**

بۆ حزوری گەورە و خۆشەوست جەنابی حاجی سەید عمر قوربان نامـەم بـۆ جەناتان ناردبوو دیار نەبوون یان دەبێت لـە سەفەری پێشودا دڵتان لـە یەکێك ئێشا بێت نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە دڵتان لـە من بڕەنجـێ ئەمـە لــە ئێـوەی گەورە دوورە بۆیـە داوا دەکـەم کـە تەشـریف بێـنن و چـەند کەسـێك لــە خزمەتتدا بن وەکـو گـەورە و ڕیـش سـپیانی مەنتیقەکـە, چـونکە بـە هـاتنی جەنابتان زۆر خۆشحاڵ و گەشاوە دەبین وەسەلام.

عبدالله ی چروستانی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿يأَيها الناس أنا خَلقناكم مِن ذَكَرَو أنثى وَجَعناكم شعوبا وَ قبائِلَ لِتَعارَفوا أنَ أَكرَمَكم عِندَ اللهِ أَتقاكم أنَ الله عَليم خَبير﴾13الحجرات.

## سێ یەم: دۆستایەتی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ سادات و ناوداران:

### 1- کاك احمدی شێخ :

کورتەیەك دەربارەی ساداتی بەرزنجە

بەرزنجیەکان دەچنەوە سەر (سەید بابا عەلی هەمەدانی) کە زانایەکی ناودار بووەو لە نەوەکانی (پێشەنگ– ئیمام موسا کازمی کوڕی پێشەنگ ئیمامی جەعفەری سادق) بووە. پێشتر بەرزنجیەکان بە عەقیدە نوربەخشی بوون و پاشان تەریقەی قادریان پەیڕەو کردووە، شێخ عیساو شێخ موسای بەرزنجە کە باسمان لە باوانیان کرد نیشتەجیێ بەرزنجە دەبن، شێخ موسا منداڵی نەبووە، بەڵام شێخ عیسا (12) کوڕی بووە، کە هەریەك لەم کوڕانەی ڕۆڵی دیار بووە لە ئیرشاد و ئیصلاح کردنی دانیشتوانی کوردستان دا و بگرە لە جیهانی ئیسلامیش دا پێشەنگی ئایینی زانستی خۆیان هەبوو، یەکێك لە هەرە نەوە دیارەکانی کە بەرەی چواردەهەمینی شێخ عیسای بەرزنجییە، شێخ مەعروفی نودێییە کە ناوی تەواوی (سەید محمدی نۆدێیی بەرزنجییە کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محمد نۆدێیە کوڕی سەید بابا عەلی کوڕی سەید بابا ڕەسولی گەورەیە) بە بنەچەی پیرۆزیانی دەگەڕێنەوە سەر بابا عەلی هەمەدانی، شێخ مەعروفی نۆدێ لە ساڵی (1166) کۆچی بەرامبەر 1753ز لە گوندی نودێ لەدایك بووە، لە زۆرێك لە مەڵبەندە زانستیەکانی ئەو کاتەی کوردستان لەژێر دەستی بەناوبانگترین زاناکانی ئەوکاتە خوێندنی ئاینی تەواو کردووەو ڕۆڵێکی مەزنی لە بواری دەوڵەمەند کردنی فیقهی شەریعەتی ئیسلامی بووەو هەروەهاش لە شارەزایی بێوێنەی لە زانستەکانی زمانی عەرەبیدا بووە، جگە لەوەی لە بوارەکانی هونەرە ئەدەبیەکان و

بەتایبەت شیعرو ئەوزانەکانی عەروزدا هەبووە، جگە لەوەی سوارچاکی بواری زانست و تەئلیف و تەدریس بووە. پێشنوێژو وتاربێژی یەکەمی مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووەو لە بواری عیرفانی و ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی هەبووە، خزمەتگوزاری هەژاران بووە بەدەم کێشەو نەهامەتی خەڵکەکەوە بووە، لە ژیانی پڕ لە خێرو بەرەکەتیدا ڕەحمەتی خودای لیٚ بێت (55) دانراوی زانستی پڕ بایەخی نوسیووە. شێخ مەعروف لەپاش تەمەنێك جوان لە ڕێی خوادا لە ساڵی 1254 کۆچی بەرامبەر 1838زاینی لە تەمەنی (85) ساڵیدا بە ڕەحمەتی خوا دەچیٚ و کۆچی دوایی دەکات.

بەڵام مەخابن زاتێك لە دوای خۆی بەجیٚ دەهێڵێت کە بە ڕووناکترین وەجاخ ژمێرە دەکریٚ لە گشت زەمانەکاندا، ئەو زاتەش حەزرەتی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانیە کە ناوی پیرۆزی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای عالەمی ئیسلامیدا بڵاوەو ناسراوە، ئەو زاتە پیرۆزە 1207ی کۆچی بەرامبەر 1793ز لە شاری سلێمانی لەدایك بووەو لە بنەماڵەو خێزانێکی پیرۆزدا لەژێر دەستی باوکێکی خوداناس و زاناو دایکێکی پەیوەست ئەحکامی شەرع پەروەردە بووە، هەر لەبەر ئەوە زاتێکی ئاوەهای لێدەرچوو کە پێشەنگی ئیرشاد و ڕێنمایی و وانەبێژی و تەدریس و تەئلیف و (نوسین)و خوداپەرستی، لە تەکێی قادری مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا. حەزرەتی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ شروحاتی (ڕابە) لە سەردەمەکانی کتێبەکانی باوکی حەزرەتی شێخ مارفی نۆدیٚ دا، کە جێی سەرنجی تەواوی زانایانی ئاینی بووە، جگە لەوەی کە حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ڕۆڵی زۆر دیاری لە ڕێنماییدا کردووە لەو هەوڵە نایابانەی نوسینی (6) نامەیە کە پڕاوپڕە لە ڕێنمایی بەرزو فێرکاری و خوداپەرستی و ئاڕاستەی دەوروبەری سلێمانی کردووە.

حەزرەتی کاك ئەحمەدی شێخ زاتێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ دۆست بووە کێشەکانی کۆمەڵگەی سلێمانی و دەوروبەری چارەسەر کردووەو زۆر بە لوتفەوە مامەڵەی جووەکان و کریستیانەکانی سلێمانی و سەرجەم کوردستان کردووە.

لەپاش وەفاتی حەزرەتی کاك ئەحمەدی شێخ لە کوڕەزاکانیا واتە کوڕانی (شێخ محمد)

کە مەشهورە بە (شێخ محەمەد بچکۆلـە) کە هەشت کوڕ بوون لـەناویانا تەنها (حاجی سید حسن) مێزەر بەسەر بووە، وە جێنیشینی کاك أحمدی شێخ بووە، وە بە هەمان شێوەی کاك أحمد تەدریسی کردووە.

کاتێك ئینگلیز بەغدا ئەگرێ ئەکەوێتە گفتوگۆ لـەگەڵ (شێخ مەحمودی حەفید) بۆ ئەم مەبەستە (نوئێل) دەنێرن بۆ سلێمانی بە ئامادەبوونی ڕووناکبیران و سەرۆك هۆزەکان لـە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی کۆبوونەوە ساز دەکرێت، مەبەستی دانانی (شێخ مەحمود) بە حوکمدار لـەلایەن ئینگلیزەوە، (حاجی سەید حەسەن) کە مامی (شێخ مەحمودە) دەڵێت بە شێخ مەحمود قبوڵی مەکە تا دوو شت ڕوون دەبێتەوە، یەکەمیان: جوگرافیای سنوری حوکمداری شێخ مەحمود تا کوێ دەبێت؟، دووەمیان: دەسەڵاتی حوکمدار چییە؟

پاش ئەوەی ئەم دوو خاڵە ڕوون دەبێتەوە قبوڵی حوکمداریەکە دەکات، وە پاش نزیکەی ساڵێك لـەم ڕووداوە ئینگلیز بە بیانوو دەبێت لـە شێخ مەحمود، بەو هۆیەوە شەڕ ڕوودەدات لـە نێوان هێزەکانی ئینگلیزو هێزی کورد بە سەرکردایەتی (شێخ مەحمود) لـەبەرئەوەی حاجی (سەید حەسەن) سۆزی مامێتی بۆی هەبووە ڕێگە بە (شێخ مەحمود نادات) بە تەنیا بڕوات بۆ (دەربەندی بازیان) بۆ خۆی شانبەشانی دەڕوات لـەگەڵیا، وە کاتێك شەڕ ڕوودەدات (حاجی سەید حەسەن) شەهید دەبێت. لـەپاش (حاجی سەید حەسەن) کوڕە گەورەکەی کە (سەید عبداللە)ی ناو بووە، دەبێتە مێزەر بەسەر و بەرپرسیارێتی مزگەوتی گەورە وەردەگرێت تا وەفات کردنی لـە ساڵی (1953)ز وە پاشان لـەم بنەماڵـەیەدا (مەلا شێخ ماجید) مێزەر بەسەر بووە، وە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورە بووە لـەژێر چاودێری مامی (شێخ سالاری حەفید) کە سەرپەرشتیاری مزگەوتی گەورەیە تا ئەم ساتە.

## 2- دۆستایەتی حاجی سەید عومەر لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید:

حاجی سەید عومەر تێکەڵی لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید هەبووەو سەردان و هاتوچۆ لە نێوانیاندا گەرمبووەو خۆشیویستووە، لەسەفەرێکدا بۆلای شێخ مەحمود کەکۆمەڵێکی زۆر دەروێش و موریدی لەگەڵ بووە لە هۆزی جاف کە یەکێك لەوان (کاك یاسینی گوێزیلی و کاك سەلیم و حاجی قادر......کۆمەڵێکی زۆر) لە خزمەتیدا بوون .

(محەمەدی حاجی قادر) بۆمان دەگێڕێتەوە :(باوکم بۆی گێراینەوە کاتێك لەگەڵ حاجی سەید عومەر بەڕێکەوتین بۆلای شێخ مەحمودی حەفید لە ڕێگە پێیان ئەفەرموێ: ئەی خزمینە ئێمە ئەچینە لای شێخ محمود ئەگەر شێخ وتی : ڕاوبکەن بڵێن: بەسەرچاو و بێ قسەیی مەکەن, چونکە زۆر بەنرخە لام ئەوانیش کە کۆمەڵێك ڕاوچی باش بوون دایم کە دەچووە لای شێخ دەیزانی کە حەزی بە ڕاوە بۆیە لەگەڵ خۆیدا ئەوانیشی دەبرد، کە بەڕێکەوتین شەو چووینە لای شێخ ڕەئوفی هەنجیرەو بۆ بەیانی بەڕێکەوتین بۆ (داری کەلی) لەڕێگە کاغزێکی نوسی بۆ شێخ مەحمود لە ناو کاغەزەکەدا دوای سڵاو ڕێز فەرموی: (ئێمە ئەچینە مزگەوت تۆ دەبێت بۆلای ئێمە یان ئێمە بێین).

ئەویش فەرموی: خاڵی خۆشەویستم من دێم بۆ مزگەوت بۆلای ئێوە چونکە حاجی شێخ چوبێتە هەر کوێ یەکسەر دەچووە مزگەوت.

دوای ماوەیەك مانەوە شێخ مەحمود فەرموی: خاڵە ئینجا بابڕۆینەوە بۆ ماڵەوە دوای ئەوەی ئیسراحەتیان کرد شێخ مەحمود ڕووی کردە ئێمەو فەرموی: ئەی جافەکان بۆ ڕاوێکمان بۆ ناکەن؟

ئەڵێ: ئێمەش ڕوومانکردە حاجی سەید عومەر ئەویش فەرموی: دوو برنەو بێنن بۆیان کاتێك هێنایان دوعای بەسەردا خوێندن و دانەیەکی دایە دەست (حاجی قادر)، دانەیەکی دایە (کاك سەلیم), دوربینێکی دابە (دەروێش یاسین)، فەرموی : بڕۆن.

ئەوان ڕۆیشتن کە هاتنەوە یەکی بەرانە کێویەکیان ڕاوکرد بوو هێنایانەوە کاتێـك شـێخ مەحمود ئەمەی بینی کەسێك کە هەر لـەلای خۆی بوو ناوی (شێخ جەعفەر) بوو, شـێخ پێی ئەفەرموێ: جەعفەر ئەوەی تۆ دوو ساڵە لـەلای منی هەر پێت ئەڵێم ڕاوێکمـان بـۆ بکەو بەمن ئەڵێی حەیوان نەماوە, ئەوەتا ئەو جافانـە دوو ڕۆژە لێـرەن دوو حـەیوانیان ڕاوکردووە.

(شێخ مەحمود) کوڕی (شێخ سەعید)ی (شێخ محەمەد)ی(حاجی کاك ئەحمەد)ە(قـدس الله سرە) ساڵی1298هـ(1882) لە سـولـەیمانی هاتۆتـە دنیـاوە، لـە منـاڵی یـەوە بـە دیندارو ڕەوشت جوان بەخشندەیی و ئازایی و جـەوان مـەردی ناوبـانگی دەرکردبـوو،



هــەموو ســەرکۆماری ئێلــەکانی کوردســتان هــۆگری بووبوون، بەم هۆیەوە دەوڵـەتی عوسمـانی سـاڵی1317ی ڕۆمی(سـولتان عبدالحمیـدی دووەم) شـێخ محمـودو شـێخ سعیدی بـاوکی بـانگ کردنـە ئەسـتەمبوڵ و لــە (قصـری یلـدز=کۆشکی ئەستێرە) میوانداریيەکی بـەڕێزی کـردن و هەر یەکەیان بە دەستێ جلی نایابی شاهانە کـە بـە نیشـانی نرخدار رازابووەوە لـەگەڵ شیرێکی کـالان زێـڕین خـەڵات کــران و پایەی(موشیر=مارشــاڵ)یان پێــدراوە گەڕانــەوە سلێمانی.زۆری پـێ نەچـوو نەگبـەتی یەخـەی گـرتن کۆمـەڵی(أتحاد و ترقـی) شـۆڕش ئاژاوەیان بەرپاکرد ڕۆژی دووەمی جەژنی قوربانی ساڵی1326ه (شێخ سعیدی بـاوکی و شێخ ئەحمەد)ی برای لـە موصڵ شەهیدکران و ئەم ڕزگاربوو.

لــە31ی تشـرینی یەکـەمی 1918دا لەلایـەن سـەرکردەی سـوپای عوسمانی(أحسـان پاشا)وە تلغرافێك بۆ فەرمانـداری سـولـەیمانی (عـەلی رەزا بـەگ) هـات کـە ئیـدارەی سولـەیمانی بداتە دەست شێخ مەحمودو خۆی بگەیەنێتە موصـل. ماوەیـەك شـێخ مـەحمود ئیدارەی سولـەیمانی گرتە دەست.

تشرینی دوەمی1918دا نوێنەری ئینگلیز(مێجەر نۆئیل) بەبێ شەڕو تەقە هاتە سـلێمانی و شێخ محمود لـە لایەن حاکمی گشتی ئینگلیزەوە کرا بە حوکمـداری کوردسـتان لــە

سلێمانی.

بــە3000 تفــەنگی عەشــاییرەوە لەســەرەتای مایســی1919دا بەرامبــەر000 750 سەربازی ئینگلیز لە دەربەندی بازیـان کەوتـە شـەڕەوە لەئەنجامـدا لـەدوای شـەڕێکی قارەمانانە لـە (بەردەقارەمان)ەکـەی دەربەنـد لــە ڕۆژی 18ی حـوزەیرانی عـەینی سـاڵ بەبریندار بەدیل گیراو نێررایـە(کوێت). بـە ئیعـدام حـوکم درا دوایـی حوکمەکـەیان گۆڕی  بە دەساڵ حەپسی و 000 10ڕوپیە جەزا و ناردیانـە هیندسـتان و ئینگلیـزیش هاتە سلێمانی.

30 ئـەیلول 1922 لەلایـەن ئینگلیـزەوە کـرا بـە حوکمـداری کوردسـتان و ئـاڵای هەڵکردو ئەنجومەنی وەزیرانی ڕێکخست و پوڵی چاپ کرد.

لە3ی مارتی1923دا فڕۆکە هاتە سەر سلێمانی نوسراوی فڕێدا کە شـێخ مـەحمود بـۆ هەندێ کاروبار ئەبێ بێت بۆ بەغدا شێخ محمود زانی کە نیازیان خراپـە و وەڵـامی نـارد کە ناتوانم بێم.

لەسەر ئەمە ئینگلیز بەفڕۆکە سـلێمانی بۆمبابـاران کـرد شـێخ مـەحمودیش بـەخۆی و سوپاکەیەوە ڕووی کردە سورداش لە ئەشکەوتی جاسەنەو شـێخ بـاش سـوپاکەی جـێ گیرکرد.

لە6ی مایسی1923 ئینگلیزەکان بەهێزێکی زۆرەوە سولەیمانی یان گرت و حـاکمێکی عسکری وە چەند کاربەدەستێکی لە شاردا داناو هێزەکەی لە سورداشەوە ڕووی کردە دەشتی (مەرگە) و شێخ مەحمود بەخۆی و سوپاکەیەوە ڕۆیشت بۆ مـەریوان لــە مـانگی تموزی1923دا ئینگلیز سلێمانی چۆڵ کرد.

لە31ی مایس هەتا 2ی حوزەیرانی1924 لەبەیانی یەوە تا ئێوارە بـێ وچـان بەچـەند فێلو فڕۆکە سولـەیمانی بۆمباباران کرا، شێخ مەحمود بە خۆی و هێزەکەیەوە لە چیاکانی قەرەداغ خۆی قایم کرد.

لە15ی ئۆغستوسی1924دا سوپای عێراقی بەبێ شەڕو تەقە هاتنە ناو سلێمانی و شێخ و دەست و پێوەندی ڕوویان کردە(مەریوان) تا ساڵی 1927 .

لەمانگی مایسی1931دا شێخ قایل کرا دەست لە شۆڕش هەڵگرێ و بڕوا بۆ بەغدا لە گەڕەکی (أعظمیە) لەخانویەکدا دانیشێت.

لەمانگی مایسی941دا لە بەغدادەوە شێخ هاتەوە سلێمانی بۆ دێکەی خۆی(داری کەلی).

ئیتر لەوساوە بەبەخشندەیی و نوێژو خوا پەرستی ڕای بوارد تا لەشەوی شەممەی 9ی تشرینی یەکەم956قارەمانی ئازاو نەبەرد (شێخ مەحمود) دوا هەناسەی ژیانی دا لە بەغدا لە(نەخۆش خانەی حیدری) گیانی پاکی بە خوای خۆی سپارد لە تەمەنی(78ساڵیدا).

تەرمەکەیان هێنایەوە سولەیمانی لەتەنیش باپیری(حاجی کاك ئەحمەد)ەوە بە خاکیان سپارد.

زاناو شاعرو ئەدیبی خۆش ئەویست لە مەجلیس دا زۆر حەزی لە شیعری نوکتەدار ئەکردو خۆیشی لە شیعرو ئەدەبدا دەست درێژ بوو بە کوردی فارسی شیعری هەیە.

دوای وەفاتی شێخ لەتیفی کوڕی و پاشان شێخ کاوەو ئێستاش جەنابی شێخ مەحمود دۆستایەتیمان بەردەوامە.

حەمدی دەڵێت : وەك مەدینە بێ نەبی بێت بان کەربەلا بێ علی

شاری غەزنەش بێ مەلیکە یاعنی وەك داریکەلی

### 3-دۆستایەتی شێخ موحسین و شێخ عبدالسلامی بارزانی:

تەریقەتی نەقشبەندی پەیڕەوی کردووەو خۆشخوانیێکی زۆر لەنێوانیاندا بوونی هەبووە. دوای وەفاتی شێخ موحسین، لەگەڵ شێخ عومەر هاموشۆو نامەگۆڕینەوەو سەردانیان هەبووە.

پاش عبدالسلام مەلا مستەفای بارزان درێژەپێدەری ئەم دۆستایەتیە بووەو پێیان لەیەکتر نەبڕیوە. مەلا مستەفا هەرکاتێ هاتبێتە ناوچەکە لە تەکیەی شێخ موحسین لە گاپیلۆن و حاجی سەید عومەر لە چۆخماخ ماوەتەوە. لەناو خەڵکدا ئیرشادیان کردووەو باسی چەوسانەوەی میلەتی کوردیان بۆ دەڤەرەکە کردووە.

داوای لەچەند کەسایەتیەکی ئەم بنەماڵەیە کردووە کە سەرپەرشتی فەوجی شاربازێڕو دۆڵی جافەتی بکەن. بەڵام سەرقاڵیان بە ئیرشادو دینداریەوە بۆتە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی داواکاریەکان.

### 4-دۆستایەتی حاجی سەید عومەرو شێخ رەئوفی هەنجیرە:

حاجی شێخ رەئوفی حاجی شێخ صدیق حاجی شێخ عەزیز، ساڵی1927لە دێی (ئەحمەد لەوەن) ناوچەی (چەمچەماڵ) هاتۆتە دونیاوە. خوێندەوارو مامۆستا بووە، لە شۆڕشە کوردیەکانا بەشداری کردووە، زۆر نزیکی هەبووە لەگەڵ شێخ محمودی نەمر، لە شۆڕشی ئەیلول دا ئەندامی مەجلسی قیادە بووە. لە(2008/2/6)وەفاتی کردووە.

خاڵە شێخ لەتیف کوڕی شێخ رەئوف دەڵێت: هاوڕێیەتی و دۆستایەتیەکی گەرم و گوڕ لە نێوان جەنابی باوکم و حاجی سەید عومەردا هەبووە، هەموو ساڵێك حاجی شێخ چەند جارێك تەشریفی دەهاتە ناوچەکەو دەچووە لای مامە شێخ رەزام بۆ (کۆیك) دوایی دەهاتە لای جەنابی باوکم دوایی دەچووە سەردانی شێخ مەحمودی حەفید. چەند جارێکیش جەنابی باوکم دەچووە ناوچەی شاربازێڕ بۆ گوندی چۆخماخ بۆلای حاجی شێخ عومەر.

## 5-دۆستایەتی حاجی سەید عومەرو مامۆستا مەلا عبداللە ی بێژوێ و مامۆستا محەمەد ئەمینی برای:

خوێندنیان زۆربەی كات لە (بێژوێ و سلێمانی و كۆیە) بەیەكەوە بووە، دوای تەواوكردنی خوێندن جەنابی مامۆستا شێخ عومەر دەگەڕێتەوە گوندی چۆخماخ و مامۆستا مەلا عبداللە ی بێژوێ دەبێتە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورە بۆ ماوەی(40)ساڵ، مامۆستا محەمەد ئەمین برای دەچێتە مزگەوتی (حاجی عەلی بەگ) لە سلێمانی ئیمام و وتار خوێن بووەو لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا وەفاتی كردووەو لە گردی سەیوان لەلای براكەیەوە نێژراوە. درووود بۆ رۆحیانەتی خاوێنیان.زۆر دۆستایەتی و تێكەڵیان هەبووە. نامەو نوسین و شیعر گۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبووە.
مەلا عبداللە كوڕی مەلا رەشیدی مەلا ئەحمەدی مودەریسی بێژوێ یە، ساڵی1313ك بەرامبەر1892لەدایكبووە . بنەماڵەی دیندارو خودانـاس داینەمۆی بیرو توانای ئەم بوون. مۆڵەتی مەلایەتی لەلای مەلا عومەری قەرەداغی وەرگرتووەو هاتۆتە سولەیمانی تا ساڵی 1972لە گردی سەیوان بەخاك سپێردراوە.

## 6- شێخ محەمەد ئەمینی بێژوێ:

خوێندنی لە خزمەت باوكیدا تەواوكردووە. بۆ كامڵ بوونی خوێندن شارەكانی(بانەو مهابادو بیارە...) بەسەركردۆتەوە. مەلا عەلی قزڵجی ئیجازەی مەلایەتی پێبەخشیوە. لە شوێنی باوكی لە بێژوێ تەدریسی كردووە. بڕوانامەی مەلایەتی زۆری بە مەلاكان بەخشیوە. چەندین نوسین و حاشیەی هەیە، كەسێكی زاناو خاكی و موتەقی بووە، پارەو پولی حكومەتی وەرنەگرتووەو بە حەقی خەڵكی تری زانیوە. هەموو كوڕو كچەكانی پێش خۆی وەفاتیان كردووە. ساڵی1378ك

بەرامبەر(1958/12/25)لەتەمەنی104وەفاتی کردووە.[73]

هەمیشە وتوویانە (چەند لە خۆشەویستی خـودادا بتوێتـەوە ئەوەنـدە خـەڵك خۆشـیان دەوێیت.)


قازی محەمەد نامەی بۆ شێخ ئەمین نوسی و ڕاوێـژی پێکـرد : قوربـان لـە مهابـاد داوام لێدەکەن ببمە سەرۆکی کورد بیکەم یان نا؟

شێخ بۆی نوسی: بەرزو بەڕێزو خۆشەویستم جەنابی قـازی محەمـەد لـەوەڵامی سـەلامی ئێوەی عەزیز عەرزتان ئەکەم وعلیکم السلام ورحمە الله وبرکاتە، کاکە گیان ئـەبو ئـەو ڕاوێژە بە سیاسی و سەرناسێك بکردایە نەك منی بێچارەی دوعاگۆبـەهار ئیسـتخارم بـۆ کردی (ئەگەر بیکەی عومرت کورت ئەبێت و ناوو شۆرەتت درێژ ئەبێ و وفی العکس العکس.) 1324/4/4 نوسراوە.

حاجی سەید عمر و شێخ امینی بێژۆێ دۆستایەتی سەردان و هاتوچۆ لـە نێوانیانـدا بـوو هاوکاری یەکتر بوون لە پێگەیاندنی زانایـانی ئـەو سـەردەمە دەسـت لـە نـاو دەسـت پاڵپشتی دۆزە ڕەواکانی کوردستانیان کردوە ئەمەش نمونەیەك لـە نامـەی حـاجی سـەید عمر بۆ شێخ ئەمینی بێژوێ .

[73] خواناسان و ناودارانی کوردی ناوچەی ئالانی سەردەشت وپشدەر .. ئەحمەد مەلا صالح لا15–17بەرگی 1چاپی1ساڵی2006

## نامەیەکی حاجی سەید عمر بۆ شێخ محمد امینی بێژۆیٚ



لە حزوری گەورەی حەزرەتی خاوەن کەمالات جەنابی مامۆستا شێخ محەمەد ئەمین ئەوەلــەن سلاّو ڕێزم هەیە وا مەعلوم بوە جەنابتان تەشریفتان هێناوەتە سلێمانی و من نــەمتوانیوە بێمــە خزمەتتان لە جیاتی خۆم ئەم نامەیەم ناردوە هیوادارم کە قبولی بکەیت و لــە گەڕاندنــەوەدا تەشریف بێنێت و سەردانمان بکەیت لێرە

تێبنی: ئەم نامەیە حاجی سەید عومەر ناردویــەتی بــۆ جــەنابی مامۆســتا شــێخ محەمــەد ئــەمین، ساڵی1920.

### 7- دۆستایەتی بنەماڵەی مەلا عبدالعزیزی هەڵەبجەو کوڕەکانی :

### مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی

لەسەر بناغەی بۆ خوا ژیان پەیوەندی توندو تۆڵ دروستبووە، ئەمەش هۆکاری گەشەو بەرەکات بووە، تا ئەم رۆژگارەش بەردەوامە، لەیادمە وەك ئەمڕۆ گەشتێکمان ساڵی1975کرد بۆ ناوچەی دۆڵی جافەتی و گاپیلۆن، حکومەتی عێراقی هەرچی بەڵێن هەبوو هەمووی فەرامۆشکرد، بۆیە هێزی بەرگری و پێشمەرگە دەستیان کردەوە بە توندوتۆڵکردن، لاکردنەوە لە زانایانی ئیسلام و یەکیەتی زانایانی کوردستان ساڵی1970 دامەزرا بوو . جەنابی مامۆستا دەستی کرد بە سەردانی هەموو ناوچەو کەسایەتیەکان، جەنابی حاجی شێخ محەمەد شێخ عوسمان و شێخ محمد زاهیر پشتوانی گەورەی بیرۆکەکەبوون و تا وەفاتیان هاوکاربوون.

لەسەر داوای مەلامستەفای بارزان باوکم لە بیارەوە بەڕێ کەوت بۆ ناوچەی پێنجوێن و کۆبوونەوە لەگەڵ زانایاندا کرا، پاشان چووینە چوارتا. لەبەر بوونی تۆپخانەی زۆری رژێم لەوناوچانە بڕیارماندا شەو سەفەربکەین، سەیارەکانمان ناچاربون لایت بەکار نەهێنن بۆیە بە دەلیل کەوتینە رێ و چوینە گاپیلۆن بەراستی پێشوازیەکی زۆر گەرمیان لێکردین. هەر لەوێشەوە چووینە ماوەت.

بۆ نیشتەجێ بوون دەهاتینەوە گاپیلۆن. هەستمان دەکرد لەماڵی خۆمانین. بەهاوکاری و ڕێنموونی جەنابی حاجی شێخ محەمەدی گاپیلۆن، کارئاسنیان لەناوچەکەدا بۆ کرا، تا پەیامی زانایانی ئیسلام بە خەڵکی دەڤەرەکە ڕابگەیەنن. مامۆستا مەلا عوسمان و یاوەرەکانی بە زانایانی ئاینی و خەڵکی ناوچەکە ئاشناکردو هاوکاری و پاڵپشتییان بۆ دەربڕن. لەدوای ئەوماوەیە بۆ (باخەکۆن) گەڕاینەوە. ئەمە پرۆژەو هەوڵێکی زۆری جەنابی مەلا عوسمان بو بۆ پێکهێنانی هێزێکی پتەو لەگەڵ زانایانی کوردستان. هەر ئەوساڵەش بۆ بەجێهێنانی مەراسیمی (حەج) لە سعودیە پەیامی زانایان و شێخانی تەریقەتی کوردی بە (شا فەیسەڵ عەبدوالعەزیز)گەیاند. ئەوانیش فشارێکی گەورەیان خستە سەر حکومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی

عێراقدا.

لەپاش گەڕانەوەی بۆ ناوچەی هەورامان ( حاجی شێخ محەمەدوحاجی شێخ جەلال و مەلا شێخ محەمەدو چەندین کەسایەتی تر) سەردانیان کرد.

لەگەڕانەوەیاندا لە(کانی کوزەڵە) لوغم بە سەیارەکەیاندا دەتەقێتەوەو مەلا شێخ محەمەدی حاجی سەید عومەرو چەند کەسێکی تریان شەهید دەبن.

دوای گەڕانەوەی لە زیندان1977هەموو کەسایەتیەکانی دەڤەرەکە هاتنە هەڵەبجە بۆ بەخێرهاتنەوەی.

دوای راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بنەماڵەی بەڕێزی شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن وکەسانی بەتوانا هاوکارییان کردین. لە وەفات و هێنانەوەی بۆ هەڵەبجە ئەم بنەماڵەیە درێغیان نەکردوەو دۆستێکی بەوەفاو خاوەن پەیمان بوون.

لە دوای وەفاتی مامۆستا عوسمان جەنابی مامۆستا مەلا علی درێژەی بەو دۆستایەتیە دا تا وەفاتی کرد وە لە دوای وەفاتی ئێستاش دۆستایەتی لەگەڵ جەنابی مامۆستا عبدالرحمن کوری مامۆستا مەلا عوسمان جەنابی شێخ عیرفان کە ئێستا ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامییە لەگەڵ مەلا محمدی برای ئەو دۆستایەتیە بەردەوامە زۆر سوپاس بۆ مامۆستا عبدالرحمن کوڕی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان کە هاوکاری کردم بۆ گێراندەوەی زانیاریەکانی سەفەری مامۆستای باوکی کە لە ساڵی 1975 جەنابیان لەگەڵ بوو.

## 8–دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ مامۆستا شێخ محمد بەرزنجی و نەوەکانی:

مامۆستای خوالێخۆشبوو پەیوەندی بەتینی لەگەل سەرکردە سیاسییەکان ، زانایانی ئاینیی ، شێخانی تەریقەت ، بنەماڵە ناودارەکان و کەسانی ڕۆشنبیر و زانا و کەسایەتیە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، بەتایبەتی لە گەڵ بنەماڵەی ساداتی پیر خدری بەهەموو لق و بەشەکانیەوە ، لەگەڵ شێخانی چۆخماخ , گاپیلۆن دا پەیوەندی و دۆستایەتییەکی بەهێزی هەبوو، دەچووە سەردانیان و پێشوازی لێدەکردن ئەم دۆستایەتی و هاموو شۆو سەردانانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1970 هەر لەو سەردەمەوە بەردەوام بووە هەر لەو

سەردەمەوە هاوکار و پاڵپشت بوون بۆ یەکتری لەبەرەو پێش بردنی ئاینی پیرۆزی اسلام و دۆزی ڕەوای گەلی کورد .

زۆر سوپاس بۆ کاك د.صباح بەرزنجی کوری جەنابی مامۆستا کە سوپاس بۆ خوا یەکێکە لە دیار و ناسراوەکانی دنیای ئیسلامی و یەکیك لە ڕۆشنبیرەکانی کوردستانی ئازیزمان.

## 9- دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ مامۆستا صاڵحی مەلا نەجیبی گەناو :

عەلامە مەلا ئەحمەدی مودەڕیس (کوڕی مەلا محەمەدی مەلا ئەحمەدی مەلا وەیسی مودەڕیس)ە.ساڵی 1320ك بەرامبەر1900هاتۆتە سەر دونیای فانی.لەتەمەنی 90ساڵیدا لە بیژوێ وەفاتی کردووەو بۆ دونیای باقی گەڕاوەتەوەو لە گۆڕستانی (شێخان)نێژراوە، زۆر لە شاعیران بۆ خۆشەویستی و وەفاتی شیعری جوانیان داناوە.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی مەلا صاڵحی بیژوێیی لە1935هاتۆتە دونیاوە، خاوەنی چەندین بەرهەمی چاپکراو و چاپنەکراوە، شاری سلێمانی لانکی ژیانیەتی. کەسێکی زاناو واریع و خاکییە.ئێستا شوێنگرەوەی باوکیەتی.

## 10- دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ شێخ مەحمودی کارێزە:

دۆستایەتی لەگەڵ حاجی سەید عمر و حاجی شێخ مصطفی ی برای بووە بە تایبەتی لەگەڵ حاجی شێخ مصطفی لەو ڕۆژگارەدا زۆر هاوکاری یەکتری بوون خۆشەویستی زۆری بۆ کەسایەتیەکانی سنورەکە هەبوە، بەداخەوە لە کۆتایی تەمەنیدا وەك پێویست کاریان بۆنەکرد .

شێخ محمود لە ساڵی1914 لە کارێزەی شارباژێر لەدایك بووە، (2008/3/14)کۆچی دوایی کردوە. کەسایەتیەکی ناسراو لە خۆبردو بوە. لە دیوەخانەکەیدا چەندین کەس پشویان داوە(مەلا مستەفای بارزان، حەمید کاوانی و مام جەلال و عەلی عەسکەری و عومەردەبابەو ئیبراهیم ئەحمەد.....)، لەبەر ناسراوی سەدان کوردی لە پەتی سێدارەی بەعس رزگارکردوە، زۆر کەسایەتی خۆی پاراستوەو خاکیانە ژیاوە.

## 11- خزمایەتی شێخ موحسین و حاجی سەید عومەر لەگەڵ شێخ عیصام الدینی

**عەوالآن:**

هەمویان لە نەسەبدا دەچنەوە سەر شێخ ئیسماعیلی عەوالآن، بەهەمویان گرنگی زۆرباشیان بە تەکیەو مەدرەسەو خزمەتی دینی ئیسلام داوە بەبێ دریغی.چەندین کەسایەتی ئیسلام خواز لەم کاریزی خۆشنودیە تینویەتیان شکاوەو بۆ شوێنەکانی تری کوردستان زانستی شەرعیان بردۆتەوە. خودا پاداشتیان بداتەوە.

لەدوای وەفاتی شێخ عصام الدین، شێخ عبدالکریمی کوڕی جێگرەوەی بوە.لەدوای ئەمیش خاڵە شێخکەمال الدین شوێنگرەوەی بوە. ساڵی1940 هاتۆتە ژیانەوەو کەسایەتیەکی خۆشەویست و زاناو واریع و ئیرشادیە. ئێستا لەشاری(هەولێر)دەژی و سەرپەرشتیاری تەکیەی عەوالآنە.

**12- دۆستایەتی شێخ موحسین و حاجی سەید عومەر لەگەڵ شێخ نجم الدین و شێخ علاالدین و شێخ محەمەد عوسمانی دووەم:**

وەك برا دەست لەناو دەست بێ جیاوازی تەریقەت هەوڵ و تێکۆشانیان کردوە. لە رۆژگارەکانی ئەواندا تەریقەت و شەریعەت پەرەی سەندوەو رێنمونی خەڵکیان لە(کوردستانی عێراق و سوریاو تورکیاو ئێران)کردوە. لە دوای وەفاتی شێخ عوسمان کوڕەکانی (د.شێخ مادیح) وەکیل و هەندێ لەسەر خەتمەکانی کە چەندین کەسایەتین وەك (مامۆستا مەلا لوقمانی جوانرۆ و مامۆستا شێخ خالیدی دارۆغا, مامۆستا شێخ غفوری بیارە, مامۆستا شێخ حسێنی دەربەنیخان) کە دەورێکی باڵای هەیە لە کوردستان ئەمرۆ بۆ خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام لە رێی حوجرە و مزگەوتەکانەوە.

### 13- حاجی سەید عومەر خۆشەویستی لەگەڵ شێخ عەلی:

دۆستایەتی و خزمایەتی بەردی بناغەی ئیرشادی ئەم دو زاتە بوە لە کوردستان.

شێخ عەلی شێخ محەمەدی شێخ حەسەنی کەسنەزانی ساڵی1888 لەدایکبووە، کەسێکی لێهاتو بوێربوە، لەدوای وەفاتی سەید عومەر دۆستایەتی هەر بەردەوام بووە. حاجی شێخ عەلی (ئایشەخانی حاجی سەید عومەر)دەخوازێت بۆ (شێخ ئیسماعیلی کوڕی). ئێستا شێخ حەسەنی کوڕی شێخ عەلی شوێنگرەوەی باوکیەتی و سەرقاڵی ئیرشادە.

### 14- دۆستایەتی سەید عومەر لەگەڵ شێخ عبدالکریمی خاوێ.

شێخ عبدالکریم کوڕی شێخ قادری کەسنەزانە، لەکاتی خۆیدا نازناوی(سەید گوڵ) بوە، ساڵی 1940وەفاتی کردووە.

حاجی سەید عومەر هاوسەرگیری لەگەڵ (خاتوو فاتیمەی شێخ عبدالکریم)دەکات. خوداوەند(3)کچی پێبەخشیون. کە ئێستا لە ژیاندان.

### 15- دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ حاجی شێخ عبدالقادری چوێسە.

سنوری ئیرشادی شێخانی گاپیلۆن و چۆخماخ و ناوچەکانی تر دۆستایەتیەکی بێوێنەی لەگەڵ شێخانی چوێسە هەبوەو سودیان لە تواناکانی یەکتر بینیوەو لەخزمەتی هەژاران و خەڵکی تینو بە شەریعەت کاریان کردووە.

لەسنوری دوری سلێمانی کەسایەتی شێخی چوێسە ناوبانگی دەرکردو لە دورو نزیك دەچونە خزمەتی، دوای داگرتنی دێهاتەکانی سنوری نێوان(عێراق–ئێران)ئاوەدانی نەماو لە سلێمانی چاوی غەریبیان کرایەوە، شێخ وریایی و چاپوکیەکی لێزانانەی هەبو دەسەڵاتدارانی عێراق لەخۆشەویستی بۆی داخوازیەکانی جێبەجێ دەکرد، لەدوای وەفاتی شێخ کامیل جێگرەوەی بوە ئێستا لە ژیاندایە .

### 16- دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ شێخ عەلی قەڵبەزە:

شێخ عەلی قەڵبەزە یەکێك بووە لە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان کە هەر لە تەمەنێکی کەمی هەرزەکاریەوە دەستی بە خەبات کردووە، یەکێك بووە لە نزیکانی شێخ مەحمودی نەمرو لە شەڕی ئاوباریك دا شەهید دەبێت، ئارامگای شێخ حەسەن

قەرەچێوارە لە قادر کەرەم، لە دوای شەهید بوونی شێخ مستەفای کوڕی وەك جێنشینی باوکی لە ناوچەی قەراغدا دەردەکەوێت کە خاوەن دیوەخان بووە. درێژەی بە ڕێبازەکەی باوکی داوە تا وەفاتی کردووە. ئەم بنەماڵە بەڕێزە یەکێکن لەو بنەماڵانەی کە بەشدارییەکی کارایان بووە لە شۆڕشە کوردیەکاندا فیداکاری زۆریان پێشکەش کردووە، لەسەر ڕێبازی باوك و باپیرانیان بەردەوامن، کەسی دیارو شۆڕشگێڕیان زۆرە، ئێستا بەڕێز شێخ جەعفەر کە کاربەدەستێکی ماندوونەناس و خاڵە شێخ دلێر پیاوێکی خزم دۆست و ماندوو کە ئێستا لە ناوچەی قەراغدا خاوەن دیوەخانەو دەستێکی باڵای هەیە لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی قەراغ و زۆربەی ناوچەکانی تر.

## 17- دۆستایەتیمان لەگەڵ شێخ لەتیفی شێخ محی الدینی نۆڕەباب:

خاڵە شێخ لەتیف لە دێی نۆڕەباب مامۆستا و شێخ بوە، تەکیەو مەدرەسەی بوە(1850–1914). لەساداتی بەرزنجەن و لەدوای وەفاتی خۆی شێخ بابەعەلی کوڕی دەبێتە شوێنگرەوەی، لەدوای باوکی ئەو دۆستایەتیەی پاراستوە، لەدوای وەفاتی ئەمیش شێخ محەمەد نۆڕەبابی خاکیانە کاردەکات، زۆر سوپاسی دەکەین کە زۆر زانیاری و یادەوەری لەگەڵ شێخاندا بۆ گێڕاینەوە. سوپاس بۆ خودا ئێستا لە ژیاندایە.

## 18-دۆستایەتی بنەماڵەی مەلا سەید محمودی نۆڵچکە لەگەڵ ئێمەدا:

دۆستایەتیمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ محسین و حاجی سەید عمر لەگەڵ مەلا سەید عیسا و دوای خۆشی مامۆستا مەلا سەید محمود هەر لەو سەردەمەوە دەست لە ناو دەست هاوکار و پاڵپشت بۆ یەکتری کاریان بۆ پێشخستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کردووە و کە تا ئیستاش بەردەوامە.

مامۆستا مەلا سەید محمود کە لەخوێندن تەواو دەبێ دەگەڕێتەوە نۆڵچکە حوجرەو مەدرەسەی گەورە دادنێت هەر بەهۆی ئەو دۆستایەتیەوە زۆرێك لە کەسایەتیەکانی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن رولەویَ دەکەن.

لەخزمەت مەلا سەید مەحمود چاویان بەدونیای زانستی شەرعی هەڵدێت.لەوانەش(حاجی شێخ جەلالی گاپیلۆن و شێخ محەمەدی حاجی سەید عومەرو

شێخ حسێن و شێخ محەمەدو مەلا شێخ عبدولوتەیب و مەلا شێخ جەلالی حاجی سەید عومەر....)خزمەتیان دیارو یادگارە.

مەلا سەید مەحمودی سەید عیسا صالح ساڵی1930لە نۆڵچکە لەدایك بووە، لەناو بنەماڵەکەیدا زانست فێردەبێت،1943چۆتە بەری مەرگە لەلای چەند زانایەك خوێندنی تەواوکردووە. 1955 چۆتە (سندۆلان)و(مەلا عبدالله ی گەناوی) ئیجازەی مەلایەتی پێداوە. ساڵی1958–1962لە ژاراوە بووە.

لە نۆڵچکە بۆتە ئیمام و خەتیب و مودەریس و چەندین کەس لە زانستی سودمەندبوون. تا ساڵی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقی هەر لەوناوە جێگە دەستی دیاربووە.

1988 هاتۆتە بۆسکێن و بۆتە ئیمام و خەتیب. ئیرشادو ئاشتەوایی سەنگی مەحەکی ئەم زاتەیە، تەمەنێکی پڕ بەرەکات و نەوەیەکی زانست پەروەر.

## 19- دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی مامۆستا مەلا رەئوف:

1930کاتێك باوکی مامۆستا حاجی رەشید، هاتۆتە (یاخسەمەر) لەوێ ماوەتەوە تا 1957دوای وەفاتی باوکی درێژەی داوە بە خوێندن بۆتە مەلا لە گوندی یاخسەمەر. دەفەرموێت چەندین جار لەخزمەت سەید عومەردا ماومەتەوەو کەسایەتیەکی ئازاو لێهاتو خاکی و موتەقی بوە. مەلا شێخ رەزای کوڕی حاجی سەید عومەری بینیوەو دۆستایەتیان پتەوبوە.

لەدوای وەفاتی سەید عومەر ساڵی1957 مەلا شێخ محەمەدی کوڕی لەسەر داوای شێخ عوسمانی برای دەست بەخوێندن دەکات. تا وەفاتی مامۆستاش هاموشۆ گەرمو گوڕبوەو خۆشەویستیان بەتین بوە و جەنابی مامۆستا دۆستایەتی لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا هەبووە.

مەلا رەئوف رەشید قادر مەولود مستەفا شارستێنی دەڤەری جافایەتی ناحیەی بنگرد، باوباپیرانم لەوێ مردون و نێژراون باوکم1920 بۆ کەسایەتی و ژیان ماڵی هاتۆتە یاخسەمەر هاوسەرگیری کردوەو منیش لەوێ لەدایکبوم و دەستم کردوە بەخوێندن و زۆر شارو جێگە گەڕام تا بومە مامۆستا ساڵی1957 لە یاخسەمەر بومە مەلا. لە زۆر مزگەوت بومەتە مەلاو تا ساڵی2005 خانەنشین کرام. لە 1995تا2008لە مەدرەسەی شافعی مامۆستا بو، ئەندامی لیژنەی فەتوای سلێمانیم. سوپاس بۆ خودا.

## 20- دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ شێخ محی الدینی شێخ عزالدین نەقشبەندی پیرخدری:

دۆستایەتیمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ محسین و حاجی سەید عمر لەگەڵ شێخ عیز الدین و شێخ فخر الدین و شێخ محی الدینی چەم پاراو هەر لەو سەردەمەوە دەست لە ناو دەست هاوکار و پاڵپشت بۆ یەکتری کاریان بۆ پێشخستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کردووە و کە تا ئیستاش بەردەوامە.

شێخ محی الدین لەخانەوادەیەکی عاریف و خاوەن خانەقا لە1931لە گوندی چەمپاراو لەدایکبوە. سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی بوە. چەندین مامۆستا بە

شارەزابونی لە دین و ژینیەوە ماندوبون. 1956ئیجازەی مەلایەتی لە مەلا عبدالكريمى مودەریس لە مزگەوتی حاجی حان وەرگرتوە. لەگەڵ باوکیدا سەرقاڵی شەریعەت و تەریقەت دەبن. کەسێکی خاکی و واریع بوە، لەگەڵ خزمانی(بۆسکان) هاوسەرگیری کردوە(2کوڕو1کچ)ی بوە. دەستێکی باڵای هەبوە لە شیعر نوسینداو زۆربەی بەرهەمەکانی هۆنراوەبون و زیاتر لە(10)بەرهەمی چاپنەکراوی هەیە. لە 2009/6/17بەپەستانی خوێن لە سلێمانی وەفاتی کردو لە گوندی (چنارە) بەئەمانەت نێژراو دوای(4)ساڵ بۆ گوندی(شێخ مەلا عبدالقادری نەقشبەندی)گواسترایەوە. لە زۆربەی وڵاتانی هەندەران و دراوسێمان پرسەی بۆ دانرا. درود بۆ رۆحیانەتی خاوێنی تا وەفاتی کرد نەسرەوت.ئێستاش خاڵ شێخ بهاوالدین کوڕی جەنابی شێخ بوەوەتە شوێنگرەوەی سوپاس بۆ خوا. وە توانیویەتی برەو بە رێگەی باوکی بدات.

**21- دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ حاجی شێخ قادری کەسنەزانی:**

رابەری تەریقەتی(قادری) 1937لە کربچنە لەدایکبوە، لەسەر دەستی باوان و کەسانی ناو تەکیەکەیان فێری خوێندن و نوسین و خوداناسی بوە. هاوشانی باوکی ئیرشادو تەریقەتی کردوە، لەگەڵ شێخانی بەرزنجە هاوسەرگیری کردوەو(8کچ و 4کوڕ)ی بوە، لەچەندین شوێنی کوردستان تەکیەو خوێندنگەی کردۆتەوەو چەندەها خەڵك سودمەندبوون لێوەی.

2015/12/29وەفاتی کردو لە زێدی منالّی نێژرا. ئێستا (شێخ ئاسەف)ی کوڕی لە سلێمانی لە جێگەی باوکی میوانداری خوداناسان دەکات. سڵاو لەو رۆژەی تێیدا لەدایك بوی، سڵاو لەورۆژەی تێیدا وەفاتت کرد، سڵاو لەو رۆژەی تێیدا زیندو دەکرێتەوە.

**22– دۆستایەتیمان لەگەڵ بنەماڵەی سەید محمدی خڕنوك و نەوەکانی**

پەیوەندی نێوان ساداتی گاپیلۆن و سید محمدی سید عبدالرحمن خڕنوکی پیرخدری سید محمد سید عبدالرحمن سید حمە علی کە هاوشانی حاجی شێخ جەلالی گاپیلۆنی

زیاتر لە 15 کەسایەتی ناوداری سادات یەکبوون لە دەستەی دامەزرێنەری مەڵبەندی ڕۆشنبیری و سادات ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە کۆکردنەوە کۆبوونەوەکان بو کوردنەوە و ناساندنی ساداتی پیرخدری کە جەنابیان سەرەڕای پەیوەندی ئامۆزای و خزمایەتی لە ڕووی ڕوحی و لە دێر زەمانەوە تا ئێستاش پەیوەندیەکی تۆکمەیان لەگەڵ بنەماڵەکەماندا هەیە و ئینشائەڵڵا تا قیامەت و سەر حەوزی کەوسەریش بەردەوام دەبێت سید محمدی خڕنوکی لە ساداتی بەڕێز گوندی خڕنوکن کە زیاتر لە سەد ماڵ دەبن و ئەوانیش بە ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر سید محمودی کوڕی سید محمدی زاهیدی پیرخدری نازناویان ساداتی زاهیدە و جەنابیان یەکێکە لە ناوداران و کەسایەتی یەکی کۆمەڵایەتی ناوچەی پێنجوێن و شارەزوور و لە ئێستادا دانیشتوی شاری سلێمانیە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تەواوی بنەماڵە و عەشیرەت و زۆرێك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە و هەمیشە دەم و دەستیان لە کاروباری خێر و چاکە خوازیدا هەیە سید محمدی خڕنوکی دوای بەچاپ گەیاندنی چەندین کتێب و نامیلکە لەسەر بنەماڵەی ساداتی پیرخدری لە ڕووی مادديەوە شەرەفی یەکەم کۆبوونەوەی بنەماڵەکانی ساداتی پیرخدری شاهۆی لە چەمی ڕێزان پێ بەخشراوە لەسەر ئەرکی خۆیان و خزمانیان کۆکردەوە بڕیاری ئەوە دراوە کە هەڵسن بە دانانی مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی کە زیاتر لە 300 کەسایەتی و ناودار و مامۆستایانی ئاینی و نوسەرانی سادات تێدا ئامادەبوون....

جەنابیان لە ئێستادا درێژە پێدەری خزمەت و کاروچالاکی ساداتی پیرخدری لە کوردستانی گەورە و عێراق دا و هەمیشە خۆی و کوڕ و بنەماڵەکەیان لە خزمەتی خزمەت کردنن بە خزمایەتی و خودای گەورە سەربەرز و دیندار و ڕێزداریان بکات، وە یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی شێخ بورهان نوێنەری ڕەسمی بنەماڵەکەیانە لە مەڵبەندی

ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری و خزمەتێکی باش و بەرچاو بەو جێگە پیرۆزە دەکەن.

## 23- پەیوەندی نێوان حاجی ملا محمودی گەورەی گاپیلۆن و شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن:

پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان ملا محمودی گەورەی گاپیلۆن و شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی خواناسی و دۆستانەی پاك و بێگەرد و خۆشەویستی هەبووە لەبەینی ئەو دوو بنەماڵەداو هاموشۆو تێکەڵی و سەردان لەبەینیاندا نەپچڕاو بووە. کاتێ حاجی ملا محمود لە گاپیلۆن جێنشین بووە بۆتە مەلای گوندی گاپیلۆن لە ساڵانی 1897ز شێخانی چۆخماخ ناسراوترینیان شێخ محسین وە حاجی سەید عومەرو مامەکانی ئەوانیش نیشتەجێی گوندی چۆخماخ بوون و وە هەر ئەوانیش مەلا گوندەکە بوون و لە هەمان کاتدا خاوەن تەکیەو خانەقا بوون و ئیرشادی شێخایەتیان کردووە. هەر لەو کاتەدا پەیوەندی لەبەینی ئەو دوو بنەماڵەدا دروست بووە لەسەر ئەساسی خواپەرستی و لەبەرخوایی و خۆشەویستی دین و دراوسێیەتی دوو گوندەکەوە هاموشۆو سەردان کردنی یەکتری.

هەر ئەوەش بووە کە شێخ محسین حەزی کردووە بێتە گوندی گاپیلۆن و بەهۆی دۆستایەتی زیاتری لەگەڵ حاجی مەلا محمود هاوکاری زیاتری بۆ کراوەو هاتۆتە گوندی گاپیلۆن و تەکیەو خانەقای دروست کردووە دەستی بە ئیرشادی شێخایەتی کردووەو لە هەمان کاتیشدا حاجی مەلا محمود وەك ئیمام و خەتیبی گاپیلۆن تەدریس و حوجرەی بەڕێوە بردووەو فەقێ و قوتابی باشی هەبووە. وە شێخ محسین کۆمەڵێك لە خزم و برازاکانی هێناوەتە گاپیلۆن لەوانە: حاجی سید عمر و حاجی شێخ مستەفا وە حاجی سەید عمر دوای کۆچی دوایی شێخ محسین بۆتە جێگرو بەڕێوەبەری تەکیەو خانەقاو ئیرشاد کردنی سنوورەکە. ئەم پەیوەندی و دۆستایەتیەی بنەماڵەی شێخان و حاجی مەلا مەحمود پتەوتر بووەو شۆڕبۆتەوە بۆ کوڕو نەوەکانی.

دوای کۆچی دوایی ملا محمود حاجی ملا عبداللە ی کوڕی بۆتە ئیمام و خەتیبی گاپیلۆن

و لەگەڵ حاجی سەید عمر دۆستایەتی و پەیوەندی بەتینیان هەبووە. تاکو منالەکانیان شیری خێزانەکانیان دراوەتێ بە منالّی یەکتری. بۆ نمونە حاجی شێخ ابراهیمی حاجی سەید عومەر شیری خێزانی حاجی مەلا عبداللە ی خواردووە. وە عەبدولرەحمان ملا عبداللە شیری خێزانی حاجی سید عمری خواردووە. وە ئەم پەیوەندییە شۆڕبۆتەوە بۆ خوارەوەو بۆ نەوەو وەچەکانیان تاکو ئێستاش سوپاس بۆ خوا هەر ماوەو بگرە خزمایەتی ژن و ژنخواستن لە بەینیاندا هەیە.

کاتێك حاجی ملا محمود ملا عبداللە نەوەی ملا محمودی گەورە نەخۆش بوو یەکێك لە وەسێتەکانی ئەوە بوو بۆ کوڕەکانی کە پێ لەو شێخانە مەبڕن و سەردان و دۆستایەتی نەپچڕێنن چونکە ئێمە لە باووباپیرانمانەوە دۆست و خۆشەویستی یەکتر بووین و زۆر هاوکاری یەکتر بووین.

## 24– دۆستایەتی حاجی سەید عمر لەگەڵ مامۆستا ملا مارفی ژاژڵێ:

سەرەتای دۆستایەتی ئەم دوو زاتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوێندنی فەقێیەتی کە لە وێستگەیەکی خوێندندا پێکەوە بوون لە گوندی گەلاڵە لەلای مامۆستای گەورە دوای تەواو کردن و گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، مامۆستا ملا مارف دەبێتە ئیمام و خەتیب لە گوندی ژاژڵێ، دانیشتوانی ئەم گوندە دۆستایەتی و خۆشەویستیەکی تایبەت و ڕۆحیان هەبووە لەگەڵ ساداتی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن لەو سەردەمەداو بەتایبەتیش حاجی سەید عمر کە هەرکات دەچووە ناوچەکە بۆ ئیرشادات جەنابی مامۆستای لەگەڵ خۆیدا دەبرد.

ناوی تەواوی ملا مارف ملا علی ملا محمد چاوماری ساڵی 1900 لە گوندی ژاژڵێ چاوی بە ژیان هەڵهێناوەو سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی و مامۆستا حەسەن برا گەورەی بووە، دوایی بۆ خوێندن زۆر شوێنی تر گەڕاوە چۆتە ئێران و دوایی گەڕاوەتەوە بۆ گەلاڵە لەلای شێخانی عەوالآن خوێندوویەتی، تا کۆتا جار ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت یەکەمجار لە گوندی ئاوەکورتێ دەبێتە مەلا و دوای وەفاتی ملا حسنی برای دەگەڕێتەوە گوندی ژاژڵێ تا ڕاگواستنی لادێکان پاشان ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات و لە ساڵی 1986 وەفات دەکات و دەگەڕێتەوە لای خوای پەروەردگار.

## 25- دۆستایەتیمان لەگەڵ بنەماڵەی ملا سەید عبدالواحید نەوەکانی

دۆستایەتیمان لەگەڵ ئەم بنەماڵە بەڕێزە لە دێر زەمانەوە بەردەوامە سوپاس بۆ خوای گەورە بنەماڵەی ملا سید عبدالواحدی پیرخدری باینچۆیەوە باوکی ملا سید عابد و ملا سید علی وتاربێژی مزگەوتی شێخ عبدالقادری چوێسەوە. ملا سید عبدالواحد پێنج برای هەبووە مەلا سید عبدالوهاب ملا سید عبدالرحمن ملا سید عبدالرحیم ملا سید عبدالکریم ملا سید عبدالصمد هەر شەشیان مێزەر بەسەربوون لە میحرابا بوون وە هەر شەشیان باوکی خۆیان ملا سید مجید مێزەری بەستووە بەسەریانەوە ملا سید

عبدالوهاب باوکی ملا سید أحمدی هەولێرە مەلا سید عبدالواحد برا گەورەیان بووە. سێ کوڕی هەبووە ملا سید عابد مەلا سید صدیق مەلا سید علی سید عابد پێشنوێژی مزگەوتی شێخ ڕەزای دێلێژە، مەلا سید علی وتاربێژی مزگەوتی شێخ عبدالقادری چوێسە پێش نوێژ ئیمام لە مزگەوتی عثمان ئاغا بەڵام بە ویستی خوا مەلا شێخ صدیق لە 1980/1/1 بە حادیسەی سەیارە وەفات ئەکا. سوپاس بۆ خوا سێ کوڕی مەلا سید علی ئیمام و خەتیبن مەلا سید یادگار لە قەیوان ستی ملا سید بیلال لە بەرزاییەکانی سلێمانی، مەلا سید ئارام پێشنوێژ لە عثمان ئاغا، دیسانەوە سوپاس بۆ خوا مامۆستا ڕاستگۆی کوڕی مامۆستا یادگار ئەویش وتاربێژ و پێشنوێژە لە مزگەوتی بەرزاییەکانی قەیوان.

جێگای باسە حاجی مەلا سید عبدالواحد وەسیەتی کردووە لەنەوەکانیدا نابێ ئیمام و خەتیبی لێ ببڕێ.

تێبینی:

بۆ وەفاتی شێخ صدیق مەلا عبدالکریمی مودەڕیس بەنامەیەك ماتەمینی خۆی دەرئەبڕێ بۆ مەلا سید عبدالواحد بۆی ئەنوسێ بە شیعر

نازانم بەکام سەرنوکی خامە بۆ تۆی بنوسم تەعزیەنامە

کوڕی تۆ نەبوو قوربان بەتەنها کوڕی منیش بوو صدیقی وریا

بەڵام ئیرادەی خواوەند وابوو ڕووناکی صدیق لێمان ئاوابوو

قوربان بەو خوا زانا و دانایە بە ئیشی عالەم تەواو ئاگایە

ئێشی ڕووداوی صدیقی نازدار بۆ پەڕەیی دڵم بوو بە وێنەی نار

لەم قەزا غەیری ڕەزامەندیمان چارنیە لەسەر ئوصولی ئیمان

مادام ئیرادەی خواوەند وایە وتاری ئێمەش إنا لله یە.

م: عبدالکریم مدرس

لەپیری گەیلانی 1980/1/6

## 26- دۆستایەتیمان لەگەڵ شێخ مطلیب بەردەزەردی نەوەکانی

بنەماڵەی حاجی شێخ ڕەشیدی قوتابیانی بە ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر سید محمدی مدنی کە دەکاتە باوکی ناسراو بە باپیرە شێخ ئیبراهیمی بەردەزەرد، ئەم کەسایەتی یە بەرجەستەیە کە لە حیجازەوە بەرەو زێدی خۆی لە شاربازێڕ دەگەڕێتەوە و لەسەردەمی پاشانشینی بابانەکاندا دێتە قەلاچوالان و نیشانەی وەرع و تەقوا و نورانی یەکەی دەبێتە هۆکارێك بۆ خۆ لێ نزیك کردنەوە و دواتر بەخشینی گوند و خاك و زەوی پێویستە کە بەردەزەرد دا جێگیر دەبێ لەلایەن پاشای بابانەوە پێی دەبەخشرێ.

لە نەوەکانی ئەم زاتە شێخ أحمد وەك کەسایەتیەکی خوێندەوار پەیدا دەبێ و قوتابخانەیەك لە نزیك بەردەزەردەوە بنیاد دەنێ و دەبێتە ڕووگەی فەقێ و زانایانی ناوچەکە و تەنانەت ئێران و ئەفغانستان و شوێنی دیکەش، گەلێك لەوانە خوێندنی بنەڕەتی ئاینی و سرشوتی لەو قوتابخانەیە تەواو دەکەن و ئەو شوێنەش دواتر دەبێتە گوندی قوتابیان، خەڵکی شاربازێڕ گەواهیدەری ڕۆڵی بنەماڵەی شێخانی قوتابیان و بەردەزەردن و کەڵەپیاوی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە وەك حاجی شێخ ڕەشیدی قوتابیانی و شێخ فەرەجی بەردەزەردی، ئەم بنەماڵەیە هەمیشە وەك چرایەکی گەشی ناوچەکەبوون لە شین و شادی یا هاوبەشی گوند و ناوچەکانی دەوروبەربوون و لەگەڵ شێخانی کارێزە و خێوەتە و قەیوان و چۆخماخ دا باشترین هەماهەنگی یان بووە

لە ئێستادا کاك شێخ مطلب کوڕەزای حاجی شێخ ڕەشیدە و چەتری مەردایەتی لێ هەڵکردووە و نەیهێشتووە تروسکایی چرای بنەماڵەکەی خامۆش بێت و وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە بەهانای زۆرێك لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی هاوڵاتیانە و لە هەر شوێنێك پێویست بکات ئەو لە دیوەخانەکەی خۆیدا لە گوندی قوتابیان و بەردەزەرددا

**هەمیشە شەو و ڕۆژی لەسەر یەك داناوە و بەدەر لە حەسانەوەی خۆی و خانەوادەکەی، هەمیشە میوان جمەی دێ لە لانەی ئەم کەسایەتیە بەرچاوەدا.**

**کاك شێخ مطلب ڕۆڵی سەرەکی لە ئاشتەوایی خێڵ و عەشیرەتە ناکۆکەکاندا گێڕا و سەدان کێشەی بەباشی یەکلاکردۆتەوە، لەسەر ئەرکی خۆی بێ بەرامبەر.**

## 27- دۆستایەتیمان لەگەڵ بنەماڵەی حاجی شێخ کەریمی گەنکاوە

**بنەماڵەکەی دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی حاجی شێخ کەریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1900 بەدواوە لە سەردەمی حاجی سەید عومەر و حاجی شێخ محمد. هەر لەو کاتەوە دۆستایەتی و هاتوچۆ لەنێوان هەردوو بنەماڵەدا هەیە. لە دوای وەفاتی حاجی شێخ کەریم دۆستایەتی لەگەڵ خزمانی کوڕانی بەردەوام بە تایبەتی کاك شێخ عومەری کوڕی کە کەسایەتیەکی دیار و ناوداری ناو بنەماڵەکەیانە خزمەتێکی باشی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا جەنابیان یەکێکن لە دامەزرێنەرانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری ساداتی پیرخدری و چالاکی باشی هەیە لە خزمەتی بنەماڵە بەڕێزەکاندایە.**

**حاجی شێخ کەریم کوڕی شێخ ئیسماعیلی کوڕی سەید مەعروف دەچنەوە سەر سەید مەعروف کە لە گوندی باسنێ دانیشتووە. حاجی شێخ کەریم نزیکەی 70 ساڵ لەمەوبەر دەچێتە گوندی گەنکاوا لەوێ نیشتەجێ دەبێت و بەشێکی زۆری گوندەکە دەکرێتەوە یەکێك بووە لە پیاوە دیارەکانی سەردەمی خۆی، دۆستایەتی لەگەڵ شێخ محمودی نەمر هەبوو بەشداری شەڕی ئاوباریکی کردووە، دایم لەگەڵ چینی فەقیر و هەژار بووە دژایەتی چینی زاڵمی کردووە لەدوای وەفاتی خۆی کاك شێخ عومەر لەشوێنی دیاریکراوە.**

## 28- دۆستایەتیمان لەگەڵ ساداتی باخ بە تایبەتیش بنەماڵەی کاك شێخ علاء الدین

هەر لەسەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە تێکەڵاوی و دۆستایەتیمان بووە. هەر لە سەردەمی شێخ سعد و خزمانی سوپاس بۆ خوای گەورە کەسی دیار و ناوداری ناوچەی خۆیانن، دایم لە خزمەتی چینی فەقیر و هەژاراندا بوون خزمەتیان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کردووە لەسەرەتای دوو هەزارەکاندا لە کاتی دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری ئەو دۆستایەتیە درێژەی کێشاوە بە تایبەتیش لەگەڵ کاک شێخ علاء الدین باخ کە نوێنەری ساداتی باخ و ئەندامی دامەزرێنەری مەڵبەندە.

## سەرەتایەك بۆ دروست بوونی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری

چاوێك بە مێژووی ڕابردوومان بخشێنین بنەماڵەی ساداتی گوندی چۆخماخ كە هەر لەسەرەتای سالآنی 1850 بەدواوە تێكەلآوی هاتوچۆی گەرمی خزمایەتی بەجێ هێنانی سیلەی ڕەحم، بەشێك بووە لە هەرە كارە لەپێشینەكانی ئەم بنەماڵەیە، بە حوكمی شارەزابوونیان لە دین، هەر لە شێخ عبدالقادری باپیرە گەورەمان دوای ئەویش (حاجی شێخ محسین و حاجی شێخ عبداللطیف، حاجی شێخ محی الدین و شێخ أحمد) گرنگی تەواوی پێدراوە لە دوای وەفاتی ئەوانیش كە حاجی سەید عومەر بۆتە جێگەداری ئەو بازنەی خزمایەتیەی فراوان كردووە كە چۆتە هەریەك لە وڵاتانی سوریا و حیجاز و ئێران، كە كۆمەڵێك لە ئامۆزایانمان لە نەوەكانی حاجی شێخ عبدالله ی كوڕی شێخ ئیسماعیل عەوالآن لە وڵاتانە نیشتەجێ بوون، نامە گۆڕینەوە و سەردانیان بووە كە بەشێك لەو نامانە لەبەردەستان مێژووەكەیان ئەگەڕێتەوە بۆ سالآنی 1920 لەدوای ئەوەش برەوی پێدراوە چین لەدوای چین بۆیە هەر لەو كاتەوە سەردان و خزمایەتی و هاتوچۆی گەرم لە نێوان ئێمە و هەموو بنەماڵە بەڕێزەكاندا بوو. بەتایبەتیش ئامۆزایانمان لە ساداتی پیرخدری شاهۆ. لەسەرەتای دوو هەزارەكاندا دوای چەند ڕاو بۆچوون گۆڕینەوەیەك لەنێوان بنەماڵەی ئێمە و بنەماڵەی ساداتی خڕنوك و ساداتی عەبدالآن ساداتی گەورە دێ و گەنكاوە. هەندێك لە ساداتی پێنجوێن، چەرچەقەلآ و باخ و بێ لەنگە و براهیما و بانی مۆرد و، ساداتی توركە و ساداتی دووز چەند بنەماڵەیەكی تر كە ئەو بۆچونە گەلآڵەبوو كە بیر لەوە بكەینەوە، كە مەڵبەندێك یان سەنتەرێك

دابمەزرێنین تا زیاتر برەو بە خزمایەتی و لێك نزیکبوونەوەی زیاتر بدەین لەو کاتە بەدواوە، لەدوای چەندین دانیشتن و هاتوچۆ یەکەم دانیشتنی جەماعی لە شاری کەرکوك لە ماڵی سەید بلال ڕێکخرا کە دەعوەتی زۆربەی ئامۆزایانی کرد کە نزیکەی سەد نەفەر ئەبوون، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2004 بۆ 2005، لەدوای ئەوەش کۆبوونەوەیەك لە ماڵی حاجی شێخ طاهیری باخ کرا. لەوێش بڕیاردرا دەعوەتێك سازبکرێت لەلایەن شێخ علاء الدین باخ لە 2005/7/25، لەوێ نزیکەی 24 نەفەر وەك نوێنەری هەندێك بنەماڵە دیاریکران کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان:

1) حاجی شێخ جلال گاپیلۆن، 2) مامۆستا شێخ علاء الدین بانی مۆردی 3) مامۆستا شێخ حسێن دەربەندیخان 4) مامۆستا سەید علی سەید عبدالواحد 5) شێخ خالید خولەسور 6) شێخ عوسمان شێخ مارف 7) حاجی شێخ محمد خەرنوکی 8) شێخ کمال گەورەدێ 9) شێخ عزیز موفتی 10) شێخ عومەری گەنکاوە 11) شێخ علاء الدین باخ 12) شێخ تەیب برایماوا 13) شێخ عطا تورکە 14) شێخ محمد جمال کەرکوك 15) شێخ حمە سید گەرمکی 16) شێخ محمد چەقالاوا 17) شێخ عابد ڕەشەکانی 18) شێخ طە سید علی و هەندێکی تریش.

لەدوای ئەوە لە ماڵی حاجی شێخ جلالی گاپیلۆنی لە گۆیژە دانیشتن کرا باس لە کردنەوەی مەڵبەند کرا سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە بنەماڵەکان کە ڕایان لەسەر کردنەوەی مەڵبەند نەبوو چونکە ئەیان وت لەوانەیە نەتوانین ئەو ئەرکە داراییە جێبەجێ بکەین لەو کاتەدا، بەڵام سەرەنجام دوای چەندین بڕیار و ڕاگۆڕینەوە بڕیاردرا کە بینایەك بۆ مەڵبەند بگرین هەر لەوێش حاجی شێخ محمد بڕیاری دا دەعوەتێك ڕێکبخات لە چەمی ڕەزان لە 2006/4/8) لە دەعوەتەکەی چەمی ڕەزان

بڕیاردرا کە بینای مەڵبەند بگرن و هەر ڕۆژەو چەند کەسێك لە بنەماڵەکان لەوێ بن وەك سەرە بۆئەوەی مەڵبەند چۆڵ نەبێت دوای چەند ڕۆژێك لە دەعوەتی چەمی ڕەزان بینایەك لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی بەکرێ گیرا بۆ مەڵبەند لەلای ماڵی حاجی شێخ تەیب برایماوای، زۆرێك لە خزمان ئامادەی پاککردنەوە بوون وەك مامۆستا شێخ علاء الدین و شێخ عوسمان خڕنوك، شێخ علاء الدین باخ، شێخ نوری، شێخ عومەری گەنکاوە، شێخ عبداللە، شێخ کەمال گەورەدێ، شێخ عوسمان خان، چەنێکی تریش، دوای ئەوە بینای مەڵبەند حازرکراو دەوامی تیا کرا، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا هیچ بودجەیەکی نەبوو هەریەك لەو بنەماڵانە مانگانە بڕی 500 دیناری سویسریان ئەدا تا کاری مەڵبەندی پێ بەڕێوەبەرن، نزیك سێ ساڵ ئاوا بەردەوام بوو، لەو کاتەدا هەندێك قەرزار بوو بوو، بۆیە بڕیار درا لیژنەیەك لە چەند کەسێك پێك بهێنن و سەردانی چەند کەسایەتیەکی حوکمی و حیزبی بکرێت.

لیژنەکە پێکهاتبوو لە شێخ علاء الدین باخ، شێخ محمد چەقاڵاوا، شێخ عابد ڕەشەکانی، شێخ لەتیفی باخچە، کە شێخ لەتیف لەبری شێخ طە ی سەید علی دانرا، یەکەم سەردان بۆلای حمەی فەرەج بوو کە ئەو کاتە یاریدەدەری سکرتێری یەکێتی بوو، بەڵام هیچ ئەنجامی نەبوو، دوای لە ڕێگەی کاك شێخ طە سید علی دەعوەتێك ڕێکخرا لە ماڵی شیروانی سەید عبدالرحمن باخچە، کە بڕیاری دا 50 گەڵا بداتە مەڵبەند لەگەڵ دوو تاقم قەنەفە کە لەو کاتەدا زۆر بوو کارئاسانی کرد بۆ چوون بۆلای وەزیری ڕۆشنبیری ئەو کاتە کە فەلەکەدین کاکەیی بوو ئەویش بڕیاریدا کە مانگانە بڕیی (1250000) ملیۆنێك و دوسەد و پەنجا هەزار بە مانگانە بدرێتە مەڵبەند.

دوای ئەوە لیژنەکە سەردانی حاکم قادریان کرد کە ئەوکات سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو ئەویش بڕیاریدا کە پارچە زەویەك بداتە مەڵبەندەکە بڕەکەی 450 مەترە.

دوایی سەردانی بەڕێز مام جەلال کرا لە تەلاری هونەر ئەویش بڕیاریدا 14 دەفتەر بدرێتە مەڵبەند لەگەڵ چەند کۆمپیوتەر و پێداویستی تر و چەند کەسێکی لە پاسەوان و چایچی دامەزراند.

دوای سەردانی کاك مەسعود ئەویش بڕیاری دا کە 10 دەفتەر بداتە مەڵبەند بۆ دروستکردنی. ئەوەی کە مایە بە هاوکاری خزمان دروستکراوە نزیکەی 60 دەفتەری تێچووە.

دوای ئەوە مەڵبەند لە بەرواری (2006/5/18) سەنتەر کرایەوە لە دوای ئەو بەروارە بە هەوڵی ئەندامان گۆڤارێك دەرکرا بەناوی گۆڤاری شاهۆ کە سەرنوسەرەکەی سەید حەمید گەرمکی بوو لەگەڵ ستافێکی ماندوونەناس. هەر لەو کاتەوە لە مەڵبەند زۆر کاری خێرخوازی و کۆڕ و مێزگرتن ئەنجام دراوە. بێ جیاوازی، منالآن، گەنجان، خانمان، پیاوان، ڕۆشنبیر و پارێزەر و شاعیران و مامۆستایانی ئاینی و پێشمەرگە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. بێ جیاوازی.

لێرەوە بەباشی دەزانم ناوی ئەو کەسانە بێنین، کە ماندووبوون لە دامەزراندنی ئەم مەڵبەندەدا وەك دەستەی دامەزرێنەر ئەوانیش بەڕێزان: 1) حاجی شێخ جلالی گاپلیۆن 2) مامۆستا شێخ علاء الدین بانی مۆرد. 3) شێخ عومەری گەنکاوە. 4) مامۆستا سەید عەلی سەید وەهاب. 5) شێخ علاء الدین باخ. 6) کاك شێخ طە سەید نوری. 7) مامۆستا شیچخ حسین دەربەندیخان. 8) کاك شێخ خالید شێخ محمود. 9) کاك شێخ عوسمان شێخ مارف. 10) کاك شێخ محمدی خڕنوك. 11) کاك شێخ کەمالی گەورەدێ 12) کا شێخ هۆگری موفتی. 13) سەید حەمید گەرمك 14) شێخ محمد جمال. 15) مامۆستا سەید ئارام گەورەدێ.

ئەم بەڕێزانە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی پیرخدری شاهۆین.

سوپاس بۆ خوای گەورە ئێمە وەك بنەماڵەی ساداتی چۆخماخ تێکەڵی و هاتوچۆی باشمان لەگەڵ هەموو ئامۆزایانمان هەیە هەر لە پێش دروستبوونی مەڵبەندەوە شەرەفی ئەوەشمان پێ بڕاوە کە یەکێك بوین لەوانەی هۆکاری کۆکردنەوە و بەیەك ناساندنی ئامۆزایانی ترمان بوین، تا کار گەیشتە ئەوە بتوانین ئەم مەڵبەندە دابمەزرێنین.

ناوی بنەماڵەکانی سادات واتە ئامۆزایانمان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەپێی توانا هەندێك لەوانە ئاماژە پێدەکەین:

1) شێخ ئاسۆی شێخ نوری، ساداتی بێلەنگە.
2) شێخ طیب محمد ڕەشید، برایماوای بازیان.
3) شێخ جەلال شێخ مصطفی، ساداتی سیرین.
4) شێخ جەمال شێخ حسن، ساداتی سیرین.
5) مامۆستا شەماڵ موفتی، ساداتی موفتی.
6) شێخ عومەر شێخ کەریم، ساداتی گەنکاوا.
7) شێخ علی شێخ رضا، ساداتی باسنێ.
8) شێخ کەمال شێخ خالید، ساداتی گەورەدێ.
9) شێخ علاء الدین شێخ عەبدول، ساداتی باخ.
10) شێخ بهاء الدین شێخ عبدالکریم، ساداتی عەوالان.
11) مەلا شێخ حسێن گەرمك، ساداتی نەوتی قەرەداغ.
12) شێخ ئارام شێخ عومەر، ساداتی زید عمر.
13) شێخ خیرالله سید عبدالله، ساداتی عەربەت.

14) شێخ عوسمان مارف مەڵبەند، ساداتی بانیمۆرد.

15) شێخ علاء الدين شێخ رضا، ساداتی بانی مۆرد.

16) شێخ عبدالعزيز شێخ عبدالرحمن، سادتی موفتی.

17) شێخ دارا شێخ محی الدين، ساداتی ڕەشەکانی.

18) شێخ عادل شێخ محمد، ساداتی شابەدین.

19) شێخ محمد شێخ عبدالرحمن، ساداتی خڕنوك.

20) شێخ جلال شێخ فەرەج، ساداتی ئێناخی.

21) بەختیار حاکم شێخ لەتیف، ساداتی تەکیە ڕووتە.

22) شێخ صالح ملا شێخ طاهر، ساداتی ئۆغریجە.

23) شێخ عارف شێخ أحمد شێخ قادر، ساداتی چەقلاوا.

24) حاجی شێخ جلال محی الدين، ساداتی گاپیلۆن.

25) شێخ لەتیف شێخ ڕەئوف، ساداتی کەوانەدۆڵ.

26) شێخ عبدالعزيز عبدالرحمن مفتی، سلێمانی.

27) شێخ شەماڵ شێخ عبدالرحمن مفتی، سلێمانی توی مەلیك.

28) شێخ محمدی بانی مۆردی سەنگاوی، کەرکوك.

29) سید بلال سید هادی پیرخدری، کەرکوك.

30) شێخ مستەفا شێخ نوری، سلێمانی.

31) شێخ ڕەحمان حاجی شێخ حسن، سیرینی.

32) سید علی سید حمه صالح میراولی، هەڵەبجەی شەهید.

33) سید أحمد سید حسن میراولی، هەڵەبجەی شەهید.

34) سید ڕەحیم عبدالكريم أحمد، بازیان/ چۆڵمەك.

35) سید جواد سید نوری سید صالّح، کەرکوك، ئیسکان.

36) سید حیدر سید حمید سید محمود، کەرکوك/ دوز.

37) سید محمود سید کەریم سید حمید، گەرمك/ دوز.

38) سید ولی سید محمد سید عبدالله، گەرمك/ دوز.

39) سید عطار حاجی سید أحمد مۆرتکە، کەرکوك/ تەپە.

40) سید جبار سید أحمد/ سیرین، سلێمانی هەواری تازە.

41) سید عومەر سید کەریم/ گەنکاوە، سلێمانی/ مامۆستایان.

42) حاجی مەلا شێخ محمد گاپێلیۆن، سلێمانی/ زەرگەتە.

43) کاك شێخ عوسمان، سلێمانی.

44) شێخ فاضل شێخ ڕەزا، بازیان.

45) حاجی شێخ علی شێخ کەریم/ چەقلاوە، سلێمانی/ چەقلاوە.

46) شێخ محمد شێخ محمود، سلێمانی.

47) شێخ محمد شێخ حسین شێخ نوری، زێوەمەر/ قەرەداغ.

48) شێخ بروسك شێخ ئارام، سلێمانی.

49) شێخ بابە شێخ حسن شێخ نوری، گوندی زێوەمەر.

50) شێخ جمال شێخ سلام سید محمد، گوندی تورکە.

51) سید عزالدین سید محمد، گوندی تورکە.

52) م/ محمد سید طە علی، هەولێر/ گوندی چاڵە گردە.

53) سید حاتم سید عبدالله عمر، هەولێر/ گوندی ئازیانە.

54) سید عبدالله صفا خانە، ساداتی سەفاخانە.

55) شێخ صالّح شێخ نوری، ساداتی گورگەیەر.

56) شێخ حمە ئەمین پێنجوێن، ساداتی حاجی مامند.

57) مامۆستا سید علی عەبدول واحید، ساداتی باینچۆ.

58) شێخ عبدالله عەبدول ڕەحمان، ساداتی باخ.

59) مامۆستا کەمال نۆدێ، ساداتی نۆدێ.

60) شێخ محمود شێخ عەبدول کەریم، ساداتی بانیمۆرد.

61) شێخ سعید عبدالله، ساداتی چمە بسم الله.

62) سید جوامێر ساداتی جل بەسەر، ساداتی جل بەسەر.

63) سید کیهان ئێناخی، ساداتی ئێناخی.

64) شێخ ئەحمەدی چنارە، ساداتی چنارە.

65) ملا شێخ محمد حسن، ساداتی چنارە.

66) شێخ ئەحمەد بنەماڵەی شێخ، ساداتی گورگەیەر.

67) مستەفای خەرقەڕەش

68) شێخ قادر فتاح، ساداتی سەرزەل.

69) شێخ عوسمان کەریم، ساداتی توتمان.

70) شێخ سەلام ڕەشەکانی، ساداتی ڕەشەکانی.

71) کاک شێخ دارای حەفید، ساداتی بەرزنجە.

72) کاک فوڕات حەرەس، حەرەسی مەڵبەند.

73) مامۆستا شێخ عومەر سید قادر، ساداتی باخچە.

74) سید شاهۆ شێخ عوسمان، ساداتی باخچە.

75) کاک شێخ حسێن چنارە.

76) کاک شێخ طاهیر چنارە.

77) کاک شێخ مهدی.

78) شێخ عبدالله محمد خڕنوك.

79) شێخ ئیبراهیم دەروێش.

80) سید عبدالله سید أحمد سید حمید، دووز/ خورماتوو.

81) سید هیوا سید أحمد سید محمد، دووز/ خورماتوو.

82) سید نجیب ئاوارە بارام/ ئێناخی، هەڵەبجەی شەهید.

83) سید طە سید علی/ باخچە، سلێمانی/ سەربەرزی.

84) سید تارق سید محمود، دووز، خورماتوو.

85) م. سید عومەر شێخ مەعروف، سلێمانی.

86) هیوا شێخ مستەفا کۆیك، بازیان/ ئەڵلآیی.

87) سید هاشم سید حسن/ گەراوی، کەرکوك.

88) سید محمد سید علی عەزیز، کەرکوك/ گۆپتەپە.

89) سید محمد داود المفرجی، کەرکوك/ قیبلە أبو مفرج.

90) سید إحسان سید أنور قادر، کەرکوك/ المصلی.

91) سید أیوب سید حسن سید ئیسماعیل، کەرکوك/ الماس.

92) محمد شێخ قادر ڕەشید، سلێمانی/ توی مەلیك.

93) شێخ ئەنوەر شێخ عبدالله، مۆرتکە/ بازیان.

94) حاجی شێخ بەهادین، زەرزی/ عەوالآن.

95) شێخ محمود شێخ عبدالکریم بانی مۆردی، سلێمانی/ بەختیاری.

96) شێخ ئومێد حاجی شێخ سعید بانی مۆرد، سلێمانی مقالاوا.

97) ئومێد شێخ عەزیز بانی مۆردی، کەرکوك/ ڕەحیم ئاوا.

98) شوانە شێخ نوری، کەرکوك/ ئازادی.

سوپاسی هەموو ئامۆزایانم ئەکەم لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی کە زانیارییان پێدام وەك کاك شێخ کەمال گەورەدێ، مامۆستا سید علی سەید عبدالواحید، مامۆستا شێخ علاء الدین بانی مۆرد، شێخ عومەری کەنگاوە، کاك شێخ محمد خڕنوك، و شێخ بورهانی کوڕی، کاك شێخ علاء الدین باخ. سوپاسی یەکە بەیەکەیان دەکەم دەست خۆشیان لێ دەکەم.

## تێکەڵی و دۆستایەتیمان لەگەڵ ساداتی کوردستانی ڕۆژهەڵات

هەر لەو کاتەوەی سەید محمد زاهیر ناسراو بە پیرخدری شاهۆی لە وڵاتی حیجاز ڕوودەکاتە بەغداد دوای مانەوەی ماوەیەك بەرەو کوردستان بەڕێدەکەوێت. ئەوسا کوردستان وەك ئێستا پارچە پارچە نەکراوە. بەپێی نوسراوەکانی وڵاتی خۆمان، وەك (نور الانوار) عبدالصمد توداری) نوسیویەتی ئەڵێ: ئەم زاتە هاتۆتە کوردستان لە ناوچەی پاوە نیشتەجێ بووە کە ئەو کات پێیان وتووە گەنجەوییە سەر بە ناوچەی سنە و کرماشان بووە. لەو کاتەوە چین بە چین و نەوە لەدوای نەوە زیادی کردووە بە زۆربەی وڵاتانی دونیا بڵاوبوونەتەوە دوای چەندین ساڵ دابڕان و لێك دوورکەوتنەوە لە ساڵانی 1900 بەدواوە ئەو تێکەڵاوی و خزمایەتیە زیندووکراوەتەوە، جارێکی تر بەیەك ئاشنا بوونەوە باب و باپیرانمان بە تایبەتیش لە ساڵانی 1940 بەدواوە لە سەردەمی قازی محمد ئەوێ سەردەم حاجی سەید عومەر لەگەڵ شێخ حسین بێژوێ مامۆستا عبدالله بێژوێ چەندان زانا و سەیدی تر ڕاوێژ ڕا گۆڕینەوە لەنێوانیان هەبووە یارمەتی و پاڵپشتی شۆڕش و حوکمەتی قازی محمد یان کردووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەر لەو کاتەوە دۆستایەتی و هاتوچۆ لەنێوان ساداتی گوندی چۆخماخ بەتایبەتی حاجی سەید عومەر کە ئەو کات وەك ڕابەرێکی تەریقەتی قادری و زانایەکی ئاینی دیاری کوردستان لە زۆر بواردا هەڵوێستی مەردانەی نواندووە.

لەدوای ئەوانیش دۆستایەتی و هاتوچۆ لەنێوان دۆست و خزمانمان بەردەوامە تا ئەم سەردەمە، لە زۆربەی شار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستان تەکیە و مەدرەسەی سەر بە تەکیە و حوجرەکانی ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن بونیان هەیە وەك تەکیەی کۆلەسە بە سەرپەرشتی حاجی حەسەنی تەڵایی و لە سەردەشت و لە شاری سنە بە

سەرپەرشتی شێخ تایەر لە ڕەزایە بە سەرپەرشتی خەلیفە ڕەحیم و لە بانە بە سەرپەرشتی خەلیفە جەلال و زۆربەی شارەکانی تر.

هەروەها لەگەڵ ئامۆزایانمان لە ساداتی پیرخدری دۆستایەتی و هاتوچۆی گەرم لەنێوانماندا هەیە وەك:

1) شێخانی پارسانیان: کە خاوەنی تەریقەتی قادری و نەقشبەندین، ئەسڵی نەسەبیان ساداتە و ئەگەڕێنەوە سەر نەسەبی پیرخدری شاهۆی، ئێستا بەڕێز کاك شێخ مادیح کوڕی شێخ محمد کوڕی شێخ کەریم سەرپەرشتی تەکیە و خانەقاکان دەکات، خاوەنی سەدان دەروێش و موریدە لە ناو شارەکانی ئێران، هەر لە دێر زەمانەوە تێکەڵاوی و دۆستایەتیمان هەیە بە تایبەتی لەگەڵ جەنابی شێخ محمدی باوکی شێخ مادیح و لەدوای کۆچی دوایی باوکی بەڕێزیان ئێستا جەنابیان شوێن گرەوەی باوکیانن برەوی داوە بەو دۆستایەتی و هاتوچۆیانە.

2) شێخانی زەمیل: تێکەڵی و دۆستایەتیمان لەگەڵ ساداتی زەمیل بە گشتی. بنەماڵەیەکی دیار و ناسراوی ڕۆژهەڵاتن خزمەتی باشی فەقیر و هەژاران دەکەن دایم تەکیە و دیوەخانەکانیان بەڕووی هەژاران و نەداران کراوەن. بەتایبەتی لە شاری مەهابات بە سەرپەرشتی کاك شێخ ئەنوەری زەمیل.

3) ساداتی چۆر: ساداتی چۆر یەکێکن لە هەرە بنەماڵە دیار و ناسراوەکانی ساداتی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە دەچنەوە سەر بنەماڵەکەی مامۆستا ئەبوبەکری موسەنیف، کە دەوری زۆریان بینیوە لە ڕووی ئاینی و نیشتیمانیەوە و فێرگە و خوێنەنگە بوون بۆ خزمەتی خەڵکی چین لەدوای چین ئێستاش مامۆستا سەید أحمدی کوڕی سەید محمدی کانی سپیکەیی چۆری کە

جێگەداری باوکیەتی لەدێی کانی سپیکە مامۆستای ئاینی یە و خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات. یەکێکە لەو کەسایەتیانەی زۆر ئیهتیمام دەدات بە نوسینە کۆن و دەست خەتەکان و خاوەنی زۆر نوسینە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان.

4) تێکەڵی و دۆستایەتیمان لەگەڵ بنەماڵەی مامۆستا سەید ئیدریس پیر سەفا، یەکێکن لە سەیدەکانی سەفا خانە جەنابی مامۆستا سەید ئیدریس یەکێکە لە شارەزاکانی بواری نەسەب و شەجەرە لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بە کاری مەلایەتی دەدات و ئێستاش لە گوندی سەفاخانەی سەر بە مەریوانە.

5) دۆستایەتی و تێکەڵیمان لەگەڵ شێخ طاهیری سنە کاک شێخ طاهیر دۆستی دێرین و لەمێژینەیە ئێستا لە شاری سنە سەرپەرشتی تەکیە دەکات دایم لە خزمەت هەژار و نەدارانداپە.

6) تێکەڵی و دۆستایەتیمان لەگەڵ حاجی شێخ طه کمال زادە نەقشبەندی سەید طه یەکێك لە هەرە سەید و مامۆستا دیارەکانی کوردستانی ئێران کە خزمەتێکی زۆری فەقیر و هەژاران دەکات لە تەکیە و خانەقاکەیدا شوێنی تایبەت کراوەتەوە بە ڕێبواران و نەخۆش و هەژاران کە لە کەس ناپرسن لەکوێ هاتوی بۆ کوێ ئەچی خزمەتی پێشکەش ئەکرێت، شوێنی مانەوەی بۆ دابین دەکرێت بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە کوردستانی باشور ڕێیان دەکەوێتە شاری ڕەزاییە. سەید طه وەفاتی فەرموو ئێستا سەید یەحیای کوڕی جێگەداریەتی و درێژەی بە ڕێگەی باب و باپیرانی داوە.

**تەكیەو خانەقاكانی شاری كەركوك، وەك:**

1- تەكیەو مزگەوتی پیرخدری گەورە بەسەرپرشتی شێخ محمد جمال

2- تەكیەی سەید شێخ یوسف شێخ عەلی، خالص تاڵەبانی.

3- شێخ محمد شێخ عبدالرحمن شۆڕیجە.

4- شێخ عبدالرحمن شێخ عیزالدین ئانی بنار.

5- شێخ فوئاد شێخ عبداللە خەتاوی.

6- سەید كرمان سەید عەلی شێخانی.

7- مامۆستا تاهیر حاجی مەلا عباس مەلا زادە دوزخورماتوٚ .

8- تەكیەی سەید عەتار سەید ئەحمەد سەید محمد توركە پیرخدری

**تەكیەو خانەقاكانی شاری هەولێر :**

1- شێخ رەشید شیخ كاكا

2- شێخ اسماعیلی عەوالأن بەسەرپرشتی شێخ كەمال الدین

3- شێخ محمد دارا خورمایی

4- شێخ بدرالدین شێخ محمد زراری

5- شێخ عبدالباسط بالسانی

6- شێخ عبدالكریم باقلانی

7- شێخ خالد شیخ صدرالدین رفاعی

**ئاكرێ**

1- شێخ وریا شێخ سعید بەرزەنجی

2- شێخ بدر شێخ معتصم شێخ سعید

3- شێخ جعفر شێخ حسین کانی چنار
4- شیخ رەزا شێخ نوری سلێمانی
5-شێخ سەروەر شێخ شمس الدین قەرەدا غ

**شێخانی سوڵە وەك**

1- شێخ محمد شێخ احمد لە دەربەندیخان
2- شێخ بابا علی شێخ تاهیر لە هەڵەبجە
3- شێخ صەفاددین شێخ احمد لە دەربەندیخان
4- شێخ عبدالعزیز شێخ حسین لە کەلار
5- شێخ لەتیف شێخ رؤوف لە کەلار

زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە ناتوانم لێرەوە باسی هەموو ئەو کەسایەتییە ئاینیی و شێخانی تەریقەت بکەم , بۆیە ئەبێت بە گەورەی خۆتان لێم ببورن , دۆستانی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ زۆربەی مامۆستایانی ئاینی و شێخانی تەریقەت و کەسایەتییە سیاسیەکان وەك بەڕێزان زۆربەی ساداتی کوردستان زۆربەی زانایانی کوردستان وەك یەکیتی زانایان بە هەموو لق و دەستەکانیانەوە هەرلەسەرەتای دامەزراندنی یەکیتی زانایان کە یەکەم دامەزراندن و کۆبونەوەی لە تەکیەی شیخ حسین گاپیلۆن بە سەرپەرشتی حاجی شیخ محمد لە ساڵانی 1970 ئەوکات مامۆستا عبدالعظیم مامۆستا محمد امین مامۆستا ملا سەعید کوراداویَ , هەر لەو کاتەوە تا ئێستا پشتگیری و پاڵپشتی بۆ زانایان و فەقێ و حوجرەکانی کوردستان لە ڕێگەی چەندان مامۆستای ئاینی لە ناوچەکە دا لەسەر دەستی ئەو مامۆستا و شێخە بەڕێزانە پێگەیشتون سەرکردەی حیزبە ئیسلامییەکان هەر مامۆستا مەلا عوسمان مەلا علی برای و مامۆستا علی باپیر مامۆستا صلاح الدین محمد بهاالدین و زۆربەی مامۆستایان و دامەزرینەری ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانە دا هاتوو چۆ بووە هاوکاری و پاڵپشتی بوین لە هەموو سەردەمەکاندا زیاتر لە 120 ساڵ پێش ئێستا وە لە سالانی 1900 تا ئیستا هاوکاری و پاڵپشتی ئەم بنەمالە بەرێزە لەهەر سەردەمێکدا لەسەر دەستی شیخێك یان مامۆستایەکی ئاینی ئەم

بنەماڵە بەرێزە هاوکار و پاڵپشت بوین بۆ هەموو بارودۆخ و جولانـەوە سیاسـیەکان چ لـە روی ئابوری و چ لـە روی سیاسی و ساریژر کردنی بیرینی برینـدارەکان و یـان بـە شاردنەوە و حەشاردانی و رزگار کردنی کەس و کاری پێشمەرگەکان لـەو سـەردەمەدا بەرێزان مام جلال و مامۆستا ابراهیم احمد محمود کاوانی شەهید مەلا رسول شەهید علـی عسکری نوری تەها نوری شاوەیس شـێخ محمـد هرسـین بـەرێز نەوشـیروان مسـتەفا و ابراهیم جلال دارای شێخ جلال , صالح قەرەچەتانی سـەید کاکـە و شـیخ حسـن بـرای هـەروەها بـەریز شـیخ عیزالـدین حسـین زۆربـەی سـەرکدەکانی هەرچـوار پارچـەی کوردستان و دۆستایەتی هاتوچۆ هەبووە , دوبارە داوای لێبوردنمان هەیە لـەو کەسانەی کە نەمان توانیوە بەپێی پێویست ناویان بینین .

# چوارەم: ڕۆڵ و گرنگی لادێکانی ناوچەکەو دۆستایەتیان لەگەڵ ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن:

## گوندی مالومە:

سەر بە ناحیەی گاپیلۆن قەزای ماوەت و پارێزگای سلێمانیە بە 6 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری ناحیەی گاپیلۆن لە دۆڵی جافایەتی، لەبارەی ناوەکەیەوە چەند بۆچوونێك هەیە لەوانە ئەوەیە کە لە (مالم) هاتبێت کە کەسێکی گەورە بووە لە ناوچەکەدا دوای ماوەیەك بۆتە (مالومە). بۆچونێکی تریش ئەوەیە کە لە (مەعلومە)ەوە هاتووە.

مێژووی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەلام بەهۆی ڕووداوە سروشتی و دەستکردەکانەوە چۆڵ بووە، دوای ئاوەدان کردنەوەی لەسەر دەستی سێ بنەماڵە بووە کە لە مەرگەوە هاتوون بەناوەکانی (مام فەتاح، مەمەند، محمد شاناز) ئەمانە لە عەشیرەتی شیلانە بوون، دوای ئەمە وردە وردە خەڵکێکی تر ڕوویان لەم گوندە کردووە. نزیکەی 50 ماڵ بوون لەو کاتەدا دوای ئەوەی سنوورەکە فراوان بوو ئاوەدانی بە خۆیەوە بینیوەو ئێستاکە نزیکەی 200 ماڵی تێدایە، خەڵکی ئەم گوندە هەر لە کۆنەوە لەسەر خووڕەوشتە بەرزو جوانەکان ڕاهاتوون بە باشترین خەڵکی ناوچەکە ئەژمار دەکرێن، دۆستایەتی و ئیخلاسیاتی تایبەتیان لەگەڵ بنەماڵەی ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن دا بووە، بەتایبەتیش لەگەڵ شێخ محسین لە گاپیلۆن و حاجی سەید عومەر لە چۆخماخ، هاوکارو دەستباری تەواوی شێخ و تەکیەکانیان کردووەو ڕۆڵی گرنگیان بووە لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە، لەڕووی کارکردن و هەرەوەزیەوە. چ لەڕووی سەردان و ئیخلاسیەتی تەواویان بووە لەو سەردەمەدا، ئەم بەڕێزانە ریش سپی گوندەکە بوون، ئیسماعیل ابراهیم محمد أمین، محمد أمین قادر، مستەفا صالح محمد أمین، محمد مەولود محمد أمین، قادر صالح سەیدە، فەرەج سەیدە. زۆر سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانە کە سوودمان لە زانیاریەکانیان وەرگرتووە: کاك نامیق، کاك عەلی مام اسماعیل، کاك ئاوات قادر.

## گوندی مێولاکە:

سەرەتای دروست بوونی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە بەڵگەی ئەوەی کە کوپەو گۆزەی زۆریان لەم گوندە دۆزیوەتەوە کە ئێسقانی مرۆڤی تیا بووە، واتە لەو سەردەمەوە ئاوەدانە. ئەم گوندە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی گاپیلۆن و قەزای ماوەت و پارێزگای سلێمانیە، نزیکەی 3 کیلۆمەتر لە گوندی چۆخماخەوە دوورە، لە ساڵانی 1850 کاندا کە کوێخا صالح و کوێخا عەزیز لەم دێیەدا ژیاون هاوکارو پاڵپشتی تەواوی حاجی سەید عومەر بوون لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید. وە لەدوای ئەوانیش: (عەلی صالح مستەفا، عوسمان صالح، محمد کوێخا عەزیز، محمود کوێخا عەزیز) چەندانی تر، ناوی ئەم گوندە تورکیە کاتێک تورکەکان هاتوون ناوی ناوچەکەیان گۆڕیوە کە دەڵێن لە زۆری میوەوە هاتووە کە ناوچەکە خاوەنی ڕەزو باخێکی مێوی زۆر بووە، وردە وردە ناوەکە گۆڕا بۆ مێولاکە.

سوپاس بۆ فایەقی حاجی عەلی.

**گوندی سنگر:**

لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی گاپیلۆنە، سنوری هەیە لەگەڵ گوندەکانی (کۆڵەرد، قادرئاوا، مێولاکە، چۆخماخ). مێژووی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهۆی زۆری کوپەو گۆزەی کۆنەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گاورەکان، پێدەچێت ناوی گوندەکە لە (سن)ەوە هاتبێت کە لە سەردەمێك دا مێرووی سن لەم گوندەی دابێت یان سن بگرێت ناوچەکە هەروەك باسنێ- سنکێ تەبعەن ئەم ناوەش تورکیەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتێك تورکەکان هاتوون ئەم ناوەیان داناوە، خەڵکی ئەم گوندە دۆستایەتی و ئیخلاسیان بووە بەرامبەر شێخان و تەکیەی چۆخماخ هەر لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمەش زۆر هاوکارو پاڵپشت بوون وەك بەڕێزان حاجی محمد کوێخا عارف

. هەگبەی شارباژێر 366

**گوندی یاخسەمەر**

یاخسەمەر هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی چۆخماخ، مالومە هەڵەدن چاڵەوا، مێژووی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کاتێک تورکەکان هاتوونەتە گوندەکە ناوەکەیان گۆڕیوە، ئەم گوندە هەر لە زووەوە ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەبووە لە ڕووی شۆڕش و جولانەوە کوردیەکاندا. لە ساڵی 1900 بەدواوە شێخانی چۆخماخ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا تێکەڵی باشیان بووە کاتێک شێخ محسین حاجی سید عومەر جیهادی دژی تورکەکان ڕاگەیاند خەڵکی ناوچەکەش پاڵپشتی تەواویان بوون دوای ئەوەش شۆڕشی شێخ مەحمود دوای ئەو سەردەمەش لە هەموو شۆڕش و جولانەوەکاندا بە تایبەتیش لە شۆڕشی نوێدا کە لانکەی شۆڕش بووە. لەبەر تێکەڵی و خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن بەتایبەتیش حاجی سەید عومەر زۆربەی کات لەم گوندە دەمایەوەو تا ئەو کاتەش بە چەند ڕۆژ پێش وەفات کردنی تووشی ڕووداوێکی نەخۆشی دەبێت کە چەند ڕۆژێک دوای ئەوە وەفات دەکات، خەڵکی داوا دەکەن لەو گوندە بنێژرێت بەڵام دوایی ڕازی دەبن کە بیگەڕێننەوە گوندی چۆخماخ.

ئەوکات دانیشتوانی ئەم گوندە پێک هاتبوون لەم ڕیش سپیە دیارو دڵسۆزو خۆشەویستانە:

1- کوێخا قادری کوێخا صاڵح کە کوێخای ئەم گوندە بووە.

2- ئەحمەد محمود

3- مام خاڵی.

4- دەروێش حەمە مینە ڕیش درێژ.

5- دەروێش حەمە مینە بچووک

6- وەستا ئەحمەد

7- وەستا اسماعیل

8- حاجی عەزیز

9- کاك صابری کوڕی کاك محمد مستەفا

10- أحمد محمد مستەفا

11- دەروێش کریم

ئەمانە هەمووی نزیکی و دۆستی تایبەت بوون بەم بنەماڵەو بەتایبەتیش حاجی سەید عومەر لەو سەردەمە سوپاس بۆ خوا ئەم دۆستایەتی و خۆشەویستیە تا ئەم سەردەمەش بەردەوامە. زۆر سوپاس بۆ بەرێزان حاجی حەمە لاو، مام سابیر، کاك ئەنوەر عوسمان محمد

## دۆستایەتیمان لەگەڵ گوندی شاناخسێ

شاناخسێ لە ڕووی ئیدارەییەوە سەر بە قەزای ماوەت و پارێزگای سلێمانیە

لە ڕووی جوگرافیەوە کەوتۆتە باشوری ڕۆژهەلاتی سلێمانی 92 کیلۆمەتر لە سلێمانی یەوە دوورە کەوتۆتە نێوان گوندەکانی کوڕەداوێ گرگاشی مەروێ سەراو دێرێ.

لە دوای بەهاری 1991 ئاوەدان کراوەتەوە 97 ماڵی تێدابووە ئەم دێیە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام گەلێك ڕۆشنبیر و خوێندەواری تیا هەڵکەوتووە هەر بۆیە لە ساڵی 1952 قوتابخانەی تیا کراوەتەوە لەسەر دەستی ملا سعدی شاناخسێ.

خەڵکی ڕوو لە دینی ئیسلامن نزیکەی 500 ساڵ دەبێت بێ مزگەوت نەبوون زۆر کەسایەتی دیار و ڕیش سپیان تیا هەڵکەوتووە لەوانە کوێخا سمایل کوێخا شەریف کوێخا أحمد فەقێ ڕەشید و کوێخا قارەمان مەجید حاجی علی، خدری خەلیفە، کاك حمە ئەمین لەم گوندە هەشت بنەماڵە هەیە وەك برا درێژەیان بەژیان داوە بێ جیاوازی چینایەتی ئەم بنەماڵە بەرێزانە تێکەڵی و دۆستایەتی باشیان لەگەڵ ساداتی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن هەبووە بۆیە دایم وەك تەکیە و ماڵی شێخان سەیرکراوە هەر بۆ

ئەم مەبەستەش لە ماڵی حاجی حسن حاجی حمەلاو تەکیە کراوەتەوە کە تایبەت بووە بە ساداتی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن، سوپاس بۆ خوای گەورە تا ئێستاش ئەو دۆستایەتیە لەگەڵ خەڵکی ئەم گوندە بەرێزەدا بەردەوامە. زۆر سوپاسی کاك نەوزاد حمە ئەمین کە ئەم زانیاریانەی پێدایین.

## گوندی هەڵەدن:

گوندی هەڵەدن کەوتۆتە نێوان یاخسەمەرو چۆخماخ و چالاوا و مالومەو سەرگەڵو.

مێژووی دروست بوونی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لە هەموو سەردەمەکاندا ژیان تیایدا بەردەوام بووە، بەشداری کارای هەبووە لە شۆڕش و جوڵانەوە کوردیەکاندا، بەهۆی کارەساتی سروشتی و دەستکردەکانەوە چۆڵ کراوە. لە ئاوەدانکردنەوەدا لەسەر دەستی سێ تایەفە بووە، ئەوانیش: یەکەم: بەگزادەکان، دووەم: مسکێنەکان، سێیەم: جافەکان. کە هەرسێکیان کەسی دیار و هەڵکەوتوویی تێدایەو وەك برا لەم گوندە درێژە بە ژیان دەدەن. لە زوودا ئەم گوندە نزیکەی 400 ماڵی تێدابووە، بەڵام ئێستا نزیکەی 150 ماڵی تێدایە. ئەم گوندە دۆستایەتی تایبەت و ڕۆحیان لەگەڵ شێخانی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن دا هەبووە. هەر لە کۆنەوەو تا ئێستاش ئەوە بەردەوامە. لە ساڵی 1940 حاجی سەید عومەر تەکیەی تایبەتی هەبووە لەم گوندە کە لە ماڵی مستەفا حاجی محمد بوە زۆر لەم ناوچەیەدا دەمایەوە.

ڕیش سپی و ناودارەکانیان وەك: کوێخا محمد حسن سور، محمد سوارە محمد، محمد أمین حسن، علی عەزیز، کوێخا محمد سەعید، عبدالرحمن أحمد، عبداللە فرج، ملا صالح، محمد ملا صالح، محمد أمین، أحمد محمد، عزیز حاجی أحمد اسماعیل، أحمد باوکی کاك سەلیم. کە سوپاس بۆ خوا تا ئێستاش بەردەوامە، مستەفا حسن، محمد عزیز، أحمد صالح بەحری، مستەفا ڕەسوڵ، ئەم کەسایەتیانە ڕیش سپی و ناودارەکانی ئەم گوندە بوون کە دۆستایەتی و ئیخلاسیەتی تەواویان لەنێوانیاندا بووەو سەردان و هاتووچۆو پاڵپشتی تەواوی کارەکانی تەکیەکانی چۆخماخ و گاپیلۆن بوون. سوپاس بۆ خودا تا ئەم سەردەمەش بەردەوامە.

## گوندی چاڵەوە :

گوندی چالاوا دەکەوێتە نێوان گوندەکانی هەڵەدن و سەرگەڵو و شاقوڵی و بەرزەدێ و مالومەو گوێزێلی. دروست بوونی ئەم گوندەش کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاینی ئیسلام. تورکەکان گەیشتوونەتە ئەم ناوچەیەو دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەم گوندە لە زوودا نزیکەی 50 ماڵ بووە، ئێستا زیادی کردووەو نزیکەی 100 ماڵی تێدایە، دانیشتوانەکەی مسوڵمانن تێکەڵی و دۆستایەتی تایبەت لەنێوان دانیشتوانی ئەم گوندەداو سەیدەکانی چۆخماخ بووە. هەر لە کۆنەوە دۆستایەتی و هاوکاری تەکیەکانی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆنیان کردووە، ڕیش سپی و دیارەکانی وەك: محمدی کوێخا خدر، محمدی حاجی عارف، مستەفا عەلی، کوێخا محمد، حاجی کەریم، عبداللە مام خدر، حاجی سەعدون و چەندانی تری کە دۆست و نزیکی شێخانی ناوچەکە بوون بەتایبەتی حاجی شێخ محسن و حاجی سەید عمر.

## گوندی گوێزیلە

ئەم گونـدە کەوتۆتـە نێـوان مالومـەو هەڵـەدن و چـالاواوە گـاپیلۆن و بـەرزە دێ و ولاغلو. دروست بوونی وەك باقی گوندەکانی تـر بـۆ پـێش ئیسـلام دەگەڕێتـەوە، لـە زوودا کۆمەڵێك کەسایەتی دیارو ناسراوی تێدا بووە وەك کوێخا سەلیم، مـام یاسـین، فەقێ محمد و حاجی مستەفا حەسەن، کوێخا محمد علی محمـد، کـە ئەمانـە دۆسـتایەتی تەواویان لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا بووە. زۆربەی کات لەگەڵ شێخ دا بوون لە سـەفەرو ئیرشادەکانیدا.

## گوندی بەرزەدێ :

یەکێکە لە گوندە جوان ودڵگیرەکانی دۆڵی جافەیاەتی سەربەناحیی گـاپیلۆن قەزای ماوت ئەم گوندە دێرینە کە چەندین ئاسـاواری کـونی لێدازراوەتـەوە دەکەوێـتە نێوان گوندەکانی گاپیلۆن مالومە کـانی مێـو گـەورەدێ ولاغلـو باڵخ چوخماخ ئێستا لەم گوندە نزیکەی 50 ماڵ تێدادەژی پەیوەندی گونـدی بەرزەدێ لەگەڵ شێخانی چوخماخ وگاپیلۆن پەیوەندێکی دێرینەو تـا ئێسـتاش بەردەوامە بەتایبەتیش لەگەڵ شێخانی گاپیلۆن بە هۆی نزیکی نێوانیـان . لـە سالأنی پەنجە وشەستەکاندا زوریك لـە ریـش سـپی و پیـاو مـاقولأن نیـوژی جومعەیان بردوتە لای شێخانی گاپیلۆن ونیوەرۆش لە تەکیەدا ماونەتەوا وەك ماڵی هەمووان بوە ,

پەیوەندی تاقەکەسیش لە نێوان حاجی شێخ موحسین و کوێخا مسـتەفای لـە بەرزە دێ زۆر بوە هەر لەسەردەمی گەنجیان بێکەوە بوون بیسـتومە جارێـك شێخ موحسین بەلای رەز وباخی کوێخا مستەفا دادرەوات زۆر تینوی دەبیـت داوای ئاو لە کوێخا مستەفا دەکات کە ئەو کات گەنج بـووە ئـەوێش قـاپی ئاوی ساردی بێدەکات دوای دوعای بۆدەکات ودەفەرموێت یاخوی قەد تینو

نەبێت کوێخا مستەفا دەڵێ لە دوای ئەو کاتەوە قەد تینو نەبوە تەنها بە حەزی خۆم ئاوم خواردوتەوە .

چەندین پیاوی ئەم گوندە خۆیان بەدروێشی ئەم تکەیە زانیوە وەك حمەی مام رۆستم , دەروێش احمد , حمە غریب , حاجی کریم , احمدی مام همزە چەندانی دیکە .

## گوندی گەورە دێ:

دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، زۆر شوێنی کۆن و کوپەو ئاسەواری کۆنی لێ دۆزراوەتەوە، هەندێ گۆڕی کۆنی لێیە کە دەڵێن گۆڕی ئەسحابەن، وەك : (شیوی ئەسحابان).

گوندی گەورە دێ سەربە ناحییەی گاپیلۆن و قەزای ماوەتە، سنورەکانی لەگەڵ گۆمەزەڵ، گوێزیلە، مالومە، کانی مێو، بەرزەدێ، ولاخلوو، قامیش، گەلاڵە.

دانیشتوانی ئەم گوندە لە شەش تایەفە پێکهاتوون ئەمانەن:

1-خێڵی مام عەلی

2-خیڵی مام سمایل

3-خێلی حاجی قادر

4-خێلی حاجی عەزیز

5-خێڵی حاجی ساڵح

6-خێڵی حەمە ڕەش

ئەم تایەفەو خێلانە هەموو پێکەوە وەك برا دەژیین و هاوکارو پاڵپشتی یەکترین، دۆستایەتی تایبەتیان هەبووە بۆ ساداتی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن، بەتایبەتیش ئەم بەڕێزانە:( حاجی مەولود، مام عەبدولا، حاجی مەحمود، ساڵحی حاجی عەزیز، مام ئەحمەدی حاجی ساڵحە سور) چەندانی تر. کە زۆربەی کات لەگەڵ حاجی سەید

عەمەر بوون بەتایبەتیش بۆ سەفەرو ئیرشادات.

**زۆر سوپاس بۆ کاك خەبات عەبدوڵا**

گوندەکانی یاخیان، گۆمەزەڵ، شاقوڵی، سێکانیان:

زۆر دۆستایەتی و تێکەڵاوییان بووە لەگەڵ بنەماڵەی ساداتی گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن، بەتایبەتیش ڕیشسپییەکانیان وەك:

1-کوێخا مستەفای گۆمەزەڵی

2-فەتحولای مام شەریف

3-محەمەد شەماڵ ڕەسوڵ

4-عەزیز عەبدوڵا مام بایز

5-فەتاحی مام ئەحمەد گۆمەزەڵی

6- کوێخا حەمەئەمینی یاخیانی

7-حاجی ڕەشید

8-حاجی حەمەئەمینە سور

9-مەلا عەلی

10-مەلا قادر

11-کوێخا مارفی حاجی ڕەشیدی یاخیانی

12-حاجی سمایلی مامەڕەش

## دۆستایەتی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ گوندەکانی دۆڵە رووت بەگشتی

ئەم پەیوەندییە لەدێر زەمانەوە بەردەوامە تێکەڵی و دۆستایەتی لەنێوان ئەم گوندانەدا لەهەموو سەردەمەکان لەسەردەستی کەسایەتییەکی ئەم بنەماڵەیە

**برەوی پێدراوە، جا چ مامۆستایەکی ئاینی یان شێخێك لەم بنەماڵانە هاتوونەتە ناوچەکە، هەر لەسەردەمی شێخ موحسین و دوای ئەویش حاجی سەید عومەر لەساڵانی چلەکان بەدواوە مەلا شێخ صالح لەدێیەکانی قزلەرو کانی گۆرانچەندین ساڵ مامۆستا بووە، دوای ئەویش خاڵە شێخ صدیق لەگوندی هەنارەلەپەنجاکاندا چەندین ساڵ لەوێ ماوەتەوە.**

**وە لەدوای ئەوانیش لەساڵانی حەفتا بەدواوە مامۆستا شێخ عەبدولموتەلیب چەندین ساڵ لەناوچەکە بووە لەگوندەکانی هەناران و قوڵقوڵە مامۆستا بووە.**

**یان چەند کەسی ئەم گوندانە لەسەردەستی مامۆستاو شێخانی ئەم بنەماڵەیە خوێندویانەو بوونەتە مامۆستاو زاناو گەوراونەتەوە لادێ و ناوچەکانی خۆیان و دەوری باشیان بینیوە، ناکرێت لێرەوە ناوی هەموو بنەماڵەو کەسایەتیە دیارو ناسراوەکانیان بکەین بۆیە داوای لێبوردنیان لێدەکەم، کە لەهەر گوندەو کەسێکی ڕیشسپی و دیاری گوندەکە دەنووسن.**

**یەکەم قزلەر: وەك حاجی شێخ عارف و حاجی شێخ عەزیزو مام سلێمان و کوڕەکانی خاڵە کەریم، کاك ڕەسوڵ و براکانی، چەندانی تر لەدانیشتوانی ئەم گوندە بەڕێزە.**

**دووەم هەنارانی سەرو: وەك حاجی سەعیدو حاجی ڕەشید، چەندانی تریش.**

**سێیەم سماقە: وەك بنەماڵەی حاجی قادر، چەندانی تریش.**

**چوارەم پیرکە: وەك حاجی حەمە ڕەشیدو حاجی خورشیدو کوڕانی حاجی حەمەئەمین و چەندانی تریش.**

**پێنجەم قوڵقوڵە: حاجی محەمەدی مام عەبدوڵاو حاجی ڕەفیق و حاجی محەمەدی مام حەمەئەمین خاڵە صالح حاجی کەریم محەمەد خەلیفە عوسمان و چەندانی تریش.**

**شەشەم چاڵگە: وەك حاجی عەزیزو کوڕانی و مامە تالەو چەندانی تریش.**

**حەوتەم: كارێز كلاو:** وەك حاجی كەریم و حاجی فەرەج و حاجی فەتحولاو چەندانی تریش.

**هەشتەم كانی گۆڕان:** وەك ئەحمەد محەمەد عەزیزو كوڕانی كاك جەلال و خاڵەجەمال دۆستایەتی تایبەتیان هەیە مەلاغەریب صاڵح محەمەد عەزیز و چەندانی تریش.

**نۆیەم هەنارانی خوارو:** وەك كوێخا حسین حاجی ئەحمەد حەمەی حاجی و چەندانی تریش.

**دەیەم فەیاڵ:** وەك شێخ بەكرو مامە عەزەو ئەحمەدی مام ئەمین و چەندانی تریش.

**یازدەیەم كانی مكائیل:** وەك حاجی عەزیزو كاكەئەولاو چەندانی تریش.

**دوازدەیەم كانی بەردینە:** وەك حاجی عەبدولقادرو مام عەلی و كوڕانی كاك حامیدو كاك ڕەفیق و چەندانی تریش.

**سیازدەیەم كانی پیرە:** وەك دەروێش صاڵح و چەندانی تریش.

**چواردەیەم كانیسپیكە:** وەك خەلیفە عەبدولا حاجی ڕەحیم حاجی نادرو حاجی برایم و چەندانی تریش.

## دۆستایەتی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ گوندی سەفرەو زەرون

لەباشوورەو بەرگوردە لەناو دۆڵێکی دورو درێژ هەتا بەسەریدا نەکەویت نایبینی، شوێنی ئەو گوندە بەئێستاشەوە سەر رێگای کاروانی بووە لەنێوان ئێران و عێراقدا، لەبەر ئەوەی جێگای پشوودان و حەوانەوەی ڕێبواران بووەو خاوەنماڵ پێی خۆش بوو بێ یان پێ ناخۆش سفرەی ڕاخراو بووە، خۆراکی ئەو رۆژگارەی لەسەر دانراوە کە مێوژو دۆشاوی کوردی بووە، بەپێی زۆربەی گێڕانەوەکان ناوەکەی لەوەوە هاتووە.

لەچەند تایەفەیەك پێکهاتووە:

یەکەم: حاجی حەسەن حسین مەحمود ناسراو بە حاجی حەسەن حسین.

دووەم تایەفەی تازە محەمەد وەك حاجی ڕەسوڵ سەعید ئەمین.

سێیەم تایەفەی ڕووتە وەك حاجی ئەحمەدی حەمە شیرین.

چوارەم تایەفەی خاڵدی وەك کوێخا مستەفاو حسەین ئەحمەد حەسەن ناسراو بەحاجی حسەینی دەروێش ئەحەمەد.

ئەمانە دۆستایەتی تایبەتیان لەگەڵ بنەماڵەی ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆندا هەبووەو هەیە.

**دۆستایەتی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ گوندی قامیش**: ئاوەندان بوونەوەی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارساڵێك پێش ئێستا چەندین تایەفەو تیرە تیای دەژین و لەپێش ڕاگواستنندا نزیکەی دووسەد ماڵی لێبووە، ئێستایش نزیکەی سەد ماڵی لێیە، تایەفە دیارو ناسراوەکانیان دووانن ئەوانیش: (جبەو جانێ) کە ڕیشسپی و دیارەکانیان دۆستایەتی تایبەتیان بووە لەگەڵ بنەماڵەی ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن، ڕیشسپی و پیاو ماقوڵەکانیان وەك: حاجی سەلیمی گەورە حاجی هەمزەی هۆمەر حاجی مستەفا موحەمەدو چەندانی تر، ئەم گوندە چەندین کەسی دیارو ناوداریان هەیە لەمامۆستایانی ئاینی.

## دۆستایەتی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ گوندی گەلاڵە

ئەم گوندە سەر بە قەزای ماوەتە لەرۆژهەلاتەوە سەفرەو باساوێ و شینکی لەباشوری خۆرهەلاتەوە قامیش، لەباشورەوە گەورە دێ لەخۆرئاواوە کانی توو یاخیان هەوارە بەرزە، لەباکوری خۆرئاواوە دۆڵە گۆم، لەباکورەوە زەرون.

لەم گوندە چەندین تایەفە بوونیان هەبووەو هەیە:

یەکەم تایەفەی کوێخا.

دووەم تایفەی مەلا.

سێیەم تایەفەی هەمزەی هەباس ئاغا.

چوارەم تایەفەی فێلان.

پێنجەم تایەفەی ئالێ.

ڕیشسپی و دیارەکانیان وەك: حاجی ئەحمەدی هۆمەر حاجی محەمەدی مەلا عەباس حاجی حەمە حەسەن، حاجی حەمەڕەش، حسینی ئالی و چەندانی تر.

ئەم گوندە چەندین مامۆستاو زانای تیا هەڵکەوتووە لەسالانی 1900 بەدواوە دەوری زۆریان بووە وەك مامۆستا مەلاسمایل و مەلا مەجیدی سورداشی و مەلا ئەحمەدو مەلا عەبدولای بۆکانی و حاجی مامۆستا محەمەدی رەئیس کە دەوری بەرچاوی بووە لەم گوندە.

زۆربەی کەسایەتیەکانی ناو بنەماڵەی ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن لای ئەم مامۆستایانە خوێندویانە لەو سەردەمەدا وەك: (حاجی سەید عومەرو شێخ فەرەج) و چەندانی تر.

دۆستایەتی تایبەت و رۆحییان هەبووە لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا کە سوپاس بۆ خودا ئێستایش بەردەوامە.

# بەشی سێیەم:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (62)** الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (63) **لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ**(64)

## کورتەیەك لە تەکیە و مەدرەسەی گوندی چۆخماخ

شێخ عبدالقادری وەلی چۆخماخی

نەوەکانی شێخ عبدالقادر:

یەکەم: شێخ محسین

نەوەکانی: (حاجی شێخ محمد)

دووەم: شێخ محی الدین

نەوەکانی: (حاجی سەید عمر و حاجی شێخ مستەفا)

سێ یەم: شێخ عبداللطیف

نەوەکانی: (شێخ فرج)

چوارەم: شێخ احمد

نەوەکانی: ( شێخ سعید، شێخ محمد، شێخ محمود، مەلا شێخ صالح)

## کورتەیەك لە تەكیە و مەدرەسەی گوندی چۆخماخ

هەر لەسەرەتای دروستبوونی گوندی چۆخماخ تا ئەمڕۆ بێ تەکیە و مەدرەسەی ئاینی نەبووە لە هەر سەردەمەو یەکێك لە سەید و مامۆستایانی بنەماڵەی بەڕێزمان گرنگیان پێداوە و بەرەوپێشیان بردووە، ناکرێت لێرەوە ناوی هەموان بێنین و بە دوور و درێژی باسی بکەین چونکە دەبێت چەندین کتێب بنوسین لە سەری بۆیە من بە کورتی تەنها ئاماژە بە ڕۆڵ و گرنگی تەکیە و مەدرەسەکان ئەدەم لە سەردەمی حاجی سەید عومەر تا ئەمڕۆ.

لە ساڵانی 1920 بەدواوە کاتێك حاجی سەید عومەر ئیجازەی ئیرشادات و تەریقەت لەسەر دەستی حاجی شێخ محسین وەردەگرێت و تەکیە دادەمەزرێنێت لە گوندی گاپیلۆن بە هاوکاری شێخ محسین. بەردەوام دەبێت لە گەڕان و ئیرشادات بەناو خەڵکی لە هەمان کات مەدرەسە و فەقێ دەبێت گرنگی زۆر بەو بوارە دەدات هەتا کاتێك شێخ محسینی مامی هەست بە ماندوبوون و نەخۆشی پیربوون دەکات، ئا لەو کاتەدا هەموو خزمان و زانایانی سەردەم کۆدەکاتەوە حاجی سەید عومەری برازای دەکاتە شوێنگرەوەی خۆی وەسیەت بۆ هەموو خزمان و دۆستان دەکات کە هەموان لە ژێر تەریقەتی سەید عومەری برازای بن. چونکە ئەو بەشیاوترین کەس دەبینێت لەڕووی خوێندن و خوێندەواری و دینداری یەوە بۆیە هەر لەو کاتەدا وەسیەت نامەیەك دەنوسێت، تەکیە و مەدرەسەکەی خۆشی ڕادەستی سەید عومەر دەکات ئەویش برەوی پێدەدات لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکان تەکیە و مەدرەسە دادەنێت چەندین مەلا و زانا و شارەزا لەسەر دەستی پێدەگەن لە ڕووی دینی و خواناسیەوە وەك حاجی شێخ محی الدین برازای، حاجی شێخ محمدی ئامۆزای. شێخ ڕەزای کوڕی،

ملا شێخ عبدالرحمن بێژوێ، چەندانی تر بۆیە لە ساڵی 1940 خۆی دێتەوە بۆ گوندی چۆخماخ و تەکیە و مەدرەسەکە دادەمەزرێنێتەوە، تەکیەی شێخ محسین مامی دەخاتە ژێر دەستی حاجی شێخ محمدی ئامۆزای و تەکیەکەی خۆی دەخاتە ژێر دەستی حاجی شێخ مصطفی ی برای، خۆشی لە گوندی چۆخماخ نیشتەجێ دەبێت درێژە بە ڕێگا و ڕێبازی باب و باپیرانی دەدات لەدوای وەفاتی حاجی شێخ فەرەجی ئامۆزای کە ئیمام و خەتیب بووە لە گوندی چۆخماخ دەبێتە ئیمام و خەتیبی لە سەردەمی خۆیدا یەکێك بووە لە پیاوە دیار و ناسراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان قەت سەری بۆ زوڵم و ستەم دانەنەواندووە و هەمیشە دژایەتی داگیرکەرانی کوردستانی کدرووە کاتێك تورکەکان کوردستان داگیر دەکەن حاجی سەید عومەر یەکێك بووە لەوانەی کە دژیان وەستاوەتەوە دژایەتی کردوون بەڵام کاتێك هەندێك لە دەروێش و موریدەکانی دەگیرێن داوای خۆبەدەستەوەدانی لێدەکەن یان کوشتنی دۆست و نزیکانی یەکێك لە دەروێشەکانی ئەنێرنە لای ئەویش ئەڵێ قوربان ژمارەیەك لە خەڵکی بێ تاوان گیراون ئەگەر خۆت ڕادەست نەکەیت ئەوان دەکوژرێن بۆیە با داوای دانیشتنیان لێ بکەین دوای ئەوەی لەگەڵیان پێکدێت خۆی ڕادەست دەکات و گیراوەکان ئازاد دەکرێت حاجی سەید عومەر و چەند کەسێك ڕەوانەی ئەستەمبوڵ دەکرێن، کاتێك دەیبەنە لای سوڵتان عبدالحمیدی دووەم بەهۆی بینینی هەندێك کاری غەیرە عادەتی لەوێ ئازاد دەکرێت ڕێزی زۆری لێدەگرن و ڕەوانەی کوردستان دەکرێتەوە.، لەگەڵ عبدالسلام بارزانی تێکەڵی و دۆستایەتیان بووە ئامادەیی بۆ شۆڕشەکانی دەربڕیوە تا کوردستان لە داگیرکەران بپارێزن، کاتێك شێخ محمودی مەلیك هەوڵی دروست کردنی حوکمەت ئەدات و شۆڕش بەرپا دەکات حاجی سەید عومەر یەکێك بووە لە دۆست و هەرە نزیکەکانی مەلیکی کوردستان لەو سەردەمەدا هاوکاری باشی شۆڕش و سوپاکەی کردووە بەخۆی

و دەروێش و موریدەکانیەوە بەڵام بەداخەوە بەهۆی دوبەرەکی و ناکۆکی نێوان کوردەکان ئەو دەرفەتەش لەدەست درا، لەدوای ئەویش دۆستایەتی و تێکەڵی لەگەڵ قازی نەمر بووە زۆر جێگەی متمانەی قازی بوون هەتا یەکێك بوون لەوانەی کاتێك دەیانەوێت قازی محمد بکەنە قازی سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان پرس و ڕاوێژ بە شێخ ئەمینی بێژوێ و حاجی سەید عومەر دەکات ئەوانیش ڕاوبۆچونی خۆیان بۆ دەردەبڕن و پاڵپشتی بۆ دەردەبڕن بۆیە هەر لەو سەردەمەوە دژی داگیرکەرانی کوردستان و زاڵمان وەستاوەتەوە پاڵپشتی تەواوی شۆڕشە کوردیەکانی کردووە دایم تەکیە و ماڵ و مەدرەسەکەی لە خزمەتی شۆڕشگێڕان و هەژاران و نەداران بووە دژ بە ئاغا و بەگەکان وەستاوەتەوە دژایەتی کردوون دایم پاڵپشتی هەژاران بووە چەندین جار کەسی بێتاوان و فەقیری لە ژێر دەستی ئاغاکان دەرکردووە، ئاغاکان زۆر نەیانوێراوە کە دەست بخەنە کارەکانیەوە چونکە زۆر کاری غەرە عادەتیان لێ بینیوە.

حاجی سەید عومەر تێکەڵی و دۆستایەتی لەگەڵ هەر چوار پارچەی کوردستان بووە لە سوریا و تورکیا و ئێران و حیجاز و خوارووی عێراق گەڕاوە لەو سەردەمە و ئەو دۆستایەتیە تا ئەمڕۆ سوپاس بۆ خوا بەردەوامە، زۆر هەوڵی داوە کە نەوەکانی لە خزمەتی دین و شەریعەتی خوادابن و لە ڕووی شەرعی و دینییەوە پێگەیاندوون چەندین لە کوڕەکانی مەلایەتی پێ تەواوکردوون وەك مەلا شێخ ڕەزا و مەلا شێخ محمد و شێخ عوسمان) هەتا دواجار لە ساڵی 1954 وەفات دەکات لە گوندی چۆخماخ لەناو حوجرەکەی خۆیدا ئەسپاردەی خوا دەکرێت لەدوای وەفاتی خۆشی شێخ عوسمانی کوڕی وەك جێگرەوەی دیاری دەکرێت بەهاوکاری براکانی تری لە گوندی چۆخماخ بە تایبەتیش مەلا شێخ محمد و شێخ ئیسماعیل.

سەردەمی شێخ عوسمان

ساڵی 1954 بەدواوە ئەرکی تەکیە و مەدرەسە دەکەوێتە سەر شانی شێخ عوسمانی کوڕی کە ئەو کاتە براکانی تری لەو ئاستەدا نەبوون زۆریان لە خوشك و براکانی منداڵ بوون مەلا شێخ ڕەزای براشی وەفاتی کردبوو. بۆیە شێخ عوسمان ئەرکی تەکیە و مەدرەسە دەگرێتە ئەستۆ درێژە بە ڕێگا و ڕێبازی باوکی ئەدات سەر بۆ زاڵم و بەگ و ئاغاکان دانانەوێنێ لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی و باپیرەی بەردەوام دەبێت، تا ساڵی 1961 شۆڕشی نوێ هەڵگیرساو یەکەم کەسانیش هاتنە ناوچەکە محمود کاوانی شەهید مەلا ڕەسولی گوێزیلە بوون هاتونەتە تەکیە و مەدرەسەی سەید عومەر و پاڵپشتی تەواویان بۆ دەربڕیوە. لەدوای ئەوانیش لە ساڵی 1963 تا 1964 مامۆستا ئیبراهیم أحمد و مام جەلال و شەهید عەلی عەسکەری و نوری ئەحەی تەها و نوری شاوەیس و شێخ محمد هەرسین، زۆربەی ئەندامانی مەکتەب سیاسی ئەو کات هاتونەتە تەکیە و لەوێ ماونەتەوە پاڵپشتی لە شۆڕشی کوردی کراوە دژی داگیرکەر و زۆرداران مام جەلال لە هەموو شوێن نوکتە و قسەی خۆشی خۆی کردووە، بۆیە ئەو جارەش لەوێ بۆ سوعبەت و پێکەنین بە شێخ عوسمان ئەڵێت یا شێخ دەروێشەکانتان چەندین ساڵە لێرە سەر با ئەدەن حاڵیان لێ دێت، با ئەم چەند ڕۆژە سەرەی ئێمە بێت، لە ساڵی 1967 مەلا مستەفای بارزان و محمود بەگی گۆڵێ و کوێخا سمایل تەلان و ئاغاکانی پشدەر هاتونەتە گوندی چۆخماخ لە تەکیە ماونەتەوە داوایان لە شێخ کردووە کە ئامر فەوج یان پلە یەك وەربگرێت بەڵام لە وەڵامدا شێخ ئەفەرمووێت کە خزمەتی ئەم تەکیە فەقیر و هەژاران ئەرکی سەرەکی ئێمەیە و ئەم تەکیە فەقیرانە بەڕێوە دەبەین. پاڵپشتی تەواوی کار و شۆڕشێك کە دژی زوڵم و ستەم چینایەتی بێت هەر کەس بیکات ئێمە پاڵپشتی دەکەین.

لە ساڵی 1975 بەدواوە بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا و ملازم عومەر سەردانیان کردووە. لە دوای ئاشبەتاڵی شۆڕشی گەلی کورد لە ساڵی 1975 بەدواوە سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی دەورێکی گرنگی بینیوە لە یارمەتیدانی پێشمەرگە و خزمەت کردنیان و ئامادەکردنی جێگە بۆ حەوانەوە تا ساڵانی 1990 ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە بەردەوام لە خزمەتی خەڵکی دا بووە بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە گوندەکان چۆڵکراون کە خەڵکی بە ناچاری ماڵ و موڵکی خۆیان بەجێ هێشتووە لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفال کە دژی گەلی کورد و دۆڵی جافایەتی ئەنجامدرا ئا لەو کاتەدا کە تەکیە چۆڵ بووە یەکێك لە خێزانەکان کە پیرەژنێك و پیرەپیاوێك بوون بەناوی (حاجی عبدالله) وتی کاتێك دییەکان چۆڵ بوون ئەنفال دەستی پێکرد و ئێمە شوێنمان نەما و هاتینە ناو تەکیە و مەرقەدەکە کاتێك جەیش و عەسکەری هاتن ئێمە توانای ڕۆشتنمان نەمابوو هەر ئێمەش مابوینەوە بۆیە چوینە ناو تەکیە و مەرقەدەکەوە کاتێك وستیان تێکی بدەن بە چەندین شۆفلْ و هێزەوە هاتبوون دەستیان بە تێك دانی خانووەکان کردبوو بەرپرسی جەیشەکە هاتە ژوورەوە سەیری تەکیە و مەرقەدەکەی کرد گەڕا بەناویا و وتی: ئەمە چیە؟ تۆ چ کارەی؟ لێرە؟ ئەڵێ منیش حاڵەکەم بۆ باسکرد، ئەویش هەندێك گەڕا بەناو تەکیە و مەرقەدەکەدا دوای تۆزێك بێ دەنگی زۆربەی زۆری لادێکەیان تێکدا و سوتاندیان هاتنەوە جەیش و جاشەکان ئەو فەرمانی پێکردن واز لەم شوێنە بێنن با بمێنێتەوە بە منیشی وت تۆ ڕاستت کرد بۆیە خەمت نەبێت لەگەڵ خۆم ئەتبەم بەجێت ناهێڵم، ڕووی لێکردم و وتی: کێت هەیە خزم و کەسوکار؟ ئەڵێ منیش زۆر ئەترسام بۆیە وامئەزانی فێڵ ئەکات تاکو خزمەکانم بگرن بۆیە زۆر نەمدەوێرا وتم دوو سێ خزمی دورم هەیە لە سلێمانی، وتی مەترسە چونکە تۆ لەم شوێنە پیرۆزەدایت، ئەوەی لە تواناماندا بێت بۆت ئەکەم، لەگەڵ خۆی بە سەیارەکەی خۆی تا لای حامیەی ئەوسا و پارکی ئازادی ئێستای هێنام منیش زۆر ئەترسام هەر بڕوام نەبوو هەتا لەوێ دابەزی

لەسەر ئەرکی خۆی تەکسیەکی بۆ گرتم وتی بۆ کوێ ئەیەوێت بیگەیەنە خۆی ڕۆیشت من هەر بڕوام نەدەکرد وامزانی فێڵە، سایەق تەکسیەکەش وایئەزانی باوکی ئەو عەقیدەم بۆیە هەر نەیوێرا سەیر بکات، هەردووکمان ئەترساین نەشمان ئەوێرا ئاشکرای بکەین. تا چەند کۆڵانێك گەڕاین تۆزێ لە دور ماڵی کوڕەکانم وتم ئێرەیە بە ترسەوە کابراش یەکسەر ڕۆی دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەوەش زۆر ترساوە.

تاکە شوێن بە پارێزراوی ماوەتەوە تەکیە و مەدرەسە و مەرقەدی گوندی چۆخماخ بووە هەتا لە زۆر و بەفر و باران بەشێکی خۆی ڕووخاوە.

هەتا شێخ عوسمان لە ژیاندا بوو سەرپەرشتی تەکیە و مەرقەدی چۆخماخی کردووە تا دواجار لە 29/7/ 1990 ئەویش بەیەکجاری ماڵئاوایی دەکات دەگەڕێتەوە بەر قاپی ڕەحمی خوای گەورە.

جارێکی تر لەدوای کۆڕەوی ساڵی 1991 کە دەور و ڕۆڵێکی گرنگی بەرچاومان بینی لەو کاتە بەدواوە جارێکی تر تەکیە و مەدرەسە و مەرقەدی حاجی سەید عومەر لەسەر دەستی مەلا شێخ عبدالمطلب کوڕی شێخ عوسمان دروستکراوەتەوە لەسەر ئەرکی خۆی هەر لەو کاتەوە دەور و ڕۆڵێکی گرنگی بینی، ئەمجار ڕۆڵێکی گرنگتر و بەرچاوتر چونکە دوای چۆڵ بوونی نزیکەی چەندین ساڵ جارێکی تر دەستکرا بە بینیادنانەوەی گوندەکانی ناوچەکە مەدرەسەکان وردە وردە کەوتنەوەکار سوپاس بۆ خوای گەورە دوای چەند ساڵێك توانرا چەندین مامۆستا لەوێدا فێربکرێن و ڕەوانەی ناوچەکانی خۆیان بکرێتەوە دەور و ڕۆڵی گرنگ ببینن هەر لەو کاتەوە شوێن هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بووە بێ جیاوازی ئینتیمای حیزبی و شەخسی بێ لایەنانە دەور و ڕۆڵی گرنگی بینی وە خزمەتی گرنگی پێشکەش بە حوکمەتی هەرێم کردووە لەڕووی ڕۆشنبیر

کردن و بڵاوکردنەوە لە ڕۆشنبیری گشتی پاراستنی سروشت  ئارام ڕاگرتنی ناوچەکە حەلی مەشاکیلی خەڵکی ناوچەکە.

کردنەوەی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی دورخستنەوەی خەڵکی لە فکرەی توندڕەوی، جێگەیەکیشە بۆ هەژاران و نەداران.

دەرکردنی چەندین کتێب و نامیلکە چ لە ڕووی مێژووی نیشتیمانی و پەروەردەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ڕوونکردنەوە و تێگەیاندنی لە موسڵمانان. کە ئەویش خۆی لە چەندین بەرهەم دەبینێتەوە لەوانە لە مێژووی بنەماڵەی شێخ عبدالقادر و نەوەکانی لە گوندی چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ، کە کتێبێکی مێژووییە هەروەها کتێبی شەریعەتی ئیسلام لە کتێبێکی فقهی یە و لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی کتێبی پێغەمبەرەکەت بناسە (صلی الله علیە وسلم) کە کورتەیەك لە ژیانی پێغەمبەری سەروەرمان (صلی الله علیە وسلم) کە پێغەمبەری ڕەحمەت و نەرم و نیانیە بۆ پێکەوە ژیان، هەروەها کتێبی فێربوونی نوێژ بۆ منداڵە چاوگەشەکان و نوێژ بۆ چینی گەورە و هەرەزەکاران، هەروەها کتێبی یادی لەدایکبوونی سەروەری مرۆڤایەتی، مەولودی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ئەم بەرهەمانەش لەسەر ئەرکی خۆیان بۆ خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و پێکەوە ژیانی هەموو چین و توێژەکان بێ جیاوازی ئێستاش تەکیە و مەدرەسەی حاجی سەید عومەر لە گوندی چۆخماخ بەردەوامە لە خزمەت کردن بە سەرپەرشتی ملا شێخ عبدالمطلب.

# شێخ عبدالقادری وەلی چۆخماخی


شێخ عبدالقادر کوڕی شێخ مەحمود لە دوای وەفاتی باوکی هەر لە گوندی چۆخماخ ژیاوەو درێژەی بە ڕێبازی باوکی داوەو خوێنەوارو زانای سەردەمی خۆی بووەو لەوێ تەدریسی کردووە، لەگەڵ شێخەتیەکەیدا زۆر خۆپارێزو خاوەن ڕەوشتی جوان بووە یەکێك بووە لە وەلیەکانی سەردەمی خۆی کە بە (شێخ عبدالقادری وەلی) بەناوبانگ بووە کەراماتی زۆری لێدەگێڕنەوە.

ڕۆژێك لە گوندی چۆخماخ خەڵکی دێکە کۆبوونەتەوەو خەریکی شایی و هەڵپەڕکێ بوون کەس نەماوەتەوە لە دێکە تەنها خەڵکی ماڵی شێخ نەبێت خێزانی شێخ عبدالقادر دڵی بەخۆی دەمێنێت و زۆر بۆڵە بۆڵ دەکات، دەڵێت: تۆ هیچ نیت کۆمەڵێك بۆڵە بۆڵ دەکات کە لە نێو ژناندا عادەت و باوە لەم کاتەدا کە خەریکی چاککردنی و لێکردنەوەی پەمۆ بوون شێخ عبدالقادریش دوعا دەکات و فوو بە پەمووەکەدا دەکات دەبێتە ئاڵتون شێخ پێی دەفەرموێت: کە دنیا هیچ نییە بۆیە من گوێی پێنادەم, کاتێك ژنەکەی ئەمە دەبینێت هەندێك لەوانە لێدەکاتەوە کە ئەمە دەبینێت پەشیمان دەبێتەوە (یەکێك لەو ئاڵتونانە تاکو ئەم سەردەمەی دوایی مابۆوە، لە گوندی (کانی سپیکە) لە لای عائیشە خانی کچی سەید نوری بووە.

حاجی شێخ عبدالقادر لە گوندی چۆخماخ کۆچی دوایی کردوەو هەر لەوێ بە خاك سپێردراوە، دوای خۆی چوار کوڕی بووە کە هەر یەکەیان دیارو ناودارو موتەقی و خاوەن کەرامەت بوون دەرچووی مەدرەسەکەی خۆی بوون هەر یەکەیان چوونەتە ناوچەیەکی تر.

نەوەکانی شێخ عبدلقادر:

1- شێخ محسین 2- شێخ محی الدین 3- شێخ عبدلطیف 4- شێخ احمد




**خادیم الفقراء  زانست شێخ عبدالمطلب شێخ عوسمان سەید عمر کوڕی شـێخ محـی**

الـدین سەید عبـدالقادری سـەید محەمـەدی سـەید مـەحمودی (بۆنخۆش)ه،كـوڕی سـەید موحسینی زێویێ، كوڕی سەید رەشیدی شێخ ئیسـماعیلی عـەوالآن، كـوڕی محەمـەدی سەید موسای سەید ئیبراهیمی سـەید خـزڕی سـەید مەنصـوری سـەید هـەمزەی سـەید حسێنی سەید یوسفی سەید حەیدەری پیرموسای سەید محەمەد زاهید(پیرخدری شاهۆیی).
كوڕی سەید مەحمودی مەدەنی، كوڕی سەید جەعفەری سەید حوسێنی سەید مـەحمودی ئەلیـەنبوعی سـەید رەحمـەتولآی سـەید موسـای سـەید حوسـێنی سـەید هـیلالی سـەید محەمەد(خەلفی) كوڕی سەید منهالی سەید ماجیـدی سـەید عبـدالرەحمانی سـەید قـاسمی سـەید ئیدریسـی سـەید سـوڵتان جەعفـەری سـەید ئیمـام عـەلی نـەقی سـەید ئیمـام محەمەدجەوادی سەید ئیمام عەلی ڕەزای ئیمام موسای كازمی ئیمـام جەعفـەری صـادقی ئیمام محەمەدباقڕی ئیمام عەلی زەیـن العابـدینی ئیمـام حوسـێنی ئیمـام عـەلی هاوسـەری فاتیمەی زەهرا كچی پێغەمبەر محەمەد(صلی الله علیه وسلم).[74]

[74] كتێبی زانایانی پیرخدری لا14.

# نەوەکانی شێخ محسین

## حاجی شێخ محەمەد حاجی شێخ موحسین شێخ عبدالقادر:

( 1910 – 1983 )



حاجی شێخ محەمەد شێخ موحسین قوتبی گاپیلۆنی، کوڕی شێخ عبدالقادری چوخماخی کوڕێ سەید مەحمودی چۆخماخی کوڕی سەید ئەحمەد نازناوی (بۆنخۆش)ە. کوڕی سەید موحسینی خانەقای زێوێ کوڕی سەید ڕەشیدی شێخ ئیسماعیلی عەولانیە.

ساڵی1910 لەگوندی گاپیلۆن لەدایکبووە، لە ناو تەکیەو خوێندنگەو حوجرەی باوك و باپیری چاوی بە ژیان هەڵهێناوە, لە تەمەنێکی کەمی منداڵییەوە لەلای باوکی دەست بە خوێندن دەکات کاتێك تەمەنی دەگاتە 8 ساڵی باوکی وەفات دەکات و هەروەك خۆی فەرموویەتی ئەوەندەم بیرە کاتێ باوکم وەفاتی کرد تەمەنم هەشت ساڵ دەبوو، دەستم لە دەستی حاجی سەید عومەردا بووە ئەو ئاگای لێم بوو.

دوای تەواوکردنی کتێبە سەرەتاییەکان, ڕوودەکاتە (ماوەت)، لەلای مامۆستایان(مەلا سەید سلێمان ) دەخوێنێت دوای بۆ کامڵبوونی زانست و وەرگرتنی زانیاری زۆر شۆێن گەڕاوە (بێتوش، ماوەت، هەزارمێرد، سلێمانی).

زۆربەی خوێندنی لە سلێمانی بووە لە خزمەت شێخ عومەری قەرەداغیداو تادوا جار لەسەر دەستی مامۆستا سلێمانی ماوەتی ئیجازەی وەرگرتووەو پاشان گەڕاوەتەوە گاپیلۆن, شان بەشانی حاجی سەید عومەری ئامۆزای ڕابەرایەتی تەریقەت دەکات و

لەگەڵ ئەوەشدا خۆێندنگەیەکی گەورە دەکاتەوە چەندان مامۆستا لەو خوێندنگەیە دەخۆێنن وەك :

( مەلا شێخ جەلالی شێخ محی الدین, مەلا شێخ محەمەدی حاجی سەید عومەر, شێخ صدیقی شێخ فەرەج, شێخ رەزای حاجی سەید عومەر, مەلا سەید عبداللە ی مەلا سەید نوری, مەلا شێخ محەمەدی شێخ قادر، مەلا غەریبی کانی گۆران، مەلا رەشیدی شاناخسیێ،....... چەندانی تر), کە لەسەر ئەرکی خۆی بەرێوەی بردوون.[75]

هەروها چەندان کەسی هەژارو لانەواز رێبواری لە خۆی گرتووەو پەروەردەی کردوون.

حاجی شێخ محەمەد رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ناوچەکەدا بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی حاجی سەید عومەری ئامۆزای.

لەگەڵ وتنەوەی وانە ئاینەکان حاجی شێخ محەمەد درێژەی بە ئیرشادکردن داوەو لەناو خەڵکیدا گەڕاوە بۆ بلاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام تێکەڵی باشی لەگەڵ زۆربەی کەسایەتیەکان و شێخانی تەریقەت و زانایانی ئاینی و بە تایبەتی شێخ مەحمودی نەمرو شێخ عیصامەدینی عەوالآن و مەلا مستەفای بارزان و شێخ محەمەد تاهیری سۆڵەو شێخ عبدالکریمی کەرکوك و حاجی شێخ ئیبراهیمی قادرکەرەم و حاجی شێخ مستەفای باقلان و مامۆستا مەلا شێخ عوسمان و مامۆستا مەلا شێخ عەلی عبدالعزیزی هەڵەبجەو مامۆستا شێخ محمد قەرەداغی خەتیبی سلێمانی و مەلا رەحیمی پەرخی و مامۆستا عبدالرحمن ی کۆل و زۆربەی کەسایەتەیەکانی کوردستان هاتوچۆی گەرم لە نێوانیاندا هەبووە.(جێگەیان بەهەشت بێت).

بەبەردەوامی داکۆکیکاربووە لەسەر رەوشتە جوانەکانی ئیسلام خاوەن تەقوایەکی بێ ریا بووەوهەوڵ و تەقەلای خزمەتکردن بووە بەخەڵکی هەژار, بەردەوام حەزی دەکرد

[75] کتێبی(گەورەبانگخوازانی کورد– شێخ موحسینی گاپیلۆنی) ئا: ئاوات ئەبوبەکر چ1لا50ساڵی2011

لەگەڵ هەژاران و بێنەوایان بێ، هەرگیز حەزی نەدەکرد لە سەرمایەداران و دەسەڵاتداران نزیك بێتەوە.

سالّی 1979 رژێمی بەعس لیژنەیەك دەنێرێ بۆلای شێخ تاکو چ پێویستیەکی هەیە جێبەجێی بکات. موچەوخەرجی بۆ خۆی و تەکیەکەی ببڕێتەوە. حاجی شێخ قبوڵی ناکات، پێیان دەڵێ : من پێویستیم بە موچەی ئێوە نیە لەلای خودای گەورە موچەم بۆ براوەتەوە تا ئێستاش پەکم نەکەوتووە لەمەولاش پەکم ناخات بۆیە پێویستم بە پارەو پولی کەس نیە ئەگەر ئێوەش پێویستانە بە پێی توانا یارمەتیتان ئەدەم.[76]

یەکێکی تر لە جوامێریەکانی ئەوە بوو کە مەجلیسی تەکیەکەی ڕازاوە بوو بە پیاوانی زاناو فەقێیان و موریدانی ڕێگەی خودا, پارەیەکی زۆری خەرجدەکرد لە مەدرەسە شەرعیەکاندا بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی ئاینی, لە بەخشندەیی شێخ سودیان وەرگرتووەو توانیویانە پەرە بە زانستی خۆیان بدەن تا پلەی کۆتایی زانستە شەرعیەکانی بەدەستهێناوە.

زۆر جار لەو ئاشتەوایانەدا کە پێی هەڵدەستا لە نێوان دوو ماڵ یان دوو هۆز یان لادێ نشیندا پارەو ماڵی خۆی دەخستە کارو سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا.

جێگەیەکی تایبەتی لە ماڵەکەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بێباوکان و بێنەوایان بۆ ئەوەی گەورەیان بکاو دووربن لە سواڵکردن و ڕەوشتی خراپە.

حاجی شێخ زۆر کەسی لەژێر پەتی سێدارە ڕزگار کردووە, چ لەژێر دەستی دەسەڵاتدارانی کورد یان دەسەڵات دارانی ڕژێمی ئەو سەردەمە.

لەگەڵ هەموو ئەم کارە گرنگ و بەخشندەییانەدا داهاتی مادی حاجی شێخ، بریتی بووە لە بەرهەمی دەستی خۆی کە ساڵانە فەلاحەتی و کشتوکاڵی و ماڵاتداری و باخداری

---

[76] حاجی شێخ جەلالی شێخ محی الدین ساڵی 1948 لە گوندی گاپیلۆن لە دایکبوە، خوێندنی مەلایەتی تەواو کردوەو ئیجازەی مەلایەتی و ئیرشادی لە خزمەت حاجی شێخ محەمەد وەرگرتوە، 2015/10/9 لە سلێمانی وەفاتیکردوە، لە گاپیلۆن نێژراوە.

دەکرد. جەنابی شێخ لە بواری نیشتمان پەروەریدا پێشەنگ بووە, تەکیەو ماڵەکەی جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە لە ناوچەکەدا.

مەلا مستەفای بارزانی هەر کاتێ بهاتایەتە ناوچەکە دەهاتە لای شێخ و لە میوانداری ئەودا بوو ڕاوێژی پێدەکرد و ڕاوبۆچونەکانی بەهەند وەردەگرت هەتا دواجار مەلا مستەفای داوای لێدەکات سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەی شارباژێر بکات. جەنابی شێخ قبوڵی نەکردووە. مام جەلالیش هەمان داوای لێدەکات بەڵام ئەو قبوڵی ناکات.

حاجی شێخ حەزی بە کاری حزبی و سیاسی و ڕێکخراوەیی نەکردووە (مەلا سعیدی کوڕەداوێ)[77] گێڕایەوە: ساڵی 1976 چووینە خزمەتی حاجی شێخ محەمەدی گاپیلۆن لەگەڵ مەلا مستەفای قەشانی و مامۆستا حەمەئەمینی قامیشی و مامۆستا عبدالعزیمی ماوەتی و مەلا شەریفی کوڕەداوێ کە ئەوسا مەلا عبدالعزیمی ماوەتی سەرۆکی یەکێتی زانایان بوو. پێمان فەرموو: ئێمە یەکێتی زانایانمان دروستکردووە حەزەکەین کە جەنابتان لەگەڵماندا بەشدار بن و ببنە براگەورە.

ئەویش فەرمووی: من لە خزمەتاندام بۆ هەمو تێچوونی کارەکانتان لە ڕووی مادییەوەو هەمو کۆبوونەوەکانیشتان لە تەکیەکەی مندا ئەنجام بدەن و خزمەتیشتان دەکەم بەڵام بەشداری هیچ کارێکی حیزبی و ڕێکخراوەیی ناکەم, بۆم ناکرێ. ئەڵێ زۆر داوامان لێکرد بەڵام ئەو ڕازی نەبوو.

حاجی شێخ محەمەد لە تەمەنیدا پێنچ جار سەفەری حەج و حەوت جار سەفەری عومرەی کردووە لە ڕووی دینەوە زۆر وریاو ئیداری و خۆشەویست بووە.

ساڵی ١٩٧٦ هاتۆتە شاری سلێمانی و گاپیلۆنی بەجێهێشتوە تەکیەکەی داوەتە

[77] مەلا سەعید ساڵی 1942 لە گوندی کوڕەداوێ لە دایکبوە هەر لە تەمەنێکی منداڵییەوە لە خزمەت چەندین زانا وەك مەلا مستەفای کوڕەداوێ و مەلا سەید محەمەد دەستی بە خۆێندن کردوە، ئێستاش لە گەڕەکی هەواری شاری دەژی.

دەست (حاجی شێخ جەلالی حاجی شێخ محی الدین) ئەوی لەجێگەی خۆی داناوە.

حاجی شێخ محەمەد دایم مەجلیسەکانی لە کەسانی زاناو داناو شێخانی تەریقەت جمەی دەهـات. بـە دەسـتی خـۆی یارمـەتی زۆر کەسـی هـەژارو لێقـەوماوی داوەو حەواندونیەتیەوە, یارمەتی زیاتر لە شانزە کەسی داوە لەسەر دەسـتی خـۆی ژنـی بـۆ هێنـاون مـاڵـی بـۆکردوون. لـە ڕووی خوێندنـەوە یارمـەتی زۆر کەسـی داوەو پێـی گەیاندوون. خەڵکی ناوچەکە زۆر کەرامـەتیان لـە حـاجی شـێخ بینیـوە. زۆر دەوری بووە, زۆر کەس لەسەر دەستی تۆبەیان کرددوە.

(شێخ محەمەد نـۆرە بـابی)[78] لـە دەمـی حـاجی شـێخ محەمـەدەوە بۆمـان دەگێڕێتـەوە ئەفەرموێ: ساڵی ١٩٧٨ لەسـەفەرێکی ئیرشـادمدا بـۆ شـارباژێر لەگـەڵ کۆمـەڵێك دەروێش و موریدا چوومە گوندی (بێتوات) لـە مزگـەوت کۆبووینـەوە دوای نوێـژو ئسراحەت دەستمان کرد بە زیکرکـردن دوای تـەواوبوونی زیکـر گـوێم لەخـەڵکی گرت تا بزانم کێشەو تەنگو چەڵەمەیان چیە, ئەڵێ : باسی کابرایەکیان کرد وتیان زۆر خراپەو نوێژ ناکاو خەڵکی لێی بێزار بووە, حاجی شێخ فەرمووی : بـانگم کـردو زۆر ئامۆژگاریم کردو داوام لێکرد نوێژ بکات وئەویش بەڵێنیدا.

منیش ڕۆیشتم, بۆ ساڵی داهاتو ڕێمکەوتەوە ئەو گوندە خەڵکێکی زۆرم لەگەڵ بـو، دوای ئیسراحەت و زیکرێکی زۆر ئەم جارەش خەڵکی گلەیان لە کابرا هەبوو وتیـان هەر وەك خۆیەتی.

منیش ناردم بەشوێن کابراو هات زۆر ئامۆژگاریم کرد بەڵێنیدا ئەمساڵیش رۆیشـتم، بۆ ساڵی سێیەم هەمان شێوە ڕێم کەوتە ئەوێ و وەك جارەکانی تر خەڵکەکـە گلـەیی زۆریان لەکابرا هەبوو ئەم جارە کابرا لەپێش زیکرکردنەکەدا هـاتبوو منـیش پیـاوێکم لەگەڵ بوو کە خەلیفەی باوکم بو ناوی (دێوانـە سـەعید) بـوو لـەکاتی زیکرکردنـدا

[78] شێخ محەمەد شێخ بابا عەلی شێخ لەتیف نۆرەبابی ساڵی 1943 لە دایکبوە سەرەتای خوێندنی لە لایەن باوکی و چەند مامۆستایەکی تر بوە. تێکەڵی باشی لەگەڵ شێخانی چۆخماخ و گاپیلۆن هـەبوە دۆسـتێکی باشـی حـاجی شـێخ محەمەد بوە ئێستاش لە شاری سلێمانی دەژی.

هەستاو رەفاعیەکی بەشانی کابرادا کردو لە کەلەکەیەوە هاتەدەرەوەو زۆر خوێنی لێدەهات و چاك نەدەبۆوە منیش بەو دەستورانەی باوك و باپیرم کۆڕی زیکرم لەسەر دابەست تاماوەیەکی زۆر سوپاس بۆ خوا کابرا باش بۆوەو ئەم جارەش بەلێنیدا بەهەمان بەلێنی سالانی پێشوو ئێمەش رۆیشتین، بۆ سالی چوارەم کابرا دیار نەبوو, منیش لەخەلکم پرسی باسمکرد, وتیان: قوربان ئەم پیاوە زۆر باش بووە هەموو نوێژێك لە مزگەوت بە جەماعەت ئەکات ئەگەر فەرزێك لەوێ نەبێ هەوالی ئەپرسین ئەوەندە چاکبووە زۆر کەسێکی چاك وباشەو بەدەم خەلکەوەیەو بۆ هەموو کارێکی چاکە ئامادەیە. منیش سوپاسی خودای گەورەم کرد لەسەر ئەوەی کەسێك لەسەر دەستم مسولمان بووەو تۆبەی لەکاری خراپکردووە،

لەگەڵ ئەوەی تەکیەو حوجرەی هەبووە دەرسی وتۆتەوە زۆر عالم بووە لەو سەردەمەدا خۆی هەولی داوە بۆ بەڕێوەبردنی تەکیەی خۆی کاسپی کردوە وەك:

( ئاژەلداری، باخداری، کشتوکاڵ ....) بەوانە پێداویستی تەکیەو حوجرەکەی بەڕێوە بردووە. جێگەی خۆیەتی پەرۆشی و هاوکاری خەلکی ناوچەکەش لەیاد نەکەین کە زۆر خۆشەویستیان بۆ جەنابی شێخ و مەدرەسەو دینداری بۆتە داینەمۆی هاوکاری مادی و مەعنەوی و دەستگیرۆیی بۆ مرۆڤەکانی میوانداری شێخ.


حاجی شێخ محەمەد زۆر نوسینی هەبووە لەگەڵ کتێبخانەیەکی گەورە بەلام بەداخەوە دەست خەتەکانی دیار نین و زۆربەی کتێبەکانی وەقفی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزی سلێمانی و مزگەوتی گەورەی سلێمانی کردووە.

تا دواجار حاجی شێخ محەمەد سالی 1983 کۆچی دوایی کردووەو بەهۆی بارودخی ئەو سەردەمەوە نەتوانرا ببرێتەوە گاپیلۆن و لەگۆڕستانی (شێخ ئەحمەدی هندی) بە خاك دەسپێرێت, حاجی شێخ محەمەد لە دوای چوار جار پڕۆسەی هاوسەرگیری خوای گەورە هیچ نەوەیەکی پێنەداوە، هاوسەری یەکەمی(بەدریەخان) کچی مەلا سەید سلێمان ماوەتی بووە.

سڵاو لەو ڕۆژەی تیایدا وەفاتت کردو سڵاو لەو رۆژەی تیایدا زینـدوو دەکرێیتـەوە، نەسرەوتی تا ئەوەی لەسەر شانت بو ئەنجامداو مێژویەکی زێڕین و گەشاوەت بۆ خـۆت و خانەوادەکەت تۆمارکرد بەهەشت جێگەت بێت.ان شاءالله.

## دووەم: حاجی شێخ محی الدین کوڕی حاجی شێخ قادری وەلی:

1912 -1865



ساڵی 1865 لەدایکبووەو برای بچوکی شێخ موحسین بووە لە لای باوکی دەست بە خوێندن دەکات و زۆر بە دین و خاوەن تەقوا بووە دوای ئەوەی هاوسەرگیری دەکات ساڵی 1889 لە گوندی گاپیلۆن لەگەڵ شێخ موحسین برای نیشتەجێ دەبیت و خەریکی کارو کاسیی ماڵی خۆی دەبێت، خودای گەورە دووکوڕی پێدەبەخشێ (حاجی سەید عومەرو حاجی شێخ مستەفا) دوای تەمەنێکی کەم ساڵی 1912وەفات دەکات، لە گوندی گاپیلۆن بە خاك سپێراوە.

**نەوەکانی حاجی شێخ محی الدین شێخ عبدالقادر وەلی:**

**یەکەم: حاجی سەید عمر** **دووەم: حاجی شێخ مستەفا**

**نەوەکانی حاجی سەید عمر**

1- **شێخ عوسمان**

2- **شێخ ئیسماعیل**

3- **ملا شێخ ڕەزا**

4- **شێخ نەجمەدین**

5- **حاجی شێخ ابراهیم**

6- **ملا شێخ محمد**

7- **حاجی شێخ جەلال**

**نەوەکانی حاجی شێخ مستەفا**


1-**شێخ محی الدین**

2- **شێخ عبدالقادر**

3- **شێخ محمد زاهید**

**شێخ عوسمان سەید عومەر شێخ محی الدین**:

1990 –1929



ساڵی 1929 لە گوندی گاپیلۆن لە دایکبووە لە مناڵییەوە بە خورەوشتە جوانەکان گۆشکراوە.

سەرەتا لە لای باوکی و قورئان و کتێبە سەرەتاییەکان دەخوێنێ بەلاّم بە هۆی نالەباری بارودۆخی ئەو سەردەمەوە نەیتوانیەوە درێژە بە خوێندن بدات, زۆر کات لە خزمەتی باوکیدا دەبێت و لە تەمەنی 15 ساڵاندا دەبێت کاتێك دایکی وەفات دەکات و لەوکاتەوە لە سۆزی دایکایەتی بێبەش دەبێ, دوای ئەوەی تەمەنی دەبێتە 21 ساڵ باوکی وەفات دەکات بەلاّم پێش ئەوەی وەفاتی باوکی (فاتمەخانی کچی سەید حوسێن باڵخ)ی بۆ مارە دەبڕێت ساڵی 1953 هاوسەر گیریدەکات.

شێخ عوسمان لە دوای کۆچی دوای باوکی شان دەداتە بەر ئەرکێکی زۆر قورس ماڵ و تەکیەو هەژاری و نەداری کۆمەڵێك مناڵی بێباوکی لەسەرماڵ دەبێت, بۆیە دوای وەفاتی باوکی تا ماوەیەکی دورو دێژ هەمو شەوێك ئەچێتە سەر قەبری باوکی تا شەوێك لە شەوەکان ئەیویست بچێتە سەر قەبری باوکی بەلاّم توشی ساموهەیبەتێکی زۆر دەبێت کاتێك دەچێت وادێتە بەر چاوی کە لەناو مەرقەدی باوکی جەماعەت دەکەن ئەویش بەپەلە دەگەڕێتەوە ماڵەوە لەو شەوەوە نەچۆتەوە سەرقەبران.

دوای ئەوەی شەوێك لە خەویدا حاجی سەید عومەری باوکی دێتە خەوی و هەردو

پەنجە دەخاتە سەرچـاوی و پێـی دەفـەرموێت : قەسـەم بـە گـەورەیی خـودا (عوسمـان جـارێکی تـر بـیر لـە ڕزق و ڕۆزی بکەیتـەوە بـەم دو پەنجـەی خـۆم هـەردو چـاوت دەردەکەم.

ئەفەرمۆیّ ئیتر لە دوای ئەو کاتەوە دڵم ئارام بو خودای گەورە ڕزقی فراوانکـردم و تاکو وەفاتی کرد گۆێی بە دنیا نەداو پەکیشی نەکەوتوە.

شێخ عوسمان لـە دوای وەفـاتی بـاوکی سـاڵی 1954 خێـزان دەگوازێتـەوە و دەسـت دەکات بە بەڕێوبەردنی تەکیەو دەبێتە جێگرەوەی باوکی و دایم تەکیەکەی کراوە بـوە بۆ هەژاران و نەداران هەر وەك سەردەمی باوکی.

تێکــەڵی لەگــەڵ شــێخان و پیــاوانی سیاســی و ئاینیەکانــدا بــوە. ســاڵی1962بـۆ خۆشەویستکردن و ڕاکێشانی سـەرنجی خـەڵکی ناوچـەکەو بـەباش سـەیرکردنی مـام جەلال, مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد, مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردە سیاسیەکانی تر هاتون سەردانیان کردوە.

تەکیەکەی لانەکـەی شـۆڕش و پێشـمەرگە بـوە تـا دواجـار سـاڵی 1978 بـەهۆی بارودۆخی ئەو سەردەمەی وڵات ڕو لە شاری سـلێمانی دەکـات و لـەویّ نیشـتەجیّ دەبێت.

کاتێك هاتۆتە سلێمانی زۆر کـەس لـە خۆشەویسـتی و چـاپوکی ئـەم زاتـە ئـەرز و خانویان پێشکەش کرد بەڵام هیچیانی قبوڵ نـەکرد, زۆر خـاوەن عیـزەت و تـەقوا بـو کەسایەتیەکی خۆ بەکەمگرو خاکی بو, دەم بە خەندەو زیکرو وێردو ئـەوراد بـو, زۆر سـیلەی ڕەحـی جێبـەجیّ کـردوە. تـا دواجـار نەخۆشـی هیلاکـی دەکـات، لــە 1990/7/29 کۆچی دوایی دەکات بە یەکجاری ماڵئـاوی لێکـردین لـە گوڕسـتانی شێخ ئەحمەدی هندی بە خاك سپێدرا, لە دوای خۆی چوار کوڕو کچێکی جێهێشتوە:

– شێخ فاروق چوار کوڕی هەیە (فەخرەدین و هێمن و محەمەدو عومەر)، دوکچ (هێرۆ و هەساو).

– مەلا شێخ عبدالمطلب پێنج کوڕی هەیە، شێخ (زانست و زاناو داناو محەمەدو ئەحمەد).

– شێخ علاء الدین سێ کوڕو سێ کچی هەیە( بڕوا, بەسۆز, بەفرین، فیردۆس, محەمەد, بیرمەند).

– شێخ عبدول .

– پەروین ، خێزانی شێخ هیدایەت.



## شێخ فاروق شێخ عوسمان سەید عومەر:

شێخ فاروق شێخ عوسمان ساڵی 1955 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبوە هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە لەلای مەلا سەید جەلال دەست بە خوێندن دەکات بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەو سەردەمەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات دەست بە کارو باری ماڵی خۆی دەکات و ساڵی 1976 ژیانی هاوسەر پێك دەێنێت، ساڵی 1979 هاتۆتە شاری سلێمانی، ساڵی 1981 چۆتە خزمەتی سەربازیی و دوای ساڵێك هاتۆتەوە گوندی چۆخماخ کە ئەو سەردەمە نزیکەی 60 ماڵی تێدا بوە کە یەکێك بوە لە ئەنجومەن و ڕیش سپی گوندی چۆخماخ بە هاوکاری لەگەڵ مەلا شێخ موتەلبی برای سەرپەرشتی تەکیەی حاجی سەید عومەری باپیریان کردوە تا ساڵی 1988 کاتی ئەنفال بە ناچاری لە دۆڵی جافایەتییەوە ڕودەکەنە وڵاتی ئێران لە مانگی 2 ی ساڵی 1988 چۆتە شاری بانەو لەوێش بەهۆی ناسراویی و ناوداریان سەرپەرشتی ئەو خێزانانەیان کردوە کە ئاوارە بون لەوێ تا ساڵی1989 هاتۆتەوە ئوردگای باینجان تا ساڵی1991 لەوێ بوە دوای چۆتەوە گوندی چۆخماخ و سەرلەنوێ خانو ماڵی دروست کردۆتەوەو خەریکی کاروبارو کاسپی ماڵی خۆی بوە وەك یەکێك لە ڕیش سپی و پیاوماقوڵانی گوندی چۆخماخ بوەو تەکیەی خۆی بەرێوە بردوە ساڵی 2014 چۆتە سەفەری حەج لەگەڵ خاتو خەدیجەخانی خێزانی ئێستاش لە گوندی چۆخماخ دەژی. خاوەنی چوار کوڕەو

دو کچە:

- فخرالدین ڕامیار, ڕەییان, ڕەوێن, ڕۆژینا ).
- هێمن (هێڤار, هیران, هانا, هەنار).

محەمەد ( ئەحمەد, سەهەند, ساوێن).

عمر، هێرۆ ، هەساو.

......................

## مەلا شێخ عبدالمطلیب، شێخ عوسمانی سەید عومەر:



خادیم الفقراء زانست شێخ عبدالمطلب شێخ عوسمان سەید عمر کوڕی شێخ محی الدین سەید عبدالقادری سەید محەمەدی سەید مەحمودی (بۆنخۆش)ە،کوڕی سەید موحسینی زێویێ، کوڕی سەید ڕەشیدی شێخ ئیسماعیلی عەوالآن، کوڕی محەمەدی سەید موسای سەید ئیبراهیمی سەید خزری سەید مەنصوری سەید هەمزەی سەید حسێنی سەید یوسفی سەید حەیدەری پیرموسای سەید محەمەد زاهید(پیرخدری شاهۆیی). کوڕی سەید مەحمودی مەدەنی، کوڕی سەید جەعفەری سەید حوسێنی سەید مەحمودی ئەلیەنبوعی سەید ڕەحمەتولآی سەید موسای سەید حوسێنی سەید هیلالی سەید محەمەد(خەلفی) کوڕی سەید منهالی سەید ماجیدی سەید عبدالرەحمانی سەید قاسمی سەید ئیدریسی سەید سولڵتان جەعفەری سەید ئیمام عەلی نەقی سەید ئیمام محەمەدجەوادی سەید ئیمام عەلی ڕەزای ئیمام موسای کازمی ئیمام جەعفەری صادقی ئیمام محەمەدباقڕی ئیمام عەلی زەین العابدینی ئیمام حوسێنی ئیمام عەلی هاوسەری فاتیمەی زەهرا کچی پێغەمبەر محەمەد(صلی الله علیه وسلم).[79]

### ناوی تەواوەتی، نەسەب و بنەچە

### ملا شێخ عبدالمطلب شێخ عوسمان

لە ساڵی 1963 لە گوندی چۆخماخ لە دایك بووە هەر لەسەرەتای تەمەنی منداڵیەوە دەستی بە خوێندن کردووە لەلای مەلا شێخ محمدی مامی قورئان و کتێبە سەرەتاییەکان دەخوێنێ. لە ساڵی 1974 لەلای مامۆستا عبدالله درێژە بە خوێندن

[79] کتێبی زانایانی پیرخدری لا14.

دەدات، دوای ماوەیەك ڕوو لە شاری سلێمانی دەكات لە مزگەوتی نالی لەلای ملا عومەر دەخوێنێت، دوایی دەچێتە مزگەوتی ئابلاخ و لەلای مامۆستا محمدی شیوەڕەزی دەخوێنێت دوایی چۆتە مزگەوتی شێخ محی الدین لەلای ملا حمە ئەمینی گەورەدێی، دوای ماوەیەك مانەوە دەچێتە كانی بەردینە لەلای ملا محمدی شیوەڕەزی دەخوێنێ پاش مانەوەی ماوەیەك دەچێتە مزگەوتی قامیشان لەلای مامۆستا سەید جلال دەخوێنێت لەساڵی (1975) لەگەڵ كۆمەڵێك لە خزمان و هاوڕێكانی و لە بیارەی شەریف و هەڵەبجە لە خزمەت مەلا عوسمان و ملا علی برای، تاقیكردنەوە ئەنجام ئەدات و ئەچێتە پەیمانگای ئیسلامی ئەوكات، دوای مانەوەی ماوەیەك و هەرەس هێنانی شۆڕشی كوردی ڕوودەكاتەوە گوندی چۆخماخ. جارێكی تر لەلای ملا حمەئەمین دەست دەكاتەوە بە خوێندنی كۆتا ماددەكان لەگەڵ ئەوەشدا كاری مەلایەتی ئەنجام ئەدات، لە ساڵی 1984 دەگەڕێتەوە گوندی چۆخماخ بە هاوكاری لەگەڵ مامۆستا زانا حوجرە دادەمەزرێنێت كۆمەڵێكی زۆر فەقێیان دەبێت دوای زەبر و زەنگی ڕژێمی بەعس و ناچاركردن بە هەندێك كار و داوالێكردنی بە بوون بە بەعس و خستنە بەردەمی پلە و پایە خزمەتی سەربازی هەڵدەبژێرێت دەچێتە خزمەتی سەربازی لە ساڵی 1985 دوای مانەوەی ماوەیەك لەوە ڕوو دەكاتە وڵاتی ئێران لە ساڵی1987 پاش مانەوەی ماوەیەكی كەم لە 1987/10/4 دەگەڕێتەوە گوندی چۆخماخ ژیانی شاخ هەڵدەبژێرێت و چەكی شەرەف و بەرگری نیشتیمان لە شان دەكات تا ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە هەر لەوێش لە 1987/1/12 هاوسەرگیری ئەنجام ئەدات.

لە كۆڕەوی 1991 لەبەر خزمان و كەسوكاری ڕوو لە وڵاتی ئێران دەكات و لەوێش ماڵەكەی وەك تەكیە لە خزمەتی فەقیر و هەژار و نەداراندا دەبێت بەهۆ ناسراوی لە وڵاتی ئێران كاری پەنابەران ئاسان دەكات شوێن بۆ زۆربەیان دابین دەكات لەدوای

مانەوەی ماوەیەك ڕوو لە کوردستان دەکاتەوە بەشداری کارایان لە ڕاپەڕیندا دەبێت، لە شاری سلێمانی نیشتەجێ دەبێت دوای چەند ساڵێك مانەوە لە شاری سلێمانی لەساڵی 1994 ڕوودەکاتە گوندی چۆخماخ تەکیە و حوجرەکەی دادەمەزرێنێتەوە مەرقەدی حاجی سەید عومەری باپیرەی دورست دەکاتەوە لەسەر ئەرکی خۆی دەستێکی باڵای هەبووە لە ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەدا لە ساڵی 2000 .

سەرپەرشتیار و ئیمام و خەتیب لە مزگەوت و مەدرەسەی گوندی چۆخماخ کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکەیە تێکەڵاوی دۆستایەتی باشی لەگەڵ زانایانی ئاینی کوردستان و شێخانی تەریقەت و سەرکردە و سیاسیەکانی کوردستان و شێخانی تەریقەت و سەرکردە و سیاسیەکانی کوردستان هەیە زۆربەیان سەردانی تەکیە و مەدرەسەکەیان کردووە.

دەستێکی باڵای هەیە لە چارەسەرکردنی کێشە و مەشاکیلەکانی کوردستان و دەڤەری دۆڵی جافایەتی بەشداری چەندین کاری ئاشتەوایی کردووە و زۆربەیان لەسەردەستی ئەو کۆتاییان پێ هاتووە دایم دەرگای تەکیە و مەدرەسەکەی کراوەیە لە خزمەتی هەژاران و نەداراندا و بێ جیاوازی.

خاوەنی پێنج کوڕە بەناوەکانی (زانست، زانا، دانا، محمد، أحمد)، کە هەریەکەیان دەورێکی گرنگ و باڵایان هەیە لەناوچەکەدا.

(م.زانست ملا شێخ عبدالمطلب دەرچووی شەریعەیە نوسەر)

(م.زانا خوێندکارە لە کولیەی قانون)

(م.دانا خوێندکاری ماستەر مامۆستا).

## شێخ ئیسماعیل حاجی سەید عومەر شێخ محی الدین:


2006_1927

ساڵی 1927 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبووەو بە هۆی کاسپی ئەو سەردەمەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات لەوێ هاوسەرگیری پێکهێناوە، ساڵی 1976 هاتۆتە سلێمانی و درێژەی بە ژیان داوە لە گەڕەکی کارێزەوشك تا دواجار لە ساڵی 2006 بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوای کردوەو لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هندی بە خاك سپێدراوەو لە دوای خۆی کوڕێك و شەش کچی بەجێهێشتوە (شێخ تاهیرو زەیتون و سەمیعەو فەریدەو پەروین و نەسرین و نەبات).

شێخ تاهیری شێخ ئیسماعیل ساڵی 1975 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبوە خەریکی کاروبارو ژیانی خۆی بوەو هاوسەرگیری ئەنجامداوەو لە گەڕەکی کارێزەوشکی شاری سلێمانی درێژە بە ژیان دەدات و خاوەنی سێ کوڕە (گوران و هەڵگوردو هەڵوێست).

## مەلا شێخ ڕەزای شێخ عومەری شێخ محی الدین شێخ قادری وەلی:

1950_1923



ساڵی 1923 لە گوندی گاپیلۆن لە دایکبوە سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی بوەو دوایی چۆتە خورخورە لە خزمەت(مەلا خدری یاخیانی)و دوای چۆتە (خۆشناوەتی)و ماوەیەك ماوەتەوەو دوایی هاتۆتە (سلێمانی) ماوەیەك ماوەتەوەو دوای چۆتە (تەکیە ڕوتە)ی شاری سلێمانی ئەخیر مادەی خوێندن تەواو دەکات بۆ ڕەمەزان دەچێتە (ئەلآیی)زۆر زیرەك و لێهاتو بوەو لە ناوخەڵکی زۆر خۆشەویست بوە. زۆربەی ڕۆژەکانی بۆ خوێندن و خوێندنەوە چۆتە سەرگۆڕستانی (گردی سەیوان)و تا دواجار لە کاتی وتاری نوێژی جەژندا چەند جارێك دوپشك پێوەی دەدات بەڵام نوێژەکەی نابڕێت و دوای تەواو بونی نوێژەکەی دوپشکەکە دەگرێت و نامەیەك بۆ جەنابی باوکی دەنوسێت:ئەم دوپشکە هۆکاری مردنی منەو با ئاگاداری بیی و دوپشکەکەو نامەکە دەخاتە ناو شوشەیەکەوەو دوای ماوەیەك وەفات دەکات.


وەك شێخ سدیقی شێخ فەرەج کە هاوڕێی بوە زۆربەی خوێندنیان پێکەوە بوە، دەڵێ: چوم پیرۆزبایی لێبکەم بە بۆنەی چەژنەوە, کاتێك گەیشتم! پێیان وتم شێخ رەزا وەفاتی کردوەو بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕامەوە ئیتر دەستمان بە ئامادەکاری کردو شۆردمان و کفنمانکرد خەڵکێکی زۆر کۆبۆوە وەك زانایانی ئاینی و خەتیبی سلێمانی و زۆربەی کەسایەتیەکانی شاری سلێمانی دوایی من چوم تاوەکو جەنابی باوکی ئاگادار بکەم

ئەوكات بەرقیەم لێدا بۆ مەركەزی گاپیلۆن تا بە حاجی سەید عومەر ڕابگەیەنن كە شێخ ڕەزای كوڕی وەفاتی كردوەو ئەویش دوای چەند كاتژمێرێك هاتە سلێمانی و خەڵكی هەموی بەپیریەوە ڕۆیشتن دەستیان ماچكردو ئەویش زۆر خۆڕاگربو فاتیحەیەكی خوێندو بەخێرهاتنی خەڵكەكەی كرد كە زۆر ئارامگرو لەسەر خۆ بو.

دوایی نامەكەو شوشەكەیان دایەو نامەكەی خوێندەوەو شوشەكەی هەڵگرت چوین و لە گردی سەیوان بە خاكمان سپارد، دوای پرسەمان بۆ دانا لە تەمەنی 27 ساڵیدا لە 1 شەوالی1369ھ شەوی هەینی بەرامبەر1950.

شێخ رەزی حاجی سەید عومەر زۆر زیرەك و لێهاتو بو خەڵكانێكی زۆر خۆشیان دەویست یەكێك لەوانە كچی خۆی لێمارە بڕی بو بەڵام شێخ رەزا نەگەیشت بەوەی بیگوازێتەوە وەفاتیكرد, ئەو خانمە بەڕێزە وەك وەفایەك بۆ جەنابی شێخ هاوسەرگیری نەكردۆتەوە.


..............................



نمونەیەك لە دەست و خەتی مەلا شێخ رەزای حاجی سید عمر

## مەلا شێخ محەمەد حاجی سەید عومەری شێخ محی الدین:

1975–1948



ساڵی 1948 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبوە، ساڵی 1954باوکی وەفات دەکات.

لە لای شێخ عوسمانی برای دەبێت تا تەمەنی دەگاتە نۆ ساڵ دەست بە خوێندن دەکات، یەکەم کاروانی خوێندنی لە گوندی یاخسەمەر دەبێت لەخزمەت (مەلا رەئوف) ساڵی 1957 دوای ماوەیەك دەچێتە (نۆڵچکە) ولە خزمەتی مەلا سەید مەحمود دەخوێنێت دوای ئەوە ڕودەکاتە (سێ کانیان)و (سێ دەر)و (ڕانیە) دوایی دەچێتە سلێمانی دوای ماوەیەکی زۆر لە خوێندن ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە گوندی (چۆخماخ) ساڵی 1970 دەبێتە (ئیمام و خەتیب) لە گوندی چۆخماخ، ساڵی 1972 هاوسەرگیری دەکات تا ساڵی 1975 لە گەڕانەوەی لە سەفەرێکدا لەگەڵ (حاجی شێخ محەمەد)ی ئامۆزایی و (حاجی شێخ جەلال) بۆلای مەلا عوسمان و مەلا عەلی عبدالعزیز بۆ بەخێرهێنانەوەیان لە سەفەری حەج.

پاشان چونەتە لای حاجی شێخ ئیبراهیمی برای کە لە مەریوان بوە دوایی لە کاتی گەڕاندنەوەیان لە (کانی کوزەڵە) ئەڵغام بەسەیارەکەیاندا دەتەقێتەوەو شەهید دەبێت, خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات، مەزاری (شێخ موحسینی گاپیلۆن) دوا وێستگەی ژینی دەبێت و بە خاك دەسپێدرێت لە دوای خۆی کوڕێك و کچێکی هەیە( شێخ ڕەزا) هاوسەرگیری کردووە چوار کوڕی هەیە (محمدو ئەنەس و ئەمیرو لاوی) و (نەسیمەخان) هاوسەری شێخ عەلادینی شێخ عوسمانە

**حاجی شێخ مستەفا کوری حاجی شێخ محی الدین شێخ قادری وەلی**

1970 _1892




ساڵی 1892 لە گوندی چۆخماخ لەدایکبوە بە هۆی وەفاتی باوکیەوە نەیتوانیوە پەرە بە خوێندن بدات لە لای شێخ عبدالطیف مامی بوە. دوای بەرێکردنی تەمەنی منالی دەچێتە گاپیلۆن و لەگەڵ خاتو رەحمەخانی کچی شێخ موحسین هاوسەرگیری دەکات لە گاپیلۆن نیشتەجێ دەبێت و خەریکی کاروباری ماڵی خۆی دەبێت.

حاجی شێخ مستەفا کەسایەتیەکی زۆر سەغی و دەست و دڵکراوە بوە دایم دەم بەزیکر بوە کەسێکی دیاری ناو بنەماڵە بوە ئیرشادیاتی کردوە بە تایبەتی لە دوا کۆچی دوایی سەید عومەری برا گەورەی درێژەی بەو رێبازە داوە زۆربەی کەسایەتیەکانی ئەو سەردەمە سەردانیان کردوە تێکەڵ بون.

حاجی شێخ مستەفا ئیرشادی کردوەو دەروێش و موریدێکی زۆری هەبوە لە ئێران و عێراق. ساڵی 1970 لە تەمەنی (78) ساڵیدا وەفات دەکات لە مەزاری شێخ موحسینی مامی بە خاك دەسپێردرێت سێ کورِی هەیە بە ناوی :

(شێخ محی الدین, شێخ قادر, شێخ محەمەد زاهیر)

**1 ) حاجی شێخ محی الدین حاجی شێخ مستەفا: حاجی شێخ محی الدین:**

**( 1926 – 1972 )**



ساڵی 1926 لە گوندی گاپیلۆن لە دایکبوە، هەر لە تەمەنێکی کەمی منداڵیەوە دەست بە خوێندن دەکات یەکەم وێستگەی خۆێندنی لە گاپیلۆن لە خزمەت حاجی شێخ محەمەدی خاڵی بوە, دوایی چۆتە (سۆفیان, بێتوش, چوارتا)و زۆر شوێنی تر.

دوای تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێتەوە گاپیلۆن و لەخزمەت باوکیدا دەمێنێتەوە، ساڵی 1947 یەکەم هاوسەرگیری ئەنجامداوە .

حاجی شێخ محی الدین پیاوێکی زۆر خاوەن حەیاو شەرم و خۆ بەکەم گر بوە دایم دەم بە زیکرو فکر بوەو زۆربەی ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆی کردویەتی نەی ئەویست کەس عەزێت بخوات لە دەستی. حاجی شێخ محەمەد گاپیلۆن لەم بارەیەوە فەرمویەتی: ( حاجی شێخ محی الدین لە منیش و حاجی شێخ مستەفای باوکی شێختڕە یان چاکتڕە) خاوەنی کۆمەڵێك سیفەتی بەرزو جوان کە لەسەری بەردەوام بوە یەکێ لەوانە سیفەتی خۆ بەکەم گرو ڕەوشت بەرزی لە پلەی یەکەم دا بو, دایم دەم بە زیکرو هەست بەفکر بوە، لەگەڵ خوای گەورەدا ڕاستی کردوە، شەوان نەئەخەوت و شەونوێژی دەکرد، لە ماڵ بوبێ یان لەسەفەر بوبێ هەندێك لە خەلیفەو دەروێشەکانی کە لە سەفەری ئیرشاد لەگەڵی بون بۆمان دەگێڕنەوە کە شەوان لە کاتی خەوتن دوای ماوەیەك دەچوە جێگاوەو خۆی بێدەنگ دەکرد تا هەستی بەوە دەکرد ئەوانەی لەگەڵ

ئەون خەوتون بۆ ئەوەی هەستی پێ نەکەن ئینجا هەڵئەستایەوەو دەستی بە شەو نوێژ دەکرد تا نوێژی بەیانی دوای ئەوەی زیکری دەکرد تا نوێژی چێشتەنگاوی دەکرد ئینجا تۆزێ دەخەوت.

حاجی شێخ محی الدین کاتێك ویستویەتی تەریقەت لەسەر دەستی حاجی سەید عومەری مامی وەربگرێ بۆیە داوای لێدەکات کە تەریقەتی بداتێ ئەویش پێی دەفەرموێ : جارێ کاتی نەهاتوە کاتێك وەختی هات خۆم پێت دەڵێم. دوای چەند ساڵێك پێی دەفەمۆێ: ئێستا وەختی هاتوە.

(تەریقەت و ئیجازەی ئیرشاد کردنی دەداتێ) و دوعای بەسەردا دەخوێنێت و دوعای بۆ دەکات و لەو کاتەوە دەست بە ئیرشادات دەکات و بە تایبەتی لە دوای وەفاتی حاجی سەید عومەری مامی.

حاجی شێخ محی الدین تەمەنی زۆر نەبو، خاوەن کەراماتی زۆریشە، سێ جار هاوسەرگیری کردوە یەکەم جار ساڵی 1947 لەگەڵ (فاتمەخانی کچی کوێخا سەلیم) کاتێك فاتمەخان وەفات دەکات لەبەر باشی و خۆشەویستی هەر لە دوای تەعزیەکەی کچی دوەمی خۆی داوەتێ بە ناوی عائیشە خان و مارەی دەکات .

هاوسەری سێ یەم لەگەڵ (خاتو عایشەخانی کچی شێخ سەعید) دەبێت.

حاجی شێخ محی الدین بە چەند ڕۆژێك پێش وەفات کردنی هەمو ئەو کەسانەی کە زۆر نزیکن و خۆیشی ویستون چ لە خزمان چ لە دەروێش و خەلیفەکانی ئاگادار دەکات هەندێك بە خەو داوایان لێدەکات کە بێنە لای هەندێك خەڵکی دەنێرێت بە دوایاندا یەکێك لەوانە شێخ عوسمانی حاجی سەید عومەری ئامۆزای کە گێراویەتەوە دەفەموێ :ئاگادار کرام کە گوایە حاجی شێخ محی الدین ئیشی پێمە منیش لەگەڵ خێزانەکەم فاتمەخانی کچی سەید حسین خەڵکی باڵخ بو یەك دوانێکی تر وەك حاجی (محمدی دەروێش فەرەج) لەگەڵ بوە بەرێ کەوتین تا گەیشتینە دوریانی (باڵخ، گاپیلۆن) هێسترێکمان پێ بو بڕیارمان دا جارێ بچینە باڵخ.

ئەڵێ: تۆزی ڕۆیشتین و هێستر کەوت و تەخت بو وتمان : تەواو توپی ئاو بە چاویدا

دەهاتە خوارەوەو دوای تۆزێ هەستایەوەو شتێ بە دڵما هات کە یەکەم جار بچینە گاپیلۆن ئیتر بەرێ کەوتین بۆ گاپیلۆن، کاتێك گەیشتین حاجی شێخ محی الدین لە حەوشە بو دوای بە خێر هاتن و قسەی خۆش خۆی بە دەستی خۆی قەلی گەورەی کوردی سەر بڕی تۆزێکی پێچو کە دانیشتین وتم تۆ وتوتە ئێشم پێتە، فەرمو چ ئیشێکت هەیە؟

ئەویش فەرموی: پەلە مەکە باکاتی خۆی بێت, ( لەو کاتەدا سەتلێك دۆ لەوێ بو کەوچێکی لە دۆکەی خواردەوەو لەو کاتەدا وتی ئامۆزا گیان ئازارێك لە سنگمدایە! هەر ئەوەندەی بۆ تەواوکراو گیانی دەرچو ئیتر بۆم دەرکەوت کە ئەم بانگکردنە بۆ ئەمە بو, دوای ماوەیەك کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی دەهاتن کە بانگی کردبون .

حاجی شێخ محی الدین خەریکی عیبادەت و ئیرشاداتی خەڵکی بوە، ساڵی 1972 وەفات دەکات و لە ناو مەزاری شێخ موحسین بە خاك دەسپێرێت. چوار کوڕو دوکچەی بوەو سێ جار پڕۆسەی هاوسەرگیری کردوەو یەکەمیان (فاتمەخان)کچی کوێخا سەلیمی گۆێزیلەیی کە دوکوری بوە (حاجی شێخ جەلال و شێخ کریم کە وەفاتی کردوە).

دوەمیان(عایشەخان) کچی کوێخا سەلیم کە (هاجەرەخانی) لێبوە.

سێیەم (عایشەخان) کچی شێخ سەعید کە شێخ کریم و شێخ سەلام و شێخ مستەفای بوە.

نەوەکانی حاجی شێخ محی الدین


- حاجی مەلا شێخ جەلالی گاپیلۆن(شێخ محی الدین، شێخ فەخرەدین).
- شێخ کەریم،
- شێخ سەلام (فاتح, ناسیح,ڕۆشنا, ئاشنا, بوشرا)،
- شێخ مستەفا (سەمەد , محەمەد, سومەیە, فریشتە, نیعمەت).

●**کچەکانی (زۆلەیخا خێزانی شێخ نجم الدین کوڕی سەید نوری). (هاجەر) خێزانی عبدالرحمن فەقی ئەحمەد.**

حاجی مەلا شێخ محی الدین دەستخەتێکی هەیە کە شەرحی عەوامیلی جورجانی:



نمونەیەك لە دەست و خەتی حاجی شێخ محیدین



الثالث عشر افعال الشك واليقين تدخل على اسمين

فيهما اعتباره بعد الاول وتنصبهما جميعا على المفعولية

وهي ستة افعال ظننت نحو ظننت زيدا كريما و...

واذا كان بمعنى اتهمت لم يقتض المفعول الثاني نحو

ظننت زيدا اي اتهمت وحسبت نحو حسبت زيدا

منطلقا وخلت نحو خلت زيدا عالما وعلمت نحو علمت زيدا

**نموونەیەك لە دەست و خەتی حاجی شێخ محیّدین**

## سێیەم: شێخ عبدالطیف شێخ قادری وەلی:

هەرچەندە بە ڕونی ساڵی لە دایکبون و مردنی دیار نیە بەڵام دەکەوێتە نێوان ساڵانی(1870–1930)کەسایەتیەکی زۆر دیندارو خاوەن تەقوا بوە هەر لەسەرتای تەمەنی منالّیەوە لەلای باوکی دەست بە خوێندن دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی دەگەڕێتەوە گوندی چۆخماخ و دوای وەفاتی باوکی دەبێتە مەلا لەو گوندە تا وەفات دەکات، هاوسەر گیری دەکات لە گوندی چۆخماخ دەژی، لە دوای وەفاتی باوکی درێژە بە ڕێبازەکەی باوکی دەدات و ئەرکی ماڵ و تەکیەی چۆخماخ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو, لەگەڵ ئەوەشدا کاری باخداری و ماڵات بەخێوکردن دەکات, دواجار لە گوندی چۆخماخ وەفات دەکات و لەوێ بە خاك دەسپێرێت و لەدوای خۆی کوڕێکی بوە بە ناوی شێخ فەرەج.

## شێخ فەرەج شێخ عبدالطیف شێخ قادری وەلی:

ساڵی 1890 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبووە هەر زوو لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندن و کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووەو دوای ئەوە چوّتە زۆر شوێن بۆ خوێندن وەك (سۆفیان و هەڵەدن و بێتوش) دوای تەواوکردنی خوێندن دەبێتە مامۆستایەکی شارەزاو خواناس و دەگەڕێتەوە گوندی چۆخماخ و لەدوای وەفاتی باوکی دەبێتە مەلا دەورێکی باڵای هەبووە لە ناوچەکە تا وەفات دەکات لەوێ دەبێتە ئیمام لەوێ لەگەڵ کاری مەلایەتیش دا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و کاری باخداری و ئاژەڵداری دەکات و لەسەردەستی خۆی دەژی.

ساڵی1940کۆچی دوایی دەکات لە گوندی چۆخماخ بە خاك دەسپێرێت چەند کوڕێکی بەرێزی هەیە کە لە دوای خۆی برەویان بە دین و ئاین و خزمەتی مرۆڤایەتی داوەو هەر یەکە لە بوارێکدا پێشەنگن.

(حاجی سەید گوڵ و حاجی شێخ قادرو شێخ صدیق و شێخ عبدالله و شێخ لەتیف و شێخ محەمەد) دوکچیشی هەیە (مەعسومەخان خێزانی حامیدی حاجی تۆفیق, بەدرییەخان خێزانی شێخ ئیسماعیلی چۆخماخ)



## حاجی سەید گوڵ شێخ فەرەجی شێخ عبدالطیفی :




2006-1925

ساڵی 1925 لە گوندی چۆخماخ لە دایکبوەو هەر لەلای باوکی دەست بە خوێندن دەکات و قورئان و کتێبە سەرەتاییەکان تەواو دەکات, دوای ڕودەکاتە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی (کانێسکان) لەلای کۆمەڵێك مامۆستای ئەو سەردەمە دەخوێنێت و دوای دەچێتە مزگەوتی( شێخ سەلام) لە خزمەت مامۆستا (مەلا رەحیمی پەرخی)، لە مزگەوتی (سەید ئەحمەدی نەقیب)لە خزمەت مامۆستا (سەید عارفی چۆری)و دوای دەچێتە خانەقای مەلا عەلی و پاشان لە مزگەوتی قامیشان درێژە بە خوێندن دەدات تا دواجار لە ساڵانی هەشتا لەگەڵ حاجی (شێخ ئیبراهیم)ی ئامۆزای دەچێتە شاری هەولێرو بەشداری تاقیکردنەوەی وەزارەتی ئەوقاف دەکات و بەسەرکەوتوی بڕوانامەی ئیمام و خەتیبی وەردەگری. لە دوای کۆچی دوای حاجی سەید عومەری ئامۆزای دەبێتە ئیمام و خەتیب لە گوندی چۆخماخ. حاجی سەید گوڵ تەریقەت لەسەر دەستی (حاجی شێخ محەمەد) وەردەگرێت.

ساڵی 1977 دێتە شاری سلێمانی, لە گەڕەکی (کارێزەوشك) نیشتەجێ دەبێت بە هەوڵی موسڵمانانی گەڕەك هەڵئەستێت بە دروستکردنی مزگەوتی (عوسمانی کوڕی عەفان) کە زەوییەکەی لەلایەن کۆچکردو(حاجی عەلی قەرەوەیسی) دابینکرا، خۆیشی دەبێتە پێش نوێژو ئیمام لەوێ.

دوای فراوان بونی گەڕەکی کارێزەوشك خەڵکی گەڕەك دێنە لای حاجی سەید گوڵ داوای لێدەکەن داوا لە کاربەدەستانی ئەو دەمەی شار بکات کە زەوییەکی گەورەیان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی بیکەنە مزگەوت تا جومعەی لێبکەن, ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکی دەچێتە لای پارێزگاری ئەو سەردەمە داوای لێدەکەن کە پارچە زەوییەکیان بۆ دابین بکات, پارێزگار داواکەیان ڕەت ناکاتەوەو پارچە زەوییەکەیان پێدەدات و بە یارمەتی خێرخوازان دەیکەنە مزگەوت و لەسەر داوای حاجی سەید گوڵ ناوی دەنێن مزگەوتی دار السلام.(2013لەبناغەوە روخانیان و ئێستا بە شێوازی نوێ و فراوان دروستیان کردۆتەوە).

حاجی سەید گوڵ تەکیەو ماڵەکەی دەبێتە جێگەو متمانەی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەهۆی ئەوەی ناوبانگ دەردەکات بە پیاوێکی ڕاستگۆو موتەقی خەڵکی دەچنەلای بۆ دوعا نوسین و چارەسەری کێشەو گرفتەکانیان.

حاجی سەید گوڵ زۆر دۆستی (مەلا عبدالکریمی مودەریس) بوە هەر کات سەفەری بەغدادی بکردایە سەردانی دەکردو لەلای دەمایەوە.

مامۆستا عبدالکریمی مودەریس دەربارەی وتویەتی : (حاجی سەید گوڵ قەد کراسی درۆی نەدیڕیوە, واتە هیچ کات درۆی بە زماندا نەهاتوە).

لەگەڵ هۆشیاری و تەقواو ئیرشادو تەسەوفدا پیاوێکی زۆر نیشتمان پەروەر بو بە بەردەوام سیاسەت مەداران سەردانیان دەکردو ئامۆژگاری دەکردن کە پێویستە یەك دڵ و یەك هەڵوێست بن و دوربن لە دوبەرەکی تاکو کوردستان ڕزگار بێت، بەردەوام خۆزگەی دەخواست کە ڕۆژێك بێت کورد سەربەخۆ بێت و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی کوردی, وەك میلەتەکانی تری ئەم جیهانە, دەیوت هەرکات کورد ببێتە دەوڵەت بەڵێن بێت هەرچیم هەیە دەیبەخشم.

حاجی هاوکارێکی باش بو بۆ دروستکردنی مزگەوت و کاری خێرخوازی و لە هەر کوێ مزگەوتێك کرا بێت و توانای بوبێ هەوڵی خۆی بۆ داوە وەك مزگەوتی (چنارە)و(کانی سپیکە )و مزگەوتی گەورەی (شێخ ئیسماعیلی عەولان) و زۆر

مزگەوتی تر, هەروها هاوکارێکی باشـی زانایـانی دەکـردو زۆر لــە خزمەتیانـدا بـوەو یارمەتی مادی دەدان و هەوڵی لـەگەڵ فەقیٚ یان دەداو هاوکاری باش بو بۆیان, ڕۆژانـی هەینی لـە مزگەوتی گەورە لـە دوای تەواوبونی نۆێژی هەینی حەڵقەیەکی زیکـری هـەبو تا لـە ژیاندا بـو بـەردەوام دەیکـرد، لەگـەڵ تەریقـەتی نەقشـبەندی و کەسـایەتیەکانی تێکەڵیەکی باشی هەبو.

ساڵی 1996 کاتێك ( مام جەلال) لـەگەڵ شێخانی تەریقەت و زانایانی ئاینی کۆبـۆوەو داوا لـێکردن چ داواکارییەکیان هەیە بۆیان جێبەجیٚ دەکات, حاجی شێخ سـەید گـوڵ دەفەرمویٚ: من داواکارییـەکم هەیـە گومـەزێکی گـەورە و شایسـتە و دیـار لـەسـەر مەرقەدی کاك( ئەحمەدی شـێخ) دروسـت بکـەیت تـاوەکو دیـار بێـت وەك ڕەمزێکـی گەورەی دینی و هەم شوێنێکی دیاری سلێمانی.

مام جەلال داواکەی وەرگرت و یەك ملیون دینـاری سویسـری ئـەو سـەردەمەی بـۆ تەرخان کردو بە جوانترین شێوە کە ئێستاش ماوە.

یەکێکی تر لـە سیفەتە جوانەکانی ئەوە بو کـە شـەوان زو دەخـەوت لــە پـێش نۆێـژی بەیانیان هەڵدەستایەوە, زۆر شتی لـێبینراوە وەك ئەوەی ساڵێك بـاران نـەباریوە وشـکە ساڵی بوە ئەویش لـەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا دەچنە دەشتیٚ بۆ نۆێژە بارانە دوای تـەواو بونی ئەفەرمویٚ تا باران نەبارێت و تەر نەبم نارۆمەوە دوعا دەکات و دەپارێتـەوە تـاکو خودا گەورە نزاکانی وەردەگریٚ و باران دەباریٚ و ئێنجا دەگەڕێتەوە ماڵـەوە. زۆر شتی تری لـێبینراوە.

لـە 2006/3/2 دوای نەخۆشیەکی درێژخایەن کۆچـی دوای دەکـات لــە گۆڕسـتانی شێخ ئەحمەدی هندی لـە شاری سلێمانی بە خاك دەسپێرێت. لـە دوای خۆی نـەوەکانی بەیاد دەکەین:

یەکەم: شێخ مەهدی لـە ساڵی 1951 لـەدایك بووە لـە گوندی چۆخماخ هاوسـەرگیری کردووە خاوەنی سیٚ کوڕو شەش کچە بە ناوەکانی شێخ (دارا– دوو کوڕو سیٚ کچی

هەیە (ئەحمەد و محەمەد- فیردەوس- جودی و ڕەهێڵ)

شێخ دانا (وەلید)

شێخ توانا

کچەکانی: (گوڵاڵە- بێگەرد- تەلا- فریشتە- دەریا- بوشرا)

دووەم: مامۆستا شێخ زانا

سێیەم: شێخ هیدایەت لە ساڵی 1963 لەدایك بووە خاوەنی حەوت کوڕو دوو کچە. (شێخ سالار محەمەد- ئەحمەد- سۆما)

شێخ تەها (محەمەد، ئەحمەد، ئەسعەد)

شێخ ئارام (فیردەوس، فەرزاد، ڤینۆس)

شێخ ئاراس (ئەمیر)

شێخ نەبەز (عبدالله- ئیناس)

شێخ ئاوات- شێخ ئاری کچەکانی (ڕۆشناو ڕوخۆش)

چوارەم: شێخ محسین لە ساڵی 1968 لەدایك بووە، دوای تەواو کردنی خوێندن بووەتە مامۆستای پەیمانگای مامۆستایان، خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمە، دوو کوڕو کچێکی هەیە (ئیحسان- محەمەد) سێبەر.

کچەکانی : ناجی خان خێزانی مەحمودی کوێخا عەزیز. ناهی خان خێزانی شێخ ئەحمەدی باڵخ. نەزیرەخان خێزانی حاجی عەلی گاپیلۆن. خەدیجە خان خێزانی شێخ فاروق چۆخماخی. حەیات خان خێزانی شاکر.

## شێخ ئەحمەدی شێخ عبدالقادر وەلی:

لە دایکبونی نزیکەی ساڵی 1880 لە گوندی چۆخماخ لە بنەماڵیەکی دیندارو خواپەرست هاتۆتە دنیاوە، دواکوڕی شێخ عبدالقادرە تا ماوەیەکی زۆر لە گوندی چوخماخ بوە, دوای ئەوەی شێخ موحسینی برای دەچێتە گوندی گاپیلۆن و باوکی وەفات دەکات ئەویش دەچێتە گوندی گاپیلۆن دوای مانەوەی ماوەیەك لەوێ دەچێتە گوندی باڵخ. بۆ گەیاندنی دین و بڵاوکردنەوەی ئاین یان کارو کاسپی ماڵی خۆی چوە, بەڵام, بەهۆی ئەوەی زۆربەی نەوەکانی سادات بەهۆی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی دین لەشۆێن و جێگەی باوباپیرانیان نەماونەتەوەو گەڕاون و ژیانی گەڕییدەیان هەڵبژاردوەو خزمەتی دینان کردوە بۆیە قسەکان لەسەر ئەوەن کە شێخ ئەحمەدیش هۆکاری چونی بۆ باڵخ هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

دوای چونی بۆ گوندی باڵخ لەوێ ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو لەوێ دەستی بە ژیانێکی نوێ کردوە, کەسایەتیەکی ڕاستگۆ و دەستپاك و خاکی و خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بوە، ژیانی لەسەر کارو کەسابەتی دەستی خۆی بوەو تەمەنی خۆی لە گوندی باڵخ بەسەر بردوە تا دواجار وەفاتی کردوە هەر لەوێ بەخاك سپێدراوە خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات, ئامین.

شێخ ئەحمەد لە دوای خۆی چوار کوڕ ی هەبوە ( شێخ صالح و شێخ محەمەد ). لە باڵخ ژیاون و دوانیان (شێخ مەحمودو شێخ سەعید) چونە گاپیلۆن .

نەوەکانی شێخ احمدی شێخ عبدالقادری وەلی:

**یەکەم: شێخ سعید**

**نەوەکانی :( شێخ عبداللە، شێخ محمد، شێخ فەتاح، شێخ عارف، شێخ ڕەزا، شێخ واحد، ئامینە خان، عائشە خان، مریم خان، فاتمەخان، بەهیەخان)**

**دووەم: شێخ محمد**

**نەوەکانی: (شێخ لەتیف، شێخ قادر، شەمسەخان، ئامینەخان، مەلیحەخان، ڕەحمەخان)**

**سێ یەم: شێخ محمود**

**نەوەکانی: ( شێخ محمد، شێخ ڕەزا، شێخ جەزا، ئایشەخان، سەبریەخان، فاتمەخان، مەعسومەخان، کەلسوم خان، کوێستان خان)**

**چوارەم: مەلا شێخ صالح**

**نەوەکانی: ( شێخ احمد، شێخ حسام الدین، شێخ تاهیر، شێخ سەلام، سەبیحە خان، نەسرین خان، فەخریە خان)**

# بەشی چوارەم

کورتەیەك دەربارەی مێژووی گوندەکانی چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ .

1- کورتەیەك دەربارەی گوندی چۆخماخ.
2- کورتەیەك دەربارەی گوندی گاپیلۆن .
3- کورتەیەك دەربارەی گوندی باڵخ.

## یەکەم: کورتەیەك دەربارەی گــونـــدی چـۆخمـاخ



لە ڕووی کارگێڕییەوە سـەر بـە ناحیـەی گـاپیلۆن و قـەزای مـاوەت و پارێزگـای سلێمانییە. بە کۆمەڵێك چیای سەرکەش دەورە دراوە، لـە ڕۆژهەڵاتیەوە شاخی پیربایزو لە باشوریەوە شاخی ئاسنگەران و لـە ڕۆژئاواوە شاخەڕەش و لـە باکورەوە تـا گونـدی مێولاکە دەشتاییە.


هەر لە کۆنەوە ناوبانگی هەبووەو شوێنی شـێخ و مـەلاو پیاوچـاکان بـووە, سـەرەتای دروستبوونی ئەم گوندە دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش هـاتنی ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلام. بـەهۆی دۆزینەوەی زۆر ئاسەواری کۆن وەك کوپەو گۆزەی کۆن، بە تایبـەتیش کـە مـۆرێکی کۆن دۆزراوەتەوە کە مۆری خەلافەتی ئیمامی عومەر بووە، بـەڵام لـە کۆنـدا بـەهۆی چۆڵکردن و وێران بوونەوە ئەو مۆرە دیـار نـەماوە، زۆر گۆڕسـتانی کـۆنی لـێیـە کـە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هـاتنی ئـاینی ئیسـلام پاشـان شـێخ مـەحمود ئـاوەدانی دەکاتەوە.

لە پێشدا شوێنی ئەم گوندە لەودیو ناودێی ئێستاو شـوێنێکی زۆر قەرەباڵـەغ بـوو کـە زیاتر لـە 300 ماڵ هەژمارکراوە بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون و گرانـی گەورە(1700–1800) کە بە(سەفەربەلك) ناسراوەو چەند هۆکاریکی تر ئەم گوندە

چۆڵ بووەو کەسی تێدا نەماوە.

ئەم گوندە نزیکەی 30 کیلۆمەتر لە ناوەندی پارێزگای سلێمانیەوە دوورەو دەکەوێتە سەرەوەی پارێزگاکەوە لە ڕۆژهەڵاتیەوە گوندی گاپیلۆن و باڵخ و قوڵەجاخە, لە باشورەوە گوندی مالومەو یاخسەمەرەو لە ڕۆژئاواوە مێرگەپان و قزلەرە, لە باکورەوە گوندەکانی مێولاکەو سنگرە.




رووبـەری گشـتی 7700 دۆنم
رەنگی سەوز روبـەری 2650 دۆنم بریتیـە لـەزەوی کشـتوکالی ورەزوو بـاخ
رەنگی زەرد روبـەری 4944 دۆنم بریتیـە لـەزەوی بـەردەلانی و لـەوەرگا
رەنگی سوور روبـەری 106 دۆنم بریتیـە لـەزەوی نیشـتەجي وسـنوری گونـد

یەکەمجار ئەم گوندی ناوی(ناوشاخان)بووە, کاتێك تورکەکان هاتوونەتە ئەم ناوچەیەو دوای وێران کردن و تالانکردنی ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ(زۆرباخ) بەهۆی ئەوەی زۆر باخی لیێ بووە دوای ئەوە وردە وردە ناوەکەی گوڕاوە بۆ (چۆخ باخ) کە وشەیەکی تورکیەو بە واتای ( زۆرباخ ) دێت, دوای تێپەڕبوونی کات ناوەکەی گوڕاوە بۆ چۆخماخ.

واتایەکی تریشی هەیە چۆخماخ=(رۆنی زۆر) بەهۆی هەڵکەوتەی شوێن و ئاژەڵدارییەوە، سپیایی و ڕۆنی زۆربووە.

دووبارە ئاوەدان کردنەوەی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی1700 بۆ 1800 کاتێك یەکێك لە نەوەکانی شێخ ئیسماعیلی عەوالان بە ناوی شێخ مەحمودی شێخ ئەحمەدی شێخ موحسین کوڕی شێخ ڕەشیدی شێخ ئیسماعیلی عەوالان ڕوودەکاتە ناوچەکەو ئەم گوندە ئاوەدان دەکاتەوە, هەروەها هەر لەو سەردەمەوە مزگەوت و تەکیە دروست دەکات, لە دوای ئەوەوە چەند بنەماڵەیەکی تر دێن و لەم گوندە نیشتەجیێ دەبن :

**ئەو بنەمالانەی لە گوندی چۆخماخ نیشتەجیێ بون:**

یەکەم : بنەماڵەی شێخەکان بە سەرپەرشتی شێخ محمود .

دووەم : بنەماڵەی حەمە سور کە پیشەیان ئاشەوان بووە .

سێیەم : بنەماڵەی شەریفییەکان لە گۆمەزەڵەوە هاتوون .

چوارەم : بنەماڵەی کوێخاکان کە لە گوندی گەندەرانەوە هاتوون .

پێنجەم: خێڵی ئەحمەدەڕەش کە ئەوانیش لە قامیشەوە هاتوون.

شەشەم: بنەماڵەی سۆی فەرەج لە گۆیزیلەوە هاتوون.

حەوتەم : خێڵی مام حسین و مام مەولود لە گوندی گاپیلۆنەوە هاتوون.

هەشتەم: خێلیٚ مام پیرۆت و خاڵە ئیبراهیم لە چالاواوە هاتوون.

نۆیەم: خێڵی حاجی عبداللە ی پیرۆز لە گوندی تیمارەوە هاتوون.

هەموو ئەم خێڵ و تیرانە لەم گوندە پێکەوە وەك برا ژیاون هەر یەکەو خەریکی کارو پیشەی خۆیان بوون ئێستاش هەندێکیان ئەم گوندەیان بە هۆکاری جیاجیا بە جیٚ هێشتووە.

ڕێژەی دانیشتوانی ئەم گوندە لە زوودا لە پێش وێرانبوونی نزیکەی 300 ماڵ بووە، بەڵام دوای وێرانبوون و چوڵبوون وردە وردە گەشەی کردۆتەوە بەجۆرێك لە نێوان سالانی 1700 بۆ 1800 تاکە ماڵ شێخ مەحمود بووە، دوای ساڵی1920 بۆتە 32 ماڵ, لە سەرژمێری ساڵی 1975 زیادی کردووە بۆ70 ماڵ ، هەروها لە دوای وێرانبوونی و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی لە سالانی 1988 تا ڕاپەڕینی 1991 چۆڵبووە، لە ساڵی 1993 بە دواوە دانیشتوانەکەی بە گوڕو تینێکی ناوازەوە ئاوەدانیان کردۆتەوە، زیاتر لە 142 ماڵی تێدا بووە تاکو ساڵی 2003 بەهۆی نەبوونی خزمەت گوزاری پێویست و گۆێنەدانی حکومەت بە خزمەتگوزارییەکان لە لادێکاندا، گۆڕینی دەسەلات و باشبوونی بژێوی خەڵك و (گۆڕانکاری لە دەستی بەرهەمهێنەوە بۆ دەستی مشەخۆری)، کە بیرۆکەیەك بوو بۆ ئالودەبوونی خەڵك بە فەرمانڕەواو پشتبەستن بەدەسەلات. وردە وردە هەموو دێهاتەکانی کوردستانی باشور بەرەو چۆڵ بوون و فەرامۆشی ڕۆیشتووەو ئێستا 85 ماڵی تێدایە.

گوندی چۆخماخ: بەهۆی دلێری و ملنەدان بۆ دەسەلاتی ستەمکار، زۆرجار تووشی سوتاندن و تالان کردن هاتووە لەسەر دەستی ڕژێمەکانی عێراق یان هێزە دەرەکیەکان.

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا – سالانی جەنگی جیهانی یەکەم– ئەم گوندە سوتێنراوەو تالانکراوە, لە دوای ئەوان جارێکی تر لەسەر دەستی تورکە عوسمانییەکان سوتێنراوەو دوای ڕوبەڕووبوونەوەی خەڵکی ئەم گوندە بەسەرپەرشتی (حاجی سەید عومەر) بەلام بەهۆی نەبوونی پێداویستی جەنگییەوە سەرکەوتوو نەبوون و گوندەکە وێران بووەو سیٚ کەسیشیان لیٚ شەهید کراوە (حاجی سەید عومەرو چەند کەسێکیشیان بەدیل)

گیراون و براون بۆ ئەستەمبولْ تاکو لەویٚ لەسێدارەیان بدەن بەڵام لەویٚ بەیارمەتی خودای گەورە ئازادکراون، بۆ زێدی باوانیان بەسەربەرزی گەڕاونەتەوە.



بەدەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق چەند جار سوتێنراوەو چۆڵکراوە لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا چۆڵکراوەو سوتێنراوە. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی ناوچەکەوە ئەم دێهاتانە بنکەو بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بووەو بۆیە دواجار لە 1988/2/25 لە شاڵاوی بەناو (ئەنفال) زیاتر لە 51 خێزان لەم گوندە بەرکەوتوون کە سیٚ خێزانیان لەوانە براونەتە (نوگرەسەلمان)و خێزانێکیان لەویٚ نەگەڕاوەتەوەو دوانەکەی تر ئازاد کراون.

ساڵی 1988 بە دواوە هەواو ژینگەی هەموو دەڤەرەکە پیسکرا بە ژەهری (کیمیاباران) ئیتر گوزەران نەماو بەیەکجاری چۆڵکرا.

ساڵی 1991 بە دواوە لە دوای (کۆڕەو)ە مەزنەکە جارێکی تر ئاوەدان کراوەتەوە.

بەشداری خەڵکی ئەم گوندە لە شۆڕش و جولانەوە یەك لە دوای یەکەکانی کورد بەشداریان تێدا کردووە بەهۆی بوونی چەندان کەسایەتی شێخ و مەلا وەك لە شۆڕشەکانی شێخ سعیدی پیران و شێخ عبدالسلامی بارزانی و دوای ئەوانیش لە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید, بەهۆی تێکەڵی حاجی سەید عومەر لەگەڵ شێخ


مەحمودی حەفید هەر زوو پاڵپشتی خۆی بۆ شۆڕشەکە دەربڕیوەو پشتگیری کردووە.

کاتێك حیزبە کوردییەکان دروستبوون و هاتونەتە ناوچەکە لەم گوندە پاڵپشتی باشکراون چ لە ڕووی مادی و چ لە ڕووی مەعنەوییەوە. کاتێك شۆڕش هەڵگیرساوەتەوە لە ساڵی 1961 خەڵکی ئەم گوندە بە چەك و ماڵی خۆیان یارمەتی شۆڕشیان داوە. یەکەم کەسانێك کە هاتوونەتە ئەم گوندە (مەحمود کاوانیی) و شەهید (مەلا ڕەسوڵ گۆێزیلەیی) بوون.

ساڵانی1963 تا 1964 مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و عەلی عەسکەری و نوری ئەحەی تەهاو نوری شاوەیس و شێخ محەمەد هەرسین) کە زۆربەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون لەم گوندەدا پشوویان داوەو خزمەتکراون.

ساڵی 1967 (مەلا مستەفای بارزان و مەحمود بەگی گۆڵێ و کوێخا سمایلی تەلان و ئاغاکانی پشدەر) هاتوونەتە چۆخماخ و نزیکەی دە ڕۆژ لە تەکیەی حاجی سەید عومەرو دیوەخانی حاجی تۆفیق ماونەتەوە.

ساڵی 1975 بە دواوە (نەوشیروان مستەفاو مەلا بەختیارو سالار عزیزو ملازم عومەرو جەمالی عەلی باپیرو ئیبراهیم جەلال) لێرە ماونەتەوەو کاری سیاسیان ئەنجامداوە. شێخ( دارای شێخ جەلال) (بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکێتی) بووە پیاوێکی کۆمەڵایەتی بووە یارمەتی زۆر کەسی داوە لەم گوندە.



زۆربەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لەم ناوچەیە بوون بەهۆی ئازایی و بەجەرگی

و خەڵکی ناوچەکەو گونجاوی شوێنەکەیەوە ئەم گوندانە لانکەی شۆڕش بوون، بۆیە هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان وەك (صالح قەرەجەتانی – حیزبی شیوعی, کەمال کەرکوکی – قیادە موەقەتە, سەید کاکە – سۆشیالست, شێخ قادرو شێخ حسین برای – لەشکری ئیسلامی) ساڵی 1983لێرە بوون. مامۆستا علی باپیرو پۆلێك پێشمەرگەی ئیسلامخواز هاتۆتە ئەم ناوچەیەو بیرۆکەی شیاویان بۆ دانیشتوانەکەی باسکردووە..

چۆن ناوچەکە بۆتە لانکەی شۆڕش بۆ حیزبە ناوخۆییەکان ئاواش بۆتە جێگەی حیزب و کەسایتیە دیارەکانی پارچەکانی تری کوردستان وەك (ئیسماعیل عارف ئەندامی کۆماری مەهاباد) مامۆستا (شێخ عیزەدینی حوسینی), (کۆمەڵەی ئێران, چریك, عەقلیەت, کارگەران, ڕەنجدەرانی کوردستان) زیاتر لە 13 حیزب و ڕێکخراو لە چۆخماخ بوون.

ساڵانی1960– 1964 بەسەرپەرشتی شەهید مەلا ڕەسولی گۆێزیلەیی لەم گوندە کەرت دروستکراوە کە7 کەس بوون دوو کەرتیان دروستکردووەو چوونەتە شەڕی پارتیزانی بۆ پارێزگاری لە خاکی پیرۆزی کوردستان لەسەر حسابی خۆیان.

دوای ئەم کەرت و تیپانەی پێشمەرگە خەڵکی ئەم گوندە سێ کەسیان بە کرێ گرتووە لەسەر ئەرکی خۆیان کە ئەوانیش (سەعەی حمە علی, گرونی حاجی قادر, حەمەی مەولودی مالومەیی) کە هەر پێشمەرگەیەی بە دینارو نیوێکی ئەو سەردەمە بە کرێ گیراون بۆ پارێزگاری لە خاکەکەیان.

خەڵکی ئەم گوندی چۆخماخە لە سەرەتای ئاوەدان بوونیەوە کۆمەڵێکی زۆر شەهیدو بریندایان داوە وەك لە سەردەمی تورکەکاندا سێ شەهیدیان داوە (شێخ ئەحمەدو هاوڕێکانی .

ساڵی 1986 لەسەردەستی ڕژێمی بەعس بەبۆردومانی تەیارە، هەشت شەهیدو زیاتر لە سی کەس بریندار بوون، بە ناوەکانی(مەنیجە ئیسماعیل, خۆی و دوو کچەزای, نوسرەت عبدالکریم, مەعصومە سەقزی خۆی و منداڵێکی).

پێشمەرگەیەکی مامۆستا (شێخ عیزەدین, مەلا ئەحمەد)بەهۆی (مین= ئەڵغام)ەوەکەسێك بە ناوی مەلا شێخ (محمد حاجی سەید عومەر) لە کانی کوزەڵە شەهید بووە، لە هەمان کاتدا مەلای دێکە بوو.

لەگەڵ (قالە تەگەرانی) کۆمەڵێك بێسەرو شوێن بوون (جەلیل فەقێ صالح، ڕەمەزان صالح, جەمال عبداللە ، تۆفیق خەسرەو مەحمود عوسمان).

لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەعسدا لە 16 ئابی 1974 دووشەهیدی ترمان بووە ئەوانیش: ( شێخ مەعروف شێخ قادر, ستار فەقێ صالح).

بەهاری 1988شالاوی بەناو (ئەنفال) کۆمەڵێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی گیران، بەڵام زۆریان ڕزگاریان بوو، (مریەم مام مەولود) لەزیندانی (نوگرەسەلمان) خاکی غەریبی ماچکردو پلەی شەهیدی بووە خەلاتی.

کۆڕەوی 1991/4/2 لەچۆخماخ بەنەوەکانی، چەندین شەهیدیان بەخشیوە (فەقێ صالح پیرۆت, مریەم عبداللە, سەیوان شێخ ئیبراهیم, دارا مەلا شێخ عبدالمطلب).

لە وەرزی زستان و بارینی بەفردا چەند کەسێك ڕەق بوونەتەوە (بەهادین صالح تۆفیق, عوزێر مستەفا عبداللە). ململانێ لەگەڵ ژینگە لەپێناو مانەوەدا هۆکارێك بووە بۆ لە شاخ هەڵدێرانی چەند کەسێکیان (یاسین حەمە حسێن, بەرزان غەفور).

ساڵی 2005 (فاتیح سەعید)یەکێك بووە لە پاسەوانەکانی مام جەلال لە ڕێگای گەڕانەوە شەهیدکراوە. ئەشکەوتی پیر بابەکر:- لەنێوان گوندی(چۆخماخ و مالومە)دایە، مەکتەبی سیاسی یەکیەتی لەوێ بووە.

**گۆڕستانەکانی :**



گوندی چۆخماخ كۆمەڵێك مەرقەدو مەزارو شەخسی لێیە لەكۆنەوە لەلای خەڵكی ناوچەكە بە پیرۆز سەیركراون وەك مەرقەدی (حاجی سەید عومەرو پیر مەحمودو غەرگە ڕەش).

یەكەم: (داری مام سەعدون) كە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعون.

دووەم: (شێخ فەرەج) بەرامبەر مزگەوت.

سێیەم : ( تلیل و پەڕ)[80].

[80] ئەم ناوە وەك لە گێرانەوەكاندا هاتوە ئافرەتێكی دیندار بوە ناوی (لەیل)بوە، كاتێك وەفاتی كردوە لەوپەڕی دێكە ناشتویانەو ناوەكە كورت بۆتەوە ( تلیل و پەڕ) بۆچونی تریش لەسەر ناوەكەی هەیە.

**شاخ و کێوەکانی:**

ئەم گوندە سروشتە جوان و دڵڕفێنەکەی وەها کردووە هاوینی فێنك و زستانی ساردو بەفرو باران بیت، کۆمەڵێك زنجیرە چیای سەرکەش دەوریان داوە، وەك: شاخی پیربایز، ئاسنگەران، شاخەڕەش، بەرۆژی گەورە، بە ڕۆژی بچوك، قەڵات.

**گردو تە پۆڵکەکانی**:

گردە گەورەو گردی موساو هەلاج و شێخان و نەمامان و گردی دۆمە.

چەند سەرچاوەیەکی ئاوی سازگارو خۆش لەناخی ئەم شاخ و کێوانەوە هەڵدەقوڵێت و ماندوبوونی رێبواران دەحەوێنێتەوە.وەك کانیە بەهارەی سەری پیربایز، رەسوڵان و موستەفایان و شێخان و سێ بیان بەرامبەر دێ، کارێزی شێخان بەرامبەر شاخەڕەش.

لەناودێ چەند کانییەکمان هەیە: کانی دوتوان، لۆکە، پلوسك و پورەبەهێ.

کانی سارد کە لەخوار دێکەوە حەوزی گەورەی بۆ خواردنەوەو باخداری و لەودیو دێکەشمانەوە بۆ باخداری سودی گەورە لەم سەرچاوە ئاویانە وەردەگیرێت. کوردەواریش دەڵێن:( ئاو و ئاوەدانی.)

ساڵی2002دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کردوویانەتە پرۆژەی ئاودێری تا ناو دێکە هێناویانە. زۆر سودی لێوەرگیراوە.

**چەم و گۆم و لقە ڕوبار:** هەموو ئاوەکانی سەرزەوی و ژێر زەوی ئەم دەڤەرە هۆکارە بۆ دروستبوونی ڕوبارو چەم و گۆم، هەریەکەیان سودی تایبەت بەخۆی هەیە.وەك گۆمە بەرخ و دوئاوان و ورچ و گەرمەو گۆمەساردو چەمی ئاشی و ......هتد.

چەند بیرێکی ئیرتیوازی هۆکاری دابەزینی ئاستی ئەم ئاوانەیەو کەمیان کردووە.

## کانی و ئاشەکانی :

نیعمەتی ئاو هەموو کات هۆکاری ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بووە، لە پێویست زیاتر بۆتە هۆکاری گەشەی مرۆڤەکان لەو دەڤەرەدا کە بۆ(ئاش و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ماسی) سودی زۆریان لێبینیوە، لەم ڕووەوە چۆخماخ پێویستی دانیشتوانەکەی و دێهاتەکانی دەوروبەری پێڕایی کردووەو بۆتە لایەنێکی بژێویش بۆ چەند کەسێك.



کانی سێ بیان، دوتوان، پلوسك، لۆکە، سەرچاو،کانی شێخان، گۆمەسارد، گۆمەبەرخ، گۆمی دو ئاوان، چەمی ئاشی.

ئاشەکانیش وەك ( ئاشی حەمە سور لە گۆمە سارد، ئاشی توە ڕەشە، ئاشی ئەحمەدی مامۆستا، ئاشی ئیبراهیمی حاجی قادر) کە خۆی سەرپەرشتی کردووە.

**گۆمەسارد :-** لەبەر فراوانی و کاری زەوی زارو مەڕداری بەشێکی خەڵکی ئاوایی لە خوار ئاواییەوە نیشتەجێ بوون و کارئاسانیان بۆ خۆیان کردووە، ئەو ناوەش

( گۆمەسارد)ە، کە(6_7)ماڵێك دەبن، ئاو و هەواو جوانی سروشت و دیمەنە دڵڕفێنەکان و بوونی باڵندەو هاژەی ڕوباری کردوێتیە دەڤەرێکی گەشتیاری. چەند ئەشکەوتێکی لێیە خەڵکی لە ڕابردوو ئێستاشدا سودی لێوەرگرتووە.

لەکاتی هێرشە یەك لەدوا یەکەکانی ڕژێمی بەعسدا پەناگای خەڵك و پێشمەرگە بووە. خەڵکی ئەم ناوچەیە لە خۆپاریزی لە گازی کیمیایی و گرتن و ڕاونانی لاوەکان(ئەنفال) بە شێوەی نهێنی خۆی تێدا حەشارداوە.

لەوەرزی زستاندا ئەم ئەشکەوتە پڕ بە پڕی دەروازەی دەرەوەی ئاوێکی سازگاری کەفاوی دێتە دەرەوە، یەکێك لەو ئەشکەوتانە ئەم سەری هەیە بەڵام بۆ ناوەوە چەندین کەس ڕۆشتووە نەگەیشتون و کەمی هەوا و پاڵەپەستۆی ناوەوە وەهای کردووە چوونەکەیان ئاکامی نەبێت.

لەپیرە ساڵانی خۆمانمان بیستووە لەوەرزی بەهاراندا کە ئاوەکەی ئەتەقێ ماسی لەگەڵ خۆی دەهێنێتە دەرەوەو تێکەڵ بە لقەڕوباری ئەو ناوچەیە دەبن.

سەرچاوەیەکی ئاوی ترمان هەیە هەرگیز وشك ناکات و جوانی بە ژینگەی ئەوناوە داوە، سوپاس بۆ خوداوەند بەجوانی سروشتی سارێژی زامی دەروونیمان بۆ دروست دەبێت.



## لەحەکیم و جەڕاحەکانەوە بۆ بنکەی تەندروستی:[81]

گوندی چوخماخ زۆر کەسی بەهرەداری تێدا بووە بێ ماندوبوون لە بوارە جیا جیاکاندا خزمەتی خەڵکیان کردووە، وەك (فاتمەخانی کچی شێخ موحسین) کە هاوسەری حاجی سەید عومەر دەوری دکتۆری کوردەواری بینیوە، لەدوای وەفاتی ئەو ژنێکی تر بە ناوی حاجی مینای حاجی خدر هەمان ڕۆڵی بینیوە. ئەو گژوگیای سروشتە ڕەنگینەیان کردۆتە دەرمان بۆ چارەسەری هەتوانەکانیان و شیفاشیان بووە بەنسیب.

چەند کەسێك دەوری جەراحیان بینیوە (حاجی علی کە زۆر زیرەك بوە) دوای ئەو (حاجی عبداللہ ی کوڕی) و دوای ئەویش(حامید)ی کوڕی کەتا ئێستاش رۆڵی تایبەتی هەیە.(حاجی عبداللہ ی پیرۆز).(حاجی قادر) هەموو جۆرە گیایەکی کوردەواری ئەو ژینگەیەی لە کارەکانیدا بەکارهێناوەو ڕۆڵی دانسازیشی بینیوە..



[81] کات حەوت و نیوی بەیانی27ئازار2017 لەگەڵ کاك زانست بە سەیارەکەم لە شارەوە بەڕێ کەوتین بۆ دێی چۆخماخ، یەکەم بیرۆکەمان لێرەوە هاتەبون.لە شارەوە تا گوندی مالومە36کمبو لەمالومەوە تا ناودێ 6کم بو.

**بنکەی تەندروستی** و ڕۆڵی لەم ناوچەیەدا:

خۆشبەختانە ساڵی(1999)بنکەی تەندروستی کرایەوە..یەکەم جار لەخانوویەکی قوڕی سادەوساکاردا بووکە موڵکی کاك(حسێن محەمەد حەمەئەمین)بوو، چەند ژوورێك بوو، بۆ ئەوکاتە زۆر بوو، زۆر جێگەی دەستخۆشی بوو بۆ هەموویان. یەکەم دامەزراندن کاك قاسم گرون خەڵکی ئێرە بوو، ڕۆڵێکی زۆر باشی بینی خودا پاداشتی بداتەوە.

بەهەوڵی کەسانی دڵسۆز ساڵی2001دەستکرا بە دروستکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانوو بۆ کارمەندانی تەندروستی، بە شێوەی نوێ و کۆنکرێتی لەسەر زەوی(660م2) لە گوندەکانی(مێولاکەو سنگر)ەوە نەخۆشی چارەسەر دەکرد.

کاك عومەر ئەحمەد معاون توبی ئێستا بەردەوامە لە خزمەت دەڵێت: پێش ئێمە چەند کەسێك کاریان لەم بنکەی تەندروستیەدا کردووە، داودەرمانمان لە شارەوە بەدەست دەگات، لەلایەن فەرمانگەی تەندروستی و قایمقامیەتی ماوەت و ناحیەی گاپیلۆنەوە سەردانمان کراوە.

کاك(بەهادین ڕەسوڵ ئیبراهیم) بەشێوەی کارگوزار دەوام دەکات. کاك(ئاراز ئەحمەد محەمەد، ئازاد یاسین عوسمان، عەلی یوسف عوسمان) بەشێوەی پاسەوان کاردەکەن.خەڵکی چۆخماخن و لە کاری پیرۆزیان بەردەوامن. زۆرێك لە کارمەندان پێش ئێمە لێرە خزمەتیان کردووە:

1. قاسم گرون محەمەد ئەمین ... کارمەند، گواستراوەتەوە. خەڵکی چۆخماخ
2. فائق حەسەن کاکەخان... کارمەند، گواستراوەتەوە.
3. محەمەد ئەبوبەکر سەعید... کارمەند، گواستراوەتەوە.
4. شەهلا حسێن محەمەد... کارمەند، گواستراوەتەوە.
5. مهاباد محەمەد حەسەن... کارمەند، گواستراوەتەوە.

6. ناسکە جەلال ...             کارمەند، گواستراوەتەوە.

7. هانا خەلیل مستەفا....     کارمەند، گواستراوەتەوە.

8. زۆزگ هیدایەت رەشید..کارمەند، گواستراوەتەوە.

9. صدیق مەحمود ئەحمەد... پاسەوان، گواستراوەتەوە. بەئاواتی تەمەنی پڕخێرو خۆشی بۆ هەموویان.

## یەکەمەکانی چۆخماخ:

ساڵی 1940 یەکەم جار ڕۆژژمێر و کاتژمێر لەلایەن حاجی سەید عومەرەوە هاتۆتە ئەم گوندە .

ساڵی 1957 حاجی فتح الله ئامێری ڕادیۆی هێناوەو کاری پێکردووە.

ساڵی 1972 کارەبای مۆلیدە لەلایەن (قادری حاجی) هاتۆتە ئەم گوندە.

ساڵی 1970 لە گوندی مالومەوە ڕێگای سەیارە هاتۆتە ئەم گوندە.

ساڵی 1970 تراکتۆر هاتۆتە ئەم گوندە سایەقەکەکەی (نەسرەدین علی ئاغا)بووە.

ساڵی 1971 لەلایەن (شریف پورئاڵتون)ەوە سەیارەی پیکاب هاتۆتە ناودێ.

ساڵی 1973 قادری حاجی یەکەم کەس بووە ماڵەکەی خۆی کردۆتە قوتابخانە.

ساڵی1999کاك(حسێن محەمەد حەمەئەمین)، خانوی خۆی کردە بنکەی تەندروستی.

## ڕۆڵی پەروەردەو فێرکردن:

سەرەتا خوێندن لە مزگەوت و حوجرەکاندا ڕۆڵی تایبەتی خۆی بینیوە، بە پێشکەوتنی ڕۆژگارو زۆربوونی کەسەکان و پێداویستی ڕۆژانی قوتابخانە جێگەی خۆی کردەوە. بۆ یەکەم جار ساڵی 1973 قوتابخانە کراوەتەوە کە دوو مامۆستا هاتوون کە هەر دووکیان ئافرەت بوون بەرێزان (مامۆستا ئەختەر و مامۆستا بەهار) ئەو ساڵە 33 قوتابی بوون 10 کچ 23 کوڕ، لە مانگی 11 خوێندن دەستی پێکردو لە مانگی دوو بەهۆی دەست پێکردنەوەی شۆڕشی مەلا مستەفاوە کۆتایی پێهاتووە.

ساڵی 1974 شۆڕش مامۆستای ناردووە کە دو مامۆستا بوون بەرێزان مامۆستایان ( جمال و نەوزاد), دوای ئەوەی شۆڕش نەما، حکومەت مامۆستای ناردووە تا دواجار ئەم گوندە بەدەستی بەعس چۆڵکرا.

دوای ئاوەدان کردنەوەی 1993خوێندنگـەی تێـدا کراوەیـەوە، سـاڵی 1995بینـای خوێندنگە لـە کابینەدابوون، دواتر بینایـەکی جوانمـان بەهـەوڵ و هیمـەتی خـەڵکی بـۆ کرایەوە(1–6)،

**بەڕێوەبەرەکانی:**

م. نەریمان لـەگەڵ م.نەزیر تا ساڵی1997. م. ئومێد 1998

م.غەفور2001 م. وریا ساڵی2004

م. جـەبار 2006 م. دیـار زورار محەمـەد تـا ئێسـتا بەڕێوەبەرە. خەڵکی چۆخماخ بوون.

**مامۆستا بەڕێزەکان:** (نازم ساڵح مستەفا، زاهیر محەمەد مستەفا، ئاراس بەکر محەمـەد ساڵح، گۆنا بەکر عەلی، نیگار عەتا عبدالرحمان، شیلان جەبار دەروێـش، هـەژار عـەلی سلێمان، نیگار نەجمەدین محەمەد قادر، ئاورنگ بەهادین، نەرمین فـەتاح مەجیـد، تریفـە کامیل حەسەن، هێڤی قادر...)

**کارگوزارەکان**: کاك عوسمان عبداللە، رزگار محەمەد مستەفا. جێگەی دەستخۆشیە کە هەموویان خەڵکی چۆخماخن و سەرکەوتن بۆ هەمووتان خەمخۆرانی چۆخماخ.

ساڵی1997دوای فراوانبوونی دێکەو زۆری خوێندکاران بەڕێز مامۆستا(سالار) بەهاوکاری خەڵك پۆلی حەوتی وەك پاشکۆکردەوە.

## مامۆستا بەڕێزەکانی:

مامۆستا ( نەوزاد مالومەیی– کوردی. جەبار – زیندەوەرزانی. کامەران و عبداللە – عەرەبی. جەمال کۆمەلایەتی.)

ساڵی2000قۆناغی ئامادەیی تێداکرایەوە:

## بەڕێوەبەرە بەڕێزەکان:

(زمناکۆ2000)،(بیلال2004)، (گەشاو محەمەد2009)، (هونەر ئەبوبەکر تا ئێستا بەردەوامەو خەڵکی چۆخماخە).

## مامۆستا بەرێزەکان:

ئاوات محەمەد سەعدون/ مێژوو. نەبات محەمەد عارف/ کوردی.

شیلان غەفور حەسەن/ عەرەبی. جەلال محەمەد ئەمین/ کیمیا.

بێخاڵ جەلال ساڵح / ئابوری. گەشاو محەمەد ئیبراهیم/ عەرەبی.

ئیسماعیل غریب / ئامار. ئاڤان مەجید کەریم / کوردی.

نوخشە محەمەد ئیبراهیم / عەرەبی. مستەفا فەقێ ساڵح/ بیرکاری.

هێمن سەعید عارف/ ئینگلیزی. ئاری فایەق عەزیز/ مێژوو.

دڵنیا صادق / مێژوو. هونەر ئەبوبەکر سەعید

ڕێوەر ڕەئوف عبداللە/ ئینگلیزی. ئاری عبداللە غەفور / وەرزش.

دەشنێ ڕەحیم/ زیندەوەرزانی. ساکار کەریم مەحمود/ بیرکاری.

هەوار محەمەد ساڵح/ کوردی. ئاکام عبداللە / عەرەبی.

چنار بەکر محەمەد/ عەرەبی. مەرزیە حەمە ئەمین/ عەرەبی.

ڕێباز شکور مەجید/فیزیا وریا غفور عەلی/ کوردی.

خەلیل عبداللە رەشید/ئابوری سۆما عەلی/ ئینگلیزی.

ڕاژان محەمەد /مێژوو ئاری محەمەد جەزا/ عەرەبی.

کوردە عبدالواحید ساڵح/ بیرکاری. هێشو سەردار/ عەرەبی.

(1–12) تێدایەو کۆمەڵێکی مامۆستای دڵسۆز سەرقاڵی پەروەردەی نەوەی دوارۆژی نەتەوەکەمانن. ئەم خوێندنگەیە سەر بە پەروەردەی سلێمانی بوو، دواتر خرایە سەر پەروەردەی دوکان. ئێستا سەر بە پەروەردەی شارباژێڕە.

## هاوکارییەکان:

لەدوای ساڵی 2009لەلایەن چەند ڕێکخراو وکەسایەتییەکەوە هاوکاری ئەم مەشخەڵی زانست و پەروەردەیە کراوە:

- هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی لەلایەن شەهید(ئەبوبەکر یوسف).
- هێنانی کورسی دانیشتن .
- دابینکردنی ئامێری کۆمپیوتەرو سکان و پرێنتەر لەلایەن سکرتاریەتی یەکیەتیەوە.

- زۆپا لـەلایەن ڕێکخراوی (C.D. O).
- چەند زۆپایەکی تر لـەلایەن مامۆستایان خۆیانەوە.

ساڵی(2006 تا 2010) زیاتر لە (200)خوێندکارمان هەبووە.

ساڵی 2017قۆناغی ئامادەیی زیاتر لـە(100) خوێندکار. قۆناغی(7–9) ژمارەی خوێندکاری65، قۆناغی(1–6) تەنها 35کچ و 43 کوڕ.[82]




بەرهەمی خەباتی ڕۆشنبیری و پەروەردەی ئەم کەسە ماندونەناسانە بۆتە هۆکاری بوونی چەندین کەسایەتی لـە هەموو بوارەکانی ژیاندا و دەرچوومان هەیە وەك: بەشی (شەریعەو دکتۆرو معاون توبی و ئەندازیارو مامۆستای زانکۆو ناوەندیی و دواناوەندی و سەرەتایی و نوسەرو فەرمانبەر........) .

ساڵی 1980 تا 1985 کارەباو تەلەفیزۆن لـەلایەن (تەیب عەلی بەکر رسول) کاری پێکراوە. ساڵی 1988 حوکمەتی بەعس لە شەڕی ئێران– عیراق لـە سلیمانییەوە جادەی عەسکەری هێناوە. ساڵی 1993 سەیارەی خەتی بۆ دابین کراوە، کاك ئیبراهم

[82] کۆی ئەم زانیاری و داتایانە لـەبەڕێز م. هونەر و دیار زورار...وەرگیراوە. زۆر سوپاس بۆ هەمو ماندونەناسانی گوندەکەمان.

**کە بۆ هەر نەفەرێك 3 دینار کرێی بووە.**





## ڕۆڵی مزگەوت :

**لە ڕووی دینداریيەوە خەڵکی ئەم گوندە موسڵمانن و لەسەرەتای ئاوەدانکردنیەوە لەلایەن شێخ مەحمودەوە مزگەوت و تەکیەو حوجرە دروستکراوە، خۆشی مەلا بووە، دوای وەفاتی شێخ عبدالقادری کوڕی مەلا بووە.**

**دوای وەفاتی شێخ عبدالقادر شێخ فەرەجی کوڕی بۆتە مەلا تا ساڵی1940لە دوای وەفاتی شێخ فەرەج حاجی سەید عومەری ئامۆزای بۆتە مەلا.**

**لە دوای وەفاتی حاجی سەید عومەر، مەلا سەید جەلال دێتە ئەم گوندەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك ماوەتەوە. دوای ئەو حاجی سەید گوڵ دەبێتە مەلا تا ساڵی1970.**

**ساڵی1970 بەدواوە مەلا شێخ محەمەد دەبێتە مەلا تا لە ساڵی 1975 شەهید دەبێت. لە دوای ئەو مەلا زانا دەبێتە مەلا تا ساڵی 2000 لەو کاتە بە دواوە مەلا شێخ عبدالمطلب لەوێ ئیمام و خطیبە.**



## خزمەتگوزاریەکانی گوندی چۆخماخ :

دوای بووژانەوەی لادێکانی کوردستان لە پاش ڕاپەرینەوە خەڵکی زۆر بەتامەزرۆییەوە بەرەو ئاوەدانی و دوورکەوتنەوە لە شارو قەرەباڵغی و بێکاری ژیانێکی نوێ و ئازادی دەستی پێکردەوە. سەرەتا ساڵی (1994 (قوتابخانە کرایەوە, پاشان مزگەوت لە ساڵی 1994 لەلایەن ڕابیتەی ئیسلامییەوە تازە کرایەوە.

پرۆژەی ئاودێری لە ساڵی (1994) و خەستەخانە ساڵی (2002) کراوەتەوە, کارەبای نیشتمانی لە (2002) کەوتە کارکردن کە لەسەر فەرمانگەی (دوکان)ە، ڕۆشنایی هیمەتی بە دانیشتوان بەخشی.

ئیش وکاری خەڵکی لە زووەوە ( باخداری و ڕەزو ترش و هەندێکیش خەڵوزو مەڕداری...)بووە. بەرهەم و دارو درەختەکانی ئەم ناوچەیەی (مازو, بەڕو، گوێژ, هەرمێ, ترێ, قەزوان, دروستکردنی بنێشتی کوردی, دۆشاوی ترێ، شۆکە، مێوژ، ........). گیای کوردەواری (کنگرو گۆزروان و کاردو ترشۆکەو ڕێواس و کوزەڵەو پونگەو .....) چەندین گوڵ وەك (گوڵاڵەسورەو بەیبون و هێرۆ و .....)

تــەڕەکاڵ و بــەراو وەك (تەماتــەو خــەیارو پەڵپینــەو بــامیێ و فاســۆلیاو باینجــان و پاقلـەمەنی....)

بەرهەمی کشتوکاڵی و دانەوێڵە (گەنم و جۆو نیسك و نۆك و هەرزن...)

ڕوبەری گوندی چوخماخ (7700)دۆنم دوجا. ڕوبەری ڕەزو باخداری (2650) دۆنم دوجا. ڕوبەری تاپۆی ئەم گوندە (7700) دۆنم دوجا.

## کاری سەرپێیی:

هەندێك کەس هەبوون بەشێوەی کاتی دەهاتنە دێکان بەگشتی و چۆخماخ بەتایبەتی بۆ بەرێکردنی کاری خەڵکی وەك(چەرچی، وردەواڵەفرۆش)کە کاریان کڕین و فرۆشتی پێداویستی ماڵ و خواردەمەنی سوکەڵە بوو.

مسگەر:- کاریان سپیکردنەوەی مەنجەڵ و تەشتی مس بوو.

هەلاج:- دۆشەك و لێفەی دروست دەکرد و شیکردنەوەشی دەکرد.

خەتەنەکردن:- کەسێکی زانابوو لەوبوارەداو بەدێهاتەکانا لەوەرزی بەهار بەدواوە دەگەڕاو کوڕانی سونەت ئەکرد.

کەتیرەکەرو دۆم :- بێژنگ و کەو شەن و قەفەزی کەو و سوێنەیان دروست دەکرد.

## 2-کورتەیەك دەربارەی گوندی گا پیلۆن :



گوندی گاپیلۆنی جاران و ناحیەی ئێستا دەڤەرێکی شاخاوییە، سەر بە قەزای ماوەتە, یەکێکە لە ئاوەدانیەکانی دەڤەری شارباژێڕ، لە بناری شاخی پیر پایزدا هەڵکەوتووەو شاخە ڕەشیش کەوتۆتە پشتیەوە, بەڵام بەردەمی تا شارۆچکەی چوارتا دەشت و تەختاییەو ئێستا ناحیەیەو ناوەندی زیاتر لە (18) گوندی لەسەرە.

لە کۆنەوە ناوبانگی هەبووەو شوێنی پیاوچاك و شێخ و مەلا و مزگەوت و میوانداری بووە, لە بارەی ناوەکەیەوە چەند بۆچوونێك هەیە, لەوانە:

● ناوەکە تورکیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کە لەو سنورەدا هەبووەو ئەو ناوەیان لێناوە, ناوەکە سەرەتا بە (قابیلۆن) هاتووە, بە واتای دەروازە یان دەرگا دێت, ئەمەش تا ڕادەیەك گونجاوە لەگەڵ گوندەکە, چونکە گاپیلۆن بۆ سەرەوە برەو دۆڵی جافایەتی وەك دەرگاو دەروازەیەك وایە, بۆ خوارەوەش بەرەو چوارتاو سلێمانی بە هەمان شێوە.

● وشەی (گاپیلۆن), واتە ئەم گوندە گایان زۆر بووە، لە کاتی خۆیدا هەموو کاری فەلاحەت و بژێویان لەسەر گاکان بووەو بەشێوەیەك خۆشەویستیان بۆ گاکان هەبووە

کە وتوویانە: گا وەك پێڵوی چاو دەپارێزین و خۆشمان دەوێن.

مێژووی بنیاتنانی گاپیلۆن زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام و دەوڵەتی ساسانی, ئەو گۆڕستانەی کە تێیدایەو لە دەوروبەری هەن دەیسەلمێنێت کە ئەم گوندە پێش ئیسلامیش بوونی هەبووە, زۆر جار هەندێ شوێنەواری کۆن و سکەی هەڵکەندراوی کۆن و گۆزەو کوپەی گەورە گەورە لەو سنورە دۆزراونەتەوە کە هی چەند ساڵ پێش ئیسلام بوون, خاڵێکی تریش کە دەیسەلمێنێت ئەم گوندە کۆنە ئەوەیە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام ڕابەران و زانایانی ئاینی ئیسلام کە هەستاون بە ڕاگەیاندنی ئەو پەیامە کە چەندین کەس لە هاوەڵان یان زاناکانی ئەو سەردەمە گەیشتونە ئەو گوندانە بە تایبەتی گوندی گاپیلۆن, ئێستاش شوێنی چەند گۆڕو نزرگەی لێیە بە ناوی هاوەڵەکانەوە.

لەوانە : پیربابەکر, ئەسحابە, داری ئەسحابان, قەبرستانی ئەسحابەی داری قەبران, پیربابە گوڕی ئەسحابان و چەندینی تر.

گوندەکە لە ناوچەیەکی نیمچە شاخاویداو لە بناری شاخی پیربایزو شاخەڕەشدایە, کە ڕۆژئاوای گوندەکەی و سنوری لەویۆوە لەگەڵ گوندەکانی چۆخماخ و مێولاکەو سنگر دەگەڕێتەوە.

لەسەرروییەوە گوندی مالومەو گەڕەدێ و شاخی ئاسنەگەران و قزقەڵایە, لە ڕۆژهەڵاتییەوە کێوی هەورازە سورو کێوی گردێژەیە, لە خوارووییەوە چەمی پیرئەلیاس و کێوی خەجە لەرزۆکەو سنوری لەگەڵ کارێزەو بایزاوەو قوڵەجاخ یەکدەگرێتەوە.

لەدێر زەمانەوە لە شوێنی ئێستایدا نەبووە بەڵکو شوێنەکەی لە نێوان گوندی(ولاغلو، گەڕەدێ)بوە، لە کلکەی گردبەران (خڕەی بوبی)و شوێنی قەبرسانی تا ئەم سالانەش مابوو.

نەخۆشی تاعون و لەرزوتاو ئاژاوەی شەڕوشۆڕ بۆتە کاولکاری و نەمانی

خەڵکەکەی. ئەوەی دەرچووە هاتون لەم شوێنەی ئێستای لەسەر کانی و ئاو ئاوەدانیان دروستکردووە. چەند کەسێك لە شوێنی ترەوە هاتوون و لێرە نیشتەجێ بوون.

ڕوبەری خاکەکەی 771908 دۆنم و حەوت ئۆلکە، بەشێکی بەراوەو زۆربەی زۆری دێمە, دارستانی سروشتی هەمە جۆری هەیە، وەك(دارەبەن، داربەڕو، مازو، گوێز، هەرمێ کێویلە، بەلاڵوك، گۆیژ، کەت، داربی، تەرو، داری زی...... ).

ساڵی 1976 سەرژمێرییەکمان کرد کە ئەوکات 70 ماڵ بوون, لەگەڵ دکتۆر محەمەد ناوێك سەرژمێرییەکەم کرد, ژمارەی گشتی دانیشتوان 515 کەس بوون 264 کەس لە ڕەگەزی نێرو251 کەس لە ڕەگەزی مێ بوون.[83]

[83] دەستخۆشیم بۆ بەڕێز مەلا عومەر بۆ کارو چالاکی و نوسینەوەی مێژوی گوندەکەی. ڕۆژی2017/4/7لە زەرگەتەی کۆن لەگەڵ کاك شێخ زانست چوینە خزمەتی و بڕیاری هاوکاریکردنی داین بە زانیاری.

**یەکەمەکانی:**

ساڵی 1942 هەباس ئاغا ڕادیۆی هێناوەتە ئەم گوندە.

ساڵی 1943 لەلایەن ئاغاو حاجی شێخ محەمەدەوە سەعاتیان هێناوە.

ساڵی 1954 گاپیلۆن مەخفەری پۆلیسی بۆ هاتووەو بەو هۆیەوە ناوچەکە ئارامی تێدا دروست بووە.

ساڵی 1958 سەیارە هاتۆتە گاپیلۆن و یەکەم سایەقیش ناوی (سابیر) بووە سەیارەکەشی لەجۆری پیکاب بووە.

ساڵی 1960 قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە, یەکەم مامۆستاش بەڕێز مامۆستا (عوسمانی کانی سپیکەیی) بو, سوپاس بۆ خوا لە ژیاندا ماوە، دەوامی قوتابخانە لە ماڵی (حاجی عبدالله ی حاجی فتح الله) دەکرا کە چوار ژووری بەتاڵیان هەبوو، حەوشەیەکی گەورەشی بەدەمەوە بوو، دواتر مامۆستای تریشمان بۆ هات, ناویان مامۆستایان (عومەرعەلی، عەزیز گەورەدێی، محمەد قزلەری، عبدالله.........) بوو. ئەم کەسایەتیانە لەدوای خۆیان چەندین کەسایەتیان پێگەیاندووە، ئێستا خزمەتی نەتەوەو خەڵك و خاك دەکەن.

ساڵی1970بەرهەمی شیعرو نوسین چاپکراوەو بڵاوبۆتەوە کە بەڕێزان:عبدالله فەقێ ساڵح و عومەری مەلا مەحمودو ئاوارە عوسمان.....

ساڵی 1978 لەلایەن حکومەتەوە بینای قوتابخانەی بۆ دروستکرا.

شەوانی پشکیلان و شەوارەی مناڵ لەماڵانا بەڕێوە دەچوو، کەسەکانیش ڕۆڵیان هەبووە بەناوبانگترینیان: مەلا عارف و عبدالله فەرەج و قادر فەرەج..... .

ساڵی1998بنکەی تەندروستی تێداکرایەوەو بینای جوانی بۆ کرا، لە ڕابردوودا چەندین معاون توبی و کارمەندی بۆ هاتووەو ڕۆشتون و خزمەتیان کردووە.ئێستا(د.محەمەد)و کارمەندێکی هەیە.

هەر لە کۆنەوە لەم گوندەدا کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی بژێوی خەڵك بووە، وەك(گەنم و جۆو نۆك و نیسك و هەرزن و ......)

بەراویش وەك( توتن و تەماتەو بامیەو باینجان و پیازو.....) بێستانی کاڵەك و ترۆزی و شوتیش بە دێم کراوە. لەدوای گەڕان و سازی ئاو و هەواکەی خەڵکی دەستیان کردووە بە باغداری و ڕەزو میوەی ناوازە......

سروشت و ژینگەکەی بۆتە هۆکاری ڕووانی چەندین گوڵ وەك(نێرگز، گوڵەسەنان، مێلاقەو زەردەو گوڵاڵەسورە، جوتیارە، بەیبون، هێرۆ،....).

گژوگیای بەهارەو هاوینە، بۆ داوودەرمان و جوانی بەکار هاتووە.وەك(کنگرو ڕێواس و کاردو، لوشە، باڕێزە، هەڵەکۆك، شنگ، گۆزروان، ...).

باڵندەو جۆرە جیاوازەکانی پەلەوەر لەوناوەدا جوانیەکی تایبەتی بەم ناوچەیە بەخشیوە.وەك(مریشك و مراوی و قازو قەل و کەو و قژاڵکەو پۆڕو ....) ناوبەناو لەو کێوەبەرزانە بەتایبەتی سالآنی ڕابردوو کەڵەکێوی و بزنەکێوی و مەڕەسور دەبینراو خەڵکەکەی سودیان لێدەبینی.

بەخێوکردنی (گاو مانگاو مەڕو بزن و ....) بەشێك لە خۆشی و شادییان دەخاتە گوزەرێکی ماندوبوونەوە، بژێویان لەسەر ئەم گیاندارانە ژینەگەیانی دەوڵەمەند کردووە. سالآنی ڕابردوو وەك ئێستا پارەو پول نەبووە، خەڵکی بەو بەرهەمانەی هەیبوە گۆڕینەوەی کردووەو سەرچاوەیەکی بازرگانیان بووە. واتە مێوژ و خوری و دانەوێڵەیان داوەتە جلوبەرگ و پێخەف و خۆراکی ڕۆژانەیان.

خانوبەرەو جێگای خۆیان زیاتر بە قوڕو بەرد بە شێوەی سادەو ساکار دروستیان کردووەو لە سەرخان و ژێرخان پێکهاتووە.

پێداویستی خۆیان و ڕۆژانەیان لە ژینگەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووەو دروستیان کردووەو کاری خۆیان پێ بەڕێ کردووەو وەستای خۆیان هەبووە کە بە جۆلآو تەونکەر بەناوبانگ بووە. وەك(بەڕەو خەرارو جاجم و هۆڕو چیغ و فەرەنجی و پەستەك

و لباد و لێفەو سەرینی پەڕو شاڵ و پوزلەخ و کڵاو گوریس و قەیاسەو خورج...... )

بۆ ئاو هێنان و هەڵگرتنی کەلوپەلی خواردەمەنی و پێداویستی ڕۆژانەیان: (کوندەو هەمانەو تێرِ و هرزەو مەن وگۆزە، دیزە، کەندو، نانەشانە، کەوچك، گەسکی ...) بەکارهێناوە. نانکردنیان وەك هەموو دێهاتەکانی کوردستان بە تەنورو ئاگردان و ساج و حەوجۆش، بووە.

**کەسایەتی و ناودارانی:**

لە کۆندا کەسانی دیار بوونیان لەم ئاواییەدا هەبووە (شێخ موحسینی شێخ عبدالقادرو حاجی سەید عومەرو هەباس ئاغای سەلیم ئاغا کە نزیکەی 45 تا 50 ساڵ لەوێ ماوەتەوە, حاجی مەلا مەحمودی گەورە، حاجی سەعید, حاجی فتح الله ی کوێخا کەریم, حاجی شێخ جەلالی گاپیلۆن،کوێخا جوامێر, حاجی شێخ محەمەد, حاجی شێخ مستەفا، کوێخا محەمەد مام یوسف، مام وەسمان، فەرەجی مام حەمە شوان، ڕەشیدی مام رەسوڵ، حەمە خۆشناو، خدری کەمال حەمەئاباڵاخی، مام عەزیز. تەمەنی پڕبەرەکات بۆ ئەوانەی ماون لە ژینداو نزای خێر بۆ کۆچکردووان.

عباس ئاغا ( هەباس ئاغای دۆڵێ ) ئەم پیاوە پیاوێکی زیرەك و وریا بووە لەگەڵ دەسەڵات دارانی سعودییە پەیوەندی هەبووە , هەر ئەم پیاوە هەستی بە دروستبوونی ڕێبازی حەقە )کردووە و هەواڵی بە سعودییەکان داوە , ئەوانیش داوایان لێ کردووە زانیارییان بداتێ دەربارەی ئەو ڕێبازە هەڵتۆقیوە , بۆیە داوای لە مەلا عبدالقادری گەلاڵەی کردووە کە بچێت بۆ گوندی سەرگەڵو ببێت بە مەلایان , ڕۆژانە چی بینی بیکاتە ڕاپۆرت و سەری مانگ بە ناوی سەفەری سلێمانییەوە بێتە گاپیلۆن و ڕاپۆرتەکەی ڕادەست بکات و هەموو مانگێك لە بارتەقای ئەم کارەدا ( 12 روپییە ) وەربگرێت , مەلا عبدالقادر زۆر بە زانایانە و لێهاتووانە ئەم ئەرکەی ئەنجام داوە و هەموو مانگێك مەعاشی خۆی لە هەباس ئاغا وەرگرتووە و پوختەی ڕاپۆرتەکانی کردۆتە کتێبێکی 200 لاپەرەی و بە خەتێکی ورد و جوان نوسیویەتییەوە , لە

پێشەکییەکەیدا بە وردی نەخشە ڕێگای کارەکەی و ڕێکەوتنی بە نهێنی لەگەڵ هەباس ئاغادا ئەنجامدانی ئەرکەکەی ڕوون کردۆتەوە , من کە مەلا مەحمودی گەلاڵەیم لە ساڵی ( 1989 ز ) ئەم کتیبەم بە دەستنووس لای مەرحوم ( مامۆستا مەلا عبداللە ی وەرازی بینیوە و خوێندوومەتەوە , بە داخەوە بیری ئەوەم نەبوو لێی وەربگرم و لەبەری بگرمەوە , ئێستا چەند جارێك لەگەڵ كاك (مەلا بەهادینی کوری ) خەریك بووم ئەڵێن دیار نەماوە .

تێبینی : ئەم نوسینە لە ( مامۆستا مەلا مەحمودی گەلاڵەییەوە وەرگیراوە) .

●مەلا مەحمودی گەلاڵەی

مەلا مەحمود گەلاڵەی لە ساڵی ( 1948 ) لە گەلاڵە لەدایك بووە و زۆربەی خوێندنی لە خزمەت مامۆستا ( محمد گەلاڵەی ) کە بە مامۆستا مەلا محمدی رەئیس ناسراوە.

**کەسانی بەهرەدارو پیشەوەر:**

لـە گاپیلۆن دا هەڵکەوتووان هەبوون هەریەکەو بـە شـێوەیەك سـودیان بـۆ خۆیـان و کەسانی تریش هەبووە لەوانە:

- (حاجی مەلا مەحمود، مەلای گوندو زانایەکی بەرز بووە، حوجرەو فـەقێی هـەبووە, لەگەڵ ئەوەشدا وەستای ئاش بووەو هەر خۆی ئاشێکی لـە گوندەکە دروست کردووە.
- وەستا گورون ئاشی بووەو لەڕووی قسەی خـۆش و نوکتـەو شـیعرەوە دەسـتێکی باڵای هەبووە.
- وەستا ئەحمەد وەستای دیوار بووەو لـە بەرد باگردێن و دەستاڕی دروستکردووە.
- وەستا مستەفای مام ساڵح و گورون، تەنەکەچی و ئاسنگەری بوون.
- حاجی عبدالرەحمان و حاجیلۆکەو سەعید کوێخـا فـەرەج جـەراحی زۆر شـارەزاو وەستای شکاوی و دەمار بوون, برینداریشی تیمارکردووە.
- دەنگ خۆشەکان بۆ گۆرانی و غەمرەوێنی: حاجی عبـدالله فـەرەج، قـادر فـەرەج، مەلا عارف.

مەلا عزیز ، ئەحمەدی حاجی سـەعید، ئەحمـەد عـەزیز، فـەقێ رەسـول، مـەلا مـەحمود، حەسەن بەچکە،

- حاجی مستەفا، گـەردوناس بـوون و حسـابی ڕۆژو مـانگ و بورجـەکانی زانیـوەو کاری پێکردوون. زۆر کات بەهاتنی باڵندە کۆچەریەکاندا بۆیان دەرکـەوتووە سـاڵ چ وەختە.
- وەستای چنینی ڕەشکەو قوڵینە: عەلی حەسەن ماوەتی، مەلا عـەزیز، بـەکری مـەلا مەحمود، مام حەسەن بەچکە.
- حاجی شێخ مستەفا داو و دەرمانی کوردەواری دروستکردووە.

- حەسەن ئەحمەد سەعید وەستای بەردو بڕینی خشتی قوڕو سواغکردن خانوو .

- سەرتاشەکان: بەچەقۆو گوێزان سەری خەڵکیان تاشیوە لەوانەش: فەقێ ئەحمەد، شێخ محی الدین، شێخ مستەفا، مەلا مەحمود عبدالله، مەلا مەحمود بلە، ئەحمەدی حاجی سەعید، ......

- کەڵخەس = خەساس، جوانەگاو باگێرو گوێدرێژو بەران و سابرێنیان..دەخەسان بە قرتاندن یان هەڵگێڕانەوەی دەماری گونی ئەو ئاژەڵە. ئەو کەسەش وەستا(مام ڕۆستەم = ڕۆستەمی کلاوڕەش).

- دارتاشی، مام قادر وەستای دروستکردنی هەوجاڕو نیرو مژان و پنەو تیرۆك و کەوچك و کەرەسەی دەرگاو پەنجەرەو .... بووە.

- پێشمەرگەو فەرمانبەرو مووچەخۆران، لەساڵی 1961 تا ئێستا چەندین کەس بوونەتە پێشمەرگەو پارێزەری نەتەوەو خۆبەختکار(35)کەس، لەم دواساڵانەشدا زۆرێك لە دانیشتوانی گوند بوونەتە موچەخۆری حکومەت.

- نوسەرو شاعیر: بەڕێزان مەلاعومەرمەلا مەحمود، حاجی گورون، محەمەدی حەمە عەلی،عوسمان ئەبوبەکر، چەندها بەهرەداری تریش.....


## کانی و سەرچاوەی ئاو

ئاو هۆکارە بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی، لەو کانیە بەناوبانگانەی ئاوایی گاپیلۆن: کانی مزگەوت، ژنان، بەردەگەورێ، حاجی مەلا مەحمود، کانی مام ئەولاّ، ژاژ، نەکژە، ئالینجان، کانی سەیدی، قازی، هەرمێلە، حەیات، هۆمەر مەحمود ، کانی حەسەن بەچکە، قالە عەبە.....

## ڕۆڵی مزگەوت و تەکیە:

لەدێرزەمانەوە لە گاپیلۆن دا مزگەوت و تەکیەو مەلای هەبووە دەرکەوتووترینیان:

1. بەڕێزان (حاجی مەلا مەحمودی گەورە ناسراو بە مەلا مەحمودی نۆڕەبابی) ساڵی 1878دەرکەوتووە، قوتابی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بووە لە کتێبی شاری سلێمانیدا ناوی هاتووە حوجرە فەقێی هەبووە، ساڵی 1909 کۆچی دوایی کردووە.




2. کوڕەکەی حاجی مەلا عبداللە بۆتە مەلا، ساڵی 1945 کۆچی دوایی کردووە.
3. مەلا مەحمود ئیبراهیم خەڵکی گوندی یاخسەمەر بووە.
4. مەلا عومەری ولاغلوی 7 بۆ 8 ساڵ مەلای گاپیلۆن بووە.
5. مەلا مەحمودی مەلا عبداللە، حاجی شێخ محەمەد، حاجی شێخ محی الدین، بەخۆبەخش جومعەو جەماعەتیان بۆ خەڵکی کردووە.

6. ساڵی 1975 مەلا شێخ محەمەدی شێخ قادر بووە مەلا[84] تا ساڵی 1987.

خودای دلۆڤان بەر ڕەحمەتی خۆییان بخات و جێگەیان بەهەشت بێت.

## ڕۆڵی ئەم پیاوچاکانە لەناو گوندەکاندا :

مەشخەڵی ڕۆشنبیری و زانست و خۆشەویستی و هاندان و پێکەوەژیان و هیمەت بەرزی لەلای کەسە بوێرو هۆشمەندەکانەوە دێتە سەر ئەرزی واقع، لەو کارە جوانانەی ئەم زاتانە کردوویانە:

پرسەو خۆشی و شادی هەر لە دێرزەمانەوە لەم گوندەو باقی گوندەکانی کوردستان هەر لە مزگەوتا بووە، مزگەوت لە ڕابردوویەکی نزیکدا جێگەی حەوانەوەی ڕێبواران و پێشمەرگەو لێقەوماوان بووە.

ئەم پیاوچاکانە هەردەم پێشەنگ بوون بۆ کاری مرۆڤدۆستی، هەر ساڵێك باران دوابکەوتایە نوێژەبارانە دەکراو لەو مەراسیمەدا چەندین سەر حەیوان دەکرانە خێرو هەژاران سودمەند دەبوون لێوەی و خوداوەندیش دڵی ناشکاندن و بارانی بە خوڕەمیان بۆ دەباری.

لە پازدەی شەعبان بەدواوە لە کۆتا چوارشەمەدا نزای تایبەتی دەنوسراو ئاوەکەی بەسەر ماڵاندا دابەشدەکراو خەڵکی دڵخۆش و کامەران دەبوون.

خۆشەویستکردنی جەژن و بۆنە ئاینیەکان لەلای کەسەکان و سومبولی گەردن ئازایی و بەخشینەوەی شادی و سەرفرازی و ڕونکردنەوەی بەهای ئەم جەژانە بۆ خەڵکی ئاوایی و کارکردن بۆیان.

حەوتم و مناڵ ناونان و خەتەنەسوران، ئەم پیاوانە هاندەربوون بۆ زیندووکردنەوەی سونەتەکانی پێشەوامان محەمەد بەهەزاران درووود و سلاو بۆ ڕۆحیانەتی .

---

[84] بۆ ئەم سەربوردە سود لە بەرێز (مەلا عومەری مەلا مەحمودی گاپیلۆنی) وەرگیراوە، خودا پاداشتی هەموویان بداتەوە.

ئاشتەوایی و چارەسەردانان بۆ کێشەکان لەلای ئەو زاتانەوە سەرچاوەی دەگرت و بە تەکبیرو مشاوەرە کێشەکەیان بنبەست دەکردو کەسەکان بە دوورکەوتنەوە لە ڕق و کینە دەبوونەوە هاوڕێ و دۆستەکەی جاران.

مارەبڕین و هاوسەرگیری هۆکاری کۆمەڵگای بەختەوەرو خۆشنود بووە لێرەوە کاری ناوازەیان کردووەو دورکەوتوونەتەوە لەو کارە دزێوانەی کۆمەڵگەو هاوسەرەکان لەیەکتر هەڵەوەشێنن.

بەرزبوونەوەی دەنگی الله أکبر مژدەی سەرفرازییە بۆ جێبەجێکردنی بەندایەتی، بەجێگەیاندنی نوێژەکان و زانینی کات و ساتی هەڵمەتی کارکردن.

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و گوڕوتینی مزگەوتەکان و تەراویح و قورئان خوێندن و بەجێگەیاندنی ئەم فەرزەو ڕوونکردنەوەی لەلایەن ئەم مامۆستایانەوەو ئامۆژگاری و خۆشی دەگەیاندە مرۆڤەکان. هاندانی خەڵکی ئاوایی بۆ قوربانی کردن، تا لەخێرو خۆشی ئەم دونیاو سەرفرازی بۆ قیامەت بێبەش نەبن.کەواتە مزگەوت و مامۆستا و کەسە دیندارەکان بەشێکی گرنگی ئاواین و نابێ ئاوابن.

**دەنگخۆشەکان:** بۆ بانگ و قورئانخوێندن، مەلا مەحمود، فەقێ حەسەن، حاجی شێخ محەمەد. شێخ محی الدین، مەلا شێخ جەلال و مەلا شێخ محەمەد. حاجی عبداللە ی مامە حەمە، مام رۆستەم، عوسمانی مەلا مەحمود.

**مەسئول:** ساڵی1961 کارێکی نوێ دروست بوو بۆ کەسێکی ناو دێ کە هەڵدەستا بە ڕاپەڕاندنی کاری شۆڕش تا ساڵی1977، دامەزراندنی پێشمەرگە بەسەرماڵاندا، گەیاندنی پۆستەو نامە، کۆکردنەوەی نان وخۆراك بۆ پێشمەرگە، سەرەدانان بۆ خاوەن وڵاغی بەرزە بۆ گواستنەوەی تەقەمەنی، کۆکردنەوەی خەڵکی گوند بۆ کۆبوونەوە، ... ئەم کەسەش (محەمەد حسێن) بە (حەمەئاغا) ناسراوبوو.

**قوتابخانە :** ساڵی 1960یەکەم جار قوتابخانە کراوەتەوە.

**کاری کۆمەڵ و هەرەوەز** خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و دینداری پتەوترو خۆشتر دەکرد، لەنێوان خۆیاندا خەڵکی گوند کارە گرانەکانیان بە هەرەوەز ئەنجام دەدا. وەك(دێراوهەڵدان، گەڵاکردن، دروێنە، ساوەرکوتان، مێوژکردن، دۆشاوکردن،...... ).

## ڕاگواستن و وێرانکاری:

یەکێك لە سیاسەتی بەعس لەناوبردن و کاولکاری بوو لە کوردستاندا، ئەم گوندە بەتایبەتی و گوندەکانی تری کوردستان بەگشتی و بووبوونە چقڵی چاوی بەعس بۆیە بەنەمانی دێهاتەکان تارادەیەك ئاسودەیی بۆ دروست بوو.

گاپیلۆن بە تۆپی دوورهاوێژو بۆردومانی تەیارەو هێرشی جەیش و جاش ئاسودەیی نەما تا لەساڵی1986–1987 بەتەواوی خانووەکانی لەگەڵ زەویدا یەکسان کرا، خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران و سلێمانی و کۆمەڵگەی بازیان بوون. بەبێ وەرگرتنی هیچ قەرەبوویەك.

ساڵی1991 دوای ڕاپەرین کاك عوسمانی مەلا مەحمود یەکەم کەس بوو دەستی کردە دروستکردنەوەی خانووەکەی و بەدوای ئەودا خەڵکی هاتنەوە، رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان هاوکاری خەڵکیان کردو بینای قوتابخانەو پرۆژەی ئاو و بنکەی تەندروستی و چاککردنی ڕێگاوبان و ڕاکێشانی کارەباو خزمەتگوزاری پێویست و وەرزی بۆ کشتوکاڵ و مەڕوماڵات.....

ئێستا لە چوار گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە: گەڕەکی سەر و یا شێخ موحسین, گەڕەکی مزگەوت، جافەکان، خانوەتازەکان.

## بنەماڵەکان:

خۆشگوزەرانی و تەبایی و لێبوردەیی و هاوکاری بۆتە هەوێنی پێکەوە ژیان و کۆبوونەوەیان لەسەر زەوی گاپیلۆن:

بنەماڵەی ( هەباس ئاغا، کوێخایان، حاجی مەلا مەحمود، شێخ موحسین، ئەحەلۆکە، قالەسور، قالەگورون، ماموەسمان، حاجی ئەحمەدی سیرەمێرگ، حەمەچاوشین، مام حەسەن و عەلی تومباشی، جافەکان، گەورەدێیەکان، وەستا ئەحمەد، .....)

لە هەندێ دێی دەوروبەرەوە کەسایەتی هاتوون و نیشتەجێ بوون لەو دێهاتانەش (ولاغلو، کانی مێو، گەڕەدێ، گەورەدێ، ...).

هەباساغا تاساڵی1945 دەسەلاتی ڕەهایان بووە، بەلام خەڵکی قبوڵی نەکردووەو نفوسیان هاتۆتەکزی، بەلام زەوی وزاریان تا ئێستاش بەشێوەی تاپۆ لەم ناوەدا هەیە.

لەدوای ئاغا، کوێخاو ڕیش سپی و دەم راست و پیاوماقوڵ و ئەنجومەن پەیدابوو. بۆ کاروبارو ئاشتەوایی (شیخ)ەکان بوونە جێگەی ڕازونیازو خۆشەویستی. ئەمانیش دڵسۆزانە بەکارەکان هەڵدەستان.

## شەهیدەکان:

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ

سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ..... بێکەس.

ئەم گوندە خاوەنی چەندین شەهیدە: (عارف عوسمان سەعید، حاجی خدر ساڵح، رزگار ئەحمەد فتح الله، عوسمان ئەحمەد عەزیز، نەقیب ئەحمەد حەسەن، عەلی ئەحمەد عەزیز، کەریم محەمەد، جەمال قادر جوامێر، دڵسۆز عبدالله، بەدریە عوسمان، ساڵح ئەحمەد، ساڵح حەسەن، محەمەد حسین، ئیبراهیم حەسەن، قادر فەرەج، عەلی قادر جەلەبی، .........)

**ئەنفالەکان**: سەعید ساڵح، بەهیە مەحمود فەرەج، ئەبوبەکر ئیسماعیل.

**کەمئەندامان:** شۆڕش عوسمان، مستەفا رەشید، بەکر عبدالله، ئەحمەد فەرەج، فەریق مەحمود، شاباز محەمەد.

کەواتە بوونی کێڵگەی ئەڵغام =مین، بۆتە هۆکاری مەترسی بۆ سەرخەڵکی ناوچەکە.

## بەڕێوەبەرەکانی ناحیەی گاپیلۆن:

ساڵی2005بە فەرمانی کارگێڕی کراوەتە ناحیە،

1. پێشەوا تۆفیق مەغدید، 2. عادل محەمەد ساڵح، 3. عەدنان کاکەرەش کەریم، 4. سەباح مەعروف عبدالرەحمان 5. ئیسماعیل ئەحمەد رەسوڵ 2017


**بەڕێوەبەری شارەوانی**: ئیبراهیم فەتاح، جەزا عەلی تۆفیق.

**فەرمانگەکانی**: بنکەی پۆلیس، پۆلیسی دارستان، بنکەی ئاسایش، دارایی، نوسینگەی زانیاری، هۆبەی ڤێتێرنەری، بنکەی کشتوکاڵی، ....

## خزمەتگوزارییەکانی:

سێ بیری ئیرتیوازی، یەکێکیان سودبەخشە. قوتابخانەی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی. ئاوەڕۆی ناو کۆڵانەکان. هەندێك لە کۆڵانەکانی قیرتاوە. یاریگاو تیپی یاری . پرۆژەی دابەشکردنی ئاو. کارەبای ڕەئیسی. باخچەی گشتی، هۆڵی بۆنەکان.

ساڵی 1999دەستی پێکردووە، زۆربەی 2005 تا2011 تەواوبووە.




رەنگی سەوز روبەری 2884 دۆنم بریتیە لەزەوی کشتوکالی ورەزوو باخ

رەنگی زەرد روبەری 2830 دۆنم بریتیە لەزەوی بەردەلانی و لەوەرگا

رەنگی سوور روبەری 205 دۆنم بریتیە لەزەوی نیشتەجي وسنوری گوند

## ئەشکەوتەکانی:

پەناگای لێقەوماو چلەکێش و شوان و پێشمەرگەو خەڵکی ئاوایی، گرنگترین ئەشکەوتەکانی:

ئەشکەوتی دێ جێگای هەموو دانیشتوانی گوندەکەی تێدا دەبێتەوە. قوڵی خاوێ، حەیوانە کێوی، حەسەنیلە. راوەسورکە. شێخ موحسین، قورئانە ڕەشە، کاتی خۆی قورئانێکی دەستنوسی لێ بووە هەرکەسێ سوێندی بەناحەق بخواردایە وەفاتی ئەکرد.

## رۆڵی ئافرەت:

لەبەرەبەیانی مێژووەوە، ئافرەت هاوکارو هاوسەرو خەمخۆری پەروەردەکردنی نەوەی نوێی بووە، بۆ هەموو شیرینی و تاڵیەکی ڕۆژگار لەشانی پیاوەوە بووە، زۆرکات لەپیاوان زیاتر ماندوبوون و چەرمەسەرێی ڕۆژگاریان چەشتووە، هەر ئافرەت بووە توانیویەتی هۆکاری سەرکەوتنی پیاوەکەی بێت و ڕووسورو شادی بکات لەئاست میوانەکانیدا.... لێرەوە هەندێك ئافرەتی ناودارو دەستڕەنگین و بەهرەدار دەناسێنین:

- وەستای بەڕەو جاجم و بەرماڵ (ڕستن و چنین ) لەوانەش بەرێزان: ئایشێ حەمدی و فاتمی مەحمود فەرەجی حمە شوان.

- وەستای جلوبەرگی ژنان: خاتو زارا، دەروێش نازدار.

- خاوێنکردنەوەی چاو لە پۆش و پەلاش و لە برژانگ ڕوانەوەیان دەزانی: رەعنای حاجی.

- چێشت لێنەرەکانی بۆنەکان: فاتمەخان، پیرۆزخان، خاتو ئامینە، رەحمەی مەلا مەحمود، خورشیدەی حاجی محەمەد، حەلاوەی حەمە گەدە، حەلیمەی حەسەن بەچکە، بەهیەی فەقێ رەسول، بەهیەی ئەحمەدی حاجی سەعید، ڕابیعەی مام فەرەج، دەروێش نازدار، خاتو زارا، ڕەعنای حاجی.....

- کاری ژنان(مامانی) و گویێ سمین و داودەرمان و ناوك هێنانــەوەو ســوتاوی: نەنکــە ئایشیێ، ئایشێی حەمدی، رەحمەی قالـە عەبە، کوێخاژنە مەنیج، ڕەحمــەی مــەلا مــەحمود، مەلاژنە حەلیم، حەلاوەی وەستا ئەحمەد....

- هەندێك ژن کوندەو مەشکەیان خۆش دەکرد، بۆ کاری ڕۆژانەیان.

- لاواندنــەوە، کوێخــا ژنــە ڕەحمــە لــە پرســەکانا بــەدەنگی خــۆش مردووەکــەی دەلاواندەوە.

## پیشەوەران:


مەســئول، تــوتن کــردن، دیــوار، گڵــەبان، دارەڕای خــانوو، مــەلای مزگــەوت، ئاشنانەوە،کارێزو بیر، شاخەوان، شوانی مــەڕو گاگــەل، دوکانــداری، قسەخۆشــەکان، دانســازەکان، ناڵبەنــدی، قەتارچــێتی= کــاروانی، قەســاب، ڕاوچــی، کورتانــدروو، پینەچێتی، گۆزەو تەنور دروست کردن، دارتاشی، کەڵخەس، مەلـەوانی،.....

هەر کەسەو خۆشەویستی بۆ کارو پیشەکەی وەها ناوبانگی ڕۆشت بوو لـە دێهاتەکانی ترەوە دەهاتنە خزمەتی و لـە دەستڕەنگینی سودمەند دەبوون.

## یارییەکانی ناو دێ:

شەوارەی منالێ ، هەلـوکێن و پشکیلان و مەتەڵ و قسەی نەستەق، کلاوێن و کــەلاێن، تەڵـەوڕێوی، سێبازە، تۆپانێ، شەوانە چاوشارکێ و بوکەبەبارانی، هێلانەدەرهێنان.......

## سێیەم: پوختەیەك دەربارەی گوندی باڵخ:



سەر بە ناحیەی گاپیلۆنە قەزای ماوەت و پارێزگای سلێمانیە، نزیکەی 30 کم لە ناوەندی شاری سلێمانییەوە دوورە، ئەم گوندە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە هەر لە هەمان شوێن بووە بەڵام سنوری گوندەکە وەك ئێستا فراوان نەبووە. سەرەتا ناوەکەی دوو چۆمان بووە ئەویش لەوەوە هاتووە کە لەبەردەم گوندەکەدا چەمی پیر ئەلیاس و چەمی مالومە یەکیان گرتووە.

دواتر کە دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچەیەدا حوکمیان کردووە ناوەکەیان لە دوو چۆمانەوە گۆڕیوە بۆ ناوی (باڵخ) ناوێکی تورکییە واتە ماسی، لەبەر زۆری ماسی لە ناوچەکەدا.

ئەم گوندە هەر لە کۆنەوە ناوبانگێکی تایبەتی هەبووە کە شوێنێکی ستراتیجی گرنگ بووە بۆ هەموو ناوچەکە، واتە سەنتەرێك بووە لە ناوچەکەدا لە هەموو شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکاندا هەروەها سەنتەرێکی بازرگانی ئاڵوگۆڕکردنی شتومەك لە ناوچەکەدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیووە.

لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی شێخ و مەلا و پیاوچاکان بووە. سەرەتای دروست بوونی ئەم گوندە وەکو هەموو گوندەکانی دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام بە هۆی دۆزینەوەی زۆر شوێنی ئاسەواری کۆن وەك کوپەو گۆزە چەندین قەبرستان کە بە بیری هیچ کەسێك نایەت و وە چەندین جار گۆزەی گەورە دۆزراوەتەوە کە لەناویدا مردووی تیا نێژراوە کە ئەم جۆرە ناشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام وە لە ساڵی 2015 بە هەمان شێوە گۆزەیەك دۆزرایەوە کە ئێسك و پروسکی مرۆڤی تیا بوو.

وە سنوری گوندی باڵخ بەستراوەتەوە بە چەند گوندێکەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە کارێزەو کونەماسی، لە ڕۆژئاواوە ناحیەی گاپیلۆن، لە باکورەوە ولاخلو و دۆڵ بێشك لە باشوورەوە قوڵەجاخ و بایزاوا.

گوندی باڵخ لە ڕووی جوگرافیەوە ناوچەیەکی دەشتاییە لە چەند گردو دەشت و

کێوێك پێکدێت، سنوری لە باکوریەوە کێوی بەنەدوور کە لە حەسەن بەگەوە، واتە لە سنوری گوندی ولاخلو درێژ دەبێتەوە بەرەو گوندی کونەماسی، لە باشوریەوە کێوی بەری دوو تویێە کە لە سنوری کارێزەو بایزاواوە درێژ دەبێتەوە بۆ سەرچاوەی پیر ئەلیاس و گوندی قوڵەجاخ.

چەمی پیر ئەلیاس سنوری گوندەکەی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشی باکوورو باشوور. بەشی باکوور لەبەردەم سنوری گوندەکەوە بەرەو کێوی بەنەدوور بەشی باشوور لەبەردەم سنوری گوندەکەوە بەرەو کێوی بەری دوو توێ.

ئەو ڕەزوو باخە دێمیانەی کە لە سنوری گوندەکەدا هەن دەکەونە باکووری گوندەکەوە. وە ئەو بەراوو باخە ئاویانەی سنوری گوندەکە باشووری گوندەکەن، واتە بەرامبەر گوندەکە تا دەگاتە سنوری کونەماسی، ئەویش لەبەرئەوەی چەمی پیر ئەلیاس ئەو سنورانەی گرتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سنوری گوندی باڵخ لە وەرزی بەهارو هاوین دا بۆتە شوێنێکی گەشت و گوزار بە ڕووی هاولاتیان دا لە وەرزی بەهاراندا لە هەموو شوێنێکی سنوورەکەدا هاولاتیان بۆ کات بەسەر بردن و حەوانەوەی خۆیان ڕووی تێدەکەن و لە وەرزی هاوینیشدا ڕوو لە ناوچەکە دەکەن لەبەر بوونی هەتاو و هەواکەی و نزیکی لە ڕێگەی سەرەکییەوە.

**ئەو بنەماڵانەی لە گوندی باڵخ نیشتەجێ بوون:**

1- بنەماڵەی مام عەلی کۆنترین بنەماڵەی باڵخن.

2- بنەماڵەی مەحوی شاعیر

3- بنەماڵەی مەلا

4- بنەماڵەی حەسەنە ڕەش

5- بنەماڵەی بەگزادە

6- خێڵی حاجی عارف

7- خێڵی حاجی حەمە ڕەشید

8- خێڵی حەمە هۆمەر

9- خێڵی مام حسێن

10- خێڵی عبدالله فەقێ شەریف

11- خێڵی محەمەدی حاجی عبدالرحمن.

12- خێڵی شێخەکان بەناوی شێخ ئەحمەد شێخ عبدالقادری وەلی

**کوێخاکان:**

کوێخاکان لە سەردەمی ئاغاکاندا ڕۆڵی باشیان بینیوە، ئەوانیش وەك ڕاپەڕاندنی هەندێك لە ئیش و کاری خەڵکەکە، وەك نوێنەر وابوون لەنێوان حکومەت و خەڵکەکەدا وە لە زۆر ڕووەوە هاوکارێکی باش بوون. وەکو ئەنجوومەنی گوندو لەلایەن حکومەتیشەوە وە مۆری کوێخایەتیان هەبووە.

کوێخا عبدالله

کوێخا صاڵح کوڕی کوێخا عبدالله

کوێخا سابیر کوڕی کوێخا صاڵح

**شێخەکان:**

**1- شێخ أحمد شێخ عبدالقادری وەلی**

**کوڕەکانی:**

**1) مەلا شێخ صاڵح 2) شێخ مەحمود 3) شێخ محمد 4) شێخ سەعید**

**لەگەڵ هەندێك لە نەوەکانیان**

**2- شێخ محمد کە لە باڵەکایەتیەوە هاتووە یەکێك بووە لە شێخەکانی سەردەمی خۆی وەلی و موتەقی بووە.**

**نەوەکانی**

**1) شێخ حسێن- شێخ حسن**

**سەید محمد شێخ حسەین شێخ حسن**

**ئەم خێڵ و بنەماڵانە زۆربەیان هەریەکە لە ناوچەیەك و شارو گوندێکەوە هاتوون، هەریەکە بە هۆکارێك لەم گوندە نیشتەجێ بوون و هەر هەموو خێڵ و بنەماڵەکان وەك خێزانێك و خوشك و برا ژیاون کە زۆرێك لە خێڵ و بنەماڵەکان ئێرانی بوون، وە هەروەها بەهۆی یەکرێزی و تەبایی لەنێوانیاندا ژن و ژنخوازی لەنێوان هەموو خێڵ و بنەماڵەکاندا دروست بووە.**

## کەسایەتیە بەناوبانگەکانی گوندی باڵخ:

کە ئەم کەسایەتیانە ڕۆڵ و کاریگەری بەر چاویان هەبووە لە گوندی باڵخ و دەوروبەری هەم لە سەردەمی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان و بەگژاچوونەوەی ئاغاکان لە بەرامبەر داگیرکردنی سەرو ماڵی دانیشتوانی گوندەکەو سوکایەتی کردن.
ئەم کەسایەتیانە لە 1930 بۆ 1970 ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە:

1- ملا عسمان ملا عبدالله

2- حاجی صابر

3- کوێخا عبدالله

4- حاجی رسول حاجی علی

5- بورزا علی

6- ملا شێخ صالح أحمد شێخ عبدالقادر وەلی

وە ئەم کەسایەتیانەش لە ساڵی 1970 بۆ 1988 ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە:

1- حاجی عبدالله حاجی صابر

2- کوێخا صالح

3- حاجی صالح کەریمەڕەش

4- حاجی ابراهیم فەقێ علی

5- حاجی مەلا ڕەحیم مەلا عوسمان

بەهۆی ئەوەی لە ژیاندا مابوو تا ساڵی 2016 ڕۆڵ و پێگەی دیار بوو لە زۆر بابەت و ڕووداوی مێژوویی وتەی لێوەرگیراوە.

**یەکەمەکان:**

1- لە ساڵی 1940 دا ڕادیۆ هاتە باڵخ لەلایەن حاجی صابر حاجی محەمەدەوە

2- لە ساڵی 1950 ڕێگەی سەیارەی بۆهاتووە کە لەلایەن حکومەتەوە بە کرێکار دروست کراوە کە حەسەن زیرەك وەك کرێکار ئیشی تیا کردووە.

3- لە ساڵی 1960 تراکتۆر لەلایەن صمد قادر یاخسەمەری هاتۆتە باڵخ

4- ساڵی 1960 تیپی دوو گۆڵی دامەزرا.

5- ساڵی 1970 تەسجیل هاتە باڵخ لەلایەن حاجی حسەین مەلا کەریم

6- ساڵی 1968 تەباخی غاز هاتە باڵخ لەلایەن مەلا ڕەئوف حاجی صاڵح کەریمە ڕەش.

7- ساڵی 1968 کارەبای مۆلیدە هاتە باڵخ لەلایەن مەلا رەئوف حاجی صاڵح کەریمە ڕەش، کە بەشێکی زۆری ماڵەکان کارەبایان لێ وەرگرت بوو.

8- لە ساڵی 1930یەکان تەماتە بۆ یەکەمجار لە سنورەکەدا لە باڵخ بەرهەم هێنرا کە لەلایەن حەمە کەریم و سەعید بەگ بوو.

9- ساڵی 1961 قوتابخانە دروست کرا کە لە ماڵی حاجی صابر بوو.

چەند ژوورێکیان دابوو بە مەکتەبەکە وە حاجی سابیریش هەر خۆشی وەك کارگوزار دامەزرا ئەو کات پێیان دەوت سەقاو. م.باقی وەك یەکەم بەرێوەبەر، وە چەندین مامۆستاشی لێبووە وەك ملا علی و م.ملا نادر، م.حمە أمین و م.جەمالە خڕەو م.عیرفان و م.أکرم حمە لاو و م.أنور حمە لاو و م. ابراهیم و م.کریم حسین و م. سەلاح ژاژڵەیی و م.حمە ڕەزاو م.عیرفان.

لە ساڵی 1970 بینای قوتابخانەی بۆ دروست کرا وە ئەم مامۆستا بەرێزانەو چەندینی تر بوونە چرایەك و مەشخەڵی چرای ڕووناکیان داگیرساند وە لە دوای ئەوانیش چەندین مامۆستای بەرێزی بۆ هاتووە کە لەم باسە کورتەدا ناتوانین باسیان بکەین.

وە لە زۆربەی گوندەکانی دەوروبەریانەوە بۆ خوێندن ڕوویان لە باڵخ کردووە تا وێران کردنی گوندەکان تا پۆلی دووی ناوەندی تیا بووە، وە لەدوای ئاوەدان کردنەوەی ساڵی 1991 تا ئێستا تا پۆلی سێی ناوەندی تیایە کە پۆلی نۆی ئێستا ئەکات.

10- ساڵی 1961 بنکەی تەندروستی دروست کرا کە سەرەتا لە ماڵی حاجی صالح حاجی تۆفیق بوو. وە حاجی صالح وەك یەکەم کارگوزار دامەزرا. وە یەکەم کارمەند حەمە قەڵەو بوو دواتر:

- عومەر
- إبراهیم جەعفەری کە ئێستا وەزیری دەرەوەی عێراقە لە شیعەکان
- حمە أمین زاوای مەلا عارف
- مصطفی حسەینە سوور ژاژڵەیی
- قادری قالە فەنی
- حاجی فەتاح فەتاحەفەنی
- حسین ملا أحمد قولەڕەشی

لە ساڵی 1970 بینای تەندروستی بۆ دروست کرا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

**مزگەوت وەك یەکتاپەرستی و شوێنی حەوانەوەی ڕێبواران و بێ نەوایان:**

لە دێر زەمانەوە باڵخ مزگەوتی هەبووە جگە لە خواپەرستی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە لە ڕابردوو و لە ئێستادا بەڵام بە تایبەت لە ڕابردوودا بۆتە جێگای حەوانەوەی ڕێبواران و بێ نەوایان.

زۆرێك لەو کەسانەی کە خەڵکی باڵخ نەبوون زۆربەی کاتەکانیان لە مزگەوت بەسەر بردووە، هەندێکیشیان بوونەتە خزمەتکاری مزگەوت و خەڵکی گوندەکەش هەموو ژەمێك یان خواردنیان بۆ بردوون یان بردوویانەتە ماڵەوە. وە لە هەموو

شۆڕشەکاندا پێشمەرگە لە مزگەوتەکاندا ماونەتەوە بۆ حەوانەوە.
ڕێ و ڕەسمی پرسەو بۆنە ئایینیەکان و زۆر بابەتی تری کۆمەڵایەتی لە مزگەوتدا ئەنجام دراوە. مزگەوتەکەش بە بەردەوام بۆتە شوێنێك کە زۆربەی کاتەکان قەرەباڵغی پێوە دیار بووە یەکەم بە هۆی خواپەرستی و دووەمیش بەردەوام مەلاو ڕیش سپی و پیاوماقوڵان کۆبوونەتەوەو قسەو باس و بەسەرهات و نوکتەیان لەسەر حەوزی مزگەوت کردووە کە لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلام دەرنەچووە.
وە حوجرەوە فەقێی تیا بووە بەردەوام کە لەم مزگەوتەدا چەندین کەسایەتی بەناوبانگ دروست بوون. لە بەناوبانگترینیان:
مەلا عوسمان کوڕی مەلا عبداللەی کوڕی مەلا محمدی کوڕی مەلا عەلی یە.
مەلا شێخ صالح شێخ ئەحمەد شێخ قادر کە بۆ ساڵانێکی زۆر لەوێ مەلا بووە.
مەلا غەفور مەلا ڕەحیم کوڕی مەلا عوسمان.

**ئەو مەلایانەی پێش نوێژ و وتارخوێن بوون:**

1-مەلا عوسمان مەلا عبداللە
2-مەلا شێخ صالح شێخ احمد
3-مەلا سعید
4-مەلا عەزەم
5-مەلا عیسامەدین
6-مەلا حسین
7-مەلا صالح حاجی عارف
8-مەلا احمد ئێرانی

لە دوای نەوەدەکانەوە:

1-مەلا عەلی

2-مەلا محمد ڕەشەکانی

3-مەلا یوسف

4-مەلا سەروەر

5-مەلا محمد شارەزووری

**سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵکی گوندەکە:**

هەر لە کۆنەوە کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی بژێوی خەڵك بووە. کە ئەویش کراوە بە دوو بەشەوە کشتوکاڵی دێمی و ئاوی (بەراو).

لە بەروبوومی دێمیدا وەك (گەنم و جۆو نۆك و نیسك و پاقلەو هەرزن، وە بێستانیش وەك بەروبومی دێمی کاڵەك و ترۆزی وە لە دارە دێمیەکاندا وەك (چوالە و هەرمێ و ترش و ڕەز- ترێ وە دارو ڕووەکە سروشتیەکانیش بەشێکی تر بوون لەسەرچاوەی بژێوی خۆراکیان و وەکو داری (دارەبەن – قەزوان، بنێشتی لێ بەرهەم هاتووە، گوێزو بەڕوو مازوو کەوت و هەرمێ کێویلە). وە ڕووەکیش (کنگرو قارچك و کاردو و پیشۆك و قوڕاوەو جاترەو تۆڵەکەو گۆزرەوان).

وە بەرهەمی بەراویشی زۆرە لەبەرئەوەی سەرچاوەی چەمی پیر ئەلیاس بەناو سنوری گوندەکەدا تێپەڕ دەبێت کە بەشێکی زۆری زەویەکان دەگرێتەوە. لە کۆندا سەرەکیترینیان: توتن و تەماتەو دار سپیار بوو، وە هەروەها خەیارو کولەکەو بیبەرو باینجان و فاسۆلیاو مەرەزە (برنج)و کونجی و ڕەشکەو شمڵی و هەرزن و هتد..

وە لە داری میوەش وەك (قۆخ و قەیسی و هەڵوژەو مزرە سێوو هەرمێ و هەنارو هەنجیرو توو و گوێز).

وە لەبەر سنورێکی زۆری گوندەکەو لەوڕگایەکی باش لە دەشت و گردو کێوەکانی ئاژەڵیشیان کردۆتە بەشێك لە بژێوی ژیانیان وەك:مەڕو بزن و گاو مانگاو هتد.

وە باڵندەو پەلەوەریش جوان و تایبەتمەندی و سودی گەیاندووە بە خەڵکەکەی وەك بەخێوکردنی پەلەوەری ماڵی، وەك (قەل و قازو مراوی و مریشك).

وە لە باڵندە سروشتیەکانیش سودمەند بوون وەك (کەو و سوێچکەو کۆترو ڕیشۆڵەو مراوی).
وە گیانداری کێوی لێبووە بەس کەمتر سوودیان لێ وەرگرتوون، وەك (ڕێوی و چەقەڵ و گورگ و بەرازو دەڵەك و کەروێشك و سیخوڕو سەگ گلاوك).
هەندێکیان بۆ پێستەکەی سوودیان لێ وەرگرتوون و هەندێکی تریان بۆخواردن و وە هەندێکی تریشیان زیانبەخش بوون.

## ئاشەکان و ڕۆڵ و کاریگەرییان لە ناوچەکەدا:

جارێکی تر ئەتوانین باسی سەرچاوەی چەمی پیر ئەلیاس بکەین و بەس ئەمجارەیان لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەویش دروست بوونی چەند ئاشێکە کە لە دێر زەمانەوە لە هەموو ناوچەکانی دەورروبەریانەوە ڕوویان تێکردووەو گەنم و دانەوێڵەیان بۆ هێناون تا لە ئاشەکانی گوندی باڵخ بکرێن بە ئارد، وە لەناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و شینکایەتی و ناوچەی دۆڵە ڕووتی سلێمانی و گوندەکانی دەورروبەری دانەوێڵەیان دەهێنا بۆ ئاشەکان. وە ئەوەش بوو بووە بەشێکی بژێوی ژیانی دانیشتوانەکەی و کۆمەڵە کەسانێکی زۆر لەم ئاشانەدا ئاشەوانیان کردووە لەبەرامبەر ئیشکردنی ئاشەکاندا پارە وەرنەدەگیرا تەنها گەنم و جۆ وەردەگیرا واتە پێی دەوترا (مزە ئاش).
ئاشەکانیش:

1- ئاشی حاجی ڕەسول و دەروێش سعید.
2- ئاشی سارێ
3- ئاشی دارە بەن
4- ئاشی دەرکان
5- ئاشە سپی. کۆنترین ئاشی باڵخ بووە.

ئاشی سارێ یەکێك بوو لەو ئاشانەی لە ساڵی 1991 دروست کرایەوەو تا ئەو کاتەی بایەعی درا بەردەوام ئیشی ئەکرد.

**کانی و سەرچاوەکانی**

**لە کۆنەوە وتراوە ئاوو ئاوەدانی، لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانەدا ئاو هەبوو بێت ئاوەدانیش هەبووە، ئەم گوندەش کۆمەڵێك کانی و سەرچاوەی چەمی لە سنورەکەدا هەیە. گرنگترین سەرچاوەی گوندەکە سەرچاوەی چەمی پیر ئەلیاسە، وە لە گرنگترین کانیەکانی ناو گوندەکە:**

**کانی میر، کانی مزگەوت، کانی مەراخان، کانی شێخان، کانی عبداللە ڕسول ناو کارێزی کوێخا.**

**وە کانیەکانی سنوری دەرەوەی گوندەکە:**

**کانی بەخچەلو، کانی بەنەدوور، کانی مێرگی خەڵکی، کانی خواجە، کانی شینکە، کانی گروێژە، کانی باوەتمان، کانی کێشان، کانی مەولود، کانی مەحمود خێران، کانی مامە سەعە، کانی باخچەی چراخان.**

**جۆگەکان:**

**1- جۆگەی ئاشان**

**2- جۆگەی ئاشەسپی**

**3- جۆگەی گومی گوێزەکە**

**4- جۆگەی گۆمە تاشاو**

**5- جۆگەی باپیراچی**

**گۆمەکان:**

**ئەم گۆمانە لە بەهارو هاوین دا بۆ مەلەکردن هەموو مناڵ و گەنج و زۆرێك بە بەتەمەنەکانیش ڕوویان تێئەکردن، وە کچان و ژنانیش بێبەش نەبوون لە مەلە کردن کە گۆمێکیان تایبەت بوو بە ئافرەتان کە بە داری گەورەو ڕووژاڵ و بیشەڵان دەورە درابوو.**

**1- گۆمە قازان**

**2- گۆمە مەنجەڵ**

3- گۆمە سورە چنار

4- گۆمە درێژ

5- گۆمە کچان

6- گۆمە گوێزەکە

7- گۆمە تاشاو

8- گۆمە شاخی لەیلێ

9- گۆمە ڕازێ

10- گۆمە باپیراچی

11- گۆمە دارە ڕەشەکە.

**چەرەس (واتە شوێنی دروست کردنی دۆشاوو باسوق و سجوق)**

**پیشەی کۆنی ئەم گوندە بووە لە کۆنەوە تا ئێستاش هەر بەردەوامی هەیە لەبەر زۆری بەرهەمی ترێکەی جگە لە فرۆشتن و خواردن توانیویانە خۆیان چەند بەرهەمێکی تری لێ دروست بکەن. وەك: دۆشاوی ترێ و باسوق و سجوق.**

**گوندی باڵخ ناسراوە بە دروست کردنی دۆشاوی ترێ هەر لە کۆنەوە ناوبانگی هەبووە. بۆ ئەم کارەش هەر کۆمەڵە ماڵێك شوێنێکیان دیاری کردووە بۆ ئەم کارە، هەوڵیان داوە لەو شوێنانە دابینێن کە ئاوی لێبووە، چونکە پێویستی بە ئاوی زۆر هەیە بۆ پاککردنەوەی کەلوپەلەکانیان.**



ئەو شوێنانەی چەرەسی لێبووە:

1- باخچان ملا رحيم

2- باخچان ملا غفور

3- شيوی نزار حاجی رسول

4- کانی باوەتمان حاجی أحمد مستەفا بەگ

5- شيوی نزار حاجی تۆفيق ئەحمەد بەگ

6- ڕەزی خواجاو عبدالله فقی شريف

7- باخچەلو حاجی صلاح حاجی عبدالله

8- باوەتمان ابراهيم فەقێ عەلی

9- ڕەزی کەلبار کوێخا صالح

10- ڕەزی پشت شاخی لەيلێ سەيد محەمەد محەمەد

11- ڕەزی وەسێت علی دەروێش ڕەحمان، حمە أمين حمەی مارف بەگ

**پیشەوەر و وەستاکان:**

لە دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە وا هەڵکەوتووە ئەبێت کۆمەڵە کەسانێك لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونیا هەبێت کە پێشەنگ و دەست ڕەنگین و کارئاسانی بکەن بۆ دەوروبەرەکەیان لە بەڕێ کردنی ژیاندا کە ئەم جۆرە کەسانە هەریەکە و لە بوارێکدا دەردەکەوت و پێیان دەوترێت پیشەوەر. وەك هەموو دەوروبەری باڵخ و جیهانیش باڵخیش بێبەش نەبووە لەم پیشەوەرانە.

پیشەی چەخماخسازی کە پیشەیەکی سەرەکی بۆ دروست کردنی کەرەستەی ڕۆژانە بووە. وەك: چەقۆو داس و تەوراس و تەورو تەشوێ و ساچمەزەن و تاپڕو هەندێ لە کەلوپەلی تری ماڵ.

کۆنترین لەو کەسانەی ئەم کارەی کردووە:

1- ئەحەی نورە

2- حمە شاری

3- خێڵی حاجی حمە عارف و کوڕەکانی

ئەوانیش چەند برایەك بوون:

1- ملا صالح

2- حمە عەزیز

3- حمە مستەفا

4- حمە عەلی

5- عبدالرحمن

حاجی مارف حاجی عبدالرحمن وەستای دیوارو کورتان دروو.

صالح فەقێ شەریف وەستای سەلەو قولینەرو سەبەتە

محمود حاجی قادر وەستای سەلەو قولینەو سەبەتە

شێخ حسەین حسین وەستای سەلەو قولینەو سەبەتە

حمە مستەفا حاجی عارف وەستای دیوار

حاجی قادر بەگ وەستای ئاش بووە

عبدالرحمن حاجی قادر وەستای ئاش بووە

**عبدالله ی مام مەحمود وەستای ئاش بووە**

**کاکەولا مام مەحمود وەستای ئاش بووە**

**دەروێش سعید سەرتاش بووە**

**عبدالرحمن حمە هۆمەر سەرتاش بووە**

**کاکەولا مام مەحمود سەرتاش بووە**

**حاجی فەتاح سونەتی منالی کردووە**

**د.قادر سونەتی منالی کردووە**

**محمود هەورامی کلاشی دروست کردووە**

**محمد مینە مزگەر، حسین مینە مزگەر برابوون مزگەر بوون**

**مام کەریم مزگەر بووە**

**دەروێش مستەفا، عبدالرحمن حاجی قادر ، حاجی محمد حمەأمین مردوو شۆر بوون**

**قەبرستانەکان**

**کۆمەڵێك قەبرستان لەناو گوندو دەوروبەری بوونیان هەیە بەڵام زۆربەیان مێژووەکەی نەزانراوە و بەبیری هیچ کەسێکدا نایەت جگە لە قەبرستانی قەلات کە ئەکەوێتە بەرامبەر گوندەکە:**

**1- قەبرستانی قەلات بەرامبەر گوندەکەیە**

**2- قەبرستانی گردی چوالە ئەکەوێتە پشتی گوندەکە نزیك ماڵەکان**

**3- قەبرستانی خەرمانە قوچ ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی گوندەکە**

**4- قەبرستانی سەر ئەشکەوت ئەکەوێتە ناو گوندەکە لە بەشی ڕۆژئاواوە**

**5- قەبرستانی شیوی ئاغلان ئەکەوێتە باشووری گوندەکە بەرامبەر گوندەکە**

**6- قەبرستانی زیخماڵك ئەکەوێتە باشووری گوندەکە بەرامبەر گوندەکە، بەلام ئەم قەبرستانە جیاوازتر لە قەبرستانەکانی تر بەشێکی قەبرستانەکە مردووەکانیان لە گۆزەو کوپەدا ناشتووە. وە هەندێکی تریشیان قەبرەکانیان ڕووەو قودس نێژراون.**

وە چەندین نەخۆشی لە ناوچەکەو گوندەکە بڵاوبوونەتەوە کە بە هۆیانەوە چەندین کەس لە ماوەیەکی کەمدا گیانیان سپاردووە وەك نەخۆشی تاعون و سوریژەو مێکوتە و ئاوڵە، کە ئەمەش لە سەردەمێکدا بۆتە هۆی کەم بوونەوەی خەڵکی ناوچەو گوندەکە کە لەو سەردەمەدا زانست ئەوەندە پێشکەوتوو نەبووە تا بتوانن ڕێگر بن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە.

## ڕۆڵی ئافرەت

هەر لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە ئافرەت ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیووە کە شانبەشانی پیاوان هاوکاریان بوون لە هەموو کایەکانی ژیانـدا، کە پیاوان زۆرکات بە خێزانەکانیانەوە توانیویانە بگەنە دەسەڵات و خزم و دۆستایەتی و میوانداری و سەربەرزی بۆ هاوسەرەکانیان بەدی بهێنن. وە کۆمەڵە ئافرەتێکیش کە لەم گوندەدا ناوو شۆرەت و جێدەستیان دیار بووە لە هەموو بوارەکانی ژیانـدا. وە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و پێگەیاندنی نەوەی نوێ و شانبەشانی پیاوانیش کاریان کردووە. جگە لەوانەش هەندێك لە خانمە ناودارەکان کاری مامانی و مردوو شۆردن و ناوك هێنانەوەو دەمارو دەستڕەنگینی و ڕستن و چنین و جلوبەرگ و چێشتلێنانی بۆنەکان و گوێ سمین و سوتاوی و دروست کردنی کوندەو گۆزەو تەنورو خۆش کردنی مەشکەی پێستە. لەوانەش:

سەفیە دەروێشی ئاغاو حاجی پیرۆز، خاتوو مەریەم، ئامینی کوێخا صالح و فاتە ماشێن و ئامینی حسین سورداشی، خەجێ خان خێزانی مامە ڕەشە، خاتوو عازم خێزانی عەلی مام سەعید، خاتوو ئایشێ خێزانێ کوێخا عبدالله.

**شەخسەکان:**

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ گوندەکە کە لەم ناوچەیەدا کەسانی پیاوچاك و خواناس بوونیان هەبووە. بەپێی شوێنی ناشتنەکانیان پێدەچێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ

سەردەمی ئەصحابەکان و هاتنی ئاینی ئیسلام، چونکە هەریەکە لەم شەخسانە لە شوێنە جیاوازەکانی سنوری گوندەکەیا نێژراون. ئەوانیش شەخسەکانی:

1- پیر ئەلیاس

2- چوارتا

3- لیسە کۆتر

4- پیر محەمەد

5- پیری چۆلەکان

6- باپیراچی

**شوانەکان:**

پیشەی پێغەمبەرانە سەلامی خودایان لێبێت، ئەم پیشەیە لە دێرزەمانەوە بەردەوام بوونی هەبووە لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا کۆمەڵە کەسانێك یان لە بەرامبەر بڕێك پارەدا کردوویانە بۆ بژێوی ژیانیان یان شوانی ئاژەڵی خۆیان بوون ئەم گوندەش کۆمەڵێك کەسی لە کۆن و ئێستاش دا شوانیان تیا کردووە. هەندێ کاتیش شوانیش لەم گوندەدا کراوە بە نۆبە واتە کۆمەڵێك ماڵ مەڕو بزن یان گاو مانگا تێکەڵ بە یەك دەکەن بەپێی ژمارەی ئاژەڵەکانیش خۆیان نۆبە لەناو یەکدا دەکەن.

شوانەکان:

1- حمە هۆمەر

2- عبداللە رسول نادر

3- عبداللە مام حسین

4- عبدالرحمن حمە هۆمەر

5- محمد کریم (حمە جوان)

6- حەسەنی حاجی عەلی

7- پیرۆتی حمەی پیرۆت

8- علی فتاح

9- بکر مام حسین

10- قالە شوان

11- شریف مامە عەبە

12- کریم مام حەسەن

**ڕاوچیەکان**

1- أحمدی مام سعید باشترین ڕاوچی بووە.

2- عبدالرحمن حمە هۆمەر

3- حاجی عبداللە ی حاجی صابر

4- مام قادر باوکی عەلی شا

5- خاڵە عەبە عبداللە رسول نادر

6- خێڵی حاجی حمە عارف هەموو براکان ڕاوچی بوون.

**کاری بەکۆمەڵ (هەرەوەز):**

ئەم جۆرە کارکردنە بە کۆمەڵ خۆشەویستی و ڕێزو تەبایی و یەکرِیزی زیاتر پتەوتر دەکرد. ئەو کارە قورس و گرانانەی دەیانکرد زیاتر بە هەرەوەز بوون وەك: (دروێنەو دەسکەنەو گەڵ کردن و مێوژ کردن و ساوەر کوڵان و ساوەر کوتان و گلەیان لەم دواییانەشدا هەباش کردن و...).

لەگەڵ ئەوەش دا شەوەکانی زستانیان بە چەندین یاری و مەتەڵ و قسەی نەستەق و گێڕانەوەی بەسەرهات و گاڵتەو گەپ بەسەر دەبرد. وەك: شەوارەی مناڵ و کلاوێن و تەڵەڕێوی و چاوشارکێ و هێلانە دەرهێنان. بە ڕۆژیش تۆپانی و هەلوکێن و موشێن و مەلە کردن و شەڕە بەفرو چەندین یاری تر..

**دەنگ خۆشەکانی قورئان خوێندن و بانگ و صەلا:**

1- ملا عوسمان

2- دەروێش مستەفا

3- مام نەصروڵا

4- حاجی عەورەحمان کەریمە ڕەش

5- حاجی مەلا ڕەحیم مەلا عوسمان

6- حاجی ڕەسول حاجی عەلی

7- مەلا حەسەن مەلا سەعید

8- مەلا صاڵح حاجی عارف

9- حاجی غەفور

10-مەلا شێخ صاڵح

ئەم کەسایەتیانە ڕۆڵ و کاریگەری زۆریان هەبووە لە ڕووی ئاینی ئیسلام و پێگەیاندنی چەندین کەس، خوا پاداشتی خێریان بداتەوەو، خوا بە بەهەشتەکەی خۆی شادیان بکات.

**دەنگ خۆشەکانی گۆرانی و مەقام:**

1- محمود محمد عبدالرحمن

2- عبداللە مامە قالـە

3- عمر مامە قالـە

4- وەستا عارف حاجی عەزیز

5- عەلی حاجی أمین

ئەم کەسایەتیانە بەردەوام لـە هەموو بۆنەکاندا بە گۆرانی و مـەقام و شـیعر گێڕانـەوەو حیکایەت خوان و چیرۆك و بەسەرهات هەمیشە خۆشییان خسبووە دڵی خەڵکیەوە.

1- ملا محمد أحمدی حمە صالح شاعیر بووە

2- علی حاجی حمە أمین شاعیر بووە

3- ملا ئیسماعیل گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهات و لێکدانەوەی قورئان و حەدیس

4- مستەفا ڕەسول نادر گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهات

5- عبداللە ی رسول نادر گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهات

# دەسەڵاتی ئاغا:

**لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی ئاغا لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی پەرەی سەند، بنکەی سەرەکیان گوندی گاپیلۆن بووە وە دواتر وردە وردە دەسەڵاتیان زیادی کردو ئینجا کەوتنە لێسەندنی سەرانە لە ناوچەکەدا کە بە شێوازێك بوو خەڵکی ناوچەکە بە گشتی بێزار بوون لە دەسەڵاتی ئاغا. ئەوانش:**

**عەباس ئاغا (هەیاس ئاغای دۆڵێ)یان پێ ئەوت.**

**دوای ئەو هەموو زوڵم و سەرانەیان ئەسەند چەند کەسایەتیەکی ناوداری گوندی باڵخ دژایەتیان ئەکردن. لەوانە**

**1- ملا عوسمان ملا عبدالله**

**2- پورزا علی**

**3- حاجی سابیر حاجی محمد**

**4- فەقێ عەلی**

**کە لە ساڵی 1945 ملا عوسمان ملا عبدالله شەهید کرا بە دەستی ئاغاکان کە یەکێك بووە لە هەرە کەسە ناودارو بەناوبانگەکانی باڵخ و هەموو ناوچەکە کە لە دوای شەهید کردنی ملا عوسمان، ئاغا لە ناوچەکەدا دەرکران. وە دوای ماوەیەك هەواڵ هات بۆ باڵخ کەوا ئاغاکان هێرش ئەکەن بۆ باڵخ ئیتر خەڵکەکە بەرەو مەخفەری مۆکەبە ڕۆشتن و هێرشی ئاغا بەرەو باڵخ هات و هەرچی مەڕو مالآت و هەر بەروبوومێك هەیانبوون تالآنیان کردو دواتر خەڵکەکەی گەڕانەوە بۆ باڵخ.**

## ڕاگواستن و وێران بوون:

**باڵخیش یەکێك بوو لەو دێهاتانەی کوردستان کە بەر کاولکاری و لەناوبردن کەوت بە دەستی ڕژێمی بەعس کە لە ساڵی بە یەکجاری گوندەکە چۆڵ کراو خەڵکەکەی بەرەو ئێران و ڕۆشتن و هەرچی لە دوای خەڵکەکەی بەجێ ما**

لەگەڵ زەوی دا تەخت کراو سوتێنرا، تا ئێستاش ئاسەواری هەر ماوە لە ئەنجامی تۆپ باران کردنی گوندی باڵخ (حاجی محمد حمەی مەولود) بە تۆپ شەهید کرا لە ساڵی 1986.

وە ئەم گوندە خاوەنی چەندین شەهید و بێ سەروشوێنە. لەوانە:

(مامۆستا محمد عبداللە یەحیا شەهید کرا)

عوسمان حەسەن بانەیی شەهید کرا

صاڵح عبدالرحمن حاجی قادر شەهید کرا

تاهیر ملا عارف و جەمال عەلی ملا کریم و جلالی پورە ئایشێ لەگەڵ قالە تەگەرانی بێسەروشوێن کران

تاریق حمە ئاغا ئیعدام کرا

ڕزگار علی ملا کریم ئیعدام کرا

کمال علی ملا کریم بێ سەروشوێنە

محمد حاجی کریم بێ سەروشوێنە

وە زۆرێك لە سنوری گوندەکە لەلایەن بەعسەوە مین = ئەڵغام ڕێژ کراوە. وە لە ئەنجامی ئەم مینڕێژ کردنەدا کۆمەڵێك لە خەڵکی گوندەکە شەهید و کەمئەندام بوون.

شەهیدەکان:

1- تەحسین ملا حسین سعید

2- دانا عومەر حاجی عبدالرحمن

3- یاسین أحمد حاجی قادر

کەم ئەندامەکان

1- عبداللە مام حسین

2- ڕزگار عبداللە مام حسین

3- بکر حاجی أحمد

4- علی حاجی أحمد

5- محمد حسن بانەیی

6- **لطیف** ملا عارف
7- عمر محمد حمە أمین
8- مەریوان عوسمان محمد
عبداللە دەروێش أحمد بە گوللـە هاوەن شەهید بوو.
ئەم گوندە بەهۆی قەرەباڵغی و وەك سەنتەرێكی بازرگانی شتومەك لـە ئێران و گەرمیان و بە پێچەوانەشەوە وە بەهۆی بەستنەوەی سنوری باڵخ بە گوندەكانی دەورووبەریـەوەو رێگەی سەرەكی ناوچەكەی بەسەرەوە بـووە ژمارەیـەك دوكـانی زۆری تیـا بـووە كـە ژمارەیان 23 دوكان بووە كە زۆربەیان لـەناو گوندەكە و ناو چەمی باڵخ و چەمی پـیر ئەلیاس بوون ئەوانیش دوكانی وردەواڵـەو پێداویسـتی ناومـاڵ و قومـاش و چـاخانەو نانەواخانــەو كــەباب خانــەو دەلاكــی و خــەیاتی و دوكــانی محەلــەبی و شــیرینی و تەنەكەچێتی و چەخماخسازی و جلوبەرگ.
وە هەروەها هەموو ئەو كەسانەی كە توانای كاروانچێتیان هەبووە كاروانیـان كـردووە بۆ گەرمیان. ترێ و تەماتەو مێووژو چەندین شتومەكیان ئەبردو ئەیانگۆڕیەوە بە گەنم و جۆو..


**ئەو خزمەتگوزاریانەی بۆگوندەكە كراوە:**
لـە سەردەمی حكومەتی عێراق دا قوتابخانەو بنكەی تەندروستی و ڕێگای سـەیارەی بـۆ هاتووەو دواتر حكومەتی هەرێمی كوردستان قوتابخانەكەی نۆژەن كردۆتـەوەو ڕێگـەی سەیارەی تا ناو گوندەكە قیرتاو كردووەو پردی چەمی مالومە دروست كـراو پـڕۆژەی ئاوی ماڵانی ناو گوندەكە بە ئەنجام گەیەنراو كارەبای نیشتمانی و جۆگا سـەرەكیەكانی كە بۆ ئاودێری كشتوكاڵ بەكاردێن كردی بە جۆگەی كۆنكرێتی كە ئـەوانیش بـریتین لـە جۆگەكانی:

1- جۆگەی ئاشان

**2- جۆگەی ئاشەسپی**

**3- جۆگەی گۆمە تاشاو**

**4- جۆگەی باپیراچی**



## سەرچاوەكان

●قورئانی پیرۆز

●صحیح مسلم و بخاری

●تەفسیری قورتوبی بەرگی 14

●شەریح ریاض الصالحین بەرگی 4

●كابانی كورد بە نوێنەرایەتی كورد دەگاتە حیجاز

●دیوانی بێخود (محمد مەلا كریم)

●سەیدەكانی كوردستان و ڕۆڵ و گرنگیان لـە مێـژودا نوسـینی شـێخ عـلاء الـدین سەنگاوی2015

●كتێبی مێژوی قورئانی پیرۆز،ن ئاوات ئەبوبەكر ئەحمەد2013

●ئال و بەیت حول رسول (محمد عبدالعاتی )

●زانایانی پیرخدری چاپی یەكەم – 2009 – نوسینی ئەحمەد حمید گەرمكی

●كتێبی(گەورەبانگخوازانی كـورد– شـێخ موحسـینی گـاپیلۆنی) ئـاوات ئەبوبـەكر چ1ساڵی2011

●نور انوار (عبدالصمد توداری)

●بنەماڵـەی زانیاران (شێخ عبدالكریمی مدریس)

●كورتەیەك دەربارەی شـێخ ئیسـماعیلی عـەوالآن – چ1س 1998 – ن مامۆسـتا شێخ محەمەد سەنگاوی شەهید

●كورتەیەك لـەسەر مێژوی ساداتی پیرخدری لـەكوردسـتان/ ن. شـێخ عـلاء الـدین بانی مۆرد

●كتێبی سەرجەم بەرهەمەكانی مامۆستا (نەجمەدین مەلا) ن .ئاوات ئەبوبەكر.

●شینكی و شینكایەتی لـە نوسینی ئەحمەد عزیز قامیشی

●ناودارانی پیرخدری لـە نوسینی ئەحمە مەمید گرمكی

●دیوانی ڕەنجوری لێكۆلـێنەوە ی(محمد علی قەرەداغی – 1983)

●گۆڤارەکانی ڕۆشنبری نوێ، بەیان 136– 1999
●ڕۆحی مەولانەخالید پیرەمێردی شاعیر کردویەتی بە کوردی
●چیای پیرەمەگرون لە نوسینی شێخ حسنی عەوالآن
●هۆزی سەیدەکانی گەرمکی گەرمیان (سەید ئەحمەد حەمید گەرمکی – 1990)
●یادی مەردان ( شێخ عبدالکریمی مدریس – بەرگی2 – 1983)
●بنەماڵەی ساداتی مەلایی شێخ عوسمان قادر
●کورتە مێژویەك بۆ گوندی گاپیلۆن.. مەلاعومەر مەلا مەحمود..دەستنوس.
●ژوانگەی سەروەران (شەهیدی سەرکردە – شێخ محەمەد سەنگاوی پیرخدری – 2007)

# پێرست

سوپاس و پێزانین.................................................3
پێشەکی.......................................................4
د. سەباح بەرزنجی..............................................11
د. ئەحمەدی شافیعی............................................13
د. محمد عبدالله پێنجوێنی.......................................15

بەشی یەکەم...................................................37
یەکەم: پیرخدری شاهۆیی.........................................38
دووەم: شێخ ئیسماعیلی عەوالان...................................51
سێ یەم: شێخ مەحمودی چۆخماخ....................................59

بەشی دووەم...................................................61
ژیان و بەسەرهاتی حاجی شێخ محسین................................63
دووەم: حاجی سەید عومەر........................................71
(خەواریق و کەرامات)............................................79
هەندێ لە نوسین و دەست خەتەکانی حاجی سەید عومەر..................87
سێ یەم: دۆستایەتی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ سادات و ناوداران............101
سەرەتایەك بۆ دروست بوونی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری..................................................129
تێکەڵی و دۆستایەتیمان لەگەڵ ساداتی کوردستانی ڕۆژهەڵات............138
چوارەم: ڕۆڵ و گرنگی لادێکانی ناوچەکەو دۆستایەتیان لەگەڵ ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن.................................................144

بەشی سێیەم:............................................157
کورتەیەك لە تەکیە و مەدرەسەی گوندی چۆخماخ..........................158
شێخ عبدالقادری وەلی چۆخماخی.......................................167
نەوەکانی شێخ محسین.................................................168
دووەم: حاجی شێخ محی الدین کوڕی حاجی شێخ قادری وەلی................174
شێخ عوسمان سەید عومەر شێخ محی الدین..............................176
مەلا شێخ ڕەزای شێخ عومەری شێخ محی الدین شێخ قادری وەلی..........185
مەلا شێخ محمد حاجی سەید عومەر شێخ محی الدین.......................188
حاجی شێخ مستەفا کوڕی حاجی شێخ محی الدین شێخ قادری وەلی............189
حاجی شێخ محی الدین حاجی شێخ مستەفا: حاجی شێخ محی الدین............190
سێ یەم: شێخ عبداللطیف شێخ قادری وەلی...............................196
حاجی سەید گوڵ شێخ فەرەجی شێخ عبدالطیفي............................198
شێخ ئەحمەدی شێخ عبدالقادر وەلی.....................................202
بەشی چوارەم..........................................................204
یەکەم: کورتەیەك دەربارەی گوندی چۆخماخ...............................205
دووەم: کورتەیەك دەربارەی گوندی گاپیلۆن...............................231
سێ یەم: پوختەیەك دەربارەی گوندی باڵخ.................................249
سەرچاوەکان............................................................274

**تێبینی :**

1. ئەم زانیارییانەی کە نوسراون لەم کتیبەدا هەموی لە خودی کەسەکانەوە وەرگیراون و هەمووی راست و دروستن .

2. ناوی هەر کەسێك نەهاتبێت لە بنەماڵە لەسەر داوای خۆی بووە .

3. داوا لە هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەم هەر شتێکیان دەربارەی ئەم بنەماڵەیە لایە لە نوسین بێ یان نامە یان هەر شتیك ئاگادارمان بکەنەوە بە پەیوەندی کردن پیمانەوە کە لە خوارەوە ژمارە مۆبایل نوسراوە .

4. داوای لیبوردنم هەیە لە هەموو بنەماڵەی ساداتی چۆخماخ و گاپیلۆن و باڵخ لە هەر کەم و کورییەك یان کەمتەرخەمییەك کە نەمتوانیبێ حەقی خۆی پێبدەم یان هەڵەیەکمان کردبێ لە نوسینەکاندا , چونکە کەس بێ کەم و کوری نابێ بۆیە داوا دەکەم لە هەر شوێنیکدا هەڵەیەکتان بەرچاو کەوت , یان پیشنیارێکتان هەبێ لەسەر کتێبەکە وەکو دیاری لێتان وەردەگرم , داواکارم ئاگادارم بکەنەوە بەم ژمارە .

07701572587

26/رەمەزانی /1438 ك     2017/6/21 ز